# تیرۆری دەوڵەت
# لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست

ئیسماعیل بێشکچی



وەرگێڕانی: محەممەد عیزەدین

# تیرۆری دەوڵەت

# لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست

ئیسماعیل بێشکچی

İSMAİL
BEŞİKCİ
VAKFI

# تیرۆری دەوڵەت
# لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست

ئیسماعیل بێشکچی

لە تورکییەوە: محەممەد عیزەدین

2023

İSMAİL
BEŞİKCİ
VAKFI

چاپی یەکەم
2723 ـی کوردی - 2023 ـی زایینی
ناونیشان: هەولێر - باشووری کوردستان
چاپی یەکەم : ئایاری 2023

هەموو مافەکانی ئەو پەرتووکە پارێزراوە بۆ وەقفی
ئیسماعیل بێشکچی، هەموو جۆرە لەبەرگرتنەوەو
بەکارهێنانەوەیەکی قەدەخەیە.

ژمارەی سپاردنی لە کتێبخانەی گشتی هەرێمی
کوردستان (502)ی 2023 بۆ تەرخانکراوە.

# نێوەڕۆك


پێشەكییەك بۆ چاپی دووەم 11

پێشەكی بۆ چاپی یەكەم 18

**بەشی یەكەم 20**

تیرۆری دەوڵەت لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست 20

كوشتنی عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیەكانی 21

كۆمەڵكوژیی كورد لە باشووری كوردستان 26

قەیرانی كەنداو و رووداوی دەستبەسەرەكان 27

پەیوەندیی فەڵەستین و ئیسرائیل 29

تیرۆری دەوڵەت لە باكووری كوردستان 30

ئەنجام 30

**بەشی دووەم 37**

كورد و قەیرانی كەنداو 37

دووڕوویی لە دەربڕینی هەڵوێست لە هەمبەر كێشە نێودەوڵەتییەكان 39

خاڵی جەوهەری لە كێشەی كورد دا 42

ئیمپریالیزم لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست خۆی چۆن بەرهەمدێنێ؟ 45

بكوژێك كۆمەڵكوژی لە دژی كورد كردبێ، دەتوانێ ببێتە
(دژە - ئیمپریالیست)؟ 49

درێژەپێدانی جەنگێكی حەفتا ساڵەی ناڕەوا لە كوردستان 52

ئاشتیی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست چی بۆ كورد پێبوو؟ 53

توركیا بۆچی لە قەیرانی كەنداودا چووە پاڵ ئەمریكا؟ 58

بەكەم بینین و سووكایەتی بە نەتەوەی كورد 62

كێشەی كەركووك و مووسڵ 66

سرووشتی تیرۆری دەوڵەت لە كوردستان 67

بنەما سەرەکییەکانی یەکسانیی کورد و تورک 69
بۆنەکانی (گاپ) وەکو ڕێگەیەکی تازە بۆ گواستنەوەی
فەرهەنگی تورکی بۆ کوردستان 73
ئەنجام: کوردستان ئیدی کوردستانی کۆن نییە؛ چونکە .... 75

**بەشی سێیەم 78**

داگیرکاری، بە دەرکردنی فەرمان بەڕێوەدەچێ 78
دەسەڵاتی دەستووری و دەسەڵاتی فەرمان 80
سستیی دامەزراوە دادوەرییەکان لە وڵاتانی کۆڵۆنی 84
تایبەتمەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی فەرمان 91
دامەزراندنی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی تورکیا 101
جیاوازیی فەرمانەکان بۆ کورد و فەرمانەکانی دیکە 103
ئەنجام 105

**بەشی چوارەم 108**

مانای بەشداریی ئافرەتانی کورد لە ریزەکانی گەریلادا 108
پەیوەستبوون بە خێزان و عەشیرەتەوە 109
ئافرەتە گەریلاکان 109
پەیوەستبوون بە نەتەوە و نیشتیمانەوە 112
ئەرکی گەریلا لە گۆڕینی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی 115

**بەشی پێنجەم 119**

نەشونماکردنی یادەوەریی کۆمەڵگەی کوردی 119
کۆمەڵگەی بێ یادەوەری 119
کورد، پێویستییەکی زۆریان بە زانستە 127
بێئاگایی ڕووناکبیرانی کورد 128
هێزی گۆڕانکاریی گەریلا 128
ئافرەتانی کورد 129

تیرۆری دەوڵەت لە کوردستان 130
نەریتی نەژادپەرستیی تورکی 132
کورد بەدوای خۆیدا دەگەڕێت 132
جەختکردنەوە لە ناسنامەی کوردی 135
پەرتکە - زاڵ بە - لەناوی ببە 136
رووناکبیرانی تورک 139
تێگەیشتن لە رەوابوون و یاساییبوون 142
نابووتیی زانستی تورکی 143
بەربەریزم مایەی شانازی نییە 144

**بەشی شەشەم 146**

دەوڵەتی کەمالیست و کێشەی کورد 146
میساقی میللی و دابەشکردنی کوردستان 147
هەرکەسێك خۆی بە تورك بزانێ، تورکە 150
ئایدیۆلۆژیای فەرمی 154
یەکگرتن 154
نەژادپەرستیی تورك ـ نەژادپەرستیی ئەتاتورك 156
گۆڕان لە گوتاری ئایدیۆلۆژیای فەرمی 157
سیاسەتی دەوڵەت 162
نێوەڕۆکی سیاسەتی دەوڵەت لەهەمبەر کێشەی کورد 163
ئەنجام 166
نابووتیی تێگەیشتنی نەژادپەرستیی ئەتاتورکی و ئایدیۆلۆژیای فەرمی 166

**بەشی حەفتەم 168**

هاوپەیمانیی سیاسی دژ بە کورد 168

**پاشکۆ** 174
ئیسماعیل بێشکچی کێیە 174

"ئەم وەرگێڕانە پێشکێشە بە عەبدوڵڵا پەشێو"

محەممەد عیزەدین

"ئەگەر هەردوو چاوی خۆم پێشکێشی ئیسماعیل بێشکچی
بکەم، هێشتا هیچم نەکردووە"

شێرکۆ بێکەس

# پێشەکییەك بۆ چاپی دووەم

چاپی یەکەمی پەرتووکی (تیرۆری دەوڵەت لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست)، لە مانگی تەممووزی ساڵی 1991، لەلایەن وەشانخانەی (یورت کیتاب) ەوە چاپ و بڵاوکرابووەوە.
چاپە نوێیەکەی هەمان پەرتووك کە لە ساڵی 2013 لەلایەن وەقفی ئیسماعیل بێشکچی بڵاوکرایەوە، بە چاپی دووەمی ئەم پەرتووکە دادەنرێت.
دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەمڕۆ، زۆر لە دۆخی رامیاری و جڤاکیی ساڵی 1991 جیاوازە. لە ساڵانی نەوەدی سەدەی رابردوودا، کورد و کوردستان و زمانی کوردی، نکۆڵییان لێدەکرا و بە هەموو شێوەیەك رەتدەکرانەوە. وەلێ ئەمڕۆ، ئیدی ناتوانرێ نکۆڵی لەوانە بکرێت. چونکە ئەو بەرخۆدانە راستەقینەیەی کورد کە بەشێوەیەکی تژی لە باوەڕ درێژەی پێدەدا، بووەتە هۆی چەندین دەستکەوت. ئەو دەستکەوتانەش گەورەتر، زیاتر، قووڵتر و فرەتر دەبن. بۆیە حکومەت و دەوڵەت، ناچار بە هەڵێنانی چەند هەنگاوێك بوونە لە بەرامبەر ئەو دەستکەوتانە؛ کردنەوەی کەناڵی TRT-6 یەکێکبوو لەو هەنگاوە ناچارییانە.
نکۆڵینەکردن و رەتنەکردنەوە، یان توانای نکۆڵی لێنەکردن و رەتنەکردنەوە، بە مانای ئەوە نایێت کە کورد وەکو گەلێك و نەتەوەیەك و کوردی وەك زمانێك هەژمار کرابێت. نا، کورد سەرباری ئەو هەموو بەرخۆدانە، هێشتا وەك گەل و نەتەوەیەك ناناسرێت.

چونکـە مافـی دیاریکردنـی داهاتووی خـۆی و مافی دیاریکردنـی چارەنووس، بـە دڵنیاییـەوە بـۆ گـەل و نەتەوەیـەك زۆر گرنگـە. پـەروەردەش بـە زمانـی دایـك رەگەزێکـی زۆر گرنگـە بـۆ مافـی بڕیاردانـی چارەنـووس و دیاریکردنـی مافــی داهاتــووی خــۆت و دیاریکردنــی مافــی خۆبەڕێوەبــەری.

هێشــتا حکومــەت و دەوڵــەت کێشــەیان لەگــەڵ پیتەکانــی X-W-Q ی زمانـی کـوردی هەیـە، ئەمـەش بـە مانـای ئـەوە دێـت کـە دەوڵـەت کـوردی وەك زمانێکــی جیــاواز ناناســێت. ئەمــڕۆ ئــەو سیاســەتڤانانەی نوێنــەری پارتـی ئاشـتی و دیموکراتیـن [1] و شـارەوانییەکان بەڕێوەدەبـەن، بەرامبـەر هەندێــك لــەو بڕیارانــەی لــە ئەنجوومەنــی شــارەوانییەوە دەردەچــن، لەلایـەن پارێــزگار و قایمقامەکانــەوە ڤیتــۆ دەکرێــن و رەتدەکرێنــەوە. ئەمــەش مژارێکــی زۆر گرنگــە و دەبــێ بــە هەســتیارییەوە لەســەری بوەســتین. هەندێــك جــار، بەکــۆی دەنگــی ئەندامانــی ئەنجوومەنــی شـارەوانییەکان بڕیارێـك دەردەچـێ لەسـەر ئـەوەی، نـاوی هەندێـك باخچـە و شـەقام و کـۆڵان بکرێنـە کـوردی، بـۆ نموونـە بە کـۆی دەنگ بڕیار لەسـەر ئـەوە دەدرێ نـاوی یەکێـك لـەو شـوێنانە بـە نـاوی سیاسـەتڤانێکی کـورد، یـان نووسـەر و رووناکبیرێکـی کـورد بکرێت، وەلـێ پارێـزگار و قایمقامەکان، بـە بڕیارێـك رەتیدەکەنـەوە. یاخـود بـە بەهانـەی ئـەوەی پیتەکانـی X-W-Q لەنــاو ئــەو ناوانهــدا هەیــە، ڤیتــۆ دەکرێــن. هەمــوو ئــەو بەربەســت و رێگرییانـە، بـە گوتنـی "ئـەو ناوانـە دژی فەرهەنگـی تورکیـن" یـان "ئـەو پیتانـە لـە ئەلـف و بێـی تورکیـدا نیـن" دانانرێـن. ئەمـەش بـە مانـای ئـەوە دێـت، زمانـی کـوردی وەک زمانێکـی جیـاواز لـە عەرەبـی، فارسـی و تورکـی ناناسـێنرێت. دەشـێ لـە ئەلـف و بێـی تورکیـدا ئـەو پیتانـە نەبـن، وەلـێ لـە ئەلـف و بێـی کوردیـدا هـەن. بۆیـە بەبـێ ئـەو پیتانـە زمانـی کـوردی پـڕ کەموکــووڕی دەبێــت.

---

1 - پارتـی ئاشـتی و دیموکراتی، یەکێك بـوو لـە پارتەکانی باکـووری کوردسـتان. سـاڵی 2008 لەسـەر بنەمـای باوەڕبـوون بـە سۆسـیال دیموکـرات و سۆسـیال لیبـراڵ دامـەزرا. سـاڵی 2014، بـە کـۆی دەنگی ئەندامانـی چووە نـاو پارتـی دیموکراتی گـەلان- هەدەپە. (وەرگێڕ).

دژایەتیی پەروەردە بە زمانی دایك و پەروەردە بە زمانی کوردی، پەیوەندییەکی تووندوتۆڵی بە سیاسەتی ئاسیمیلە کردن و بەتورککردنەوە هەیە.
هەوڵی پێدانی ناوی بوولگاری بە کەمینە تورکەکانی بوولگاریا لەنێوان ساڵانی 1988-1985، بەوە کۆتایی هات کە حکومەتی بوولگاریا کارەکەی راگرت، ئەوەش دوای ئەوەی لەلایەن وڵاتانی جیهان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە رووبەڕووی رەخنەیەکی زۆر بوونەوە. حکومەتی بوولگاریا لە کارەکەیان وەستان و جێبەجێکردنی سیاسەتەکەیان راگرت، کەچی لە تورکیا، هەمان سیاسەت بە هاوکاریی کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی هێشتا درێژەی هەیە. ئەمەش تایبەتمەندییەکی زۆر گرنگی سیستەمی سیاسی تورك و رژێمی سیاسیی تورکیایە.
کورد لە تورکیا و تورك لە بوولگاریا زۆر رووی لێك جیاوازیان هەیە. کورد هەزاران ساڵە لە نیشتیمانی خۆیاندان و لەسەر ئەو خاکەن کە لە دێرزەمانەوە لێی ژیاون، واتە لە کوردستان، بەڵام تورکەکانی بوولگاریا، مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فەتحی دەوڵەتی عوسمانی. لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، دوای لەدەستدانی وڵاتانی بەڵکان لەلایەن عوسمانییەکانەوە، ئەو تورکانەی لە سەردەمی فەتحەوە، واتە لە سەدەی چواردەوە لە وڵاتانی بەڵکان نیشتەجێ کرابوون، بەرەو ئیستەنبووڵ کشانەوە و روویان لەوێ کردەوە، ئەمەش سەردەمێکی گرنگی ئەوکات بوو. سەرباری ئەو گەڕانەوەیە، هێندێ تورك لە بوولگاریا مابوونەوە. لەنێوان ساڵانی 1988-1985 ئەوانە بوونە ئامانجی سیاسەتی حکومەتی بوولگاریا بۆ گۆڕینی ناوەکانیان.

***

بە بۆچوونی من، دابەشکردن و پارچەکردنی کورد و کوردستان یەکێکە لە رووداوە هەرە گرنگەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست. ئەو راستییە، کاریگەرییەکی زۆر خراپ و نەرێنی لەسەر کورد و کوردستان

دروستکرد. وەك شکانی بڕبڕەی پشتی مرۆڤ و پژاندنی مێشکی مرۆڤ بە باندۆر بوو کە سەرئەنجام بووە هۆی ئەوەی کورد لە هەموو دنیا دۆستی بەرەو کەمبوون بچێ و دووژمنەکانیشی بەرەو زێدەبوون. زیادبوونی بۆچوونی دژە کوردیش لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، یەکێك لە ئەنجامە هەرە سەرەکییەکانی ئەو پێشهاتە بوو.

زۆر گرنگە ئەگەر لە چوارچێوەی ئەو هزر و رامانەدا، دوو زنجیرە راستیی جیاواز گەنگەشە بکەین. لە رۆژی ١٦ی ئاداری ساڵی 1988، شاری هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی بۆردوومان کرا و نزیکەی پێنج هەزار کوردی تێدا بوونە قوربانی، بە دەیان هەزار کوردیش بریندار بوون. کەچی جیهان هیچ هەڵوێستێکی راستەقینەی دژی ئەو رووداوە دەرنەبڕی. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەهەمبەر ئەو بوویەرە بێدەنگ بوو. بۆیە ئەوە دەبێ مایەی شەرم و شوورەیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی دیموکراسی بێت. وڵاتانی وەکو (فەڕەنسا، ئەڵمانیا، ئەمریکا، ئینگلتەرە، هۆڵەندا، یەکێتی سۆڤیەت و تاد...) بۆ ئەوەی زیان بە پەیوەندییە بازرگانی و دیپلۆماسییەکانیان نەکەوێت لەگەڵ رژێمی سەدام حوسێن، هیچ هەڵوێستێکیان دژی ئەو کۆمەڵکوژییە دەرنەبڕی. جا دەبێ زۆر بە وردیش لێکۆڵینەوە لەوە بکەین، ئایا بوویەرەکەی ١٦ی ئاداری ساڵی 1988 چۆن روویدا و پێش ئەو چی گوزەراوە.

"کامە گاز زۆر ژەهراویترە، کامە جۆر لە گاز توانای کوشتنی ژمارەیەکی زۆرتری خەڵکی بە کۆمەڵی هەیە؟" ، بۆ وەرگرتنی وەڵامی ئەو پرسیارانە، نموونە وەرگیراوە و تاقیکردنەوە کراون، تاوەکو بگەنە ئەنجامێك. تاقیکردنەوەکەش لەسەر کورد و لادێیەکانی و ئەو زیندانیانە بووە کە لە بەندیخانەکاندا دەستبەسەر بوون. هەوڵێکی زۆر درا تاوەکو ژەهراویترین گازی مرۆڤکوژ بەکاربهێنرێت. لە ئەنجامی ئەو تاقیکردنەوانەی لە ساڵی 1983وە دەستپێکرابوون، ژمارەی قوربانییەکانی کورد زۆر لەسەرووی پێنج هەزار کەسەوەیە. لەو پێڤاژۆیەدا، یەکێتی سۆڤیەت زۆر هاوکاری رژێمی سەدام حوسێنی کردبوو.

سـەرباری هەمـوو ئەمانـە، بەرزنەبوونـەوەی هیـچ دەنگێـك لـە دژی ئـەو کۆمەڵکوژییـە لەلایـەن کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتییـەوە، مایـەی سـەرنج و بنکۆڵکارییە.

لـە رۆژانـی روودانـی کۆمەڵکوژییەکهـدا، واتـە رۆژانـی پێـش و پـاش ١٦ی ئـاداری سـاڵی 1988، کۆنگـرەی لووتکـەی ئیسـلامی لـە کوێت هەبـوو. کەنعـان ئەڤـرەن[2]، وەکـو حەفتەمیـن سـەرۆککۆماری تورکیـا، نوێنەرایەتـی وڵاتەکـەی دەکـرد. لـە کۆنگرەکـەدا، بە هیچ شـێوەیەك باسـی کۆمەڵکوژییەکـە نەکـرا. وەك چـۆن لـە ئەنجامـی کۆنووسـی کۆنگرەکـەدا هیـچ شـوێنێك بـە باسـی کۆمەڵکوژییەکـە نـەدرا. ئەمـەش دەرخـەری ئەوەیـە کـە وڵاتانـی ئیسـلامی هەڵوێسـتێکی نەرێنییـان بەرامبـەر کـورد هەیـە. کەچـی لەسـەر هەوڵـی گۆڕینـی نـاو و چەنـد کارێکـی دیکـەی لـەو شـێوەیە لـە بوولگاریـا و یۆنـان، لـە کۆنگـرەی لووتکـەی ئیسـلامیدا رەخنـە لـەو وڵاتانـە گیـرا، وەك چـۆن هـاوکاری و پاڵپشـتیی سـەدام حوسـێنیش کارێکــی زۆر شــەرمهێن بــوو.

نموونـەی دووەمیـش کـە پێویسـتە لەسـەری بوەسـتین، رۆژی 13ی تەممـووزی سـاڵی 1989 یـە.

لـە هۆتێلێکـی ڤیەننـای پایتەختـی نەمسـا، عەبدولڕەحمـان قاسـملوو، سـکرتێری حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێـران تیرۆرکـرا. بکـوژەکان بـە جلوبەرگـی دیپلۆماتکارانـەوە، ئەندامـی سـوپای پاسـداران بـوون و لـە ئێرانـەوە بـۆ کارەکـە نێردرابـوون. لەگـەڵ عەبدولڕەحمـان قاسـملوو، عەبدوڵـڵا قـادری و فـازڵ رەسـووڵیش کـوژران. دواتریـش بکـوژەکان، زۆر بـە راحەتـی لـە هۆتێلەکـە دەرچـوون و لـە ماوەیەکـی کورتـدا گەیشـتنەوە ئێـران. دەسـەڵاتی ئێرانیـش، لـەڕووی دارایـی و مەعنـەوی بکوژەکانـی خـەڵات کـرد.

2 - ئەحمـەد کەنعـان ئەڤـرەن (1917-2015) حەڤدەهەمیـن سوپاسـالاری تورکیـا بـوو. دوای کودەتـا سـەربازییەکەی بەسـەر حکومەتـی سـولێمان دەمیـڕەڵ لـە سـاڵی 1980، دەسـەڵاتی گرتەدەسـت و بـووە حەفتەمیـن سـەرۆککۆماری تورکیـا و هەتـا سـاڵی 1989 لـە دەسـەڵات مایـەوە. (وەرگێـڕ).

هێلینـا کرولیچـی، هاوژینـی عەبدولڕەحمـان قاسـملوو، بـەدوای ئـەو کۆمەڵکوژییـەدا رۆیشـت و وازی لێنەهێنـا، هەوڵێکـی زۆریـدا بـۆ ئـەوەی دۆسـیەی ئـەو تاوانـە بگاتـە دادگا، بـەڵام حکومەتـی نەمسـا بـۆ ئـەوەی پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ حکومەتـی ئێـران تێکنەچـێ، دۆسـیەکەی بـە کراوەیـی هێشـتەوە و دواتـر بـە یەکجـاری دایخسـت.

ئـەو کۆمەڵکوژیـە کـە لـە نێوەڕاسـتی ئەوروپـادا کـرا و بکەرەکانـی زۆر بـە ئاسـانی لـە هۆتێلەکـە دەرچـوون، پاشـان داخسـتنی دۆسـیەکەی بەبـێ بەدەسـتەوەدانی هیـچ ئەنجامێـک، پەیوەنـدی بـە دژبەرایەتـی ئەوروپـاوە هەیـە بـۆ کـورد. کاتێـك پرسـەکە لـە ئەوروپـاش پەیوەسـت بێـت بـە کـورد و کوردسـتان، بەچـاوی خۆمـان دەبینیـن کـە چـۆن مافەکانـی مـرۆڤ لەوێـش پاشەکشـێ دەکـەن. ئـەو کۆمەڵکوژییـە، ئـەوە بـە ئاشـکرا پیشـاندەدات.

لـە رۆژگاری ئەمڕۆمانـدا، حەقیقەتـی کـورد و کوردسـتان لـەڕووی کۆمەڵایەتـی و سیاسـییەوە، بەخێرایـی لـە گۆڕاندایـە. بـە دڵنیاییـەوەش ئـەوە دۆخێکـی ئەرێنییـە. ئـەوەی بووەتـە هـۆی ئـەو گۆڕانـەش، دوو رووداوی سـەرەکین:

یەکـەم، دەسـتپێکردنی خەباتـی گەریلایـی لـە تورکیـا لـە رۆژی 15ی ئابـی سـاڵی 1984.

دووەم، رووداوی رۆژی 20ی ئـاداری سـاڵی 2003یـە، کاتێـك ئەمریـکا و وڵاتانـی هاوپەیمـان، لەڕێـی هێـزی سـەربازییەوە رژێمـی سـەدام حوسـێنیان رووخانـد.

ئـەو دوو رووداوە، کاریگەرییـان بەسـەریەکەوە هەبـووە و دنـەی هەڤدوویـان داوە. لـە ئەنجامـی ئـەو جەنگـەی لـە عێـراق روویـدا، رژێمـی سـەدام حوسـێن رووخـا و دەزگا هەواڵگرییەکانـی تەفروتونـا بـوون و سـوپا پەرتوبڵاوبـوو. کاتێکیـش ئـەو هەڕەشـە زەقـە نەمـا، کـورد تێگەیشـتن و چەمکـی فیدراڵییـان هێنایـە رۆژەڤـەوە. حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان دامـەزرا. ئـەو سـتاتووە بـۆ کـوردی رۆژهـەڵات، رۆژئـاوا، باکـوور، باشـوور و

هەمـوو کـوردی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت و رۆژهەڵاتـی نزیـك، پێشـهاتێکی زۆر گرنـگ بـوو.

سـەدام حوسـێن بـە پـارەی ئـەو نەوتـەی لـە کوردسـتان دەریدەهێنـا و دەیفرۆشـت، گازی ژەهـراوی و بۆمـب و فڕۆکـەی جەنگـی و مینـی دەکـڕی و هەمـوو ئەمانەشـی دەنـاردە کوردسـتان. ئیـدی وێرانکـردن و سـووتاندنی کوردسـتان وەهـا روویـدا. هەرچـی رۆژگاری ئەمڕۆمانـە، کـورد و حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان لـە هەوڵـی ئـەوەدان سـەرچاوە سرووشـتییەکانی خۆیـان بۆخۆیـان بێـت. بـۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردسـتان و دروسـتکردنی رێگـە، نەخۆشـخانە، قوتابخانـە، بەنـداو و پـرد بێـت.

لـە چارەگـی یەکەمـی سـەدەی بیسـتەمدا، دەسـەڵاتە ئیمپریالیسـتەکانی ئـەو سـەردەمە، کوردسـتانیان پارچـە پارچـە کـرد. ئەمەشـیان بە هاوبەشـی و هاوپەیمانێتـی لەگـەڵ تـورك، عـەرەب و فـارس کـرد. هەرچـی تایبەتـە بـە سـاڵانی سـەرەتای سـەدەی ٢١، ئەمریـکای دەسـەڵاتی ئیمپریالیسـتی ئەوسـا، سـتاتوویەکی لـە رەوشـی تـازەدا بـە کـورد نەبەخشـی، بەمـەش ستەمێکی گـەورەی کـردەوە کـە دەبـێ وەك یەکێـك لـە گاڵتەجاڕییەکانی مێـژوو سـەیری بکەین.

# پێشەکی بۆ چاپی یەکەم

دوو بەشی ناو ئەم پەرتووکە لە تورکیا و دوو بەشیشی لە دەرەوەی تورکیا بڵاوکراوەتەوە. یەکێکیشیان لە سیمینارێکدا لە لەندەن خوێندرایەوە. دوو بەشی دیکەشی بۆ یەکەمجار لەم پەرتووکەدا بڵاودەکرێنەوە.

ئەو بەشەی لەژێر ناونیشانی (تێگەیشتن لە بەشداریی ژنانی کورد لە ریزەکانی گەریلا) دا بەهۆی بڕیارنامەی ژمارە 430 کە هەمان هێزی یاسای هەیە، زۆر دواکەوت و بە کەموکووڕییەوە بڵاوبووەوە. نووسینی "داگیرکراوەکان بە فەرمان بەڕێوەدەبرێن" لەلایەن چاپخانەوە چاپ نەکرا. خاوەنی چاپخانەکە بە بەرپرسانی رۆژنامەکەی گوتبوو "ئەگەر پێداگیری دەکەن لەسەر ئەوەی ئەو نووسینە بڵاوبکرێتەوە، رۆژنامەکەتان چاپ ناکەم"، بەڵام لێرە ئەو نووسینە بە تەواوی دانراوەتەوە.

هەموو لایەك دەزانن ئەمڕۆ تیرۆر وەك گرنگترین چالاکیی وڵاتان سەیر دەکرێت. تیرۆری دەوڵەت لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەهەموو عەیب و عارەکانییەوە لەبەرچاوانە. ئەو وڵاتانە، هەوڵ و بەرخۆدانی شۆڕشگێڕان و چالاکییە دیموکراسییەکان و بزووتنەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەیی وەك "تیرۆر" ناوزەد دەکەن و سکاڵا لەو جۆرە چالاکییانە دەکەن، کەچی لەلایەکی دیکەوە، بۆ رێگری و خنکاندنیان، لەژێر

فەرمانی خۆیاندا دامەزراوەی گەورەی تیرۆریان بەرهەمهێناوە. ئەمە بە مانای ئەوە دێت کە لەنێو دەوڵەت دا، هەندێك دەستە و لایەنی نایاسایی خەریکی ئەنجامدانی چالاکین. یەکێك لە گرنگرتین ئەو دەستە و لایەنانەی بە نایاسایی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەجوڵێتەوە، خودی دەوڵەتەکانن. سیستەمی ئەو کۆڵۆنیالە نێودەوڵەتییەی لەسەر کوردستان دەبینرێت، شتێکە کە وادەکات تیرۆری دەوڵەت زۆر پێویستی پێبێت .

لە درێژەی نووسینەکانی ناو ئەم پەرتووکەدا، دەتوانن خوێنەری هەندێك شێواز و قەبارەی تیرۆری دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بن.

# تیرۆری دەوڵەت
# لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست [3]

لــە دامــەزراوە نێودەوڵەتییەکانــی وەك نەتەوەیەکگرتــووەکان، یەکێتــی ئەورووپــا، پەرلەمانــی ئەورووپــا، ناتــۆ و کۆنگــرەی ئیســلامی، زوو زوو بــاس لــەو هەنگاوانــە دەکــرێ کــە بــۆ رێگــری لــە تیــرۆر گرنگــن. لــە ســەرجەم پەرلەمانــە ناوخۆییــەکان و دەزگا میدیاییەکانــی وڵاتانــەوە، مــژاری (تیــرۆر) بــەردەوام لەســەر زارانــە و بــێ پســانەوە شــەنووکەو دەکــرێ؛ بــەڵام بەهیــچ شــێوەیەك بــاس لــە تیــرۆری دەوڵــەت ناکــەن. وەك چــۆن ئــەو پســپۆڕانەی بەدواداچــوون و بنکۆڵــکاری بــۆ تیــرۆری نێودەوڵەتــی دەکــەن، خۆیــان لــە قــەرەی تیــرۆری دەوڵــەت نــادەن، بــەڵام ئاشــکرایە کــە ویســتی پەنهانکردنــی مژارەکەیــان مایــەی ســەرنجە. بۆیــە بــە لێزانییــەوە هەوڵــی پەردەپۆشــکردنی تیــرۆری دەوڵەتــان دەدەن. لەکاتێکــدا تیــرۆر پرســێك نییــە بەبــێ هیــچ پێشــەکییەك و هــەر لەخۆیــەوە دروســت بێــت. بەڵکــو تیــرۆری دەوڵــەت، راســتی و گریمانەیــەك پێکەوەیانــەوە دەلکێنێــت. سرووشــتی ئەو جــۆرە تیــرۆرەی دەوڵــەت لــە دامــەزراوە نێودەوڵەتییــەکان، پەرلەمانــە نێونەتەوەییــەکان، رادیــۆ، تەلەڤزیــۆن، رۆژنامــە و دەزگاکانــی راگەیانــدن دەشــاردرێتەوە. ئــەو کەتوارە(واقــع)ەی هەرەشــە لــە مرۆڤایەتــی دەکات،

---

3 - یەنی دیڤان، ژمارە 1، مانگی دوازدەی 1990، لا 11-6.

تیـرۆر نییـە. بەڵکـو ئـەو ڕاسـتییەی هەڕەشـەی لـە مرۆڤایەتـی کـردووە، تیـرۆری دەوڵەتـە. چونکـە ئەگـەر چەنـد وڵاتێکـی وەك عێـراق، تورکیـا، ئێران، ئیسـرائیل و سـووریا وەک نموونـە وەرگریـن، دەبینیـن زۆر بە ئاسـانی دەتوانـن ببنـە خاوەنـی ئـەو چەکانـەی کۆمەڵکوژییـان پێدەکرێـت. وەك چـۆن دەتوانـن زۆر بـە ئاسـانی و خێرایـی بەرامبـەر بـە دەسـتەیەك یـان لایەنێـك، ئـەو چەکانـە بەکاربێنـن.

کاتێـك تیـرۆری دەوڵـەت وەك ئامرازێکـی سیاسـی دژی لایەنـە ئۆپۆزیسـیۆنەکان و جوڵانـەوەی ڕزگاریخوازیـی نەتەوەیـی بەکاردەهێنـرێ، بەدڵنیاییـەوە گەلانـی مافخـوراو ڕێگـە و چارەیـەک بـۆ پووچەڵکردنـەوەی ئـەو تیـرۆرەی دەوڵـەت دەدۆزنـەوە. بۆیـە ئاشـکرایە تیـرۆری دەوڵـەت بـەردەوام لەهەمبـەر گەلانـی چەوسـاوە و برسـیکراو و پشـتگوێخراو، بەتایبەتیـش بەرامبـەر گەلـی کـورد بەکاردەهێنـرێ کـە لەنێـو پێڤـاژۆی وڵاتانـی کۆڵۆنیالیسـت هێڵدراوەتـەوە و بە ئاشـکراش ئـەو جـۆرە لـە تیـرۆر بەرامبـەر بـە ویسـتی نەتەوەیـی و دیموکراتـی ئـەو گەلـە دەکرێـت. ئێمـە ئـەوە بـاش دەزانیـن کـە ڕەگوڕیشـەی ڕاسـتەقینەی تیـرۆری دەوڵـەت لـە تیـرۆرەوە سـەرچاوە دەگرێـت.

لـەم پەرتووکـەدا، بیروبۆچوونەکانمـان سـەبارەت بـە تیـرۆری دەوڵـەت دەخەینـەڕوو.

## کوشتنی عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیەکانی

لـە ڕۆژی 13ی تەممـووزی 1989، عەبدولڕەحمـان قاسـملوو سـکرتێری حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێران و هاوڕێیەکانـی، لە ڤیەننـای پایتەختی نەمسـا تیرۆرکـران. لـە ماوەیەکـی زۆر کورتـدا دەرکـەوت بـە دەسـتی چەنـد کەسـێکی سـەر بـە ڕژێمـی کۆمـاری ئیسـلامی کـوژراون.

بە کورتی، بوویەرەکە بەوشێوەیە بوو:

لەنێـوان بەرپرسـانی تـاران و حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێـران دا دیـدار

و دانوستاندن سەبارەت خۆبەڕێوەبەرییەوە بەڕێوەدەچوون. هەڤدیتن و کۆبوونەوەکان بەشێوەیەکی نهێنی دەکران. بۆیە بە وردی ئاگاداری لەوە دەدرا کە هیچ هەواڵێك نەگاتە میدیاکان. لە ئێران چەند جڤینێك بەڕێوەچووبوون و بڕیار بوو بۆ دەرکردنی چەند بڕیارێك، لە نەمسا کۆبوونەوەیەکی دیکە بکرێت. لەکاتی دیدارەکەدا لە ڤیەننا، ئەندامانی شاندی ئێران، عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیەکانیان دایە بەر دەستڕێژی گوللە. لە کۆتاییدا دەرکەوت چەند سیخوڕێکی دەزگای ئیتلاعات بە جلوبەرگی دیپلۆماسییەوە بەشداریی کۆبوونەوەکانیان کردووە.

دوای ڕووداوەکە، پۆلیسی نەمسا هیچ ڕێکارێکی یاسایی نەگرتەبەر، یان نەیتوانی هیچ کارێك بکات، لەکاتێکدا بکوژەکان بەسەر تاوانەکەوە گیران و بەڵگەی ئەنجامدانی تاوانەکەشیان بەدەستەوە گیرا، بەڵام پۆلیس هیچ لێپێچینەوەیەکی نەکرد. لەکاتی تاوانەکەدا، یەکێک لە ئەندامانی تیمە ئێرانییەکەش بریندار ببوو. بە ئاسانیش ئەو گوللانە ناسرانەوە کە عەبدولڕەحمان قاسملوو و هەڤاڵانی کوشت و دەرکەوت کە لە چەکی ئەو کەسەوە دەرچووبوون. جگە لەمە، وتەکانی ئەندامانی شاندی دانوستاندنی ئێرانیش دژبەرییەکی زۆریان تێدابوو. بەشێوەیەك وتەکانی ئەو کەسەی چەکەکەی بەکارهێنابوو، لەگەڵ ئەو دیپلۆماتەی لە تەنیشتی دانیشتبوو لەکاتی گفتوگۆکاندا، زۆر لە یەك جیا بوو. هەروەها ئەو دژبەرییە لە وتەکانی لێکۆڵینەوەدا بەڵگەیەکی زۆر ئاسان بوو بۆ دۆزینەوەی بکوژەکە [4].

لە سەروبەندی بەڕێوەچوونی دانوستاندنەکانی ئۆتۆنۆمی دا، پیلانگێڕی و بەکارهێنانی سیخوڕی دەزگای هەواڵگری لە جلوبەرگی دیپلۆماتکاردا و پیلانەکەش بۆ کوشتنی گرنگترین سەرکردەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی بێت؛ دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە کردەی تیرۆر لای دەوڵەت

---

4 - دەنگ، ژمارە 6، مانگی نۆی 1990، لا 22.

چەنـد گرنگـە. وەلـێ پشتگوێخسـتنی لێکۆڵینـەوە و بەدواداچوونـی دوای رووداوەکـە، دەرخـەری ئـەو راسـتییەن کـە تیـرۆری دەوڵـەت لـە سیاسـەتی نێودەوڵەتیـدا خاوەنـی چ هێزێکـی گـەورە و کاریگـەرە. لەکاتێکـدا پۆلیسـی ڤیەننـا بکوژەکانـی بـە سـەرجەم چەکەکانـی ئـەو تاوانـەوە دەستبەسـەرکردن، کەچـی دواتـر بکـوژەکان ئـازاد دەکات و رێگەیـان دەدات بچنـەوە ئێـران، چونکـە بچووکتریـن دۆسـیەی لێکۆڵینەوەشـی لەسـەر بکـوژان نەکـردەوە. دۆسـیەی بکوژانـی عەبدولڕەحمـان قاسـملوو، سـەرۆکی حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێـران و هەڤاڵەکانی، بـەر لـەوەی بکرێتـەوە داخـرا. کاتێـك بکوژانـی قاسـملوو بـە جلوبەرگـی دیپلۆماسـییەوە لەدەسـت پۆلیسـدا بـوون، حکومەتـی ئێـران لەڕێـی وەزارەتـی دەرەوەیـان ئاگادارییەکـی گەیانـدە دەسـت حکومەتـی نەمسـا. تـاران داوای لـە ڤیەننـا کردبـوو بـە زووتریـن کات دیپلۆماتـکارە ئێرانییـەکان ئـازاد بـکات، ئەگەرنـا باڵیۆزخانـەی نەمسـا لـە تـاران دەخرێتـە ژێـر گەمـارۆ و دیپلۆماتـکارە نەمسـاییەکان وەك دیـل دەستبەسـەر دەکرێـن". ئـەو ئاگادارییـە لەنـاکاوە ئامانجەکـەی خـۆی پێـکا و گەیشـتە مـرازی خـۆی. بۆیـە ئـەو بکوژانـەی حکومەتـی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران وەك دیپلۆماتکار ناردبوونـی، سـەرئەنجام ئازادکـران و رێگەشـیان پێـدرا لـە نەمسـا دەربچـن. لـە گەڕانەوەشـیاندا لـە تـاران وەك قارەمـان پێشـوازییان لێکـرا.

بـە هەمـوو مانایـەك، لەهەمبـەر کارێکـی تیرۆریسـتیداین کـە تیـرۆری دەوڵەتـە. ئـەو رەفتارانـە لەلایـەن کۆمـاری ئیسـلامیی ئێرانـەوە بەرامبـەر گەلـی کـورد بەشـێوەیەکی بەرچـاو دەکرێـن. ئەمـەش لـە پەیوەندییـە نێودەڵەتییەکانـدا ئاشـکرایە. کاتێـک سـەیری پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان دەکەیـن، بەسـەر چەندیـن رێککەوتنـدا دەکەویـن سـەبارەت بـە رێگـری و بنبڕکردنـی تیـرۆر. بـۆ ئەمـە چەندیـن سـازان و رێککەوتـن لـە چوارچێـوەی نەتەوەیەکگرتـووەکان و یەکێتـی ئەوروپـا و ناتـۆ و پەرلەمانـی ئەوروپـادا هەیـە. بەپێـی ئـەو رێککەوتنانـە، وڵاتـان دژی تیـرۆر دەوەسـتنەوە و بـۆ رێگـری لـە فراوانبوونـی تیـرۆر هەمـوو

هەوڵ و توانای خۆیان دەخەنەگەڕ و ملکەچی داوا و ویستی تیرۆر نابن. وەلێ ئەوەی لەسەرەوە بە کورتی باسکرا، تیرۆری دەوڵەتە و هیچی دیکە نییە. هەر ئەوەندەش نا، بەڵکو ئەو بوویەرە تیرۆریستییە، لە ماوەیەکی کورتدا و بەبێ ئەوەی پێویستی بە مشتومڕی زۆربێت، دەگاتە ئامانجی خۆی. "ئەگەر بە زووترین کات، دیپلۆماتکارە ئێرانییەکان ئازاد نەکرێن کە لەلایەن پۆلیسەوە دەستبەسەرن، دیپلۆماتکارە نەمسايیەکانی باڵێوزخانەی نەمسا لە تاران دەستبەسەر دەکەین".
بە خوێندنەوەی ئەو پەیامە، ئیدی هەست بە گەورەترین هەڵەی یاسای نێودەوڵەتی دەکەین. چونکە نەریتە نێودەوڵەتییەکانی وەك "پارێزبەندی دیپلۆماتکاران" و "پارێزبەندی باڵیۆزخانەکان" و "پارێزبەندی باڵیۆز" مژاری بنچینەیی ئەو یاسایانە نین کە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ڕێکدەخەن. بۆیە تیرۆری دەوڵەت، بە ئاسانی و بە خێرایی دەگاتە ئامانجی خۆی. کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە پەنابردنە بەر تیرۆری دەوڵەت، لایەنە دژبەرەکانی لەنێودەبات. ئەوانەی تاوانەکانیش جێبەجێ دەکەن، کاتێك بەهەر هۆیەك دەستگیربکرێن، یان کاتێك ڕووبەڕووی هەر کێشەیەکی وەها دەبنەوە، بە جێبەجێکردنی زێدەتر و ئاشکراتری تیرۆری دەوڵەت، بە هەڕەشەکردن لەلایەنی بەرامبەر، بکەری تاوانەکانی ڕزگار دەکات. جا لە پەیڕەوکردنی ئەو سیاسەتەش سەرکەوتوو بووە.
لە ڕۆژی 6ی ئەیلوولی 1990، عیففەت قازی [5]، خێزانی ئەمیری قازی [6]، یەکێك لە سەرکردەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و سەرۆکی پارتی

---

5 - عیففەت قازی (1990-1935) سیاسەتڤان و چالاکڤانی کورد، لە شاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە. کچی قازی محەممەدی سەرۆککۆماری کوردستان لە مەهاباد بوو. لە تاران بەشی یاسای خوێند و لە سەردەمی خوێندنی دا بوو کە لەگەڵ ئەمیری قازی خێزانیان پێکهێنا. دواتر لە سوید هاوشانی هاوژینەکەی دەبێتە پەنابەر و لەوێ مژوولی مامۆستایەتی دەبێ. (وەرگێڕ).
6 - ئەمیری قازی لە ساڵی 1938 لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە. زانکۆی لە تاران تەواو کردووە و دواتر لە زانکۆکانی ستۆکهۆڵم و ئۆپسالا چەند کۆرسێکی تایبەت بە زمانەکانی باکووری ئەوروپا خوێندووە. لە سەرەتای گەنجییەوە دەستی بە کاری سیاسی کردووە و ساڵی 1948 چووەتە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستان و دواتر پارتی سەربەخۆیی کوردستانی دامەزراندووە. (وەرگێڕ).

سەربەخۆیی کوردستان [7]، دوای ئەوەی پاکەتێکی بۆمبڕێژکراویان ناردبووە ناونیشانی ماڵەکەی لە شاری (ڤیستیرۆس)ی سوید، دوای کردنەوەی بە روویدا تەقییەوە و کوژرا. عیففەت قازی، کچی قازی محەممەدی سەرۆکی کۆماری کوردستان بوو لە مەهاباد. ئامانجی سەرەکی لەو رووداوەدا، ئەمیر قازی سەرۆکی پارتی سەربەخۆیی کوردستان بوو. بە ئاشکراش باس لەوە دەکرا کە بکەری تاوانەکە، سیخوڕێکی نهێنیی دەزگای هەواڵگریی ئێران بووە [8].

ئەو رووداوانەی سەرەوە ئاماژەن بۆ تیرۆری دەوڵەت کە بەشێوەیەکی بەرفراوان لەلایەن ئێرانەوە جێبەجێکراون. دەشێ دەستبەسەرکردنی دیپلۆماتکارانی ئەمریکی لە کۆتاییەکانی ساڵی 1979 لە هەمان چوارچێوەدا لێکبدەینەوە. وەك چۆن دەبێ تیرۆری دەوڵەت لەگەڵ سیاسەتی دژە ئیمپریالیست تێکەڵ نەکەین. چونکە دژە ئەمریکی و دژە ئیمپریالیزم دوو تێگەیشتنی زۆر جیاوازن. هەژمارکردنی دژی ئەمریکایی وەکو سیاسەتی دژە ئیمپریالیزم لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بۆچوونێکی زۆر هەڵەیە. چونکە بەشێوەیەکی هاوبەش، لەپاڵ وڵاتانی ئیمپریالیست، یان بە ئاڕاستەی سیاسەتی ئیمپریالیزم، ژێرپێکردنی گەلانی چەوساوە و نەسەلماندنی مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانیان نابێتە دژایەتی ئیمپریالیزم. چونکە بەردەوام هاوشانی سیاسەتی ئیمپریالیستی و کۆڵۆنیالیستی، بە هاوبەشی لەگەڵ وڵاتانی ئیمپریالیست و کۆڵۆنیالیست، هەوڵی لەنێوبردن و ژێرپێکردنی نەتەوەی کورد دراوە.

---

7 - پارتی سەربەخۆیی کوردستان، ساڵی 1990، لەسەر بنەمای سەربەخۆیی بۆ کوردستان دامەزرا. ئەوان پێیانوابوو لە ئەگەری رووخانی رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستاندا، خەڵکی کوردستان لە ریفراندۆمێکی ئازاددا، داهاتووی خۆیان دیاری دەکەن. هەروەها باوەڕیان وایە کە کوردستان یەك وڵاتە و کورد یەك نەتەوەیە و سنوورەکان هەموویان دەستکردن. رەگوڕیشەی پارتەکە دەگەڕێتەوە بۆ بەرەی یەکگرتووی دیموکراتی کوردستان کە ساڵی 1988 بە هەوڵی تێکۆشەرانی کورد دامەزرا. وەلێ پاش دوو ساڵ لە یەکەم کۆنگرەی بەرەی یەکگرتووی دیموکراتی کوردستان، ناوەکەیان گۆڕی بۆ پارتی سەربەخۆیی کوردستان. (وەرگێڕ).

8 - کوردستان پرێس، ژمارە 48، 26ی مانگی ئەیلوولی 1990، لا 5.

## کۆمەڵکوژیی کورد لە باشووری کوردستان

یەکێك لـە وڵاتانـی دیکـەی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت کـە بـێ پسـانەوە هانـای بردووەتـە بـەر تیـرۆری دەوڵـەت، بـێ هیـچ گومانێـك عێراقـە. لـەوێ تیـرۆری دەوڵـەت بـە پلـەی یەکـەم دژ بـە گەلـی کـورد بـووە. لـە مانگـی سـێی سـاڵی 1988، بەهـۆی کیمیابارانکردنـی شـاری هەڵەبجـە لە باشـووری کوردسـتان، زیاتـر لـە پێنـج هـەزار منـداڵ و ئافـرەت و پیـر و گەنـج کۆمەڵکـوژ کـران. بـە دەیـان هـەزار مرۆڤیـش برینـدار بـوون و سـەدان هـەزار کەسـیش لـە ماڵوحـاڵ و خـاك و نیشـتیمانی خۆیـان هەڵکەنـدران. ڕژێمـی فاشیسـت و داگیرکـەر و ڕەگەزپەرسـتی سـەدام حوسـێن پێیوابـوو بـە بەکارهێنانـی چەکـی کیمیایی لە ڕێگای تیـرۆری دەوڵەتەوە ئەنجامێك دەسـتەبەر دەکات. سـەدام حوسـێن ئـەو کۆمەڵکوژییـەی سـەرباری یاسـا نێودەوڵەتییـەکان و دادپـەروەری و یەکسـانی جیهانـی و نەریتـە نێونەتەوەییـەکان کـرد. ڕەنگـە لـە ڕێککەوتننامـەی نەتەوەیەکگرتووەکانـدا بـۆ ڕێگـری لـە تیـرۆر، عێراقیـش واژۆی کردبێـت. وەلـێ ئـەو دێـت و بـە کـورد دەڵـێ (تیرۆریسـت) لەکاتێکـدا لـە پێنـاوی شـەرەفی نەتەوەیـی خـۆی لـە بەرخودانـدایـە.

ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا، یەکێتـی سـۆڤیەت، ئەڵمانیـا، فەڕەنسـا، ئیتاڵیـا و چەندیـن وڵاتـی دیکـە لـە ریـزی ئـەو وڵاتانـەدان کـە چەکـی قەدەغەکـراوی کیمیاییـان داوەتـە عێـراق بـۆ سـازکردنی ژێرخانـی ئەنجامدانـی کۆمەڵکوژییەکـی وەهـا، بـۆ سـازدانی تیـرۆری دەوڵـەت دژ بـە گەلێـك. لـە کاتێکـدا گـەر سـەرنج بدەیـن، کاتێـك پرسـی ڕێگـری و پێشـگرتن لـە تیـرۆر دێتـە ئـاراوە، لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتـی، هـەر ئـەو وڵاتانـە سەردەسـتەی وڵاتانـی جیهانـن بـۆ ئـەو کارە و سـوورن لەسـەر ڕێگـری لـە تیـرۆر. وەلـێ ڕێبـەری پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان و ڕێکارەکانـی و پرەنسـیپی سـەرەکی چاودێریـی ئـەو پەیوەندییـە، تێگەیشـتن نییـە لـە پاراسـتنی مافەکانـی مـرۆڤ و دابینکردنـی دادپـەروەری. بنەماکانـی

یاسـای نێودەوڵەتـی نەبووەتـە نەریتێـك، بەڵکـو خـودی تیـرۆری دەوڵـەت خۆیەتـی. بۆیـە ئـەو وڵاتانـەی لەسـەرەوە ناویـان هـات، لـە پـاڵ چەنـد وڵاتێکـی دیکـە، زۆر یـان کـەم رۆڵیـان لـە تیـرۆری دەوڵەتـدا هەبـووە. هـەر لەسـایەی ئەوەشـدا چاویـان لـە تیرۆری دەوڵەتی سـەدام حوسـێن پۆشـی و وەکـو رووداوێکـی ئاسـایی سـەیری ئـەو تاوانەیـان کـرد. دووبـارە لـە مانگـی ئابـی سـاڵی 1988 و لـە کۆتایـی جەنگـی نێـوان عێـراق و ئێرانـدا، چەکـی کیمیـاوی بەشـێوەیەکی فـراوان و زێـدە لـە دژی گەلـی کـورد بەکارهێنـرا. لـەو پرۆسەیەشـدا و بـە پشتبەسـتن بـە تیـرۆری دەوڵـەت وەکـو ئامرازێکـی سـەرکوتکردن، زیاتـر لـە پێنـج هـەزار گونـدی کـورد بـە بلـدۆزەر وێرانکـران. لەپاڵ ئـەوەدا بـە سـەدان هـەزار کوردیـان لـە خاکـی خۆیـان هەڵکەنـد و رایانگواسـتن و ناچـاری ژیانـی نـاو کامپەکانیـان کـردن.

## قەیرانی کەنداو و رووداوی دەستبەسەرەکان

ئـەو وەحشـیەتەی سـەرۆکە فاشیسـتەکەی عێراقـی رەگەزپەرسـت و داگیرکـەر دژ بـە گەلـی کـوردی مافخـوراو، دوای داگیرکردنـی کوێـت لـە دووەمیـن رۆژی مانگـی تەباخـی سـاڵی 1990، بـووە مـژاری سـەرزاران. دوای داگیرکردنـی کوێـت لەلایـەن سـوپای عێراقـەوە، ئیـدی میدیـای رۆژئـاوا سـەدام حوسـێنیان وەکـو هیتلـەر وێناکـرد و لـە لاپـەڕەی یەکەمـی رۆژنامەکانـدا ئـەو وێنانـەی سـەدامیان بڵاودەکـردەوە کـە دەچـووەوە سـەر شـێوەی هیتلـەر. ئیـدی ئـەو میدیـا رۆژئاواییانـەی کـە کۆمەڵکوژیـی سـەددام حوسـێنیان لـە دژی گەلـی کـورد نەدەبینـی و خۆیـان لـێ نەبـان و کـەڕ کردبـوو، بەهۆشـهاتنەوە و رووی راسـتەقینەی سـەدامیان بینـی؛ یـان هیـچ نەبـێ خۆیـان وەهایـان دەگـوت. رووداوی دەستبەسـەرکردنی دیپلۆماتـەکان لەلایـەن عێراقـەوە، جارێکـی دیکـە تیـرۆری دەوڵەتـی دووپاتکـردەوە. ئـەم رووداوە لـە قەیرانـی کەنـداودا یەکێـك بـوو لـەو هۆکارانـەی کاریگـەری لەسـەر پەیوەندییەکانـی عێـراق لەگـەڵ ئەمریـکا

و وڵاتانـی ئەوروپـا و وڵاتانـی دیکـەی جیهـان دانـا. تەنانـەت دەتوانیـن بڵێیـن یەکێـك لـە سـەرەکیترین رووداوەکان بـوو کـە پەیوەندییەکانـی بەغـدای لەگـەڵ پایتەختەکانـی جیهـان تێکـدا. چونکـە هەرکاتێـك مـژاری هێرشـکردنە سـەر عێـراق دەهاتـە پێـش، بەغـدا هەڕەشـەی کوشـتنی بارمتـە ئەوروپـی و ئەمریکییەکانـی دەکـرد. دیپلۆماتـکارە ئەمریکـی و ئەوروپییـەکان و منداڵەکانیانـی لـە شـوێنە سـتراتیژییەکان و لـەو شـوێنانە جێگیـر دەکـرد کـە چـاوەڕوان دەکـرا بکەونـە بـەر بۆردومانـی هێزەکانـی ئەمریـکا. لـە کاتێکـدا بەبـێ هیـچ گومانێـك، لـە یاسـا نێودەوڵەتییەکانـدا، بەدیلگرتـن و بەبارمتەگرتنـی دیپلۆماتـکاران رێپێـدراو نییـە. ئـەو کارە بـە کارێکـی ناشارسـتانی و لـە دەرەوەی بەهـای مرۆڤایەتـی هەژمـار دەکـرێ. بۆیـە تـا وەهـا پێشـهاتێك جارێکـی دیکـە دووبـارە نەبێتـەوە، هەمـوو هەوڵێـك دەدرێ بـۆ پێشـپێگرتنی. بـەڵام لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت، رەفتـاری بەدیلگرتـن لەلایـەن عێـراق و ئێرانـەوە، وەکو تەکتیکێکی سیاسـی بەکاردەهێنـرێ. ئـەو وڵاتـە رۆژئاواییانـەی لەهەمبـەر کۆمەڵکوژیـی کـورد و تیـرۆری دەوڵـەت چـاوی خۆیـان دادەخسـت، لەهەمبـەر دیلەکانیشـیان دەسـتەپاچە مابوونـەوە و مایـەی بەزەیـی بـوون. هەربۆیـە بەرامبـەر بـەو کارەی عێـراق کـردی، جگـە لـە ملـدان هیچـی دیکەیـان پێنەکـرا. ئـەو وڵاتانە، لـە دیـدارە دووقۆڵییەکانیانـدا لەگـەڵ سـەدام حوسـێنی نەتەوەپەرسـتی کۆڵۆنیالیسـتی سـەرۆکی عێراقـی فاشیسـت، هەوڵـی رزگارکردنـی یـەك یـەك و دوو دووی دیلەکانیـان دەدا. ئـەو دەوڵەتانـە لەوانـەن کـە لـە ئامانجەکانیانـدا پێشـوازی لـە ویسـتی تیـرۆر ناکـەن و لەگـەڵ ئـەو بەنـدە نێودەوڵەتیانـەن کـە دژی تیـرۆر دەرچـوون. بۆئەمـەش پێشـنیازی رێککەوتنـی نێودەوڵەتـی دەکـەن و وەکـو یەکـەم وڵاتیـش واژۆ لەسـەر رێککەوتنەکـە دەکـەن و داوا لـە وڵاتانـی دیکـەش دەکـەن واژۆی بکـەن. وەلـێ کاتێـك رووبـەڕووی هەندێـك دەوڵەتـی وەکـو ئێـران و عێـراق دەبنـەوە، هیچیـان لەدەسـت نایـەت و وەك بوودەڵەیـەك دەردەکـەون. دامـەزراوە جیهانییەکانـی وەکـو نەتەوەیەکگرتـووەکان و یەکێتـی

ئەوروپا و ناتـۆ و کۆنگـرەی ئیسـلامی و پەرلەمانـی ئەوروپا تێگەیشـتنێکی زۆر هەڵەیـان بـۆ تیـرۆری جیهانـی هەیـە. ئـەو دامەزراوانـە، تیـرۆری دەوڵەتـان نابینـن. نایانەوێـت بیبینـن و ناشـتوانن لێـی حاڵـی ببـن. وەك چـۆن دژی ئەوانـەش دەوەسـتنەوە کـە دژ بـە تیـرۆری دەوڵـەت، کار بـۆ یەکسـانی و سـەربەرزی دەکـەن؛ بـەڵام ئـەو دامەزراوانـە بـە تیرۆریسـتیان دادەنێـن. لەکاتێکـدا بەشـێك لـە چالاکـی و بەرخودانـی ئـەو دەسـتە سیاسـییانە لەلایـەن چەنـد دەوڵەتێکـەوە لـەڕووی مـاددی و سیاسـییەوە پشـتگیری دەکرێـن. ئـەو دەسـتانە زۆربەیـان لـەو ڕێکخراوانـە پێکدێـن کـە کار بـۆ سەرخسـتنی بزووتنـەوە نەتەوەییەکانیـان دەکـەن. بۆیـە ناکـرێ بۆچوونـی ئـەو دامـەزراوە جیهانیانـە بەهەنـد وەرگریـن. لەکاتێکـدا ناتوانـن ڕاڤەیـەك بـۆ تیـرۆری دەوڵـەت بکـەن، کەچـی دێـن و لـە بەرژەوەندیـی دەوڵـەت، بزووتنـەوە ڕزگاریخـوازە نەتەوەییـەکان لـە خانـەی (تیرۆریسـت) هەژمـار دەکـەن.

## پەیوەندیی فەڵەستین و ئیسرائیل

کاتێـك باسـی تیـرۆری دەوڵـەت لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت دەکـرێ، ناشـێ ئیسـرائیل لەبیربکەیـن. ئیسـرائیل لـە دژی فەڵەسـتینییەکان تیـرۆری دەوڵـەت پەیـڕەو دەکات. وەلـێ ئـەو تیـرۆرەی ئیسـرائیل لـە دژی فەڵەسـتینییەکان، بـەراورد بـەو تیـرۆرەی تورکیـا و ئێـران و عێـراق لـە دژی کـورد پەیـڕەوی دەکـەن، زۆر سـادە و کـەم دەردەکەوێـت. بـە شـێوەیەك ناتوانـرێ ئـەو دووە بەراوردیـش بکرێـن. کۆمەڵکوژکردنـی پێنـج هـەزار منـداڵ و ژن و پیـر و گەنـج بەهیـچ کلۆجێـك لەبیرناکـرێ، جـا دامـەزراوە نێودەوڵەتییەکانیـش ئـەو وەحشـیەتەیان سـەرکۆنە و شـەرمەزار نەکـرد. نەتەوەیەکگرتـووەکان و ئەنجوومەنـی ئەوروپـا و ناتـۆ و پەرلەمانی ئەوروپا و کۆنگـرەی ئیسـلامی لـە هەمبـەر ئـەو تاوانـەدا زاریـان لێکنەکـردەوە. هـەر ئەوەنـدەش نـا، بەڵکـو هـاوکاری مـاددی و مەعنەویـی

سـەدام حوسـێنی دیکتاتـۆری کۆلۆنیالیسـتی ڕەگەزپەرسـتی فاشیسـتیان کـرد. یەکێتـی سـۆڤیەت و وڵاتانـی سـەرمایەداری بەشـێوەیەکی چـڕ هاوبەشـی جێبەجێکردنـی ئـەو تاوانـە بـوون. تەلەفزیـۆن و رادیـۆ و ڕۆژنامـە و ناوەندەکانـی میدیـای ڕۆژئـاوا، سـەبارەت بـەو وەحشـیگەرییە بڵاوکردنـەوەی هەواڵێکیشـیان بـە ڕەوا نەبینـی و نەبوونـە ئامرازێـك بـۆ گەیاندنـی نووچـەی ئـەو تاوانـە بـە جیهـان. بـۆ نموونـە رادیـۆ و تەلەفزیـۆن و ڕۆژنامـە تورکییـەکان ئاوابـوون. کەچـی کاتێـك شـەڕو پەڤچوون لـە نێوان ئیسـرائیل و فەلەسـتینییەکان ڕوودەدات و فەلەسـتینییەك دەکـوژرێ، دەزگاکانـی ڕاگەیانـدن بەشـێوەیەکی زۆر بەربـڵاو باسـی دەکـەن و لـە بەرنامەکانیانـدا شـەنوکەوی دەکـەن. لـە سـەرەتای مانگـی ئۆکتۆبـەری سـاڵی 1990، بیسـت و یـەك خۆپیشـاندەری عـەرەب لەلایـەن هێـزی ئاسایشـی ئیسـرائیلییەوە کـوژران. دوای بوویەرەکـە، وڵاتانـی عەرەبـی و ئیسلامی و ئەوروپـی و دامـەزراوە جیهانییـەکان کاردانـەوەی زۆر گەورەیان پیشـاندا. ناوەندەکانـی ڕاگەیاندنـی جیهـان چەندیـن ڕۆژ مژوولـی شـرۆڤە و گەیاندنـی هەواڵـی ئـەو ڕووداوە بـوون بـە هەمـوو دنیـا.
کاتێـك باسـی ئـەو وڵاتانـە دەکەیـن، نابـێ سـووریاش لەبیربکەیـن، ئەویـش یەکێکـە لـەو وڵاتانـەی زۆر بـە چـڕی پەنـا بـۆ بەکارهێنانـی تیـرۆری دەوڵـەت دەبـات. بـۆ نموونـە جێبەجێکردنـی تیـرۆری دەوڵـەت لـە سـاڵی 1982 لـە شـاری (حەمـا) و لـە دژی (ئیخـوان موسـلیمین) یەکێکـە لـە نموونـە ئاشـکرا و حاشـاهەڵنەگرەکان.

## تیرۆری دەوڵەت لە باکووری کوردستان

لـە تورکیـا، بـە شـێوەیەکی چـڕ و فـرە و بـەردەوام لـە دژی کـورد، تیـرۆری دەوڵـەت جێبەجـێ دەکرێ و گوندەکانی کوردسـتان دەسـووتێنرێن و خاپوور دەکرێـن. خانووەکانیـان بـە شـتومەکی نـاو ماڵەکانیانـەوە دەسـووتێنن، تەنانـەت بـە خواردنـی هەڵگیـراوی وەك پەنیـر و زەیتـوون و خـوێ و ڕۆن و

شەکر و خواردنی وشکەشەوە. مەڕومالآت و ئاژەڵەکانیان بە فیشەك دەکوژن و دەغڵ و دارستان و شینایی و رەز و باخ و کۆگای هەڵگرتنی خواردنەکانیان دەسووتێنن. واتە تیرۆری دەوڵەت بە زانایییەوە دژ بە کورد جێبەجێدەکرێ. هەموو ئامانجەکەش لەو کارانە تەنیا ئەوەیە ئەو گوندییانە ببنە (گوندپارێز ـ Koruçu[9])، یان ئەو گوندنشینانە دووربخەنەوە کە هاوکاریی گەریلا دەکەن، جا ئەوانەی نابنە گوندپارێز و لەسەر خاکی خۆشیان دوورناکەونەوە، ئاوایان بەسەردەهێنرێ. ئەوان کورد بە زەبری تیرۆری دەوڵەت رادەگوازن کاتێك کە ناتوانن پێش بە هەڵکشانی ژمارەی گەریلا بگرن. لەوبارەیەوە (ماو) وتەیەکی هەیە دەڵێت "گەل دەریایە و گەریلاش ماسی". بۆیە رێگری لە هەڵکشانی گەریلا کە لەگەڵ گەل پەیوەندییەکی بە تینی هەیە و لەپاڵ گەلی خۆی خەبات دەکات، کاری نەکردەیە. دەوڵەتی تورك بە سووتاندن و رووخاندنی گوندەکانی کورد و راگواستنی خەڵکەکەی بۆ ناوچە دوورەدەستەکان، دەیویست دەمارەکانی هاوکاریی گەریلا بپچڕێنێت.

دەوڵەتی تورك بە دەرکردنی چەندین فەرمان، لە هەوڵی ئەوەدابوو ئەو وەحشیگەرییەی لە کوردستان دەستی بۆ بردبوو، لە گەلی تورك و کوردی بشارێتەوە. میدیای تورکیاشی وەك بەشێك لە دەزگای هەواڵگریی وڵاتەکەی (میت) بەکاردەهێنا. ئەمڕۆش میدیای تورکی هاوکارێکی ناکەسبەچەی پۆلیسی تورکییە. ئەو هاوکارییە دەبێ وەك داری دەستی ژەندرمە و قامچیی دەستی پۆلیس راڤە بکرێت. لە رووداوەکانی پەیوەست بە کێشەی کوردستان، بە دڵنیاییەوە دۆخەکە بەوشێوەیە. تەلەڤزیۆن، رادیۆ و رۆژنامەکانی تورکیا، هەواڵێکی

---

9 - گوندپارێز لە باکووری کوردستان بەو کوردانە دەگوترێ کە دەچنە پاڵ دەوڵەتی تورکیا و دژی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی لە باکوور دەجەنگن. ئەرك و کاری ئەوان لەنێو گوندەکان بریتییە لە رێگریکردن لە بزووتنەوەی چەکداریی کورد. ئەمانە دەبنە چاو و دەستی دەوڵەت لە گوندە دوورەدەستەکان. لە باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان بەوانە دەگوترێت (جاش). (وەرگێڕ).

زۆر بچــووك و كورتیــش لەســەر ئــەو وەحشــیگەرییە بڵاوناكەنــەوە كــە دەوڵەتەكەیـان لـە كوردسـتان پەیـڕەوی دەكات. وەك چـۆن دەشـێ زانكـۆ توركییەكانیـش هـەر لـە هەمـان چوارچێـوەدا ببینیـن. لەژێـر هەڕەشـەی بەكارهێنانــی تیــرۆری دەوڵەتــدا، گەلــی كــورد لەســەر ماڵوحاڵــی خۆیـان رادەپێچـن و مەحكومـی كۆچێكـی ناچـاری و زۆرەملێیـان دەكـەن، كەچـی میدیـای تـورك، ئـەو بوویـەرە وەك كۆچێكـی خۆڕسـك و ئاسـایی پیشـاندەدات و، بەوشـێوەیە بەردەنگەكانـی خۆیـان هەڵدەخەڵەتێنـن. هـەر بەوەنـدەش ناوەسـتن و بـاس لـەوە دەكـەن كـە ئـەو ماڵباتانـەی لـە گوندەكانـەوە بـەرەو شـارەكان كۆچ دەكـەن، حكومەت هاوكارییـان دەكات و دەوڵـەت بـە میهرەبانییـەوە باوەشـی بـۆ كردوونەتـەوە. بـۆ نموونـەی ئـەم قسـەیەم دەتوانـن سـەیری ئـەم سـەرچاوەیە بكـەن [10]، لـە كاتێكـدا ئــەو خێزانانــە ئەوانــەن كــە بەهــۆی تیــرۆری دەوڵــەت و ســووتاندن و خاپووركردنـی گوندەكانیـان ناچـاری كـۆچ و راگواسـتن كـراون. راگەیاندنـی توركـی بـە وەسـتایی و لێزانانـە هەوڵـی شـاردنەوەی راسـتیی رووداوەكان دەدات. بۆیـە میدیـای توركـی بازنەیەكـی نەپچـڕاوی زنجیـری جێبەجێكردنـی سیاسـەتی رەگەزپەرسـتی و داگیركاریـی توركییـە لـە كوردسـتان.

ئـەو تیـرۆرەی دەوڵەتـی تـورك لەهەمبـەر كـورد جێبەجێـی دەكات، تاوەكـو ئاسـتی خوێنـدكارە كوردەكانـی قوتابخانـەی سـەرەتایی شـۆڕبووەتەوە. لـە كۆتاییەكانـی مانگـی ئۆكتۆبـەری سـاڵی 1990، لـە كامپـی ناوچـەی خۆسـەر لـە مێردیـن كـە ئـاوارەی كـوردی باشـووری كوردسـتانی تێدابـوو؛ لەسـەر ئـەوەی پـەروەردە بـە زمانـی دایـك بـە منداڵـەكان دەگوترایـەوە، پۆلیسـی توركیـا بـە هێـزی تـەور رایگـرت و پاشـان خێوەتـی ئـەو خوێنـدكارە كوردانەی داخسـت. هـەر ئەوەنـدە نـا، بەڵكـو دەسـتیان بەسـەر دەفتـەر، پێنـووس، لاسـتیك و راستكێشــی خوێنــدكارە منداڵەكانیشــدا گــرت. ئاخــۆ هیــچ تیرۆرێكـی دەوڵـەت هەیـە لـەوە كاریگەرتـر؟

10 - رۆژنامەی میللەت، 1990-11-6.

ئـەو کارەی پۆلیســی تــورك بەرامبــەر بـەو زارۆکــە کوردانــە کــردی، لەکاتێکــدا بــوو کــە هــەر هەمــان رۆژ، تورگــوت ئــۆزال [11] لــە بــارەگای ســەرەکیی نەتەوەیەکگرتــووەکان لــە نیویــۆرك، بەشــداری لــە کۆبوونــەوەی ئەنجوومەنــی پارێزەرانــی مافــی منــداڵان دا کردبــوو. لــە وتارەکەیــدا، جەنابیــان باســی لــەوە کردبــوو کــە زارۆکانــی گەلــی تورکــی زۆر خۆشــدەوێ و زۆر رێــز و قــەدر لــە منــداڵان دەگرێت. گوتبووشــی، تورکیا لــە جیهانــدا تاکــە وڵاتێکــە کــە جەژنێکــی تایبــەت بــە زارۆکانــی هەیــە. جــا وەك بینیتــان، دەوڵەتــی تــورك هەوڵــدەدات سیاســەتی بەکارهێنانــی تیــرۆر لــە دژی منداڵانــی کــورد لــە جیهــان بشــارێتەوە. لەلایــەك ئــەو منداڵانــە بەخــۆ و خێزانیانــەوە بەهــۆی بۆردوومانــی چەکــی کیمیایــی لــە باشــووری کوردســتانەوە بــۆ باکــووری کوردســتان ئــاوارە بوونــە و لەژێــر چــادر دەمێننــەوە؛ ئــەوان دەیانەوێــت لەژێــر چــادر درێــژە بــە خوێندنــی خۆیــان بــدەن، بــەڵام پۆلیــس دەبێتــە رێگــر و ناهێڵــێ فێربــن. لەلایەکــی دیکــەش لــە نەتەوەیەکگرتــووەکان بانگەشــە بۆخۆیــان دەکــەن و دەڵێــن "ئێمــە گرنگییەکــی زۆر بــە منــداڵان دەدەیــن و ئەوانمــان زۆر خۆشــدەوێ و رۆژێکمــان تایبــەت کــردووە بــە جەژنــی زارۆکان..." کەچــی بەبەرچــاوی منداڵــی کــوردەوە، ئەشــکەنجەی دایــك، بــاوك، داپیــر، باپیــر، خوشــك و بــرا گەورەکانیــان دەدەن. دەوڵەتــی تــورك، کەســە نزیکەکانــی منداڵانــی کــورد، بــە هــەزار و یــەك شــێوازی جیــاواز ئەشــکەنجە دەدات؛ بۆیــە هیــچ جێــی بــاوەڕ نییــە، منداڵــی کــورد جەژنــی زارۆکــی و رۆژی جیهانیــی خــۆی هاوشــانی منداڵانــی ئەمریکــی، فەڕەنســی، ئینگلیــز، ئەڵمانــی، سویســری، ئیســپانی، ئیتالــی، عەرەبــی، هینــدی، رووســی و بولــگاری ببینێــت. بەمــە

11 - تورگــوت ئــۆزال (1927 ـ 1993) سیاســەتڤانی بــە بنەچــە کــورد، لــە نێــوان ســاڵانی (1983 ـ 1989) ســەرۆکوەزیرانی تورکیــا بــوو، دواتریــش بــۆ مــاوەی چــوار ســاڵ پۆســتی ســەرۆکایەتی کۆمــاری تورکیــای لــە نێوان ســاڵانی (1989 ـ 1993) وەرگــرت. ئــۆزال جگــە لــەو دوو پۆســتە باڵایــە، چەندیــن پۆســتی وەك ســەرۆکی پارتــی (دایــك) و پۆســتی چەندیــن وەزارەتــی وەرگرتــووە. لەگــەڵ ئــەوەی ئــۆزال راســتەوخۆ دانــی بــە کوردبوونــی خۆیــدا نەنــا، بــەڵام بــە یەکــەم کــەس دادەنرێــت کــە دوای زیاتــر لــە حەفتــا ســاڵ قەدەغــەی لەســەر زمانــی کــوردی لــە تورکیــا هەڵگــرت. بەهــۆی ئــەو هەوڵانەشــی بــۆ چارەســەرکردنی پرســی کــورد، تائێســتا گومــان لــە چۆنیەتیــی مردنەکــەی دەکرێــت. (وەرگێــڕ).

دەڵێـن سیاسـەتی دووڕوویـی. سیاسـەتێکە تەنیـا بـۆ شـاردنەوەی نەتەوەپەرسـتی و داگیرکاریـی تـورك لـە کوردسـتان و بەکارهێنانـی منداڵانـی جیهانـە بـۆ ئـەو ئامانجـەی خۆیـان. جـا بـۆ شـاردنەوەی هەمـوو ئـەو دووڕووییـە لـە خەڵـك، ئـەم سیاسـەتە تەنیـا لەڕێـی دەرکردنـی فەرمانـی تایبەتـەوە جێبەجـێ دەکـەن.

ئەمـڕۆ کوردسـتان لەڕێـی فەرمـان، قەدەخـەکاری، ڕێبەنـدی و ڕاگواسـتنەوە بەڕێوەدەبردرێـت. بـەلای پارتـە سیاسـییە تورکییـەکان و حکومـەت و پەرلەمانـی تورکیـاوەش، هێنـدەی ناوەندێکـی سـەربازی قەدریـان بـۆ بەڕێوەبردنـی کوردسـتان نییـە. چونکـە لـە کوردسـتان تۆزقاڵێـك مافـی مـرۆڤ بوونـی نییـە و نابینرێـت. دامـەزراوە دادوەرییەکانی تورکیـاش، زوڵـم و ئەشـکەنجە وەك ئامرازێکـی ڕەوا دەبینـن.

خەیـری کۆجاکچـی ئۆغڵـوی پارێـزگاری ناوچەکانـی دۆخـی نائاسـایی، زوو زوو بـە نووسـین و ئاخافتـن بـۆ میدیاکان ئـەوە دەهێنێتـە زمـان کـە گوایـە کۆتایـی پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان دەرکەوتـووە و پەلەقـاژەی رووحدانـی پەکەکـە بـە ئاشـکرا دەبینرێـت. ئـەوە بـەو مانایـە دێـت کـە بـە زیادکردنـی سیاسـەتی زوڵـم و گوشارخسـتنە سـەر خەڵـك و بەردەوامیـدان بـەو سیاسـەتە، پەکەکـە بـە تـەواوی لەنێودەچێـت. خەیـری کۆجاکچـی ئۆغڵـو، ئـەوەی دەیەوێـت بیڵێـت هـەر ئەوەیـە نـەك شـتێکی دیکـە. لەکاتێکـدا پەکەکـە لـەو سـاڵانەی دواییـدا، بـە پێشـاژۆیەکـی زۆر فـراوان و گەورەتـردا تێپەڕیـوە. ئـەو پێشـاژۆیـەش ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ زیاتـر ڕووی لـە هەڵکشـانە و بـاڵای بەرزتـر دەبێـت و لـق و پۆپـی زیاتـر دەگرێـت. وەك چـۆن گەریلاکانـی کـورد پەیوەندییەکانیـان لەگـەڵ گەلـی کـورد ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ پتەوتـر و قووڵتـر دەبێـت. وەك ئـەوەی سـەرۆك مـاو دەڵـێ، گەریلاکانـی کـورد لەگـەڵ گەلـی کـورد لـە پێکهێنانـی دەریـای کوردسـتاندا وەك ماسـییان لێهاتـووە. دەوڵەتـی تورکـی نەتەوەپەرسـتیش، بـە جێبەجێکردنـی پێشـاژۆی جەنگـی تایبـەت، کۆمەڵانـی گەلـی کوردیـان لەدەسـتداوە. ڕێکخـراوی مافەکانـی مـرۆڤ لـە دیاربەکـر، لـە ٣ی ئەیلوولـی 1990،

راپۆرتێکــی لەژێــر ناونیشــانی (قەڵاچۆکردنــی دەڤــەری بۆتــان لــە مــرۆڤ) زۆر بــە وردی باســی لــەوە کــردووە کــە دوای لەدەســتدانی گەلــی کــورد، هەوڵــی لەنێوبردنــی فیزیکیــی ئــەو گەلــە دەدرێــت. بــۆ جێبەجێکردنــی ئـەو پیلانـەش، زوو زوو هەڵمەتێـک بـۆ سـەر چەنـد دەسـتەیەك دەکرێـت. ئــەو کۆمەڵکوژیانــەی دژی گەلــی کوردیــش، ئەگــەر تاوانەکــەی بخرێتــە ئەســتۆی گەریلایــش، وەلــێ لــە ماوەیەکــی کورتــدا، راســتی و دروســتیی رووداوەکــە بــۆ هەمــوو لایــەك ئاشــکرا دەبــێ و بکــەرە ســەرەکییەکان دەناســرێنەوە. بۆیــە لێدوانەکانــی جەنابــی خەیــری کۆجاکچــی ئۆغڵــوی پارێـزگاری ناوچەکانـی دۆخـی نائاسـایی، دوور نییـە لـە راسـتی و مەبەسـتی راسـتەقینەی ئەوەیـە کـە گوتمـان، بـەڵام ئـەو دەیـەوێ گـەل و دەوڵـەت و خەڵـك بەلارێـدا ببـات و هەڵیانبخەڵەتێنێـت. بـەو ئامانجـەی کـە دەوڵەتـی تــورك، تیــرۆری دەوڵــەت بەشــێوەیەکی زێدەتــر و بەهێزتــر بەکاربهێنــێ و بیخاتـە خزمـەت نیازەکانـی.

## ئەنجام

وڵاتانــی رۆژهەڵاتــی نێوەڕاســت دژی گەلــە نــەدار و پشــتگوێخراوەکانیان بەشــێوەیەکی چــڕ و بــەردەوام پەنــا دەبەنــە بــەر تیــرۆری دەوڵــەت. ئــەو تیـرۆرەی ئەمریـکا و ئیسـرائیلی ئیمپریالیسـت دەیکـەن، لەچـاو ئـەم جـۆرە تیـرۆرە زۆر کـەم و بچووکـن. هیـچ هێزێکـی ئیمپریالیسـت لـە کوردسـتان نەیدەتوانـی هێنـدەی داگیرکـەری تـورك و عـەرەب و فـارس، بەتایبەتیـش هێنــدەی داگیرکــەری تــورك ئــەو کارە بــکات. چونکــە ئــەو وڵاتانــە پێکــڕا، کوردسـتانیان خستووەتە ژێر ئایدیۆلۆژیا، سیاسەت، ئابووری و ئۆپەراسیۆنی ســەربازیی هاوبەشــی خۆیــان و سیســتەمی نێودەوڵەتیــی داگیرکارییــان لەسـەر کوردسـتان بـە وردی پاراسـتووە و هەوڵی بەردەوامبوونـی دەدەن. ئــەوەش کێشــەی چەندێتــی نییــە، بەڵکــو پرســگرێکی چۆنێتییــە. چــەپ و مارکسیســتەکانی تــورك، عــەرەب و فــارس بــە دروشــمەکانی"ئەمریکای

ئیمپریالیست و زایۆنیزم" هەوڵی شاردنەوەی داگیرکارییە نەژادییەکانی نەتەوەکانی خۆیان دەدەن و هەوڵی کۆڵۆنیالیستیانەی ئەو دەوڵەتانە بچووك دەکەنەوە.

بە دڵنیاییەوە گەلی ژێردەستە و مافخوراو مافی پاراستنی حورمەتی خۆی و یەکسانیخوازیی هەیە، بۆیە ئەو مافە شایانی وتووێژ نییە و نابێتە مژاری مامەڵەکردن پێیەوە. هیچ سیاسەتێکی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئەگەر تیرۆری دەوڵەت وەك (تیرۆر) لەبەرچاو نەگرن، جێی باوەڕ نین. جا ئەو جۆرە سیاسەت و درێژەدانە کاری نەکردەیە و سەرناگرێ و ئامانجەکانی ناپێکێت. لەکاتێکدا لە رەگی هەر کردەیەکی (تیرۆریستیدا) تیرۆری دەوڵەت هەیە. چونکە ئەو دەوڵەتانەش، بەردەوام مافە دیموکراسی و نەتەوەییەکانی گەلانی ژێردەستە دەخۆن و داگیری دەکەن.

## بەشی دووەم

# کورد و قەیرانی کەنداو [12]

عێـراق لـە رۆژی 2ی ئابی 1990 کوێتی داگیرکرد. پاسـاوی سـەددام حوسـێن ئەوەبـوو کـە کوێـت درێژکراوەیەکـی سرووشـتیی خاکـی عێراقە.

داگیرکردنـی کوێـت و چوونـە نێـو خاکەکـەی لەلایـەن سـوپای عێراقـەوە، لـە جیهانـی رۆژئـاوادا بـووە مایـەی دڵەڕاوکێیەکـی زۆر لـەڕووی ئابـووری و پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان. هەمـان دۆخ بەسـەر ئـەو کۆمەڵگـە عەرەبیانەشـدا هـات کـە پەیوەسـتی رۆژئـاوا بـوون. چونکـە ئەگـەری ئـەوە هەبـوو هێرشـەکە بـۆ سـەر سـعودیە و وڵاتانـی دیکـەی کەنـداوی عەرەبیـش درێژببێتـەوە. هێـزی سـوپا و چەکـی کیمیایـی سـەددام حوسـێن، وڵاتانـی ئەورووپـا و ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا و میـر و شـا عەرەبەکانـی ترسـاند. لـە دۆخێکـی وەهـادا، ئەمریـکا و چەندیـن وڵاتـی

12 - ئـەو نووسـینە کاتـی خـۆی بـۆ بڵاوکـراوەی ( Osterreichishes fur Friedens Forschung) ئامادەکرابـوو. دواتـر لـە ژمـارە ١٠٦ای ئوکتۆبـەری 1990ی گۆڤـاری (سـەربەخۆبوون)یش بڵاوکراوەتـەوە.

دیکە، بۆ ڕێگری لە پێشڕەوییەکانی سەدام حوسێن دەستیان بە جوڵە کرد. بۆ ئەو مەبەستە، ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان کۆبوونەوە و بڕیاری ئابڵووقەدانی سەر عێراقیان دەرکرد. بڕیارەکەش بۆئەوەی بە وردی جێبەجێ بکرێت، بەردەوام ڕێکاری تازەی بۆ دەگیرایەبەر. ئیدی میدیای تورکی و ڕۆژئاوایی دەستیاندایە هەڵمەتێکی فراوانی بانگەشە لە دژی ڕژێمی سەدام حوسێن و بەردەوام هەواڵ و شرۆڤە لە تەلەڤزیۆنەکانەوە بڵاودەکرانەوە و لە ڕۆژنامەکانەوە وتار دەنووسرا. سەدام حوسێن بە هیتلەر دەچوێنرا و وێنە لێکنزیکەکانیان پێکەوە بڵاودەکرانەوە و کاریکاتۆریان لەسەر سەرۆکی عێراق چێدەکرد. ئیدی مژاری بۆردوومانی هەڵەبجە بە چەکی قەدەخەکراو لە بەهاری 1988 هێنرایەوە بەرباسان و کردیانەوە ڕۆژەڤ. کاتێك سەدام حوسێن دوو جار لە ساڵی 1988دا بە چەکی کیمیایی کوردەکانی باشووری کوردستانی بۆردوومان کرد، میدیای ڕۆژئاوایی خۆیان لێ کەڕ و نەبان کرد؛ بەڵام دوای داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە، هاتن و ئەو مژارەیان کردەوە ڕۆژەڤ. دوایی دەستیان بە بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆکانی ئەوێ ڕۆژێ کرد و هەڵمەتێکی چڕیان لە دژی بەغدا دەستپێکرد.

لەگەڵ داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە، ئیدی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش لە چەندین سەکۆی جیاوازەوە خرایە بەرباس. لەوبارەیەوە چەندین مژار و سیناریۆی جیاواز گەنگەشەکران. دەمەوێ لەم نووسینەمدا، پەیوەندیی قەیرانی کەنداو بە پرسی کوردەوە گەنگەشە بکەم و هەندێك بیروبۆچوونی خۆم لەوبارەیەوە بخەمەڕوو. بۆیە دەمەوێ بە لێدوانێکی میخایل گۆرباچۆڤ [13]،

---

13 - میخایل گۆرباچۆڤ، ساڵی 1931 لەدایکبووە. سیاسەتڤانێکی رووسە و بە دوایین سەرۆککۆماری یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو دادەنرێت لە نێوان ساڵانی (1991-1990). بەڵام لە ساڵی 1985 وە رۆڵێکی دیار و بەرچاوی هەبووە لە ئاراستەکردنی سیاسەتی یەکێتی سۆڤیەت، بەهۆی ئەو پۆستە هەستیارە حیزبی و حکومیانەی لە وڵاتەکەی هەیبووە. ساڵی 1990 بووە براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی، ئەوەش بەهۆی هەوڵەکانی بۆ راگرتنی جەنگی سارد. (وەرگێڕ).

سـەرۆکی پێشـووی یەکێتـی سـۆڤیەت بچمـە نێـو باسـەکەوە.

## دووڕوویی لە دەربڕینی هەڵوێست لە هەمبەر کێشە نێودەوڵەتییەکان دا

میخائیـل گۆرباچـۆڤ، سـەرۆکی پارتـی کۆمۆنیسـتی یەکێتـی سـۆڤیەت و سـەرۆککۆماری یەکێتـی سـۆڤیەت، بەهـۆی داگیرکردنـی کوێـت لەلایـەن عێراقــەوە پەیامێکــی رەخنەئامێــز و سەرزەنشــتکارانەی بڵاوکــردەوە. گۆرباچــۆڤ لــە پەیامەکەیــدا، دژی ئــەو رەفتــارەی ســەدام حوســێن توورەیـی خـۆی نەشـاردبووەوە. بـە کورتیـش باسـی لـەوە کردبـوو کـە لـە سـاڵی 1972، رێککەوتنـی کاری هاوبەشـی بەرگـری لەنێـوان عێـراق و یەکێتـی سـۆڤیەت واژۆکـراوە. بەپێـی ماددەکانـی نێـو رێککەوتنەکـەش، چەکـی پێویسـت دەدەنـە عێـراق. وەلـێ سـەدام حوسـێن و بەغـدا بـەو چەکانـەی یەکێتـی سـۆڤیەت کوێتیـان داگیرکـرد و ئاشـتیی نێودەوڵەتـی و ناوچـەی کەنداویـان تێکـدا. بۆیـە جەختـی لـەوە کـردەوە کـە پێویسـتە سـەدام حوسێن سـوپاکەی لـە کوێت بکێشـێتەوە، چونکـە ئـەوان لەگـەڵ ئەوەنیـن بـە چەکـی یەکێتـی سـۆڤیەت، کوێـت داگیربکرێـت و سـنوورەکان ژێرپـێ بخرێـن.

وەك لـە پەیامەکـەدا دیـارە، گۆرباچـۆڤ لـە پشـتگیریکردنی شـێخەکانی نـەوت زۆر هەسـتیارە. واتـە گۆرباچۆڤـی سـەرۆکی گشـتیی پارتـی کۆمۆنیسـتی یەکێتـی سـۆڤیەت، زۆر بە وردی مامەڵە لەگەڵ ئـەوە دەکات تاوەکـو درێـژە بە پەیوەندیـی نزیکـی خۆیـان لەگـەڵ داڕزاوترین بەشـی نێـو کۆمەڵگـەی عەرەبـی بـدەن. لەکاتێکـدا گۆرباچـۆڤ هیـچ شـتێکی لەسـەر کیمیابارانکردنـی کـورد لەلایـەن سـەدام حوسـێنەوە نەگـوت و لەبەرامبـەر ژەهراویکـردن و کۆمەڵکوژکردنـی منداڵ و پیـر و ئافـرەت و گەنجـی کـورد بـە گازی کیمیایـی، هیـچ وشـەیەکی لـەدەم نەهاتـە دەرەوە. واتـە خۆی کەڕ و نەبـان کـرد لـەو هـاوار و ناڵانـەی لـە کوردسـتانەوە بـەر بـە تاقـی ئاسـمان

بەرزدەبوونـەوە. ڕەنگـە نـەك هـەر ئەوەنـدە، بەڵكـو چـرای سەوزیشـیان بـۆ ئـەو كۆمەڵكوژییـە هەڵكردبـێ. چونكـە ئەوروپـا و ئەمریـكا گـەر بـە دەنگێكـی نـزم و منجەمنجێكیـش بووبـێ، سـەدام حوسـێنیان لەوبـارەوە شـەرمەزار كـرد. وەلـێ گۆرباچـۆڤ بـە هیـچ جۆرێك لەوبارەیـەوە ڕەخنـەی لـە سـەدام حوسـێن نەگـرت.

ئەو یەكێتی سـۆڤیەتەی خـۆی پـێ سۆسیالیسـت بـوو، لـە زۆر هەڵوێسـتی سیاسـیدا وەكـو دەوڵەتـە ئیمپریالیسـتەكان دەردەكـەوت. بەرامبـەر كوردیـش، بۆچـوون و هەڵوێسـتی وەك ئەوەیـە كـە لـە سـەرەوە ئاماژەمـان بـۆ كـرد. بۆیـە بـەردەوام لەبـەری ئـەو لایەنانـە بـووە كـە كـورد دەچەوسـێننەوە و سیاسـەتی داگیركـردن و نەژادپەرسـتی دژی كـورد جێبەجـێ دەكـەن. هەمـوو لایـەك دەزانـن، ڕاسـتییەك هەیـە كـە بـە سـەتان كەسـی تەكنیـككاری سـۆڤیەتی كاریـان بـۆ سـوپای عێـراق كـردووە. هـەر ئـەو كەسـە شـارەزایانەش عەرەبیـان فێركـردووە چەكـی كیمیایـی چـۆن دەتوانـرێ وا بەكاربهێنـرێ كـە زۆرتریـن كـەس بكوژێـت. لـە پرسـی دابینكردنـی مـاددە سـەرەتاییەكانی چەكـی كیمیایـی و بەرهەمهێنـان و بەكارهێنانیـدا، كۆمپانیاكانـی وڵاتانـی ڕۆژئـاوا ڕۆڵێكـی بەرچاویـان هەبـوو. كەچـی ئـەوان لـە بەكارهێنانـی ئـەو چەكـەدا بـۆ كۆمەڵكوژكردنـی كـورد، هـەر بەسـەری زمـان سـەدام حوسـێنیان شـەرمەزار كـرد. یـان ئـەوە ڕاسـتترە بڵێیـن بەهـۆی گوشـاری دەنگـی دیموكراسـیخوازانی نێـو كۆمەڵگەكانی خۆیـان، ناچاربوون سـەدام حوسـێن سـەركۆنە بكـەن.

ڕێكخـراوی نەتەوەیەكگرتـووەكان كـە بەرامبـەر داگیركردنـی كوێـت زۆر بـە توونـدی دژی بەغـدا وەسـتایەوە، لەهەمبـەر كیمیابارانكردنـی كـورد بـە چەكـی كیمیایـی، زۆر خەمسـاردانە هەڵسـوكەوتی كـرد و ئـەوەش تائێسـتا لـە هۆشـی هەمووماندا مـاوە. واتـە دەتوانیـن بڵێیـن كاتێك گەنج و پیـر و ژن و پیـاو و منداڵـی كـورد بـە چەكـی كیمیایـی كۆمەڵكـوژ دەكـران، نەتەوەیەكگرتـووەكان هەسـت و خوسـتی لـە خـۆی بڕیبـوو؛ بەشـێوەیەك

خـۆی کوێـر و کـەڕ کردبـوو لـە هەمبـەر ئـەو کۆمەڵکوژیـەی کوردسـتانی سـەرەوژێر کـرد. لەکاتێکـدا ئـەو رووداوە دوای راوەسـتانی جەنگـی عێـراق-ئێـران بـوو، یـان بـا بڵێیـن دوای راگەیاندنـی ئاگربەسـت بـوو لەنێـوان ئـەو دوو وڵاتـە. رێـك لەوکاتـەی نوێنەرانـی نەتەوەیەکگرتـووەکان لەسـەر خاڵەکانـی سـنووری نێـوان عێـراق و ئێـران بـوون.

وڵاتانـی سـەرمایەدار و سۆسیالیسـت پێکـەوە سـەدام حوسـێنیان هێنایـە مەیدانەکـە. زۆر بـە چاکیـش هاوکارییـان کـرد و پڕچەکیـان کـرد. وەك چـۆن رێنیشـاندەر و هاریـکاری جێبەجێکردنـی سیاسـەتە شـۆڤێنی و فاشیسـتی و داگیرکارییەکانـی بـوون. دواتریـش چاوپۆشـییان لـە کۆمەڵکوژیـی کـوردان و کوشـتنی زیاتـر لـە یـەك ملیـۆن مـرۆڤ کـرد لـە جەنگـی نێـوان عێـراق و ئێرانـدا، بۆچـی ؟ چونکـە ئـەوکات وای پێویسـت دەکـرد، بـەڵام لەگـەڵ داگیرکردنـی کوێـت هەسـتیان بـە فراوانبوونـی مەترسـییەکە کـرد، چونکـە تـرس گەیشـتبووە بـەر دەرگای ئەوانیـش، بۆیـە راسـتەپێ دەسـتیان بـە جێبەجێکردنـی رێـکاری هاوبەشـی پێویسـت کـرد. هەمـوو کەسـێکیش ئـەوەی بـە ئاشـکرا دەبینـی... بۆیـە تائێسـتاش بنەمـای سـەرەکی پرەنسـیپی سیاسـەتی جیهانـی خـۆی لـە ئیـرادەی هێـزدا دەبینێتـەوە، بـەو بیرکردنەوەشـی پێماندەڵـێ "هێـزدار خـاوەن مافـە". نـەك لەسـەر بنەمـای دادپـەروەری و پاراسـتنی مافـی مـرۆڤ. چونکـە ئـەم دوو چەمکـە بنەمـا و پرەنسـیپی پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان و سیاسـەتی جیهانـی نیـن. جیاوازیـی نێـوان هەڵوێسـتی وڵاتـان لـە هەمبـەر کۆمەڵکوژیـی دژی کورد و داگیرکردنـی کوێـت لەلایـەن هەمـان وڵات و دەسـەڵاتەوە، نموونەیەکـی سـادە و سـاکاری ئـەو راسـتییەن. کـورد زیاتـر لە 70 سـاڵە بۆ دەستخسـتنی رەواتریـن مافـی خۆیـان لـە جەنـگ و رووبەڕووبوونـەوەدان و لـەو رێگەیـەدا هـەزاران شـەهیدیان داوە، کەچـی هیـچ کەسـێك دەنگیـان نابیسـتێت. بـۆ سـتاندنەوەی مافـە نەتەوەیـی و دیموکراسـییەکانیان رووبـەڕووی هـەزار و یـەك دەرد و چەرمەسـەری بوونەتـەوە. هەرچـی تایبەتـە بـە سـەدام حوسـێن، سـەرباری ئـەو هەمـوو ناحەقـی و تـاوان و زوڵمانـەی کردوونـی،

هێشـتا دەیتوانـی خـۆی بخاتـە پاڵ وڵات و دامـەزراوە جیهانییـەکان. چونکە بکوژتریـن چەکـی جیهانـی لەدەسـتە. ئەویـش هـەر لەخۆیـەوە نەبـووە بـە خاوەنـی ئـەم چەکانـە، بەڵکـو وڵاتانـی سـەرمایەداری و سۆسیالیسـتی هـاوکار و رێنیشـاندەری بـوون.

## خاڵی جەوهەری لە کێشەی کورددا

لێـرەدا پێموایـە دەبـێ سـەبارەت نێوەڕۆکـی کێشـەی کـورد چەنـد شـتێك بڵێیـن و بیخەینـە بەربـاس. خاڵـی جەوهـەری لـە کێشـەی کـورددا بریتییـە لـە دابەشـکردنی کوردسـتان. ئـەم رووداوە بـە یەکێـك لـە بوویـەرە گرنگەکانـی سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم دادەنرێـت. لـە سـەروبەند و لـە کۆتایـی یەکەمیـن جەنگـی جیهانیـدا؛ شۆڕشـی ئۆکتۆبـەری 1917 و چەنـد رووداوێکـی وەك جەنگـی نێـوان تـورك، یۆنـان، تـورك، ئەرمـەن و بزاڤـە رزگاریخوازەکانـی عـەرەب و ململانێیەکانـی نێـوان خانەدانـی عوسـمانی و قـوەی میللییـە (هێزی نیشـتیمانی) [14]و کێشـەی خەلافەت و ئاڵۆزییەکانـی نێـوان ئەنـوەر پاشـا [15] و مسـتەفا کەمـال، بانـدۆری زۆریـان لەسـەر پێشـهاتەکە هەبـوو. بۆیـە بـە ئاسـانی دەتوانـرێ هەسـت بـەوە بکرێـت کـە ئـەو واقیعـەی لـەو دەمـەدا هەبـوو، وەکـو چەنـد رووداوێکـی جیـاوازی پێکەوەگرێـدراو کاریگەرییـان لەسـەر یەکـدی هەبـووە و کاریـان لەیەکتـر کـردووە. بۆیـە ئەگـەر بـە روانینێکـی تەسـك سـەیری نەکەیـن، دەبینیـن کێشـەی کـورد تەنیـا کێشـەی مافـی مـرۆڤ نییـە. وەك چـۆن ئاریشـەی کەمینەیەکیـش نییـە، بەڵکـو کێشـەیەکی نەتەوەییـە.

---

14 - ئـەو هێـزە بـوون کـە بـە فەرماندەیـی مسـتەفا کەمـال لـە نێـوان سـاڵانی (1921-1918) رووبـەڕووی هێـزە دەرەکییەکانـی نـاو تورکیـا بوونـەوە. (وەرگێـڕ).

15 - ئیسـماعیل ئەنـوەر پاشـا (1922-1881) یەکێـك لـە کەسـایەتییە بەرچاوەکانـی سـوپا و سیاسـەتی دوا سـاڵەکانی عوسـمانییەکان بـوو. یەکێـك بـوو لـە سـێ کەسـە گرنگەکـەی نـاو ئیتیحـاد و تەرەقـی. ساڵی 1913 بـە کودەتایەکـی سـەربازی ئیتحادچییەکانـی هێنایـە سـەر دەسـەڵات. سـاڵێك دواتـر لـە ئەڵمانیـا دوای رێککەوتنێکـی سـەربازی، سەرپەرشـتی بەشـداریکردنی عوسـمانییەکانی کـرد لـە یەکەمیـن جەنگـی جیهانـی (وەرگێـڕ).

لەکاتێکـدا ئاریشـەی هەرەسـەرەکی لـە پرسـی کـورددا بریتییـە لـە دابەشـکردن و پارچەپارچەکردنـی نەتـەوەی کـورد و گەلـی کوردسـتان لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت لەلایـەن وڵاتانـی ئیمپریالیسـتی جیهانـی و حکومەتـە هاوبەشـەکانیان و هێـزە هاوکارەکانیـان لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت.

سیاسـەتی (پەرتکـە و زاڵ بـە) بەدڵنیاییـەوە هـزر و ڕامانـی وڵاتانـی ئیمپریالیسـتە لـە پرسـی ڕامیاریـدا. ئـەوەی پـارە پـارە و پارچەپارچـە دەکرێت، بـە دڵنیاییـەوە کوردسـتان و نەتـەوەی کـوردە. وڵاتانـی وەك بەریتانیـا و فەرەنسـا کاتێـك مژوولـی جێبەجێکردنـی سیاسـەتی دابەشـکردنی کوردسـتان بـوون، لـە پاڵ حکومەتـە خۆجێیەکانی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت، بـە زەبـری هێـز دژی ئـەو دەسـتە و نەتـەوە دژانەیـان دەوەسـتانەوە کـە مەترسـییان دەخسـتە سـەر حکومەتـە هاوکارەکانیـان لـە ناوچەکـە. بـۆ نموونـە کەمالیسـتەکان لەگـەڵ ئینگلیـز و فەڕەنسـییە ئیمپریالیسـتەکان بـە هێـز و مـاددە کاریـان بـۆ دابەشـکردنی کوردسـتان کـرد؛ دەشـێ ئـەوەش وەك نموونـەی سەردەسـتەی دابەشـکارییەکە بهێنینـەوە. چونکـە پەیوەندییەکـی سرووشـتی و ئامانجـدار بـووە. جـا کەمالیسـت و ئیمپریالیـزم، بـەردەوام لـە مـژاری کار و هێـزی هاوبەشـدا باندۆریـان بەسـەر یەکـەوە هەبـووە. وەك چـۆن پاشـایەتیی عـەرەب و فـارس لـە پێڤاژۆکـەدا، ڕۆڵێکـی گرنگیـان لـە ئاراسـتەکردنی پێشـهاتەکاندا بینیـوە. ئەگـەر سـەرنج بدەیـن، گرنگتریـن پێکدادانـی نێـوان کەمالیسـتەکان و ئینگلیـز لەسـەر کوردسـتان ڕوویـداوە. پێکدادانەکـە لەسـەر ئـەوە بـووە کـە ئاخـۆ کامەیـان دەتوانـێ زۆرتریـن بـەش بۆخـۆی بپچڕێت. ئیـدی وردە وردە جەنگـی نێـوان ئـەو دوو لایەنـە بـەرەو لێکتێگەیشـتن چـوو. ئـەو لێکگەیشـتنەش بووەتـە هـۆی دابەشـکردنی کوردسـتان.

بەدڵنیاییـەوە دابەشـکردنی کوردسـتان بـۆ دوو پارچـە لەنێـوان عوسـمانییەکان و ئێرانییـەکان بـۆ سـەدەی حەڤـدە دەگەڕێتـەوە. ئیـدی لەوکاتـەوە، پارچـە پارچەتربـوون و لێـک جیاکردنـەوەی زیاتـری کوردسـتان،

سـەدە دوای سـەدە بەشـێوەیەکی قووڵتـر و فراوانتـر دەبینیـن. لەنیـوەی یەکەمــی ســەدەی نــۆزدەدا، ئــەو پارچەیــەی کوردســتان کــە لەنێــو ئیمپراتۆریەتــی فارســی بــوو، لــە ئەنجامــی جەنگــی نێــوان فارســەکان و رووس، بەسـەر دوو پارچـەدا دابـەش بـوو. دابەشـبوونی ئەرمەنسـتانیش لەوکاتــدا راســتییەکی حاشــاهەڵنەگرە. وەلــێ دابەشــبوونی ســەرەکیی کوردسـتان لـە سـاڵی 1920 جێبەجێکـرا کـە ئەو دۆخـەی ئەمـڕۆی خولقاند. ئـەوەی روویـدا دەرئەنجامـی جەنگێکـی دواکەوتـووی ئیمپریالیسـتی بـوو لە رۆژهەڵاتــی نێوەڕاســت.

کــورد زیاتـر لـە 70 سـاڵە لـە دژی جێبەجێکردنـی ئـەم سیاسـەتە شـۆڕش دەکات و بـەردەوام لـە خەباتـی چەکداریـدا بوونـە. لەڕێی ئـەو بەرخودانەش، تاوەکــو ئەمــڕۆ لــە مەیدانەکانــی جەنگــدا بــە ســەدان هــەزار شــەهیدیان داوە. دەبــێ ســڵ لــە گوتنــی ئــەو ژمارەیــەش نەکەیــن، چونکــە چەندیــن جــار و لــە چەندیــن دەڤــەری جیــاواز کۆمەڵکــوژ کــراون. گوندەکانیــان ســووتاون و خاپوورکـراون، منداڵەکانیـان بـەر نێـزە دراون و بەشـێکی زۆری خەڵکەکەیــان بــە زۆر راگوێــزراون. بەتایبەتــی دەســەڵاتدارانی تــورك بــۆ خەفەکردنـی ناسـنامەی کـورد هەمـوو رێگەیەکیـان گرتووەتەبـەر.

دەتوانیــن نموونەیــەك بهێنینــەوە: ئەگــەر ئەمــڕۆ لــە ئەرجەنتیــن، یــان لــە دوورگەکانــی فاڵــك، هەوڵــی کردنــەوەی قوتابخانەیــەك بدرێــت بــۆ پــەروەردە بــە زمانــی کــوردی؛ ئەگــەر لــە نیوەدوورگــەی باکــووری نەرویــج خوێندنگەیـەك بکرێتەوە، لەوسـەری دنیـاوە تورکیا تانە لە بڕیارەکـە دەدات. چونکـە میکانیزمـی بیرکردنـەوەی بەوشـێوەیە کـە وا تێـدەگات هەوڵێکــی لـەو چەشـنە مەترسـییە لەسـەر یەکگرتوویـی خـاك و نیشـتیمانی تورکیـا. بۆیــە هــەر ســەردانێکی ســەرکردەیەکی کــوردی باشــوور یــان رۆژهەڵاتــی کوردســتان بــۆ ئەوروپــا و ئەمریــکا، دەســەڵاتداران و وەزارەتــی دەرەوەی تورکیـا و میدیـای تورکــی وەك بەشـێکی دانەبـڕاو لـە دەزگای هەواڵگــری (میـت) بەخۆیـەوە مـژوول دەکات. چونکـە ئـەوان پێیانوایـە هـەر جوڵانـەوە و پێشــهاتێکی ئەرێنــی بــۆ کــورد، لــە هــەر پارچەیەکــی کوردســتان بێــت،

کاریگـەری لەسـەر کـوردی پارچەکانـی دیکـەش دادەنێـت. واتـە لـە هەرشـوێنێکی ئـەم جیهانـە بێـت، بەرەوپێشـچوونی دەسـتە و تاقـم و پـارت و لایەنـی کـوردی، کاریگـەری لەسـەر تـەواوی کـورد دادەنێـت. بۆیـە هـەر سـەردانێکی سـەرکردەکانی کـورد بـۆ هـەر شـوێنێکی جیهـان، ئـەوان ناڕەحـەت دەکات. لـەو رووەوە میدیـا و دەسـەڵاتدارانی تـورک زۆر بـەوەوە مژوولـن ئاخـۆ جـەلال تاڵەبانـی کـە یەکێکـە لـە سـەرکردەکانی باشـووری کوردسـتان، بۆچـی و چـۆن چـووە بـۆ ئەمریـکا؟ لـەوێ کـێ پێشـوازی لێـدەکات؟ خـۆی چـووە یـان داوەتکـراوە؟ لـە سـەردانەکە چییـان گوتـووە و بەڵێنـی چـی وەرگرتـووە؟ لەکاتێکـدا ئەگـەر سـەرنج بدەیـن، سـەردانی مەسـعوود رەجـەوی، سـەرکردەی دژبـەری ئێـران بـۆ ئەمریـکا و فەڕەنسـا، دەسـەڵاتداران و میدیـای تورکـی بەخۆیـەوە سـەرقاڵ نـاکات.

تـورک هیـچ کات تورکەکانـی نێوەڕاسـتی ئاسـیا و بوولگاریـا و هەرجێیەکـی دیکـەی جیهانیـان لەبیرنەکـردووە. کەچـی لـە هـەوڵ و تەقـەلای ئەوەدانـە کـوردی دابەشـکراوی سـەر چەنـد وڵاتێکـی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت، بێئـاگا و بێخەبەربـن لەیەکـدی و هەواڵـی چالاکیـی کولتـووری و کۆمەڵایەتیـی یەکـدی نەبیسـتن. بـۆ ئەمـەش پەنـا دەبەنـە بـەر هەمـوو رێکارێـك، سـنوورەکانیان تەلبەنـد دەکـەن و کارەبـای لێـدەدەن. سـنوورەکانیان مینڕێـژ کـردووە و سـەدان قولـەی چاودێرییـان لەسـەر سـنوورەکان داناوە. بـە تەلبەنـدی کارەبایـی و خاکـی مینڕێژکـراو، بـە فڕۆکـەی سـیخوڕی و هێزی سـەربازی لەسـەر سـنوورەکان هەوڵـی لێـك جیاکردنـەوەی کـورد دەدەن.

## ئیمپریالیست لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست خۆی چۆن بەرهەمدێنێ؟

لـە بەرایـی هەرشـتێکدا، پێویسـتە بـەدوای کاریگەریـی ئیمپریالیـزم لەسـەر رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت و پارچەپارچەکـردن و دابەشـکردنی کوردسـتاندا بگەڕێیـن. وەك چـۆن ئیمپریالیـزم بانـدۆری لەسـەر دابەشـکردنی جیهانـی

عەرەبــی و کێشــەی فەلەســتینیش هەبــووە، بــەڵام عــەرەب یــەك لــە دوای یــەك لــە ژێــر دەســەڵات و داگیرکاریــی وڵاتــان دەرچــوون و هەنــگاو هەنــگاو ســەربەخۆیی خۆیــان وەرگرتــەوە. بۆیــە ناشــێ بڵێیــن ئــەوە تەنیــا ســەربەخۆییەکی سیاســییە و بــەوە پێڤاژۆکــە بچــووك بکەینــەوە. خاوەندارێتــی دەوڵــەت لای هــەر نەتەوەیــەك ڕووداوێکــی زۆر گرنگــە. وەك چــۆن بێدەوڵەتکردنــی کــورد بوویەرێکــی بــە حیســاب و کیتــاب بــوو. نــەك هــەر ئەوەنــدە، بەڵکــو بەمەبەســتی ســڕینەوە و نەهێشــتنیان لەســەر گــۆی زەوی، دابــەش و پارچەپارچــە کــراون. چونکــە وڵاتانــی ئیمپریالیســت و داگیرکــەر، ئامانجیــان نەهێشــتن و ڕەشــکردنەوەی ناوی کــورد و کوردســتان بــووە لەســەر زاران. لەتکــردن و دابەشــکردن وای لــە کــورد کــردووە ژمارەی دۆســتەکانی کەمبنــەوە و بــە پێچەوانــەی ئــەوەش، ژمــارەی دووژمنەکانــی زێدەبــن. جــا دووژمنەکانــی کــردە دڕنــدە و هێرشــکار و دۆستەکانیشــی پەڕپــووت و بێدەســەڵاتن. لەکاتێکــدا ئەگــەر ســەیری فەڵەســتینییەکان بکەیــن، دەبینیــن تەنیــا دووژمنێکیــان هەیــە، وەلــێ 22 دەوڵەتــی عەرەبــی نەیاری ئیســرائیلن. نزیکەی 42 وڵاتی ئیســلامی هەر لەبەر فەلەســتینییەکان دۆســتی ئیســرائیل نیــن. ســەرکردایەتی و دەســەڵاتدارانی وڵاتانــی عەرەبــی و ئیســلامی، هەرچیــەك بــێ و هەرچــۆن بــێ، بــە شــێوازێك لــە شــێوازەکان هاوکاریــی بزووتنــەوەی ڕزگاریخوازیــی فەڵەســتینی دەکــەن. ئەمــەش لــە ناخــی خۆیانــدا ڕەنگــە کارێکــی ناچــاری بێــت بــۆ دڵنیاکردنــەوەی گەلــی خۆیــان و کۆمەڵگــەی عەرەبــی. بۆیــە ئەوەنــدەی بتوانــن لــەڕووی دارایــی و سیاســییەوە هاوکاریــی فەلەســتینییەکان دەکــەن، لەکاتێکدا دابەشــکردنی کوردســتان، کــوردی بــێ دۆســت و تەنیــا هێشــتەوە. ئــەو دۆســتانەی کوردیــش کــە هــەن، گەلێــك دوورن، لــە هاوکارییــە مرۆییەکانیشــیاندا بــۆ کــورد، زۆر بــە شــاراوەیی کارەکــە دەکــەن.

لێــرە زۆر گرنگــە بــاس لــەو پەیوەندییــە بکەیــن و لەســەری بوەســتین: هیــچ یەکێــك لــە وڵات و هێــزە ئیمپریالیســتەکان هێنــدەی داگیــرکاری و دەســەڵاتی تــورك و حکومەتــی ســەدام حوســێن نەیاندەتوانــی لــە

کوردستان وێرانکاری بکەن. جا چ ئیمپریالیزمی ئینگلیز بێت لەساڵی 1920، یاخود ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە سەردەمی ئەمڕۆماندا. ئەڵبەتە ئەمە بەو مانایە نییە کە ئیمپریالیزم بێ مەترسییە، یان واتێبگەن ئەم دێڕانە جۆرێکن لە پشتگیری لە ئیمپریالیزم. بەڵکو تەنیا مەبەستمە ئەوە بڵێم، هەندێك وڵات هەن، خۆیان بە ئیمپریالیزمەوە گرێداوە، یان لەو وڵاتانەن کە پەیوەندیی تووندوتۆڵیان لەگەڵ وڵاتە سۆسیالیستەکان هەیە، ئەوانە بۆ کورد زۆر مەترسیدارترن. بۆ نموونە کەمالیستەکان کاتێك زۆرترین زوڵم و کۆمەڵکوژییان لە کوردستان کرد لە سەردەمی مستەفا کەمال ئەتاتورك، کەچی دەیگوت دەوڵەتی تورکیا رەنگە هەر هێندەی تاڵەموویەک بە ئیمپریالیزمەوە پەیوەست بێت.

وڵاتانی وەك تورکیا و عێراق هێرشیان کردووەتە سەر بەهادارترین شتی مرۆڤی کورد و کەسایەتییەکەی. بۆ نموونە تاکی کوردیان بە کەم و هیچ زانیوە، کەسایەتی تاکی کوردیان لەتلەت کردووە. بۆ ئەم کارانەش رێکاری زۆر مەترسیدار و جیاوازیان بەکارهێناوە. بۆ نموونە هیچ وڵاتێکی کۆڵۆنیالیست لەسەر ئەو وڵاتانەی داگیریان کردبوو، چەکی کۆمەڵکوژی کیمیاییان دژی دووژمنەکانیان یان نەیارەکانیان بەکارنەهێناوە. بۆ نموونە لە جەنگی نێوان ئەمریکا و ڤێتنامدا لەنێوان ساڵانی 1970-1960، ئەمریکا چەکی کیمیایی لە دژی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی ڤێتنام بەکارنەهێنا. چونکە لەبەر کۆمەڵگەی خۆیان و کۆمەڵگەی جیهانی کارێکی وەها بۆ ئەوان ئاسان نەبوو. وەلێ لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئەو وڵاتانەی کوردستانیان داگیرکردووە، لەبەرئەوەی خاوەنی پاشخانێکی دیموکراسی نین و تۆتالیتەرن، نە سڵ لە دەنگی کۆمەڵگەکانی خۆیان دەکەنەوە، نە گوێ لە تکای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەگرن. لە وڵاتی وەهادا، رای گشتیی ناو کۆمەڵگە یان نییە، یان هەشبێ زۆر لاواز و دەستەپاچەن. بۆیە ئەو وڵاتانە بە ئاسانی کاری هاوبەش پێکەوە دەکەن و سیاسەتی داگیرکاری لەسەر خاکی کوردستان جێبەجێ دەکەن. لەبەر ئەم هۆیانە، تەکتیکی

(پەرتکــە و زاڵ بــە)ی داگیرکــەری کــۆن، لەلایــەن ئەمانــەوە لەســەر کوردســتان شــتێکی دیکەشــیان بــۆ زیادکــردووە و ئــاوا جێبەجێــی دەکــەن (پەرتکــە ـ زاڵ بــە و لەنێــوی ببــە). ئــەوەی لەنێویــش دەبردرێــت، ناســنامەی کــورد و کوردســـتانە، وەك چــۆن هەوڵــی لەنێوبــردن و پووکاندنــەوەی توانــای بەرگــری و ئەخلاقــی گەلێــك دەدەن.

دەبــێ بــەردەوام ئــەم پەیوەندیانــەی ســەرەوەمان لەبەرچــاوان بــێ و بەهیــچ شــێوەیەك لەبیــری نەکەیــن. ئەگــەر کوردســتان وەك وڵاتێکــی کۆڵۆنیــی ژێــر دەســەڵاتی ئینگلیــز مابووایــە، ئێســتا دەمێــك بــوو وەك وڵاتێکــی ســەربەخۆ نــاوی هاتبــووە نێــو ریــزی وڵاتانــی جیهــان. وەلــێ کوردســتان لەلایــەن چەنــد وڵاتێکــی داگیرکــەری رۆژهەڵاتــی نێوەڕاســتەوە دابەشــکراوە کــە هاوبــەش و هــاوکاری یەکدیــن و سیاســەتیان بریتییــە لــە بەهیــچ نەزانینــی تاکــی کــورد و لەنێوبردنــی هێــزی بەرگــری و شــکاندن و لەنێوبردنــی کەســایەتیی مرۆڤــی کــورد.

ئەگــەر بمانەوێــت تێبگەیــن لــەوەی ســەدام حوســێن چــۆن کوردســتانی بەڕێــوە بــردووە، پێویســتە لــەو رووداوانــە حاڵــی بیــن کــە لەگــەڵ داگیرکردنــی کوێــت روویانــدا. لــە دەســتپێکی داگیرکارییەکــەدا، ئەمریــکا و وڵاتانــی هاوپەیمانــی بیریــان لــە رووبەڕووبوونــەوەی ســەربازی کــردەوە لــە دژی بەغــدا، بۆیــە ســەدام حوســێنیش ژمــارە و نــاوی ســەرجەم ئــەو بارمتــە رۆژئاواییانــەی ئاشــکرا کــرد کــە لــە عێــراق و کوێت دەســتگیری کردبــوون. بۆ رێگرتــن لــە هێرشــی ئاســمانیی ئەمریــکا و وڵاتانی رۆژئــاواش، ئــەو بارمتانەی لــەو شــوێنانە دانــا کــە پێشــبینی دەکــرا بکەونــە بــەر هێــرش. لەکاتێکــدا رەفتــاری لــەم جــۆرە لــە سیاســەتی نێودەوڵەتــی و پەیماننامەکانــی نەتەوەیەکگرتووەکانــدا نییــە، بــەڵام ئــەم جــۆرە سیاســەتە لــە رۆژهەڵاتــی نێوەڕاســتدا نامــۆ نییــە. ئێرانیــش لــە ســاڵی 1979 هەمــان کاری بەرامبــەر دیپلۆماتــکارە ئەمریکییــە بارمتــەکان کــرد. دیــارە ئــەوەی ســەدام حوســێن زۆر گەورەتــر و فراوانتــر بــوو، هەرچــی دیپلۆماتــکار و کرێــکار و بێگانــەی نێــو وڵاتەکــە هەیــە، هەمــووی دەســتگیرکردن و رۆژئــاوای بــە ئــەوان

و منداڵەکانیــان دەترســاند. بۆیــە بەدڵنیاییــەوە دەبــێ لێــرەدا هەندێــك ئەنجــام دەرکەوێــت. دەســەڵاتدارێك، یــان حکومەتێــك دژی رێســا نێودەوڵەتییــەکان و رێــکارە جیهانییەکانــی سیاســەت و پەیوەندیــی نێودەوڵەتــی ئــاوا بجووڵێتــەوە، ئاخــۆ ئــەو دەســەڵاتە دژی کوردەکانــی نــاو وڵاتەکــەی خــۆی چــی دەکات؟ جــا ئــەو سیاســەتی دژایەتییــەی کــورد ئەگــەر لەلایــەن وڵاتانــی دراوســێیەوە بــە ئەرێنــی لێــی بڕوانرێــت و ببنــە هــاوکاری، ئەوەیــان چــی؟...

ئــەو کارانــەش لــە دژی کــورد بــەردەوام لــە کۆمەڵگــەی جیهانــی دەشــاردرێنەوە. بۆیــە ئــەو زوڵــم و ئەشــکەنجە و ناحەقییــەی بەرامبــەر بــە کــورد دەکرێــت، بــۆ مــاوەی درێــژ بــە پەنهانــی دەمێنێتــەوە. زۆر کاتیــش جیهــان بــەو تاوانانــە هــەر نازانــن، یاخــود وڵاتــی داگیرکــەر بەوجــۆرەی کــە خــۆی دەیەوێــت هەواڵەکــە دەگەیێنێتــە جیهــان.

## بکوژێك کۆمەڵکوژی لە دژی کورد کردبێ، دەتوانێ ببێتە (دژە - ئیمپریالیست)؟

لــە تورکیــا و جیهانــی عەرەبیــدا، هەندێــك رێکخــراو و لایــەن کــە چالاکیــی سیاســییان دەکــرد، ســەدام حوســێنیان وەکــو (دژە - ئیمپریالیســت) دەبینــی. پێدەچێــت ئەمانــە نەژادپەرســتی و داگیرکاریــی دەســەڵاتی بەغــدا و ســەدام حوســێنیان بەســەر کوردســتانەوە لەبیرکردبێــت. بــە هەمــوو پێوەرێــك دەبــێ ئەوانــە کۆمەڵکوژیــی هەڵەبجــە و ناوچەکانــی دیکــەی کوردســتان و کوژرانــی هــەزاران کوردیــان بــە چەکــی کیمیایــی لەیــاد کردبێــت. ئاخــر هــەر لــە ســاڵی 1988، لــە ناوچــەی ئامێــدی لــە بادینــان، کورد کۆمەڵکوژکــراون و ســەدان هــەزار مــرۆڤ ناچارکــراون مــاڵ و موڵکــی خۆیــان جێبهێڵــن و ببنــە ئــاوارەی ئــەو دەوڵەتانــەی ســنوورەکانی خۆیــان بــەڕووی کــورددا بــە تەلبەنــدی کارەبایــی داخســتبوو. دوای وەرگرتنیشــیان، مامەڵــەی دیلیــان لەگــەڵ کــراوە نــەك پەناخــواز. بــۆ نموونــە ئــەو

ئاوارانـەی لـە کامپەکانـی تورکیـا ئاخنرابـوون، هیـچ پێویسـتییەکی ژیانـی سـەرەتاییان بـۆ دابیـن نەدەکـرا. لـە برسـان و لـە سـەرمان لەگـەڵ مـەرگ لەشـەڕدابوونە. لەکاتێکـدا ئـەو منداڵـە کوردانـە دۆخیـان ئاوابـوو، کەچـی میدیـای تورکـی زۆر بەتینـەوە هەسـتی خـۆی بەرامبـەر (شـیری منداڵانـی عـەرەب) دەردەبـڕی و کاری ڕۆژنامەڤانییـان لەسـەر دەکـرد، بـەڵام ئـەوەی بەبیـری حکومەتـی خـۆی نەدەهێنـاوە لایـەك لـەو منداڵـە کوردانـەش بکاتـەوە. جـا حکومـەت ئەوەشـی لـە کـوردی باکـوور، لـە دۆسـتان و ناسـیاوانی ئـەو کوردانـەی باشـوور قەدەخـە کردبـوو کـە هاوکارییـان بکـەن و بەهانایانـەوە بچـن. ئـەوە لەکاتێکـدا دەوڵەتـی تـورك خۆیشـی بەهیـچ شـێوەیەك هـاوکاری مرۆیـی ئەوانـی نەدەکـرد. تەنانـەت هاوکاریـی دامـەزراوە نێودەوڵەتییەکانـی مافـی مـرۆڤ و دەزگا خێرخوازییـە جیهانییەکانیشـی بـۆ ئـەو کوردانـە پەسـەند نەدەکـرد. چونکـە ئـەوان ئامـادەی ناردنـی خـواردن و جلوبـەرگ بـوون بـۆ ئـەو ئاوارانـە، بـەڵام حکومـەت دەبـووە ڕێگـر لەبـەردەم گەیاندنـی ئـەو هاوکاریانـە بـۆ ئـاوارەی نێـو کەمپـەکان و ئـەو کارتۆنـە هاریکارییانـەش کـە هاتبـوون، بـۆ شـوێنی لـێ نێـردراوی خۆیـان گەڕێندرانـەوە. ئامانجەکەیـش ئەوەبـوو ئـەو کوردانـە ناچـاری گەڕانـەوە بکـەن بـۆ باشـووری کوردسـتان. لەکاتێکـدا لـەوێ زوڵـم و کۆمەڵکـوژی بـەردەوام بـوو، کوشـتن و ماڵوێرانـی چاوەڕوانـی دەکـردن. دەیـان هـەزار کـوردی باشـووری کوردسـتان ڕاگوێزرانـە بیابانەکانـی باشـووری عێـراق و سـەرنگومکران. هـەزاران گونـد سـووتێنران و خاپوورکـران و لەگـەڵ زەوی کرانـە یـەك. گوندنشـینانی ئـەو دەڤەرانـەش لـە کۆمەڵگـە زۆرەملێیەکانـی دەوروبـەری شـارەکان نیشـتەجێکران. بۆیـە کەسـێك ئەگـەر ئـاوا دەسـتی بـە خوێنـی گەلەکـەی سـووربێت، زۆر هەڵەیـە پێـی بگوتـرێ (دژە - ئیمپریالیسـت)، چونکـە ئەمـە بـە مانـای پەسـەندکردنی نەژادپەرسـتی و داگیـرکاری و فاشـیزم دێت. ئـەوە جگـە لـە دووپاتکردنـەوەی ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی هیچـی دیکـە نییـە. بەوپێیـەی ئـەو ئایدیۆلۆژیایـە بـە گوتنـەوەی چەندیـن دروشـمی وەك "دژی ئیمپریالیزمـی

ئەمریکایـن". "دژی جەنگـە نابەجێیەکانیـن". "دژی جەنگـی ئیمپریالیسـت و دواکەوتووەکانیـن". بـەردەوام لـە هەوڵـی خۆنوێکردنەوەدایـە. جـا ئـەو جـۆرە بۆچـوون و هەڵوێسـتە دەرخـەری ئـەو ویسـتە جیـاوازەی چەپـی کـورد و تورکیشـە. لەکاتێکـدا هیـچ کوردێـك خەسـڵەتێکی وەهـا ناداتـە پـاڵ سـەدام و پێیـدا هەڵنـادات.

دەمـەوێ ئـەوەش روونبکەمـەوە کـە ئێمـە ئیمپریالیسـت پەسـەند ناکەیـن، بەڵکـو مەبەسـتم ئەوەیـە هەندێـك دەوڵـەت کـە کلکـی خۆیـان بـە وڵاتانـی ئیمپریالیسـت یـان نائیمپریالیسـتییەوە گرێـداوە و پەیوەنـدی بازرگانیـان لەگەڵیانـدا هەیـە، هـەر ئەوانـە زوڵـم و سـتەمێکی زۆر لـە کـورد دەکـەن لەسـەر خاکـی کوردسـتان. ئەگـەر وای دابنێیـن سـەدام حوسـێن ژمـارەی چەکەکانـی دەسـتی 100 دانەبووبـێ، ئـەوە 80 دانەیـان لەلایـەن یەکێتـی سـۆڤیەتەوە دابینکـراون. بەکارهێنانـی ئـەو چەکانـەی وڵاتانـی سۆسیالیسـت لـە دژی یەکێـك لـە غەدرلێکراوتریـن گەلانـی جیهـان، یەکێـك لـە ترازیدیتریـن دووڕوویيەکانـی جیهانـە. ئـەو چەکـە تازانـەی وەك بۆمـب و گازی ژەهـراوی و چەکـی بایۆلـۆژی بـوون و لەلایـەن وڵاتێکـی سۆسیالیسـت و بـە دەسـتی کرێـکارە سۆسیالیسـتەکان بەرهـەم دەهـات، بەبـێ وەسـتان لەسـەر مافخوراوتریـن گەلـی جیهـان تاقیدەکرانـەوە. هـزر و دروشـمی "مافـی گـەلان لـە بڕیاردانـی چارەنـووس" چەنـد بـێ بەهـا بـووە!... عێـراق چـۆن کوردسـتانی بەڕێوەدەبـرد؟ کاتێـك لەژێـر داگیرکاریـی ئینگلیـز بـوو؛ سـاتێک لەگـەڵ یەکێتـی سـۆڤیەتیش پەیوەنـدی چێکـرد، هـەر ئـاوا بەڕێـوەی بـرد. بەبـێ هەدادانیـش، بەهـۆی چەکـی بکـوژ و کیمیایـی، دەسـەڵات و هێـز و زوڵمـی خـۆی لەسـەر کـورد زێدەتـر دەکـرد. دەیتوانـی هـزری شـۆڤینی و داگیرکارییەکەشـی بـە چاوچنۆکـی ئیمپریالیسـت زیاتریـش بخاتـە بـواری جێبەجێکردنـەوە.

هەندێـك بزاڤـی سیاسـی هـەن دەڵێـن "ناهێڵیـن ئیمپریالیـزم قاچـە گەمارەکانـی بخاتـە سـەر خاکمـان..."، بـەڵام مـرۆڤ کـە رووداوەکان دەبینـێ و گوێـی لـەو دروشـمانە دەبێـت، زەردەخەنـە دێتـە سـەر لێوەکانـی

و پێکەنیـن دەیگرێـت. چونکـە کاتێـك پرسـەکە دێتـە سـەر کوردسـتان، مـرۆڤ بەبـێ ویسـتی خـۆی دەپرسـێت: ئـەی هـەر لـە سـاڵی 1920 ـەوە، بـە هاوبەشـی لەگـەڵ وڵاتانـی ئیمپریالیسـت و داگیرکـەر، کوردسـتان پارچەپارچـە و دابـەش نەکـرا؟ ئـەی لەلایـەن ئیمپریالیسـت و داگیرکەرانـەوە تاوەکـو بچووکتریـن خانـەی تاکـی کوردیشـتان داگیرنەکـرد ؟ باسـی چـی دەکـەن و چ شـوێنێکی کوردسـتانتان بـە پاکـی هێشـتەوە؟

## درێژەدان بە جەنگێکی 70 ساڵەی ناڕەوا لە کوردستان

لـە کوردسـتان بـەردەوام جەنگێـك هەبـووە، بـەڵام جەنگێکـی نـاڕەوا. وەك چـۆن جەنگێکـی دواکەوتووانـە بـووە بـۆ پارێـزگاری لـە دەسـەڵات و پایـەی پەیوەنـدی نێـوان ئیمپریالیسـت و داگیرکـەر. جـا جەنگەکـە لـە هەمـوو بسـتێکی کوردسـتاندا گـەز گـەز بـەردەوام بـووە. وڵاتانـی داگیرکـەر بـە دەرکردنـی فەرمـان و سـەپاندنی، بـەردەوام لـە هەوڵـی ئەوەدابـووە ئـەو کارانـە لـە کۆمەڵگـەی خـۆی بشـارێتەوە. میدیـای تورکیـا خـۆی لـە جەنگێکـی سـەر کوردسـتان نەبـان و بێئـاگا کـردووە. لـە پاڵ ئەمـە، دەزگا میدیاییەکانـی چەپـی تورکیـش بـە وردییـەوە جێبەجێـکاری فەرمانـەکان بـوون. رۆژنامـە و گۆڤـارەکان ئەگـەر سـەبارەت کـورد و کوردسـتان مـژار و هـەواڵ بڵاونەکەنـەوە، بـە ئاسـانی چـاپ و بڵاودەکرێنـەوە. بـە کورتیـش نـاوی کـورد و کوردسـتان لـە هیـچ شـوێنێکدا نەدەهـات، بـەڵام بـە ئاسـانی دەیانتوانـی لەبـارەی چـەپ و سۆسـیالیزم و کۆمۆنیزمـەوە بنووسـن.

بەشـێکی زۆری ئـەو دامـەزراوە میدیاییانـەی چەپـی تـورك کـە نـاوی کـورد و کوردسـتانیان نەدەهێنـا، دژی ئیمپریالیزمـی جیهانی دەوەسـتانەوە، بەڵام خۆیـان لـە داگیـرکاری و نەژادپەرسـتیی نـاو وڵاتەکەیـان نەبـان و نابینـا دەکـرد، واتـە بـە کورتـی دەتوانیـن بڵێیـن: ئەگـەر وڵاتانـی جیهـان هەوڵـی رووخاندنـی رژێمـی سـەدام حوسـێنیان دا، دەبـێ کوردیـش بەشـێك بـن لـە بەشـداربووان، بەوپێیـەی رووخانـی رژێمـی سـەدام رەنگـە ببێتـە هۆکارێـك

بـۆ رووخانـی رژێمـە تۆتالیتـار و پاشـاییەکان و میرنشـینەکانی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت. ئەمـەش بـە مانـای زەوینەسـازییە بـۆ چەسـپینی دیموکراسـی لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت دا.

## ئاشتیی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست چی بۆ کورد پێبوو؟

کـورد دەبـێ بـە چاوێکـی دیکـە لـە دیـرۆك و رووداوە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکانـی ئەمڕۆمـان بڕوانێـت. چونکـە ناتوانـێ بـە چاویلکـەی تـورك، عـەرەب و فـارس لـە رووداوە سیاسـی، کۆمەڵایەتـی و مێژووییەکان بڕوانـێ و ناشـێ بـە هەمـان تێگەیشـتنی ئـەوان لـە رووداوەکان تێبـگات. بـۆ نموونـە بـەردەوام بـاس لـەوە دەکـرێ کـە بـا کار لەسـەر پرسـی ئاشـتیی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت بکەیـن، بـەڵام ئاشـتی چـی بـۆ کـورد هێنـاوە؟ لـە هەمبانەکـەی ئـەودا کـورد چـی دەسـتکەوتووە؟ بـا مـن پێتانبڵێـم، کـورد لەسـەر بنەمـای (ئاشـتیی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت) پارچـە پارچـە و دابەشـکرا. ئەو ئاشـتیەی ئـەوان دەیانـەوێ، کۆیلایەتـی و دەستبەسـەری بۆ کـورد پێیـە. بـە واتایەکـی دیکـە، ئەگـەر کـورد داوای مافـە زەوتکراوەکانـی خـۆی و مافـە دیموکراسـییەکان نـەکات، ئـەوە مانـای وایـە (ئاشـتی) بەردەوامـە لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت، بـەڵام کاتێـك گەلـی کـورد داوای وەرگرتنـەوەی ئـەو مافانـەی خـۆی کـرد لـە دەوڵـەت، (ئاشـتیی پیـرۆزی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت دەکەوێتـە مەترسـییەوە). کوردسـتان کۆڵۆنییەکی نێودەوڵەتییـە و دەیانەوێـت بەرگـری لـەو سـتاتووە بکـەن لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت دا. مانـای راسـتەقینەی ئاشـتی بـەلای ئەوانـەوە ئەوەیـە کـە لـە چارەکـی یەکەمـی سـەدەی بیسـتەمدا بـە کوردیـان بەخشـی. ئـەم سـتاتووەش بەدڵنیاییـەوە بـە گوێـرەی بۆچوونـی عـەرەب، تـورك و فـارس، ئاشـتیی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتە. بەگوێـرەی ئەمریـکا و یەکێتـی سـۆڤیەتیش هـەر ئاشـتییە، بـەڵام ئـەو ئاشـتییە بـۆ کـورد هێنـدەی دەنکـە نیسـکێکیش سـوودی نییـە. بۆیـە ئەمە بـۆ کورد و کوردسـتان ئاشـتی نییە.

هــەر لەبەرئــەوەش، کاتێــك چەکــی کیمیایــی دژی کــورد لــە هەڵەبجــە بەکارهێنـرا، هیـچ یەکێـك لـە وڵاتانـی سـەرمایەداری و سۆسیالیسـت دژی نەوەسـتانەوە. خۆیـان لـە قیـژە و هـاواری کـورد کـەڕ کـرد کـە مـاوەی چەندیـن مانـگ دەنگـی دەگەیشـتە عەرشـی ئاسـمان، خۆیـان کوێرکـرد لـەو دیمەنانـەی لـە کوردسـتانەوە بـە جیهانـدا بڵاودەبوونـەوە. لە ئەنجامیشـدا، سـەدام حوسـێنی نەژادپەرسـت و فاشیسـت و داگیرکـەر، غیرەتـی زیاتـری دا بەخـۆی و بـەردەوام بـوو لـە بەکارهێنانـی چەکـی قەدەخەکـراو لـە دژی گەلـی کـورد. ئـەو وڵاتانـەی دوای داگیرکردنـی کوێـت بـە هـەزاران سـەرباز و چەکـی قورسـیان گەیانـدە کەنـداو، لەکاتـی کۆمەڵکوژکردنـی کـورد مێشـێك میوانیـان نەبـوو. تەنانـەت نەتەوەیەکگرتووەکانیـش هیـچ هەڵوێسـتێکی نەبـوو. چونکـە ئـەو رێکخـراوە دامەزراوەیەکـی سـەرەکیی پارێزگارییـە لـە سیسـتەمی درێـژەدان بـە داگیـرکاری کوردسـتان، بـەڵام بـۆ داگیرکردنـی کوێـت چەندیـن کۆبوونـەوەی یـەك لـە دوای یەکـی کـرد. ئـەو وڵاتانـەی هاوشـانی ئیمپریالیزمـن، لەپـاڵ نەتەوەیەکگرتـووەکان، بـۆ لاکەوتنـی شـێخەکانی عـەرەب لەسـەر تەختـی دەسـەڵات ناڵـە و فیغانیـان بـوو، بـەڵام بـۆ سـووتاندن و لەنێوبردنـی هـەزاران گونـد و بۆردوومانکردنی خەڵکەکـەی و چەندیـن تراژیدیـای دیکـە، یـەك فرمێسـکیان بـۆ گەلـی کـورد نەڕشـت. ئـەوە لەکاتێکـدا کـورد شـوێنێك نەبـوو پەنـای بـۆ ببـات. لەبـەر ئـەم هۆکارانـە، زۆر هەڵەیـە کـورد هەڵوێسـت و بۆچوونـی هاوشـیوەی فـارس، تـورك و عەرەبـی هەبـێ لـە هەمبـەر پاراسـتنی ئاشـتی لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت و پرسـە سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و مێژووییەکانـی دیکـە. ئەگـەر جەوهـەری ئاشـتییەکە ئەوەبێـت، ئـەوە ئـەو ئاشـتییە بـۆ کـورد هیـچ مانایەکـی نییـە. بۆیـە دووبـارەی دەکەمـەوە، کورد نابـێ بەهەمـان روانیـن لـە پرسـی ئاشـتی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت و مـژارە کۆمەڵایەتـی و سیاسـی و دیرۆکییـەکان بڕوانێـت. چونکـە لـە کۆیلایەتـی وماڵوێرانـی زیاتـر هیچـی بـۆ ئـەو پـێ نییـە. ئەگـەر بتانـەوێ بزانـن ئاشـتیی راسـتەقینە چۆنـە، دەبـێ لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتدا تۆپـی کۆڵۆنیـی

نێودەوڵەتیی سەر کوردستان بتەقێنرێ و پارچە پارچە بکرێت، دوای ئەوە ئینجا ئاشتی مانایەکی دەبێت. نەتەوەیەک کە ژمارەی خەڵکەکەی زیاتر لە 30 ملیۆن کەس بێت و تائێستا خاوەنی دەوڵەتی خۆی نەبێت، بەهیچ شێوەیەك ئاشتییەکی راستەقینە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرقەرار نابێ.

دەبێ باسی ئەوەش بکەین سەبارەت کێشەی کورد، بەدینەهێنانی ئاشتی بەپێی ویست و مافی گەلی کورد یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی ناسەقامگیری لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست. چونکە سیاسەتی (دابەشی بکە و بەڕێوەی ببە) یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی بریتییە لە تۆکمەکردنی ژێرخانی ناسەقامگیری لە ناوچەکە. ئەوەش پەیوەندییەکی زۆر ورد و بەهێزی بە قەیرانی کەنداوەوە هەیە. ئەگەر بزووتنەوەیەکی بەهێز لە باشووری کوردستان هەبووایە، سەدام حوسێن هەروا بە ئاسانی کوێتی داگیر نەدەکرد. جا ئەگەر کوردستانێکی بەهێز و سەربەخۆ و دیموکرات و یەکگرتوو هەبووایە، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست زۆر تەندرووستتر دەبوون. چونکە پەیوەندییەکانی ئێستا لەسەر بنەمای هاوبەشی لە چەوساندنەوەی گەلی کورد دامەزراوە، ئەوەش تەمەنی درێژ نابێ و ئەگەر تەمەندرێژیش بێ تەندرووست نابێ.

## تورکیا بۆچی لە قەیرانی کەنداودا چووە پاڵ ئەمریکا؟

تورکیا لە قەیرانی کەنداودا چووە پاڵ ئەمریکا. یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەو بڕیارەش کێشەی کورد بوو. ئەمڕۆ لە زۆر ناوەند و دامەزراوەی جیهانیدا پرسی کورد شەنوکەو دەکرێت. ئیدی لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە کورد لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بووەتە هێزێکی کاریگەر. وەك ئەوەی لە میدیا تورکییەکانیشدا بەرچاو

دەکـەوت، پرسـی کـورد ئیـدی لـە چوارچێـوەی (دەوڵەتـی کوردسـتان)دا شـیدەکرێتەوە. دەسـەڵاتدارانی تـورك بـەردەوام لـەو هەڤپەیڤینانـەی لەگەڵیـان دەکرێـت، لـە هەمبـەر دامەزراندنـی (دەوڵەتـی کوردسـتان) بۆچوونـی خۆیـان رادەگەیێنـن و پێداگیـری لەسـەر ئـەوە دەکـەن کـە دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی لەوجـۆرە خەیاڵـە و لـە دژی دەوەسـتنەوە. میدیـای تورکیـش بەبـێ پچـڕان و بـە هەمـان ئاراسـتە حکومـەت ئـاگادار دەکاتـەوە و پێداگیـری لەسـەر ئـەوە دەکات کـە دەبـێ زۆر بـە وریاییـەوە خوێندنـەوە بـۆ رووداوەکانـی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت بکـەن.

لـەو رووەوە هەڤپەیڤینـی رۆژنامەڤـان نـوور باتـوور لـە رۆژنامـەی (میللییـەت) لەگـەڵ واحیـد خەلەفئۆغڵـوو، وەزیـری دەرەوەی ئەوسـای تورکیـا، مایـەی سـەرنجە. پرسـیار و وەڵامـەکان سـەبارەت بـەو بەشـەی ئێمـە مەبەسـتمانە، بـەم جۆرەیـە:

**رۆژنامـەی میللییـەت:** ئێـوە دەڵێـن لەسـەر ئـەو مێـزەی نەخشـەی لەسـەر دەکێشـرێت، ئێمـە شـوێنی خۆمـان وەردەگریـن. کەواتـە دەتوانـن رێ لـە دامەزراندنـی دەوڵەتێـک بـۆ کـورد بگـرن؟

**واحیـد خەلەفئۆغڵـوو:** بەپێـی هەلومەرجەکانـی ئەمـڕۆ، دامەزراندنـی دەوڵـەت بـۆ کـورد مەحاڵـە. رۆژئـاوا بـەردەوام کـوردی بەکارهێنـاوە. دامەزراندنـی دەوڵەتـی کـوردی مژارێکـە بەبـێ هیـچ پێشـینەیەك تورکیـا، ئێـران و عێـراق لەسـەری پێکدێـن. رەنگـە ئـەو مـژارە بریتیبـێ لـە دانەمەزراندنـی دەوڵەتـی کـوردی. سـەرباری ئـەو سـێ وڵاتـە، ئەگـەر دەوڵەتـی کـوردی توانـای دامـەزران و بەردەوامیـی هەبووایـە، وەك ئـەوەی لـە رێککەوتننامـەی سـیڤەر بەڵێنیـان پێـدرا، پەیمانەکەیـان دەبـردە سـەر. ئەوسـا تورکیـا کـە وڵاتێکـی بێهێـز بـوو، ئـەوەی قبـووڵ نەکـرد، کەواتـە پەسـەندکردنی بیرۆکـەی بەوشـێوەیە لـەم سـەردەمەدا بـۆ تورکیـا مەحاڵـە.

**رۆژنامـەی میللییـەت:** ئایـا بـە وڵاتانـی رۆژئـاوا و ئەمریـکا دەڵێـن واز لـەو خەیاڵـە بێنـن؟

**واحیـد خەلەفئۆغڵـوو:** یەکێتـی سـۆڤیەت مژوولـی خۆیانـن. لەکاتێکـدا داری دۆسـتایەتیمان لەگەڵیـان تاوەکـو دێ ڕەگـی زیاتـر دادەکوتێـت. ئەگـەر وڵاتانـی ڕۆژئـاواش بـۆ دەسـتگرتن بەسـەر بیـرە نەوتەکانـدا بیـر لـە کاری وا بکەنـەوە، ئـەوە کارێکـی زۆر هەڵـە دەکـەن. کوردسـتانێکی گەمارۆدراو چـی پێدەکرێت؟ بۆیـە ئـەوە سـوودی زیاتـرە کە ئەو کەسانەی لـە تورکیـادان، دوای وەرگرتنـی هەمـوو مافەکانیـان کـورد بـن و هەڵگـری ناسـنامەی تورکـی بـن [16].

دەزانـن ئـەوە دەرخـەری چییـە؟ ئەمـە بـەو مانایە دێـت کە دەبێ چـۆن چۆنی قسـە و گفتوگـۆ لەبـارەی دەوڵەتـی کـوردی و چۆنیەتـی درووسـتبوونی و مـژارە پەیوەسـتەکانی بکرێـت. جـا تورکیـا بـۆ وشـککردنی ئـەو جـۆرە ئەگـەر و پێشـهاتانە هەوڵـدەدات بـەردەوام لەگـەڵ ئەمریـکا هاوپەیمـان بـێ بـۆ ئـەوەی دەنگـی کاریگەربـێ و بتوانـێ ڕێ لـە دامەزراندنـی دەوڵەتێکی لەوجـۆرە بگرێت.

بەرلـەوەی ڕەخنـە لـە وەڵامەکـەی واحیـد خەلەفئۆغڵـووی وەزیـری دەرەوەی ئەوسـای تورکیـا بگـرم، پێموایـە زۆر گرنگـە سـەرنجێکی بۆچوونەکانـی بوڵەنـت ئەجەویـد [17] سـەرۆکوەزیرانی ئەوسـای تورکیـاش بدەیـن سـەبارەت بـە هەمـان مـژار. بوڵەنـت ئەجەویـد لـە وەڵامـی پرسـیارەکانی گۆڤـاری (تەمپـۆ) سـەبارەت ئەگـەری دامەزراندنـی دەوڵەتێـك بـۆ کـورد لـە باشـووری ڕۆژهەڵاتـی وڵاتەکـەی، ئـاوا دەدوێـت: "دەوڵەتێکـی وەهـا بـۆ کـورد زیانـی زۆری دەبێـت. چونکـە دیـارە ئـەو دەوڵەتـە زیاتـر بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانـی ئیمپریالیـزم و ئیسـرائیل دەبێـت. جگـە لـەوەی دەبێتـە هـۆکاری ناسـەقامگیری لـە ڕۆژهەڵاتـی

---

16 - ڕۆژنامەی میللییەت، 1990-9-1

17 - بوڵەنـت ئەجەویـد (2006-1925) بـە بنەچـە کـوردە و نـەوەی مسـتەفا شـوکرو ئەفەندییـە. ئەجەویـد لـە چـوار کابینـەی جیـاوازدا سـەرۆکوەزیرانی تورکیـا بـووە، دوایـین جـار لـە نێـوان سـاڵانی (2002-1999) ئـەو پۆسـتەی وەرگرتـووە. جگـە لـە پۆسـتی حکومـی، لـە نێـوان سـاڵانی (1980-1972) سـەرۆکی گشـتیی جەهەپـە بـووە. لـە نێـوان سـاڵانی (2004-1989) سـەرۆکی گشـتیی پارتـی چەپـی دیموکـرات بـوو. (وەرگێـڕ).

نێوەڕاسـت. وەك چـۆن هاووڵاتییـە کوردەکانـی وڵاتەکەشـمان زۆر نارەحـەت دەکات" [18].

وەك بینیمـان هەریەکـە لـە بوڵەنـت ئەجەویـد و وەحیـد خەلەفئۆغڵـوو پێداگیـری لەسـەر ئـەوە دەکـەن کـە کـورد لەلایـەن ئیمپریالیزمـەوە بەکارهێنـراوە، بـەڵام لـە راسـتیدا کەمالیسـتەکان بـە زەبـری هێـز و دەسـەڵات، هاوشـانی ئینگلیـز و فەرەنسـای ئیمپریالیسـت کوردسـتانیان پارچـە پارچـە و دابەشـکردووە. بۆیـە هەردووکیـان لـە قسـەکانیاندا دەیانـەوێ ئـەو راسـتییە بـە پرسـی دیکـە بشـارنەوە و نەیهێننـە سـەر زاران. لەکاتێکـدا بـە هاوبەشـیی وڵاتانـی ئیمپریالیسـت، نەتـەوەی کـورد و جوگرافیـای کوردسـتان لەتلـەت و دابـەش دەکـەن، هەروەهـا دەڵێن کورد لەلایـەن وڵاتانـی ئیمپریالیسـتەوە بەکارهێنـراوە. ئەمـە دووڕووییەکـی زۆر ئاشـکرا و گەورەیـە. داگیـرکاری و نەژادپەرسـتیی لـەم جـۆرە تەنیـا لای تورکـەکان و کەمالیسـتەکان دەبینرێـت.

وەحیـد خەلەفئۆغڵـوو جەخـت لـەوە دەکاتـەوە کـە عێـراق، ئێـران و تورکیـا، بەهیـچ شـێوەیەك و لـە هیـچ کاتێکـدا رێ بـە دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردسـتان نـادەن. ئـەم لێدوانـە زۆر سرووشـتییە؛ چونکـە ئـەو وڵاتانـە بـە هاوبەشـی کوردسـتانیان داگیرکـردووە و پێکـەوەش سـەرچاوە سرووشـتییەکانی کوردسـتان هەڵدەلووشـن. کوردسـتان کۆڵۆنییەکـی نێودەوڵەتییـە؛ بۆیـە بەیەکـەوە کارکردنـی ئـەو وڵاتانـە بـۆ رێگـری لەبـەردەم دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردسـتان کارێکـی سرووشـتییە. ئـەوان هـەر خۆیـان بەشـێك بوونـە لـە پرۆسـەی دابەشـکردنی کوردسـتان. بوڵەنـت ئەجەویـد پێیوایـە دەوڵەتـی کوردسـتان، بـەر لـە هـەر کەسـێك زیانـی بـۆ گەلـی کـورد هەیـە! بـەو بۆچوونـەش، رووە داگیـرکاری و دووژمنداریيەکـەی بەرامبـەر ئـازادی گـەلان بەتـەواوی دەردەکەوێـت. جـا لـە کاتێکـدا دەڵێـن دەوڵەتـی کوردسـتان بـۆ کـورد خراپـە، لـە هەمـان

---

18 - لە رۆژنامەی جمهوریەت، 1990-9-2 وەرگیراوە.

کاتـدا بەرگـری لـەوە دەکـەن کـە گەلـی فەڵەسـتین مافـی خۆیەتـی دەوڵەتـی سـەربەخۆی هەبێـت. بـە روانیـن لـەو دوو هەڵوێسـتە جیـاوازە، پارادۆکسـی ئـەو سیاسـەتقانانەمان بـۆ دەردەکەوێـت، بـەڵام ئەمانـە بـەلای منـەوە بۆچوونـی سرووشـتی و چاوەڕوانکـراون، چونکـە یەکێـك بەرامبـەر سـووکایەتی بـە مرۆڤـی کـورد بێدەنـگ بـێ و چاوپۆشـی لـە کۆمەڵکوژییەکانـی گونـدی (سـاتێ و ئەگـەرە) بـکات و ویژدانـی نەبـزوێ، بەدڵنیاییـەوە کەسـێکی وا نەژادپەرسـتی دووڕووی دووژمنـی کـوردی لێدەردەچـێ و بەرامبـەر بـە ئەگـەری دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردسـتان دەکەوێتـە نێـو تـرس و تۆقیـن و زارەتـرەك دەبـێ.

پێموابێ لێرەدا بەبیرهێنانەوەی ئەم مژارەش سوودی هەبێ:

کاتـی خـۆی ئـەو جـۆرە مژارانـە بەنهێنـی قسـەیان لەسـەر دەکـرا. بابەتەکـە لـە ژوورە داخراوەکانـدا راڤـە دەکـرا، وەلـێ باسـکردنی ئـەو پرسـە بەشـێوەیەکی ئاشـکرا و بـە دەنگێکـی بـەرز، دەرخـەری دینامیـك و جوڵـەی کـوردە. بۆیـە زێدەبـوون و پێشـکەوتنی بزاڤـە کۆمەڵایەتی و سیاسـییەکانی کوردسـتان رووە راسـتەقینە چەپەڵەکـەی نەتەوەپەرسـتی تورکـی و داگیرکارییەکانـی زیاتـر خسـتووەتەڕوو. بـە شـێوەیەك دەسـتی سـەرجەم چـەپ و سۆسـیالدیموکرات و دیموکراتەکانی بـە تـەواوی ئاشـکرا کـردووە. ئیـدی ماسـکی لەسـەر رووی ئەوانـە هەڵماڵیـوە و رووی راسـتەقینەی دەرخسـتوون. بۆیـە کاتێـك باسـی کوردسـتان دەکـرێ، وەڕز دەبـن.

سیاسـەتی تـورك بـەردەوام دەیـەوێ کـورد بـە پارچەپارچەیـی و دابەشـکراوی ببینێـت. بۆیـە دەوڵەتـی تـورك، بەرژەوەندیـی تورکیـا، عێـراق، ئێـران، سـووریا، تـورك، عـەرەب و فـارس وەهـا دەبینێـت. جـا بەدڵنیاییـەوەش وەهـا دۆخێـك تەنیـا لـە بەرژەوەندیـی تـورك، عـەرەب و فارسـە. چونکـە ئـەو دابەشـکارییە هیـچ سـوودێکی بـۆ کـورد نەبـووە. بـە دڵنیاییەوە بەرژەوەندیـی کـورد لـە کوردسـتانێکی یەکگرتووی سـەربەخۆی دیموکراتدایـە. بۆیـە زۆر ئاسـاییە داگیرکەرانـی کوردسـتان، هەمـوو هێـز و تەقـەلای خۆیـان بخەنەگـەڕ بـۆ رێگـری لـە دامەزراندنـی دەوڵەتـی

کوردســتان. وەحیـد خەلەفئۆغڵـوو دەڵـێ: "کـورد لـە تورکیـا سـوود لـە هەمـوو مافەکانـی دەبینێـت". ئـەو رسـتەیە بەدڵنیاییـەوە درۆیەکـی زۆر مەترسـیدارە. جـا سیاسـەتی تورکـی و ئایدیۆلۆژیـای فەرمیـش لەسـەر ئـەو درۆیـە بنیادنـراوە. چونکـە ئایدیۆلۆژیای فەرمیـی تـورك پشـتی بـە درۆ بەسـتووە. ئـەوەی دەڵـێ تـورك و کـورد لـە تورکیـا یەکسـانن، درۆیەکـی زۆر گـەورە و شـاخداری کـردووە. بۆیـە پێویسـتە هەندێـك زیاتـر لەسـەر ئـەو درۆیـەش بوەسـتین.

بوڵەنـت ئەجەویـد پێیوایـە، دەوڵەتـی کوردسـتان بـۆ کـورد مایـەی نارەحەتـی دەبـێ و کـورد بەهیـچ شـێوەیەك شـتێکی وەهایـان ناوێـت. دەڵـێ کـورد بووەتـە ماشـەی دەسـتی ئیمپریالیـزم. پێموابـێ دەبـێ لەسـەر ئـەم مـژارە زیاتـر بوەسـتین.

دەڵێـن "کـورد گەلێکـی دواکەوتـووە، ناتوانـن خۆیـان بەڕێوەببـەن. تائێسـتا کـورد هیـچ دەوڵەتێکیـان دانەمەزرانـدووە، بەڵکـو بـەردەوام لەلایـەن گەلانـی دیکـەوە فەرمانڕەوایـی کـراون".

بـەر لـە هـەر شـتێك، ئـەوە راسـت نییـە کـە دەڵێـن کـورد ناتوانـێ خـۆی بەڕێـوە ببـات. بەڵکـو ئـەوە هـزری ئیمپریالیـزم و داگیـرکاری و نەژادپەرسـتییە. ئەوانـە بـەو گوفتـارە تەنیـا دەتوانـن رەوایـی بدەنـە تاڵانکارییەکانیـان. خراپتریـن خۆبەڕێوەبەریـی کـورد، بـۆ کـورد لـە باشـترین دەسـەڵاتی تـورك، عـەرەب و فـارس باشـترە. دوایـی دەبـێ ئـەوەش بزانیـن، مەبەسـت چییـە لـە خـراپ بەڕێوەبـردن؟

یەکێـك لـەو دیدگایانـەی مایـەی تێڕامانـە، ئـەو بۆچوونەیـە کـە پێیوایـە لـە ئەگـەری دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردسـتاندا، ئـەو دەوڵەتـە دەبێتـە داردەسـتی ئیمپریالیـزم. یـان دەڵێـن ئـەو دەوڵەتـە دەبێتـە دەوڵەتـی ئاغـا، بـەگ و سـەرمایەداران. ئـەو بۆچوونـەش دوورە لـە راسـتی. چونکـە بەدڵنیاییـەوە دەوڵەتـی کوردسـتان بـە هـەوڵ و ماندووبوونـی خەباتـکاران دروسـت دەبێـت. بەشـێکی زۆری دەسـەڵاتدارانی دەوڵەتەکـەش، کەسـانی شۆڕشـگێڕ، خـاوەن رەنـج و ماندوونەنـاس دەبـن. بۆیـە دەبـێ

چەپی تورك، میدیای تورك و زانكۆ توركییەكان، دان بەوە دابنێن كە كوردیش مافی ئەوەی هەیە ببێتە خاوەن دەوڵەتی خۆی. چەپی تورك نزیكەی 70 ساڵ دەبێ لەسەر ئەو بنەمایە درێژە بە خەباتی خۆی دەدات. بەرامبەر بە سیاسەتەكانی دەوڵەت، لەسەر ئەو ژێرخانە درێژە بە سیاسەتی خۆی دەدا كە دەڵێن "دەوڵەت لە توركیا دەوڵەتی ئاغا و دەرەبەگەكانە. دەوڵەتی سەرمایەدار و كەسانی زەنگینە.. توركیا دەوڵەتێكی وابەستەی ئیمپریالیزمە و ئێمە دەمانەوێت پەتی نێوان توركیا و ئیمپریالیزم بپچڕێنین و كرێكاران ببنە خاوەنی دەسەڵاتی دەوڵەت... ".

من لێرەدا نامەوێ گەنگەشەی ئەوە بكەم ئاخۆ ئەو دروشمانەی چەپەكان راست دەرچوون یان نا؟ بەڵكو لە هەوڵی گوتنی ئەوەدام كە نابێ لە هەوڵ و تەقەلای كورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی كوردستان نارەحەت ببن. چەپی توركیا بەردەوام بانگەشەی ئەوە دەكەن كە دەوڵەتی توركیا لەلایەن سەرمایەدار و ئاغا و دەرەبەگەكانەوە بەڕێوەبردراوە. باس لەوە دەكەن كە هەركاتێك لەنێو دەسەڵات و حكومەتدا رێگەی زیاتر بە چینی كرێكار و زەحمەتكێش درا،بەوجۆرە شێوازی بەڕێوەبردنی وڵات چاكتر دەبێت. ئێمەش دەمانەوێ هەمان شتی ئەوان بڵێین. كوردیش پێویستی بە دەوڵەتێكی لەوجۆرەیە، نەك دەوڵەتێك ئاغا، دەرەبەگ و سەرمایەدار دەستی بەسەردا بگرن. بۆیە دەبێ چەپی تورك دان بەو مافەی گەلی كورد دابنێن و بڵێن ئێمە دەمانەوێت دەوڵەتێك بۆ كورد هەبێ كە دەسەڵاتی لەلایەن زەحمەتكێشانەوە بەڕێوەبچێت. چونكە ئەگەر ئەو مافەی بۆ نەتەوەی خۆت دەتەوێ، هەمان شتت بۆ نەتەوەیەكی دیكەش نەوێ، ئەمە مانای وایە هەڵەیەك هەیە.

بەدڵنیاییەوە ئەوانەی لەسەرەوە باسمانكردن، هەموویان گریمانەن، چونكە بەبێ هیچ سێ و دوویەك گرنگی و پایەی دەستە ماندووەكان لە دەوڵەتی كوردستاندا دەبێ لە شوێنێكی بەرزدا بێت. كورد دەتوانێ

لـە فـارس، عـەرەب و تـورك باشـتر خـۆی بەڕێوەببـات. دڵنیاشـم لـەوە کـە هەنگاوێکـی وەهـای سیاسـی بـۆ کـور زۆر بـە سـوود دەبـێ. وەلـێ تورکـەکان دەیانـەوێ ئـەو دەسـتکەوتە بچـووك بکەنـەوە. هـەر بۆیـە بـە چەپ و راسـتیانەوە بـاس لـە خراپـی و زیانەکانـی دەکـەن. ئـەم جـۆرە بینیـن و بەرهەڵسـتکارییەش ئەنجامـی جێبەجێکردنـی سیاسـەتی نەژادپەرسـتی و داگیرکارییـە.

## بە کەم بینین و سووکایەتی بە نەتەوەی کورد

لـە سـەروبەندی قەیرانـی کەنـداودا، میدیـای تـورك بـۆ رێزنەگرتـن لـە کەسـایەتی کـورد و بـە کـەم بینینیـان، هـەوڵ و تەقەلایەکـی زۆریـدا و بـەردەوام ئـەم جـۆرە سـەردێڕانەی نەدەبڕییـەوە:

"ئاخۆ ئەمریکا کورد بەکاردەهێنێ؟" [19]

"ئەمریکا هەڕەشەی دامەزراندنی (دەوڵەتێکی سەربەخۆ) دەکات... " [20]

لـەو دوو سـەردێڕەوە بۆمـان دەردەکەوێـت، کـورد وەکـو بزووتنەوەیەکـی سیاسـی، خـاوەن ئیـرادە و ویسـتێکی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی تەماشـا ناکـەن. بەڵکـو بـەردەوام وەك ئامرازێـك کـە لەلایـەن ئـەوی دیکـەوە ئاراسـتە دەکـرێ و بەکاردەهێنرێـت. لەکاتێکـدا بیـر لـەوە بکەنـەوە، ژمـارەی کـورد لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت زیاتـر لـە 30 ملیـۆن کەسـە. وەلـێ سـەرباری ئـەو ژمـارە زۆرە و ئـەو خاکـە فراوانـەی هەیانـە، هێشـتا خـاوەن پێگەیەکـی سیاسـی تایبـەت بـە خۆیـان نیـن.

با سەیرێکی ئەم بۆچوونانەش بکەین:

"... لـە دیـداری سـەرۆکی ئەمریـکا و تورکیـادا، چـاوەڕوان دەکـرێ پرسـی کوردیـش ببێتـە مـژاری گفتوگـۆ. بەپێـی هەندێـك سـەرچاوە، مژارەکـە لەلایـەن ئەمریـکاوە دەخرێتـە بەربـاس. لەکاتـی لەکارلادانـی سـەدام

19 - محەممەد عەلی بیراند، رۆژنامەی میللییەت 1990-8-17.

20 - رۆژنامەی گیونایدن، 1990-9-3.

حوسـێنی سـەرۆکی عێـراق، ئـەوە بـە تورگـوت ئۆزالـی سـەرۆککۆماری تورکیـا رادەگەیێندرێـت کـە ئەمریـکا و بەتایبەتیـش CIA ، کـوردی عێـراق بەکاردەهێنێـت. بەپێـی سـەرچاوە جێـی بـاوەڕەکان، کاتێـك جـۆرج بـوش[21] سـەرۆکی ئەمریـکا ئـەو مـژارە بـۆ ئـۆزال دەکاتـەوە، چـاوەڕوان دەکـرێ ئـەو پەیامەشـی پێبگەیێنـێ کـە ئەمریـکا هاوشـانی کـورد، رەنگـە کار بـۆ رووخاندنـی سـەدام حوسـێن بـکات. تکایـە ئێـوە ئەمـە وا لێـك مەدەنـەوە کـە ئەمریـکا پرسـی کـوردی گەیانـدە قیامـەت و دژی تورکیـا کارتـی کـورد بەکاردەهێنێـت. ئێمـە داواکاریـی ئـەوان بـۆ سـەندنەوەی خاکەکەیـان لـە وڵاتەکەتـان پەسـەند ناکەیـن. بەڵکـو تەنیـا بـۆ رووخاندنـی سـەدام حوسـێن سـوودیان لێوەردەگریـن".

هـەر لـەو سـەروبەندەدا، هەندێـك سـەرچاوە بـاس لـەوە دەکـەن کـە تورگـوت ئـۆزال دەچێتـە ناواخنـی مژارەکـە و بەرپرسـانی ئەمریـکا و سـی ئـای ئـەی لـە نائاسـوودەیی خـۆی ئـاگادار دەکاتـەوە، لـە ئەگـەری تووندوتۆڵبوونـی پەیوەندییەکانـی نێـوان ئەمریـکا و کـورد.

بەپێـی ئـەو زانیاریانـەی دەسـتکەوتوون، لەسـەر ئـەو مـژارە، هۆشـدارییەک لـە وەزارەتـی دەرەوەی تورکیـاوە گەیێندراوەتـە باڵیۆزخانـەی ئەمریـکا:

"ناڕەحەتین بە هەوڵەکانی خستنەگەڕی هێزی کورد لە عێراق" [22]

وەك دەبینیـن، کـورد وەك ئامرازێکـی بەکارهێنـراو سـەیر دەکرێت. شـتێکی وەك کوتـك و چەکـوچ کـە دوای بەکارهێنانـی فڕێدەدرێتـە قوژبنێـك. وەلـێ شتێکیشـە هـەر سـاتێك دەشـێ پێویسـتبێ و بەکاربهێنرێـت. جـا لـەو سـەروبەندەدا، زۆر گرنگـە لێکۆڵینـەوە لەسـەر وشـە و چەمکـی "بەکارهێنـان" بکەیـن کـە لـە زاری ئەمریکییەکانـەوە بـۆ کـورد بەکارهێنـرا. ئاشـکرایە میدیـای تورکـی زوو زوو ئـەو دەسـتەواژەیان لـە دژی گەلـی

21 - مەبەسـتی جـۆرج بوشـی باوکـە (1924-2018) لـە نێـوان سـاڵانی (1989-1993) وەکـوو پەنجـا و یەکەمیـن سـەرۆکی ئەمریـکا، لەسـەر پارتـی کۆمارییـەکان بـۆ خولێـك سـەرۆکایەتی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکای کـرد. (وەرگێـڕ).

22 - رۆژنامـەی میللیـەت، 1990-9-22. لـە ژێـر ناونیشـانی (ئـۆزال دۆسـیەیەکی ئەسـتوور لەگـەڵ خـۆی دەباتـە کۆشـکی سـپی، چونکـە ئەنقـەرە پێویسـتی بـە دڵنیاییە).

کـورد بەکاردەهێنایـەوە. ئـەو چەمکـە بەرامبـەر کـورد، هاوشـانی هـزر و ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی و دەزگای هەواڵگریـی تورکـی (میـت)ە لـە هەمبـەر پرسـی کـورد. چونکـە لـە تورکیـا، میدیـا دەسـەڵاتی چـوارەم نییـە، بەڵکـو یاریدەدەرێکـی بێبەهـای پۆلیسـی تورکییـە و هیچـی دیکـە. بۆیـە بـەردەوام وەك داردەسـت و قامچـی بەکاردەهێنرێـت.

رۆژنامـەی میللییـەت، چەندیـن هەواڵـی بـە هـۆش و زەینـی نەژادپەرسـتی و داگیـرکاری لــە دژی گەلــی کــوردی کۆمەڵکوژکــراو بڵاودەکــردەوە. سـەبارەت بـە سـەدام حوسـێنی قەسـابی گەلـی کوردیـش دەیگـوت:

"ئەو سەرکردەیەی غەدری لێکرا"

"سەرکردەی مافخوراوی گەل"

"ئەو سەرکردەیەی دژی ئیمپریالیزم وەستا"

جـا بوڵەنـت ئەجەویـدی سـەرۆکوەزیرانی ئەوسـا، سـەرقەتاری نەژادپەرسـتیی تورکـی و یەکێـك لـە نـاوە هـەرە دیارەکانـی داگیـرکاری، وەك رۆژنامەڤانێـك نێردرابـووە عێـراق. وەك گوتـم ئـەو ئەجەویـدە، بـە سـەدام حوسـێنی قەسـابی کوردیـدا هەڵـدەدا و ستایشـی دەکـرد. جـا سـەردانەکە بـە دنـەدان و ئاگایـی دەزگای هەواڵگـری (میـت) سـازکرابوو. بۆیـە ئەجەویـد خـۆی نادیـدە کردبـوو لـە کۆمەڵکوژکردنـی زیاتـر لـە پێنـج هـەزار کـورد لـە هەڵەبجـە. وەك چـۆن چـاوی خـۆی داخسـتبوو لـە بینینـی دیمەنـی خاپوورکـردن و سـووتاندنی هـەزاران گوندی کوردسـتان و ئـاوارە و دەربەدەربوونـی سـەتان هـەزار کـورد لەسـەر خاکـی خۆیـان. چونکـە ئەمانە کوێـرن بەرانبـەر راگواسـتنی سـەدان هـەزار مـرۆڤ و بێشـوێن مانـەوەی کـورد دوای دەربەدەرکردنیـان. وەك چـۆن خۆیـان نەبـان و نادیـدە گرتـووە لـەو داگیرکاریـەی تـورك لـە رۆژگاری ئەمڕۆمانـدا بەرامبـەر کوردەکانـی ناوچـەی شـڕناخ دەیـکات، هـەر لـە سـووتاندن و خاپوورکردنـی گوندەکانـی دەوروبـەری بـە کەلوپـەل و هەمـوو پێداویسـتییەکانی رۆژانەیانـەوە. هـەر ئەوەنـدەش نـا، بەڵکـو دواتـر ئـەو گوندنشـینانەیان برسـی و رووت کـرد و ئـاوا لەگـەڵ چارەنووسـی خۆیـان جێیانهێشـتن و گوێیـان بـۆ هـاوار و ناڵـەی

هیــچ کەســێك نەگــرت. هــەر ئەوانــە بــە ســەدام حوســێنی قەســابیاندا هەڵــدەدا و دەیانویســت لەبەرچــاوی کۆمەڵگــەی تورکــی وەک کەســێکی جــوان و ســەرکردەیەکی نــاوازە پیشــانی بــدەن.

لەوکاتــدا تورکیــا نامەیەکــی بــۆ ئەنجوومەنــی ئەوروپــا ناردبــوو ســەبارەت بــە هەڵپەســاردنی مافەکانــی مــرۆڤ لــە رۆژهەڵاتــی وڵاتەکــەی [23].

ئــەو نامــە نهێنییــەی ئەنقــەرە بــۆ یەکێتــی ئەوروپــا، لەلایــەن ســکرتێری یەکێتییەکــەوە ئاشــکرا کــرا، بــەڵام میدیــای تورکــی لــە هیــچ شــوێنێك هەواڵێکیــان لەبارەیــەوە بڵاونەکــردەوە. خــۆی لــە ناوچەکانــی رۆژهــەڵات هیــچ مافێکــی مــرۆڤ نــەدراوە، بــەڵام دوای ئــەو نامــە نهێنییــە و ئاشــکراکردنی، ئیــدی لــە کوردســتان هــەر نامێنــن. لــەوێ مافــی مــرۆڤ هــەر نەبــووە، بــەڵام ئیــدی ئــەو کارانــە جۆرێــك لــە شــێوازی فەرمییــان وەرگــرت[24].

پێڤاژۆیەکــە، راستەڕاســت پەیوەندییەکــی تووندوتۆڵــی بــە دووڕوویــی سیاســەتی تورکییــەوە هەیــە، ئــەوەی پێیدەڵێــن جــووت ســتانداردی. ئەمــە لــە جیاوازیــی هــزر و هەڵوێســت و هەڵســوکەوتی تورگــوت ئۆزالــی ســەرۆککۆمار و بوڵەنــت ئەجەویــدی ســەرۆکوەزیراندا دەبــێ لێکدانــەوەی بــۆ بکرێــت. چونکــە پەیوەندییەکــی خۆزایــی لەنێــوان ئــەو هەڵســوکەوت و هەڵوێســتانەدا هەیــە. ئــەم دووڕوویــە لەوەشــدا دەردەکــەوێ کــە لــە ئەوروپــا واژۆ لەســەر رێککەوتنەکانــی پاراســتنی مافــی مــرۆڤ دەکــەن و لــە ناوچەکانــی رۆژهەڵاتــی تورکیــاش ئــەو مافانــە بــە تەنافــەوە هەڵدەواســن.

دەبــێ ئــەوە زۆر چاك شــرۆڤە بکەین کە سیاســەتی تورکــی و میدیای تورکی بەرامبــەر بــە کوردســتان، بــەردەوام لەســەر هەڕەشــە و گــەڤ بنیادنــراوە، ئەگــەر ســەیری لێدوانەکانــی بوڵەنــت ئەجەویــد و وەحیــد خەلەفئۆغڵــوو

---

23 - مەبەســت لێــی خاکــی باکــووری کوردســتانە. ئــەو شــوێنانەی کــورد لێــی نیشــتەجێن. چونکــە وشــەی رۆژهــەڵات و باشــووری رۆژهــەڵات لــە تورکیــادا بــۆ ناوچــە کوردنشــینەکان بەکاردەهێنــرێ (وەرگێــڕ).

24 - گونەش، 1990/9/21-20.

بکەین، بەردەوام دەماری هەڕەشەکردن لە هەموویاندا زەق و زاڵە. بۆ نموونە "تورکیا و ئێران و عێراق بە هیچ کلۆجێك، ڕێ بە دامەزراندنی دەوڵەتێک بۆ کورد نادەن". وەلێ ناڵێن "ئێمە لەسەر حەقین بۆ بەڕێوەبردنی بەشێکی کوردستان بە هاوبەشی لەگەڵ وڵاتانی دیکە". لەگەڵ ئەوەی ئەمڕۆ لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و پرەنسیپە گشتییەکاندا مافەکانی مرۆڤ و دادپەروەری ڕەچاو ناکرێ و لەجیاتی ئەوە پرەنسیپی سەرەکی لەسەر بنەمای هێز بنیاد دەنرێت، بەڵام وردبوونەوە و تێگەیشتنی کارێکی گرنگە. بۆیە نابێ ئەو تایبەتمەندیانە لە بیربکەین و پشتگوێیان بخەین.
دەبێ نووسینەکەی ئەرتوغرول ئۆزکۆ لە ڕۆژی 20ی تەباخی ساڵی 1990 لە ڕۆژنامەی حوریەت و، لە 17ی تەباخی ساڵی 1990، وتاری جونەید ئارجا یورەك لە ڕۆژنامەی جمهوریەت و، لە 23ی هەمان مانگ و ساڵیشدا، نووسینی ئوغور مومجوی لە ڕۆژنامەی جمهوریەت و لە 3ی ئەیلوولی 1990یشدا بۆچوونەکانی ئولوچ گورکان لە ڕۆژنامەی گوینەش لەو چوارچێوەیەدا لێکبدەینەوە.
سەرباری هەموو ئەو داشۆرین و بە کەم ڕوانینەی تورك، وەلێ ناسنامەی کوردی بەردەوام لە گەشەسەندندایە. جا ئەو بەهیچ تەماشاکردن و بچووککردنەوانە، بوونە هۆی ئەوەی زۆر لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەسەر ناسنامەی گەلی کورد بکرێن.

## کێشەی کەرکووک و مووسڵ

وەك هەموو دەسەڵاتێکی دیکەی داگیرکەر، دەسەڵاتداری کۆڵۆنیالیستی تورکیش تاوەکو بڵێی هەلپەرستە. هەر کاتێك لە عێراق، بەهەر هۆکارێك بۆشاییەك لە دەسەڵاتی سیاسی پەیدا ببێ، بیر لە داگیرکردنی مووسڵ و کەرکووک دەکەنەوە و خۆیان بە خاوەنی دەزانن. لەگەڵ داگیرکردنی کوێت و سەرهەڵدانی کێشە و

ئاڵـۆزی، کەوتنـە بیـری داگیرکردنـی مووسـڵ و کەرکووکـەوە، بەدڵنیاییـەوە ئەمـە لـە دژی ئـەو ئەگـەرە بـوو کـە رەنگـە لـەو سـەروبەندەدا کـورد لـە باشـووری کوردسـتان دەسـتکەوتێکی هەبێـت.
رەنگـە تورکیـا لەوکاتـدا لەسـەر ئـەو مژارانـە نیـازی سـەرەکی وەهـا بووبێـت: تورکیـا و عێـراق بـە ئاراسـتەی ئـەوەی بـە رێـژەی جیـاواز، هـاوکاری یـەك بکـەن لـە پرسـی کـورد، وا نیشـان دەدەیـن ئـەو دوو لایەنـە لەسـەر ئـەو خاکـە دەکەوینـە جەنـگ و لـەو نێوانـەدا هەوڵـی لەنێوبردنـی کـوردی هـەردوولا دەدەیـن.

## سرووشتی تیرۆری دەوڵەت لە کوردستان

لـە تورکیـا، دەوڵـەت تاقـە سیاسـەتێکی هەیـە بەرامبـەر کـورد، ئەویـش تیـرۆری دەوڵەتـە. سیاسـەتی نکۆڵیکـردن و هەژمارنەکردنـی کـورد، لـە رێگـەی تیـرۆری دەوڵەتـەوە دەچێتـە بـواری جێبەجێکردنـەوە. بۆیـە باسـکردنی نموونەیـەك لەوبارەیـەوە کارێکـی چـاك دەبـێ.
یڵـدرم ئاکبڵـوت [25] سـەرۆکوەزیرانی ئەوسـای تورکیـا، بـە پێداگیرییـەوە نکۆڵـی لـە بوونـی کـورد دەکـرد و دەیگـوت "کـورد نییـە و تەنیـا تـورك هەیـە". سـەرۆکوەزیران، سـەبارەت بـەو راپۆرتـەی پارتـی سۆسـیال دیموکراتـی گـەل[26] (SHP) لەبـارەی کـوردەوە ئامـادەی کردبـوو، ئـەم قسـانەی کردبـوو:
"پارتـی سۆسـیال دیموکراتـی گـەل راپۆرتێکـی ئامادە کـردووە، بۆیـە لێرەوە رایدەگەیێنـم، لـە تورکیـادا کـورد نییـە و تەنیـا تـورك هەیـە. مـن نازانـم

25 - یڵـدرم ئاکبڵـوت (1935-2021) سیاسـەتمەداری تـورك، بـە بیسـتەمین سـەرۆکوەزیرانی تورکیا دادەنرێـت و لـە نێـوان سـاڵانی (1989-1991) سـەرۆکوەزیرانی تورکیـا بـووە. بـەر لـەوەش، لـە نێـوان سـاڵانی (1984-1987) وەزیـری کاری تورکیا بـووە. لـە پۆسـتی حیزبیشـدا لـە نێوان ساڵانی (1989-1991) سـەرۆکی پارتـی (ئانا وەتـەن) بـووە (وەرگێـڕ).
پارتـی سۆشـیاڵ دیموکراتـی گـەل، سـاڵی 1985، دوای داخسـتنی پارتـی گەلـی کۆمـاری دامـەزرا. سـاڵی 1995، دوای ئـەوەی جەهەپـە جارێکـی دیکـە وەکـو پارتێکـی سیاسـی دەسـتی بـە چالاکیـی سیاسـی کـردەوە، سـەهەپەش لەگـەڵ ئـەو پارتـە یەکیانگرتـەوە (وەرگێـڕ).

ئـەوان مەبەسـتیان كێیـە. چونكـە ئـەوەی لەسـەر ئـەم خاكـە دەژی هەمـووی توركـە. ناچاریشـن تـورك بـن. ئێمـە لەبەرامبـەر ئەمـە لـە خەباتدایـن و ناتوانیـن خۆمـان لەوانـە نەبـان بكەیـن. ئەگەرنـا خەسـڵەتە میللییەكانمـان لەدەسـتدەدەین. سـەیركەن سیاسـەت چـی لـە مـرۆڤ دەكا و بەرچـاوی تاریك دەكات. ببینـن لەپێنـاو دەنگێـك و كورسـییەك چـی دەكـەن، ئێمـە رێ بەوانـە نادەیـن بـە كامـی دڵیـان هەڵسـوكەوت بكـەن. ئێمـە گەلێكـی گەورەیـن. هیـچ كەسـێك ناتوانـێ ئـەو گەورەییەمـان لەكـەدار بـكات. ئەگـەر ئـەوەی دەیڵێـم ببێتـە هـۆكاری جەنگیـش، ئێمـە لـە ئامادەییدایـن بـۆ ئـەو جەنگـە" [27].

وەك دەبینـن، یڵـدرم ئاكبڵـوت دەڵـێ كـێ لـە توركیـا بـژی توركە و ناچاریشـە تـورك بێـت. وەك چـۆن دەڵـێ لـە رووبەڕووبوونـەوەی ئەوانـەدا دەبـن كـە خۆیـان بـە تـورك دانانێـن. چونكـە "گەلـی گـەورە" رێ بـە پێنگاڤێكـی لەوجـۆرە نـادا. واتـە بـە بۆچوونـی ئـەو، ئەوانـەی دەڵێـن "كوردیـن" ماڵوێرانـی بـۆ گەلـی تـورك دەهێنـن. ئەمـەش زۆر ئاشـكرایە كـە لـە تیـرۆر زیاتـر هیچـی دیكـە نییـە و رێگەیەكـی دیكـەی پیشـاندانی تیـرۆری دەوڵەتـە. چونكـە سـەرۆكوەزیران جەخـت لـەوە دەكاتـەوە كـە هەركەسـێك بڵـێ "مـن كـوردم"، زۆر بـە توونـدی رووبـەڕووی دەبنـەوە.

لەسـەر هەمـان مـژار، بۆچـوون و هـزری تورگـوت ئۆزالـی سـەرۆككۆمار لـە بۆچوونـی یڵـدرم ئـاك بڵوتـی سـەرۆكوەزیران جیـاوازە. بۆیـە لەوبارەیـەوە هەڤپەیڤینەكـەی ئـۆزال لەگـەڵ (ئاژانسـی هەواڵـی گاننیـت) ی ئەمریكـی مایـەی هەڵوەسـتە لەسـەركردنە. لەنێـو ئـەو پرسـیارانەی لـە سـەرۆككۆمار كـران، ئـەم پرسـیارەیان پەیوەنـدی بـە باسـەكەی ئێمـەوە هەیـە:

ئاژانسـی هەواڵـی گاننیـت: "ئەمریـكا بـۆ رووخاندنـی دەسـەڵاتی عێـراق، لـە مێشـكی خۆیـدا پرسـی كـوردی بـەردەوام لـە خەیاڵدایـە و وەك كارتێكـی

---

27 - رۆژنامەی میللییەت، 1990-7-31.

جێگـرەوە، لەلایەکـی دیکـەش بیـر لـەوە دەکاتـەوە تورکیـا چـۆن زیانمەنـد نەبـێ لـەو کارەدا. ئێـوە چـۆن پێشـهاتەکە هەڵدەسـەنگێنن؟"
تورگـوت ئـۆزال "ئـەوە بابەتێکـی زۆر هەسـتیارە. تورکیـا لـە وڵاتانـی دیکـە زیاتـر خاوەنـی ناسـنامەی کوردییـە. لـە سـەردەمی عوسـمانییەکانەوە ئـەو مرۆڤانـە بـە ئاشـتی ژیـاون. وەلـێ لـە دوای یەکەمیـن جەنگـی جیهانـەوە، کـورد بەسـەر چەنـد وڵاتێکـدا دابەشـکران، ئەمـەش مژارێکـی گرنگـە. تورکیـا لـە ناوچەکـەدا تاکـە وڵاتـی دیموکراسـییە کـە کوردەکانـی لەگـەڵ تورکـەکان، هیـچ جیاوازییەکیـان نییـە لـە ئـەرك و مافـدا. بـۆ نموونـە زۆر ژن و ژنخـوازی لەنێـوان تـورك و کـورددا هەیـە. لـە ریـزی دادوەران و پارێـزگاران و ژەنەڕاڵەکانـی سـوپادا ژمارەیەکـی زۆر کـورد هـەن. تاوەکـو سـەرۆکوەزیرانی کوردیـش هەبـووە. تورکیـا لەوبارەیـەوە هیـچ کێشـەیەکی نییـە. وەلـێ ئەگـەر لـە عێـراق پێشـهاتەکان بـە رێگەیەکـی دیکـەدا بـڕۆن، رەنگـە کاریگـەری خراپـی لەسـەر دراوسـێیەکانی دابنـێ. ئێمـەش ئەوەمـان پـێ خراپـە" (28).

## بنەما سەرەکییەکانی یەکسانیی کورد و تورك

لەنێـوان تورگـوت ئـۆزال و یڵـدرم ئاکبڵـوت جیاوازییەکـی گرنـگ هەیـە لـە بیرکردنەوەیـان سـەبارەت بـە کـورد. بـەر لـە هـەر شـتێك، تورگـوت ئـۆزال نکۆڵـی لـە بوونـی کـورد نـاکات و کـورد وەك کـورد هەژمـار دەکات. وەك چـۆن بـاس لـە دابەشـکردنی کوردیـش دەکات. بۆیـە لـە ئاخافتنەکانـی دیکەیـدا نکۆڵـی لـەو راسـتییە نابینیـن، بـەڵام بـە دڵنیاییـەوە ئـەوە راسـت نییـە کـە کـورد و تـورك هیـچ جیاوازییەکیـان نییـە و خـاوەن هەمـان ئـەرك و مافـن لـە تورکیـادا. ئەمـە تەنیـا لـە بارێکـدا راسـتە، ئەویـش ئەوەیـە کاتێـك کـورد نکۆڵـی لـە ناسـنامەی خـۆی بـکات، لەگـەڵ تورکێـك یەکسـان

28 - رۆژنامەی جومهوریەت، 1990-09-10.

دەبـێ. یەکێـك نکۆڵـی لـە ناسـنامەی نەتەوەیـی خـۆی بـکات و ببێتـە تـورك و کوردبوونـی خـۆی ڕەتبکاتـەوە و ئـەو کارانـە پەسـەند بـکات کـە تاکێکـی کـورد بەهـۆی کوردبوونییـەوە بەسـەری دێـت، بـە دڵنیاییـەوە دەتوانـێ ببێتـە هەمـوو شـتێك. دەتوانـێ ببێتـە دادوەر، پارێـزگار، ژەنـەراڵ و سـەرۆکوەزیرانیش... بـە کورتـی دەتوانـێ بگاتـە هەمـوو پۆسـتێك، بـەڵام مانـەوەی وەك کوردێـك، نایگەیێنتـە هیـچ شـوێنێك. چونکـە ئەگـەر خوێندکارێـك بڵـێ "کـوردم" لـە قوتابخانـە دەردەکرێـت؛ ئەگەر مامۆسـتاش بـێ لـە پیشـەکەی دووردەخرێتـەوە؛ بـازرگان بێـت هەمـوو بانکەکانـی بـەڕوودا دادەخـەن؛ ئەگـەر جووتیـار بـێ، تـۆوی چاندنـی پێنـادەن؛ سـەرباز بـێ لـە سـوپا دەردەکـرێ؛ خـاوەن پلـە بـێ هەمـووی لـێ وەردەگیرێتـەوە. ئەوانـەی لـە تورکیـا دەڵێـن "کـوردم" تەنیـا دەبنـە یـەك شـت، ئەویـش سـزادراو و تۆمەتبـارە، بۆیـە هیـچ یەکسـانییەکی ڕاسـتەقینە بەدڵنیاییـەوە نییـە. نـەك هـەر ئـەوە، بەڵکـو ئـەو جـۆرە یەکسـانییە برینێکـی گەورەشـی کردووەتـەوە کـە ناتوانیـن پشـتگوێی بخەیـن و باسـی نەکەیـن. جـا دوای ڕوونکردنەوەیەکـی وەهـا لەلایـەن دەسـەڵاتدارانی تورکـەوە، ئەگـەر پرسـیارێکی دیکەیـان لێبکـەی، بـە دڵنیاییـەوە وەڵام نادەنـەوە. لەکاتێکـدا خۆشـیان بـاوەڕ بـەوە ناکـەن کـە دەیڵێـن.

ئیحسـان سـەبری چاغلایانگێـل، لەژێـر ناونیشـانی (دۆغـوو سـۆڕونوو ـ کێشـەی ڕۆژهـەڵات) لـە وتارێکیـدا سـەبارەت بـەوەی "خۆشـیان بـاوەڕ بـە قسـەکانیان ناکـەن"، لـە سـەردەمی پارتـی عەدالـەت [29] ئـەم چەنـد دێـڕەی بـۆ پەرلەمانتارێـك نووسـیوە کـە زمانـی دایکـی کـوردی بـووە: "هیـچ بەربەسـتێکتان لەبەردەمـدا نییـە. هـەر کاتێـك ویسـتتان دەتـوان ببنـە دادوەر، پەرلەمانتـار یـان ژەنـەراڵ. ئیـدی سـکاڵاتان لـە چییـە؟"، پەرلەمانتارەکـە لـە وەڵامـی پرسـیارەکەم دا ئەمانـەی بـۆ نووسـیبووم "لـە ناوچەکانـی ڕۆژهـەڵات، بـە ملیۆنـان مـرۆڤ بەبـێ ئـەوەی تورکـی بزانـن

29 - ئەو پارتە ساڵی 1961 لەلایەن ڕاغب گوموش پالا دامەزرا و ساڵی 1981 داخرا (وەرگێڕ).

دەژیـن. بەهیـچ شـێوەیەکیش بـە ئاسـایی وەرناگیـرێ ئەگــەر ئەمانـە بـە زمانـی دایکیـان گۆرانـی بڵێـن. لەکاتێکـدا ئـەو ئەرمەنانـەی ژمارەیـان زۆر کەمیـش بووەتـەوە، رێگەیـان پێـدەدرێ بـە نـاوی (ژامانـاك) رۆژنامـە دەربکـەن. ئـەی زۆر سـەیر نییـە ئـەو مۆڵەتـە لـە گەلێکـی دەیـان ملیـۆن کەسـی وەردەگیرێتـەوە کەچـی بـە ئەرمەنـەکان دەدرێـت؟ ئێـوە چـۆن ئـەوەم بـۆ روونده‌کەنـەوە؟".

بەدڵنیاییـەوە ناتوانیـن لەگـەڵ تـەواوی بۆچـوون و بیرکردنـەوەی ئـەو پەرلەمانتـارە بیـن لـە کاتێکـدا بـۆ ئاخافتـن بـە زمانـی کـوردی نابـێ مۆڵـەت لـە هیـچ دامەزراوەیـەك وەربگیردرێـت. چونکـە قسـەکردن بـە کـوردی کارێکـی زۆر زۆر سرووشـتییە. خەڵکـی ئـەو ناوچەیـە هـەر بـە سرووشـت بە کـوردی دەدوێـن. ئەگـەر قەدەخـەش بکـرێ هـەر قسـەی پێدەکرێـت. جـا ئەگـەر ئەوانـەی بـە کـوردی دەدوێـن هەڕەشەشـیان لێبکرێـت، ئـەو زمانـە هـەر قسـەی پێدەکرێـت. لـە کاتێکـدا ئـەو قەدەخـەکاری و هەڕەشـانە بەهیـچ شـێوەیەك یاسـایی نیـن. لەلایەکـی دیکـەش، دەبـێ بـە راسـت و دروسـتی بەرگـری لـە زمانـی کـوردی بکرێـت. چونکـە بەرگـری بـەو پاسـاوەی کـە "تورکـی نازانـن، بۆیە دەبـێ رێگەیان پێبـدرێ بە کـوردی بدوێن" بەرگرییەکـی ناڕاسـتە. لەبەرئـەوەی ئاخافتـن بـە زمانـی کـوردی مافێکـی بنچینەیـی و سرووشـتیی تاکـی کـوردە و دەبـێ هـەر بەوشـێوەیەش بەرگـری لـە زمانـی کـوردی بکەیـن. لەلایەکـی دیکـەوە، ناتوانـم بڵێـم هاوبیـرم لەگـەڵ ئـەو قسـانەی پەرلەمانتارەکـە کـە بـاس لـە پـەروەردەی ئەرمەنـی و رێگەپێدانـی بڵاوکردنـەوەی رۆژنامەیەکـی ئەرمەنـی دەکات. بەرپرسـانی حکومـەت و دەوڵەتـی تـورك و دەزگا میدیایـی و دامـەزراوە دادوەرییـەکان و زانکـۆ تورکییـەکان و تـاد... دەزانـن چـۆن بەرگرییـان لـە مافـی تورکەکانی بوولگاریـا دەکـرد؟ چونکـە ناشـێ هیـچ کات ئەمـە لـە بیر بکەیـن. بەدڵنیاییـەوە نەیاندەگـوت "ئەوانـە بوولـگاری نازانـن، لەبەرئـەوە دەبـێ رێگەیـان پێبـدرێ بـە زمانـی تورکـی بدوێـن و بنووسـن". بەڵکـو ئـاوا بەرگرییـان لـە زمانـی تورکـی دەکـرد: "لەبەرئـەوەی ئـەوان زمانـی دایکیـان

تورکییە و ئەمەش بنەچەی مافەکانی مرۆڤە". جا ئەگەر سەیری ئەو بەرگرییە بکەین لە زمانی تورکەکانی بوولگاریادا، بۆمان دەردەکەوێ دەسەڵاتدار و میدیا و دامەزراوە دادوەری و زانکۆ تورکییەکان بە دوو بیرکردنەوەی جیاواز لە یەك مژار دەڕوانن. بەتایبەتیش دامەزراوە دادوەرییەکان کە لەپێناو ڕێگری لە مافە نەتەوەیی و دیموکراسییەکانی گەلی کورد، پەلەقاژە بۆ هەموو شتێك دەکەن. بۆیە دەتوانین بڵێین میدیای تورکی دەسەڵاتی چوارەم نییە. زانکۆ و میدیای تورکی لە مژاری کورد و کوردستاندا وەکو بەشێکی دەزگای هەواڵگری کار دەکەن. ئەوەی دەزگا میدیاییەکانی جیهانی دیموکراسی بەکاری خۆیانی دەزانن، میدیای تورکی بە ئەرکی خۆی نازانێ و ئاوا کار ناکات. بۆیە دەبێ زۆر بە وردی لە کاری دەزگا میدیایی و زانکۆ تورکییەکان بکۆڵینەوە لەبارەی چۆنیەتی کارکردنیان لەسەر پرسی کوردستان و ئەوە بۆ هەموو لایەك ئاشکرا بکەین کە ئەوانە بە دوو پێوەری جیاواز لەسەر هەمان مژار کار دەکەن.

لای هەمووان ئاشکرایە یەکسانی خۆی بە هیچ شتێکەوە پەیوەست ناکات. چونکە ئەگەر یەکسانی خۆی بە شتێکەوە بەستەوە، ئەوە بە دڵنیاییەوە پایە سەرەکییەکانی لەق دەبن و ڕۆحی سرووشتیی خۆیشی لەدەستدەدات. بۆیە ئەوانەی دەڵێن هەموو کەسێك دەتوانێ ببێتە دادوەر، ژەنەراڵ، پارێزگار و پەرلەمانتار، ئەوە بەڵگە نییە لەسەر یەکسانیی راستەقینە. بەپێچەوانەوە دەرخەری کێشەیەکە کە لەسەرەوە باسمان کرد. کاریگەری و باڵادەستیی ئایدیۆلۆژیای فەرمی لەسەر ئەو دامەزراوانە دەردەخات کە پشتئەستوورن بە درۆ و دەلەسە. خۆیشیان دەزانن ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکەن یەکسانیی راستەقینە نییە و تەنیا نکۆڵیکردنی کەسێکە لە خۆی کە دەستی لە هەموو خەسڵەتە نەتەوەییەکانی خۆی هەڵگرتووە بۆ نەتەوە و کەسێکی دیکە. یەکسانی بەو شێوەیە لەدایك نابێت. بەڵکو هەموو تاکێك لە هەر نەتەوەیەك بێ، دەبێ لەگەڵ تاکەکانی نەتەوەیەکی

دیکـە یەکسـان بـێ بـە هەمـوو تایبەتمەندییەکانییـەوە. تورکیـش هـەر بەوشـێوەیە هەوڵـی پارێـزگاری لـە تورکەکانـی بوولگاریـا دەدات. ئـەوان زۆر جەخـت لـەوە دەکەنـەوە کـە ئەوانـەی دەڵێـن "بـا تورکـەکان نکۆڵـی لـە ناسـنامەی خۆیـان بکـەن و نـاوی بوولـگاری لـە خۆیـان بنێـن ئەوسـا لەگـەڵ بوولـگارەکان یەکسـان دەبـن"، ئـەوە بـە نەژادپەرسـتی دەزانـن. راسـتییەکەش هـەر ئاوایـە. جـا کاتێـك دەسـەڵاتدار، میدیـا، دامـەزراوە دادوەرییـەکان و زانکـۆکان بەرگـری لـە تورکەکانـی بوولگاریـا دەکـەن، لـەو رێگەیـەوە کار لەسـەر بەهـا جیهانییەکانیـش دەکـەن. کەچـی کاتێـك دێنـە سـەر مـژاری مافـە نەتەوەیـی و دیموکراسـییەکانی کـورد، دەبنـە نەتەوەپەرسـت و داگیرکـەر و فاشیسـت.

## بۆنەکانی (گاپ) وەك رێگەیەکی تازە بۆ گواستنەوەی فەرهەنگی تورکی بۆ کوردستان

تیـرۆری دەوڵـەت لـە کوردسـتان بـە هەمـوو خێراییـی خـۆی بەردەوامـە. گونـدەکان خاپـوور دەکـەن و ماڵەکانیـان دەسـووتێنن و بەوجـۆرە خەڵکەکـە ناچـاری کۆچێکـی نـاڕەوا دەکـەن. هەرچـی زەویـوزاری چێنـدراوی کشـتوکاڵیش هەیـە، دەخرێنـە بـەر رەحمـی ئاگـر. لەوەتـای قەیرانـی کەنـداو روویـداوە، دەسـەڵاتدارانی داگیرکـەری تـورك لـە کوردسـتان بـە هەمـوو هێـز و توانـای خۆیانـەوە، دەسـتیان داوەتـە سیاسـەتێکی وەهـا. لەکاتێکـدا کۆمەڵگـەی جیهانـی چـاوی لەسـەر پێشـهاتەکانی قەیرانـی کەنداو بـوو، رێکارە داگیرکارییـەکان و زوڵـم و ئەشـکەنجە لـە کوردسـتان رووی لـە هەڵکشـان کـرد.

دوای ئـەوەی لـە هـەردوو گونـدی (سـاتێ و گێـرێ) گوندییـەکان کۆمەڵکوژکـران، میدیـا و نووسـەرانی تـورك بەخەسـتی کەوتنـە تۆمەتبارکردنـی پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان و چـاو و گوێـی خۆیـان لـە ئاسـت داگیرکاریـی دەوڵەتـی تـورك لەسـەر کوردسـتان داخسـت. ئـەو

نووســەر و پرۆفیســۆرانەی بەرامبــەر کۆمەڵکوژکردنــی کــورد، لەجیاتــی دەوڵەتەکــەی خۆیــان پەکەکەیــان تاوانبــار کــرد؛ ئەوانــە نایانــەوێ گوێیــان لــە هــاوار و ناڵــەی ئــەو منــداڵ و ئافرەتانــە بــێ کــە لــە کوردســتان بەهــۆی ســووتاندنی خانووەکانیانــەوە دووکــەڵ دەگەیشــتە عەرشــی ئاســمان. ئــەوان لەوکاتــەدا ســەرقاڵی پێداهەڵــدان بــوون بــە ســەدام حوســێنی فاشیســتی داگیرکــەری نەژادپەرســت و قەســابی کــورد.

دەسەڵاتداری داگیرکــەری تــورك لــە کوردســتان کاتێــك مژوولــی درێــژەدان بــوو بــەو کۆمەڵــە تاوانــە، مــژاری (جەژنــی گاپ)ی ئیمپریالیســتی بــۆ جێبەجێکــردن هێنایــە رۆژەڤەوە. کەناڵــی (TRT) و وەزارەتی رۆشــنبیری دوو ساڵە لــە مانگــی نــۆدا ئــەو پرۆگرامــە جێبەجــێ دەکەن. لــە چوارچێــوەی ئەو بەرنامەیــەدا، لــە شــارە کوردییــەکان کۆنســێرتی میوزکی تورکی پێشکێشــی کــورد دەکرێــت. واتــە فەرهەنگــی ئیمپریالیزمــی تورکــی لــە کوردســتان بڵاودەکەنــەوە لەکاتێکــدا لــە گوندەکانــی کوردســتان ســتەم بــە چــڕی بەردەوامــە. رووخانــدن و ســووتاندنی گونــدەکان بــە فراوانــی درێــژەی هەیە و خەڵــك ناچــار دەکرێــن کــۆچ بکــەن. لەولاشــەوە لــە شــارە کوردییــەکان بــە ســەپاندنی کولتــووری ئیمپریالیســتی، دەیانــەوێ رووێکــی مرۆڤانــە پیشــانبدەن! کاتێــك لــە گوندەکانــی کوردســتان بەبــەر چــاوی منداڵانــەوە ئەشــکەنجەی باوکــەکان دەدرا و لەبەرچــاوی پیــاوەکان ئەشــکەنجەی ئافرەتــان دەدرا، لــە شــارە کوردییــەکان کۆنفرانســی خۆشەویســتیی حەزرەتــی ئیبراهیــم و حەزرەتــی یونــس دەکــرا. شــانۆگەری قارەمانێتیــی تــورك و ئازایەتیــی تورکیــان پێشــکێش دەکــردن. لەلایــەك خەســتترین جــۆری ئەشــکەنجە و لەلایەکــی دیکــەش قارەمانێتــی!... چ دژبەرییەکــی قــووڵ و ناســۆرە. چونکــە دیــارە داگیــرکاری کار لەســەر جیبەجێکردنــی سیاســەتی دووڕوویــی دەکات. لــە دنیــادا هیــچ دەوڵەتێــك نابینــی هێنــدەی داگیرکاریــی تــورك لــە کوردســتان دووڕوو بێــت. هەمــووکات و لــە هەمــوو شــوێنێك دەتوانیــن ببینــە گەواهیــدەری سیاســەتی دووڕوویــی داگیــرکاری تورکــی. کاتێــك لەبەرچــاوی منداڵانــی کوردســتان، دایــك، بــاوك، خوشــك و

براکانیـان ئەشـکەنجە دەدران، تورگـوت ئـۆزال لـە نیویـۆرك و لـە بـارەگای نەتەوەیەکگرتـووەکان بەشـداریی کۆبوونـەوەی (ئەنجوومەنـی مافـی منـداڵان)ی دەکـرد. جـا لـەوێ باسـی لـەوە دەکـرد کـە ئـەوان چەنـدە زارۆکـی تورکیـان خۆشـدەوێن و چـۆن رێزیـان لێدەگـرن.
لـە سـەروبەندی بڵاوکردنـەوەی کولتـووری تورکیـی ئیمپریالیسـتدا لـە کوردسـتان، میدیـای تورکـی بەهەمـوو شـێوەیەك لـە پـاڵ دەوڵـەت دەوەسـتا و لەژێـر چاودێریـی ئەودابـوو. ئـەوان کاتێـك نووچەیەکیـان لەسـەر خاپوورکردنـی گوندەکانـی کوردسـتان و راگواسـتنی خەڵکەکـەی و ئـەو سـتەم و ئەشـکەنجانە بڵاونەدەکـردەوە و بـە هەمـوو شـێوەیەك لـە هەوڵـی ئەوەدابـوون ئـەو مـژارە بـە پەنهانـی بمێنێتـەوە، لەلایەکـی دیکـەوە هەمـوو رۆژێـك و بـێ پسـانەوە، چۆنیەتـی بڵاوکردنـەوەی فەرهەنگـی (گاپ) و جەژنـە هونەرییەکانیـان دەگەیانـدە گوێـی خەڵـك.

**ئەنجام:**

کوردسـتان، ئیـدی کوردسـتانی کـۆن نییـە؛ چونکـە رووداوەکانـی کەنـداو کێشـەی کوردسـتانیان لـەڕووی سیاسـییەوە زیاتـر بـردە پێشـەوە.
مـاوەی 10 ـ 12 سـاڵە لـە کوردسـتان، پەیوەندییـە سیاسـی و کۆمەڵایەتییـەکان بـە خێراییەکـی زۆر لـە گۆڕانـدان. جوڵانـەوەی گەریـلا و پەکەکـە لـە باکـووری کوردسـتان و پارچەکانـی دیکـە باندۆرێکـی زۆری هەبـووە. ژێرخانـی جڤاکـی کـوردی لـە گۆڕانێکـی بلەزدایـە. کـورد لـە لێکۆڵینەوەیەکـی چڕدایـە لەسـەر ناسـنامەی خـۆی و کوردسـتان، توێژینـەوە و بنکۆڵکاریـی فـراوان لەسـەر پارچەپارچەکـردن و دابەشـکردنی کوردسـتان دەسـتپێکردووە. ئیـدی کـوردی باکـوور، باشـوور و رۆژهـەڵات ئـاگاداری هەواڵـی یەکدیـن. بـۆ ئـەوەی ئـاگاداری نووچـەی هەڤـدووش بـن، لـە هەوڵێکـی گـەورەدان. کوردسـتان وەك کۆلۆنییەکـی نێودەوڵەتـی هەوڵـی زیاتـری دەرچـوون لـەو ئاسـتەنگ و بەربەسـتانە دەدات کـە وڵاتانـی

داگیرکـەر لەڕێـی سـوپا و ئامرازەکانـی دیکەیـەوە لەسـەر سـنووری پارچەکانـی کوردسـتان جێگیریـان کـردوون؛ بـە دوای دەرچەیەکـدا دەگەڕێـن و دەیدۆزنـەوە. چینـە جیاوازەکانـی کۆمەڵگـەی کـوردی و رووناکبیرانـی، لـە پـاڵ هەڵکشـانی مەعریفـەی جڤاکـی و مێژوویـدا، پەرەسـەندنی هـزری ئەوانیـش هێـدی هێـدی زێدەتـر دەبێـت. کوردسـتان ئیـدی کوردسـتانەکەی کـۆن نییـە.

لـە باکـووری کوردسـتان، ئافرەتـان لەنێـو ریزەکانـی گەریـلا دەردەکـەون. بەشـداریی ئافـرەت لەنێـو ریزەکانـی گەریـلادا بـەو شـێوە فراوانـە، مایـەی لێکۆڵینـەوە و هەڵوەسـتەیەکی گرنگـە. چونکـە بەشـداریی خانمـان لـە ریزەکانی گەریـلا و وەرگرتنـی پلـەی بەرپرسـیاری، هۆکارێکـە بـۆ گۆڕانێکـی خێـرای داوونەریتـە کۆمەڵایەتییەکانـی کۆمەڵگـەی کـوردی. بـە واتـای ئـەوەی، ئـەو سیسـتەمە خێزانییـەی لـە کۆمەڵگـەی کوردیـدا پشـتی بـە فەرمانڕەوایـی بـاوان دەبەسـت، هێـدی هێـدی بـەرەو کاڵبوونـەوە دەڕوات و کەسـی ئـازاد لـە هەنـاوی خێزانـەوە بەرهەمدێـت. ئەمـەش هۆکارێکـە بـۆ گۆڕانـی تـەواوی پەیوەندییـە خێزانییـەکان. چونکـە ئیـدی پەیوەندییەکانـی (بـاوک و کـوڕ، دایـك و کـوڕ، بـاوک و کـچ، دایـك و کـچ، ژن و مێـرد، خوشـك و بـرا، بـرا و بـرا، خوشـك و خوشـك) وەکـو پێشـوو نامێننـەوە. هەربۆیـە جوڵانـەوەی گەریـلا و بەشـداریی ژنـان لەنێـو ئـەو بزاڤـەدا، کاریگـەری لەسـەر بـە شارسـتانبوونی جڤاکـی کـوردی دادەنێـت. لەبـەر ئـەو هۆکارانـەی سـەرەوە، لـە کۆمەڵگەیەکـی وەك کۆمەڵگـەی کوردیـدا پەیوەسـت بـە فەرهەنـگ و داوونەریـت، وەرگرتنـی ئافـرەت لەنێـو ریزەکانـی گەریـلادا، رەنگـە یەکێکبـێ لـە بڕیـارە هـەرە قورسـەکانی پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان. ئـەو مـژارەش بۆخـۆی بـە تەنیـا مایـەی توێژینـەوە و لێوردبوونەوەیـە.

هاتنـی ئافرەتـی کـورد بـۆ ریزەکانـی گەریـلا، گۆڕانکارییەکـی گـەورە لـە (چەسـپاندنی دڵسـۆزی)دا دەکات لەنێـو کۆمەڵگـەی کـوردی دا. ئیـدی ئەمـە دەبێتـە هـۆی کاڵبوونـەوەی تێگەیشـتن لـە چەمکەکانـی

وەك پەیوەستبوون بە خێزان، عەشیرەت و نامووسی خێزانەوە. لە هەمووشی گرنگتر، ئیدی لۆژیك و تێگەیشتن بۆ نەتەوەی كورد و پەیوەستبوون بە نیشتیمانی كوردستان و گیانسپاردن لەپێناو خاكی كورد و كوردستان، زۆر زیاتر و فراوانتر بووە. ئیدی هێدی هێدی، ئەمە دەبێتە هۆی زێدەبوونی زانینمان لەسەر ئەو مژارە بەشێوەیەكی فراوان. چونكە دەبێ بەردەوام ئەوە لە هۆشماندا بێت، تاوەكو خاك و گەلی كوردستان لەژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیست و داگیركەراندا بن، شتێك نییە بە ناوی شەرەفی خێزان، چونكە ئەمە لە دۆخێكی وەهادا یەك پوولی قەڵب ناهێنێ.

دەبێ كورد سەرلەنوێ كار بۆ بەدەستهێنانەوەی بیرەوەری و یادگارییە دزراوەكانیان بكەن. ئیدی دەبێ بگەنە ئاستێكی وەها كە كۆمەڵگەی كوردی لەگەڵ مێژووی خۆیان بژین.

كاتێك كورد مژوولی هەنگاوێكی بەوشێوەیە دەبێ، بەدڵنیاییەوە ئەو وڵاتانەی بە هاوبەشی چاودێریی كوردستان دەكەن و كوردستانیان كردووەتە كۆڵۆنییەكی نێودەوڵەتی، هەروا بە حەپەساوی و دەستبەستراوی دانانیشن. ئەوانیش بە پیلان و تەكنیكی تازەی تەكنەلۆژی هەوڵی درێژەدان بە باڵادەستیی خۆیان دەدەن. كار لەسەر فراوانتربوون و زیادبوونی هێزی دووژمنداری و ئایدیۆلۆژیای فەرمی دەكەن بۆ سەر كورد. وەك چۆن دەیانەوێت لە رێگەی ئۆپەراسیۆنی سەربازی، رێ لە گۆڕانكارییەكانی جڤاكی كوردی بگرن، بەڵام سەرباری هەموو ئەو هەوڵانە، رووداوەكانی كەنداو هەنگاوێكی گرنگ پرسی كوردیان بردە پێشەوە و بووە هۆكارێك بۆ درزبردنی سیستەمی كۆڵۆنیالی نێودەوڵەتی لەسەر كوردستان.

## بەشی سێیەم

# داگیرکاری بە دەرکردنی فەرمان بەڕێوەدەبردرێت [30]

کوردستان نیشتیمانێکە بە فەرمان و سانسۆر و قەدەخەکاری و ڕاگواستن بەڕێوەدەبرێت. ئەم جۆرە بەڕێوەبردنەش پشتئەستوورە بە دەسەڵاتی ئەشکەنجە و زوڵم و هێزی داپڵۆسێنەر. ئامانجی سەرەکی ئەم فەرمانڕەواییەش شکاندنی کەسایەتیی مرۆڤە. شکاندن و بەکەمبینینی کەسایەتیی تاك و بەهیچ نەبینینی کۆمەڵگە، یەکێکە لەو سیاسەتە سەرەکیانەی دەستی لێهەڵناگرن و بووەتە تایبەتمەندییەکی نەبڕاوەی دەسەڵات. لەو پێڤاژۆیەشدا، وێرانکردنی کەسایەتیی تاك و بە هیچ هەژمارکردنی و داماڵینی لە هەموو خەسڵەتێکی مرۆڤانە، یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی

30 - لقی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئیستەنبووڵ، لە ڕۆژی ٥ای کانوونی یەکەمی 1990، لەژێر ناونیشانی (مافی زمانی دایك و فەرمایشتەکان) پانێلێکی ڕێکخستبوو. منیش وەك قسەکەر بەشداربووم. ئەم نووسینە دوای چاککردنەوە و پێداچوونەوە و فراوانکردنی، لێرە دووبارە بڵاوی دەکەمەوە. جگە لەمانە، لە پانێلەکەدا هەریەکە لە پارێزەر کامبەر سۆیپاکیش وەك قسەکەر بەشداربوو. پانێلەکەش لەلایەن حوسێن ئایگول سکرتێری لقی ئیستەنبووڵی ڕێکخراوی (IHD) بەڕێوەبرا. لە وتاری کردنەوەی کۆنفرانسەکەشدا، پارێزەر ئەرجان کانار، وەکوو سەرۆکی لقی ئیستەنبووڵی ڕێکخراوی (IHD) وتارێکی پێشکێش کرد. پانێلەکە لە هۆڵی سەندیکای پزیشکانی ئیستەنبووڵ بەڕێوەچوو.

ئـەو بەڕێوەبردنـە بـووە. چونکـە هـەر کۆمەڵگەیـەك، ئەگـەر توانـی تاکـی سـەرکەوتوو و بەهێـز دروسـت بـکات، لـە کۆمەڵگەیـەک دا کـە خاوەنـی ناسـنامە و خەسـڵەتە نەتەوەییەکانـی خـۆی بێـت، بەدڵنیاییـەوە ئـەو کۆمەڵگەیـە بـە ئاسـانی داگیـر ناکرێـت. کۆمەڵگـەی بەرگریـکار و پرسـیارکەر و بەرهەڵسـتکار، هـزری داگیـرکاری تێیـدا درێـژە ناکێشـێت. بـە پێچەوانـەوەش، داگیرکـەر تەنیـا دەتوانـێ لـە کۆمەڵگەیەکـدا درێـژە بـە خـۆی بـدات کـە جڤاتەکـە بـێ ناسـنامە کرابـێ و تاکەکانـی خـاوەن کەسـایەتی خۆیـان نەبـن و پارچەپارچـە کرابـن. چونکـە چەنـد ناسـنامەی تاکەکانـی کۆمەڵگـە هەنجـن هەنجـن بکرێـن و دۆخـی رۆحییـان وێرانبکـرێ و کەسـایەتییان لەنێـو ببردرێـت، ئەوەنـدە کاری داگیـرکاری و درێژەپێدانـی ئاسـانتر دەبێـت.

داگیـرکاری بـە فەرمـان و بڕیـارە کارگێڕییـە فەرمییـەکان بەڕێوەدەچێـت. بینینـی ئـەو رێکارانـەی بەڕێوەبـردن لـە داگیرکارییـە کلاسـیکەکاندا ئاسـانە. کۆلۆنیالـی ئینگلیـز لـە هیندسـتان، هەمـان شـێوازی بەڕێوەبردنـی بەکاردەهێنـا. بـە دڵنیاییـەوەش ئـەو ئازادیـەی لـە ئینگلتـەرە و بەریتانیـای گـەورەدا هەبـوو، لـە هیندسـتان نەدەبینـرا. فەرەنسـییەکانیش کاتێـك لـە جەزائیـر بـوون، هـەروا رەفتاریـان دەکـرد. بۆیـە بـۆ جێبەجێکردنـی کارەکانیـش تەنیـا بیـر لـە خێرایـی جێبەجێکردنـی فەرمانـەکان دەکرایـەوە. لەکاتێکـدا یاسـا و دامـەزراوە دادوەرییـەکان بـەردەوام چالاکـی و هـزری وڵاتـی داگیرکراویـان سـنووردار دەکـرد، چونکـە دەبوونـە بەربەسـت لەبەردەمیانـدا.

کۆنگـۆی کۆڵۆنیـی بەلجیـکا، مۆزەمبیـق، ئەنگـۆلا و گینیـای کۆڵۆنیـی پورتووگالـی، بـەردەوام رووبـەڕووی ئاسـتەنگی ئـازادی و دیموکراسـی دەبوونـەوە، دەبـێ جێبەجێکردنـی فەرمانەکانـی دەسـەڵاتی دەوڵەتـی ئەفریقیـای باشـوور و نامیبیـاش لەسـەر هاووڵاتیـان هـەر لـەو چوارچێوەیـەدا راڤـە بکەیـن، بـەڵام کوردسـتان داگیرکراوێکـی لـەکاوە بـە تورکیـاوە، بۆیـە ئـەو سیاسـەتە زۆر زیانبارتـر لەسـەر کوردسـتان

دەرکەوتـووە. چونکـە ئەگـەر لەنێـوان وڵاتی داگیرکـراو و وڵاتـی داگیرکەردا، دەریـا، زەریـا و مەودایەکـی دوور هەبـوو، گوشـارەکە لەسـەر وڵاتـی داگیرکـراو کەمتـر دەبێتـەوە. چونکـە وڵاتـی داگیرکـەر لـەڕووی سـەربازی، هـزری، سیاسـی و ئابوورییـەوە ناتوانـێ بـە ئاسـانی هەمـوو پلانەکانـی بەسـەر وڵاتـی کۆڵۆنیـدا جێبەجـێ بـکات.

کوردسـتان بـەردەوام بـە فەرمـان بەڕێوەچـووە. بـۆ نموونـە لـە سـەردەمی تـاک حیزبیـدا لـە سـەرەتای دامەزراندنـی کۆمـاری تورکیـادا، کوردسـتان لەڕێـی پشـکنەرەوە بەڕێوەچـووە. فەرمانەکانـی ئەمـڕۆش بـۆ بەڕێوەبردنـی کوردسـتان، لەگـەڵ پشـکنەرە گشـتییەکانی ئـەوکات هیـچ جیاوازییەکـی نییـە. بـۆ نموونـە کاتێـك وردبینـی سـەبارەت (یاسـای دێرسـم) کـرا لـە سـاڵی 1935دا، هـەر زوو ئـەوە ئاشـکرابوو کـە بەهـۆی ئـەوەی مژارەکـە وەك پرسـێکی ڕێـکاری کارگێـڕی کاری لەسـەر کـراوە، هیـچ بـاس لـە مافـی خەڵـك و ئـازادی نەکـرا، بەپێچەوانـەوە ئەوەنـدە ئـازادی و مافـەش کـە هەبـوو، هەمـووی لـێ دەرهێنـرا. بۆیـە هەرکاتێـك بیـری نەتەوەیـی لـە کوردسـتان ژێرپـێ خـرا، بەدڵنیاییـەوە جێبەجێکردنـی ڕێکارێکـی بەوشـێوەیە پێویسـت نەبـووە. بـۆ نموونـە لـە کۆتاییەکانـی سـاڵی 1940دا تاوەکـو نێوەڕاسـتەکانی سـاڵانی پەنجـای سـەدەی رابـردوو، دەتوانیـن هەسـت بـەوە بکەیـن. وەلـێ لەوکاتیشـدا کوردسـتان لەژێـر هەژموونێکـی چـڕی ئایدیۆلۆژیـا و پڕوپاگەنـدەی سیاسـیی گرانـدا بـوو. چونکـە بـۆ زێدەکردنـی کاریگەریـی ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی، هەمـوو ڕێگـە و ڕێکارەکانیـان تاقـی دەکـردەوە.

## دەسەڵاتی دەستووری و دەسەڵاتی فەرمانەکان

ئـەو جـۆرە دەسـەڵاتەی بەڕێوەبـردن کـە پێشـتر باسـمان کـرد، پشـتی بـە هێـزی داپڵۆسـین و ئەشـکەنجە و سـووکایەتی بەسـتووە و سـنووربەندە یاساییەکەشـی فەرمانەکانـە. ئـەو چوارچێـوە یاسـاییەش بـە هەمـوو

مانایەك، تەنیا بۆ جێبەجێکردنی پرسە کارگێڕییەکانە. جا ئەو بابەتە کارگێڕییانەش بەتەواوی، بایی مسقاڵێکیش دیموکراسی و ئازادییان نەهێشتووەتەوە، لەکاتێکدا دەستکراوەیی و ئازادییەکی بێسنووری بۆ دەوڵەت و هێزەکانی ئاسایش دابین کردووە. بەم شێوەیەش، فەرمانەکان توانستی پەیوەندیی نێوان دەستوور و دیموکراسی و ئازادی و مافەکانی مرۆڤیان نەهێشتووەتەوە، چونکە یاساکانی دەسەڵاتی جێبەجێکاری زۆر لە سەرووی دەستوورەوە دەبینرێن.
چونکە جیاوازییەکی گرنگ هەیە لەنێوان دەسەڵاتی دەستووری و دەسەڵات و فەرمانڕەوایی بە فەرمان. دەستوور بە ئاشکرا و بەبێ پەنهانی، بە کورتی و پووختی ڕێکخەری ماف و ئازادییەکانی هاووڵاتی و گەلە بەرامبەر دەوڵەت. ئەگەر دەستوورێکی وەك دەستووری ساڵی 1982ی تورکیا [31]، زۆر دەستوورێکی خراپیش بێت، خاوەندارێتی ماف و ئازادییەکانی خەڵك و هاووڵاتیان بەرامبەر دەوڵەت ڕێک دەخات. بۆ نموونە لەوێ ڕاگەیاندن ئازادە... مافی گەشتکردن بۆ هەموو کەسێك ئازادە.. هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە بەشداریی خۆپیشاندان و کۆبوونەوە جەماوەرییەکان بکات.. هەموو کەسێك بۆی هەیە بە ئازادی بیروبۆچوونەکانی دەرببڕێت... وەك چۆن هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە ببێتە ئەندامی سەندیکا و ڕێکخراوەکان، یان بە ئارەزووی خۆی دەست بە مانگرتن بکات لە خواردن، کەچی دەسەڵاتی فەرمان بەپێچەوانەی دەسەڵاتی دەستووری، تەنیا مافەکانی دەوڵەتی بەرانبەر هاووڵاتی و گەلەکەی ڕیز کردووە. بۆ نموونە ئەو فەرمانانە دەبینین "ڕۆژنامە و گۆڤار و پەرتووکەکان ئەگەر باسیان لە فڵانە مژار

31 - دەستووری کۆماری تورکیا، یان دەستووری 1982، لە ڕۆژی ٩ی ئەیلوولی 1982 چووە بواری جێبەجێکردنەوە و تائێستا بەشێکی هەرەزۆری وەك دەستووری تورکیا کاری پێدەکرێت، سەرباری ئەوەی تاوەکو ساڵی 2022 بەگشتی ٢١ جار لە چەند بەشیدا گۆڕانکاری کراوە، جگە لە سێ ماددەی یەکەم. ئەو دەستوورە دوای کودەتای ١٢ای ئەیلوول بە فەرمانی دەسەڵاتی سەربازی لەلایەن ئەنجوومەنی شێوەرمەندانەوە ئامادەکرا و دواتریش لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتیمانیی تورکیاوە پەسند کرا و پاشان بە ڕێژەی دەنگی بەڵێی ٪91.37 دەنگی بەشداربووانی گشتپرسیی بەدەستهێنا (وەرگێڕ).

و فیساره بابەت کرد، چاپ و بڵاونەکرێنەوە". "کۆبوونەوەی جەماوەری و خۆپیشاندان و گوتاردانی گشتی قەدەخەیە". "مانگرتن لە خواردن قەدەخەیە". "ئەگەر دۆخێکی ئەوها و ئەوها هاتە پێشەوە، هەموو هێزەکان ئازادن لە دەستڕێژیکردن لە خەڵك بە گوللە". "لە دۆخێکی وەهادا ئەگەر هاتە پێشتان، دەتوانن خەڵک بکوژن". "ئەگەر فڵانە بوویەر ڕوویدا، بۆ پاراستنی دۆخی ئاسایش دەتوانن گوندەکان لە خەڵك چۆڵ بکەن و هەرکەسێکیش بووە ڕێگر لەبەردەم ئۆپەراسیۆنەکە، دەتوانن ماڵەکەی بسووتێنن و دواتر خاپووری بکەن... ". "ئەگەر فڵانە شت ڕوویدا، دەتوانن خەڵکەکە بە زۆرداری ڕاگوێزن". "هەر کاتێك پێویست بوو، دەتوانن گەمارۆ بخەنە سەر هەر دەڤەرێك کە پێویستی کرد و چوون و هاتنی خەڵکیش بۆ ناوچەکە قەدەخە بکەن". "لە فڵان و فیسار بارودۆخدا، قەدەخەیە خەڵك لە ماڵەکانیان دەرچن و نابێ بچنە سەر ڕەز و باخەکانیان و بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانیان بچنە دەشت... ". "ئەگەر هێزەکانی ئاسایش لەکاتی دەوامی فەرمی خۆیاندا بوون و لە ڕووبەڕووبوونەوەدا خەڵکیان کوشت، یان خەڵکیان بریندار کرد، یاخود تاوانێکیان کرد و زیانیان بە خەڵك گەیاند، کەس ناتوانێ دژی ئەوان لای داواکاری گشتی سکاڵا تۆمار بکات. چونکە داواکارانی گشتیی کۆمار ناتوانێ هیچ دۆسیەیەکی دادگایی لەسەر ڕووداوی لەوجۆرە بکەنەوە. تەنیا یاسای دادگایی فەرمانبەران دەتوانێ ئەو دادگاییە بکات".

ئەمانە بەشێکن لە ئازادییەکانی دەوڵەت بەرامبەر بە تاکەکانی کۆمەڵگە کە وەکو دیارە ئازادییەکی ڕەهایە. هەر بە شێوەیەکی سرووشتیش، ئەگەر سەروماڵمان پارێزراو نەبوو، بە دڵنیاییەوە ناتوانین باسی ئازادی و مافەکانی مرۆڤیش بکەین. بۆیە دەوڵەتی تورك بەرامبەر خەڵکی کوردستان، خاوەنی ئەوپەڕی ئازادییە. داگیرکاری مەگەر تەنیا لە دۆخێکی بەوشێوەیەدا توانای بەردەوامبوونی هەبێت. جا ئەم فەرمانانە حوکمی یاساشیان هەیە لەکاتێکدا هیچ ڕەواییەکی دەستوورییان نییە و ئەو پرسەش گفتوگۆ هەڵناگرێت.

ئەگــەر هەڵســەنگاندنێك بــۆ ئــەو دۆخ و ئەگەرانــەی ســەرەوە بکەیــن، لەکاتــی ڕوودان یــان ڕوونەدانیــان، بەدڵنیاییــەوە دەتوانیــن بڵێیــن هێزەکانی ئاسایش ڕووبەڕووی دۆخــی وەهـا بوونەتـەوە. بۆیە دەسـەڵاتی فەرمانــەکان بەهیــچ شــێوەیەك دان بــە مــاف و یاســاکاندا نانێــت. ئــەم دەســەڵاتە زۆر لــە ســەرووی دەســتوورەوەیە و ئــەو مــاف و ئازادیانەشــی دەســتوور دابینــی کــردوون، بــە یاســای دەســەڵاتی جێبەجێــکاری هەمــووی ژێــر پــێ دەخــەن. جــا بەبــێ دەســەڵاتێکی لــەم جــۆرە، داگیــرکار بەهیــچ کلۆجێــك ناتوانــێ سیاســەتەکانی خــۆی بســەپێنێ.

هەندێــك دەســتوور، کاتێــك مــاف و ئازادییەکانــی هاووڵاتــی بــەدوای یەکــدا ریــز دەکــەن، هەندێــك رێــکاری بەرتەســککردنەوەش لەگــەڵ ئەوانــدا دەســەپێنن. لــەم ڕووەوە دەتوانیــن دەســتووری تورکیــای ســاڵی 1982 بــە نموونــە بهێنینــەوە. ئــەو دەســتوورە دەڵــێ "ڕاگەیانــدن ئــازادە، بــەڵام... " "هەمــوو کەســێك مافــی بەشــداریکردنی لــە خۆپیشــاندانی جەمــاوەری و گردبوونــەوە هەیــە، بــەڵام... " " بیروبۆچــوون ئــازادە و هەمــوو کەســێك خــاوەن هــەر بۆچوونێــك بێــت، دەتوانــێ گوزارشــت لــە بیــروڕای خــۆی بــکات، بــەڵام... ".

ئــەو (بەڵام)ــە دواتــر بەرتەســککردنەوەی ئــازادی بە دوای خۆیــدا دەهێنێت. دوایــی دەڵێــن "هیــچ کەســێك ناتوانــێ ســەرجەم ئــەو مــاف و ئازادییانــە، وەك دژایەتــی دەوڵــەت و دابەشــکردنی گــەل و نیشــتیمان بەکاربێنــێ".

وەلــێ دەتوانیــن بڵێیــن، ســەرباری هەمــوو ئەمانــە و بەرتەســککردنەوەی ســەرجەم مــاف و ئازادییەکانــی هاووڵاتــی، دەســتوورێکی وەهــا بــۆ هاونیشــتمانی مایــەی باوەڕتــرە. وەلــێ لــە فەرمانڕەوایــی فەرمانەکانــدا هیــچ بەرتەســککردنەوەیەك لــە مــاف و ئازادییەکانــی دەوڵــەت و هێــزە ئەمنییەکانــدا نییــە. چونکــە ئــازادی و مافەکانــی دەوڵــەت بەرامبــەر گــەل، بێســنوور و ڕەهایــە. هــەر لەبەرئەوەیــە وڵاتــە داگیرکــراوەکان بــە فەرمــان بەڕێوەدەبرێــن. ئێســتا ئێمــە دەمانــەوێ ئــەوە بگەیێنیــن کــە کوردســتان کۆڵۆنییــش نییــە.

## سستیی دامەزراوە دادوەرییەکان لە وڵاتانی کۆڵۆنی

یەکێـك لـە جیاوازییـە هـەرە گرنـگ و بەرچاوەکانـی نێـوان دەسـەڵاتی فەرمانـی و دەسـەڵاتی دەسـتووری لـە ئەرکـی دامـەزراوە دادوەرییەکانـدا دەردەکەوێـت. لـە دەسـەڵاتی دەسـتووریدا سـزاکان پێشـتر دیاریکـراون و بەپێـی یاسـا لەلایـەن دادگاکانـەوە بەگوێـرەی جـۆری تـاوان، بەسـەر کەسـی تۆمەتبـاردا دەسـەپێنرێت. ئەگـەر لـە تورکیـا دادگا و دادوەرەکان بـە تـەواوی سـەربەخۆ و بێلایەنیـش نەبـن و هێشـتا بـە دامەزراوەیـی نەبووبـن، بـەڵام بوونـی دەسـەڵاتی سـزادان تەنیـا لای دادگاکان، دەتوانیـن وەك جۆرێـك لـە دڵنیایـی بـۆ مـرۆڤ ببینیـن. لەکاتێکـدا لـە کوردسـتانی کۆڵۆنـی، یاسـای سـزادان بەهیـچ شـێوەیەك کاری پێناکرێـت. هاووڵاتیـان لەلایـەن هێزەکانـی پۆلیـس و ژەندرمـە و هێـزە تایبەتـەکان و گوندپارێـز و سـیخوڕەکانەوە سـزا دەدرێـن. جـا ئەوانـە ئـەو کارە بـە شـێوەیەك دەکـەن کـە لـە چوارچێـوەی نووسـراوە فەرمییـەکان دەردەچێـت. واتـە دەتوانیـن بڵێیـن سـزاکان زۆر بـە شـێوازێکی هەڕەمەکـی دەسـەپێنرێن. بـە دڵنیاییەوە ئـەو جـۆرە رەفتارانـە سـەرچاوەی لـە فەرمانەکانـەوە هەڵدەقوڵێـن. وەك لـە سـەرەوە باسـمان کـرد، دەوڵەتـی تـورك بەرامبـەر گەلـی کـورد، رەهـا و سەربەسـتە لـەو مـاف و ئازادیانـەی هەیەتـی، بەبـێ سـنوور و بـە هەرشـێوەیەك ئـەو بیەوێـت، دەسـەڵاتەکانی خـۆی بەکاردەهێنێـت. لـە حاڵەتـی دەرچوونـی هێزەکانـی ئاسـایش لـە چوارچێـوەی سـنوورەکانی مافـی مـرۆڤ، تـا ئاسـتی کوشـتن و برینداركـردن و هـەزار و یـەك شـێوازی جیـای ئەشـکەنجەدان و زوڵـم و سـتەمی زۆر و سـووتاندنی گونـد و فەرهـوودی مـاڵ و موڵکـی خەڵـك، هیـچ سـکاڵایەك نادرێتـە داواکاری گشـتی. لـە کاتێکـدا لـە حاڵەتـی تێپەڕاندنـی سـنووری دیاریکـراوی مافەکانی مـرۆڤ لەلایـەن هێزەکانـەوە، دەبـێ داواکاری گشـتی بێتـە سـەرخەت و ناچـارە دەسـت بـە شـۆپاندنی رووداوەکـە بـکات. وەلـێ لـە کوردسـتانی

داگیرکـراو، لـە کاتـی تاوانـی لەوجـۆرەدا، کـەس ناتوانـێ بچێتـە لای داواکاری گشـتی و سـکاڵا تۆمـار بـکات. چونکـە داواکاری گشـتی، ئەو جۆرە دۆسـیانە بەپێـی یاسـای دادوەری، ئاراسـتەی ئەنجوومەنـی کارگێڕیـی پارێـزگا و قـەزا و ناحیـەکان دەکات. تەنیـا ئـەو ئەنجوومەنـە دەتوانـێ ئـەو کارمەنـدەی تاوانەکـەی کـردووە، رەوانـەی دادگا بـکات و دژی ئـەو بڕیـار بـدات، بـەڵام ئەمـە بـە هیـچ شـێوەیەك جێـی بـاوەڕ نییـە کـە کاری وەهـا بەرامبـەر هێزێکـی ئاسـایش بکـەن. چونکـە وەك ئـەوە وایـە لای دادوەر سـکاڵا لـە دادوەر بکـەی. رەنگـە ئـەو کـەس و لایەنـەی تاوانەکەشـی دژی خەڵکـی کـورد کـردووە، هـەر خـۆی لـە ئەنجوومەنـی کارگێڕیـی پارێـزگا و قـەزا و ناحییـەکان بێـت. بـۆ نموونـە لـە قـەزاکان، کاتێـك قایمقامـەکان داوای مۆڵـەت دەکـەن و بـۆ ماوەیـەك نایەنـە سـەر کارەکانیـان، فەرماندەیـی ژەندرمـە راسـتەوخۆ بـە وەکالـەت شـوێنی قایمقـام دەگرێتـەوە. هـۆکاری ئـەو پشـوودرێژی و کەیفسـازییەی هێزەکانـی ئاسایشـیش بـۆ یاسـای ژمـارە 285ی سـاڵی 1989 دەگەڕێتـەوە.

ئەمـڕۆ لـە کوردسـتان، گونـدەکان دەسـووتێنرێن و خاپـوور دەکرێـن، دارسـتانەکان ئاگریـان تێبـەردەدرێ. هەرچـی خواردنـە بەسـەر یەکـدا گـرد دەکرێتـەوە و تایـت و سـابوون و ماددەکانـی پاککردنـەوە تێکەڵـی ئـارد و خـوێ و شـەکر و رۆن و دۆشـاو دەکـرێ بـۆ ئـەوەی ئـەو خەڵکـە لـە خۆراکـی رۆژانەشـیان بێبـەش بکـەن، بـۆ ئەمـەش سـڵ لـە هیـچ شـتێك ناکەنـەوە. هەمـوو ئەمانـە لەلایـەن هێزەکانـی ئاسایشـی تورکـەوە دەکرێـن. سـەرباز و ژەندرمـە و پۆلیـس و هێـزە تایبەتـەکان و سـیخوڕ و گوندپارێـزەکان ئـەو کارە دەکـەن.

لـە کوردسـتان وەك چـۆن پاراسـتنی گیانـی هاووڵاتـی دەسـتەبەر نییـە، بـە هەمـان شـێوە پاراسـتنی مـاڵ و موڵکیشـیان گەرەنتـی نییـە. چونکـە هێزەکانـی ئاسـایش زۆر بـە ئاسـانی دەتوانـن دەسـت بەسـەر مـاڵ و کەلوپەلەکانیـان و ئاژەڵەکانیانـدا بگـرن. تەنانـەت دەتوانـن لەنێـو ماڵـی هـەر کوردێـك قەرەقۆڵێـك دابمەزرێنـن. دەتوانـن مریشـك و مـەڕ و

ماڵاتـی گوندییـەکان بگـرن و سـەریان ببـڕن و بیکەنـە خـواردن بـۆ خۆیـان. واتـە تاڵانێکـی ئاشـکرا. لـە پاڵ ئـەو کارانـەدا تاوانـی دیکـەش دەکـەن. بـە بەهانـەی گـەڕان و پشـکنین لەنێـو ماڵەکانـدا، هەرچـی زێـڕ و زیـو هەیـە دەیـدزن. جـا هێزەکانـی دەوڵـەت زوو زوو ئـەو تـاڵان و دزییـە دەکـەن و دووبـارەی دەکەنـەوە.

تراژیدیاکـە ئەوەنـدە گەورەیـە، ئـەو هێزانـە پیسـایی بـە زۆر دەرخـواردی مـرۆڤ دەدەن. هـەروا بـۆ خۆشـی مرۆڤی کـورد دەکوژن. شـتێک بەناوی مافەکانـی مـرۆڤ لـەوێ نییـە. تەنانـەت مافـی درێـژەدان بـە ژیانیـش زۆر تاریـك و نادیـارە. مرۆڤــی کــورد بەگشــتی و گوندنشــینان بەتایبەتــی، لــە پرســی مافــی ژیــان و مرۆڤایەتیــدا رووبــەڕووی مەترســییەکی زۆر گـەورە دەبنـەوە. گوندنشـینەکانی کـورد لـە هـەر چرکەیەکـدا ئەگـەری کوشــتن و لەنێوچوونیــان هەیــە. هــەر کەســێك کــە دەچێتــە ســەر بـاخ و شـینابییەکەی، یـان لـە ئـاش دەگەڕێتـەوە، یـان دەچێتـە ئاودانـی رەز و باخەکـەی، ئەگـەری ئـەوەی هەیـە لـە هـەر چرکەیـدا بکوژرێـت. دوایــی بــە بیانــووی "فەرمانــی وەســتانم پێکــرد، بــەڵام نەوەســتا". "وامزانــی تیرۆریســتە و دەســتڕێژم لێکــرد". "ملکەچــی فەرمــان نەبــوو تەقــەم لێکــرد"... بــەو بیانووانــە لەمــاوەی ســاڵانی رابــردوودا بــە ســەتان کــورد لــە پەنــاو پەســێران کــوژراون. جـا ئەمانـە مشـتێکی زۆر بچووکـن لـەو خەرمانـە گەورەیـە. ئـەوەی دەزانـرێ، بریتیـن لـە چەنـد هەواڵێکــی کورتــی نێــو رۆژنامــەکان ســەرەڕای پێشــگیری و رێگــری لــە بڵاوبوونەوەیـان. جـا ئـەوەی نازانرێـت دەبـێ چەنـد و چـۆن بووبێـت؟

ئینجـا هیـچ یەکێـك لـەو سـکاڵایانەی کەسـوکاری کـوژراوەکان تۆمـاری دەکـەن، لای داواکاری گشـتی بایـەخ و بەهـای نەبـووە. هەندێـك جـار وەك سـکاڵاش دۆسـیەکانیان لـێ وەرنەگرتـوون. جـا بـۆ ئـەوەی ئـەو جـۆرە سـکاڵایانە چیـدی دوای هـەر تاوانێـك لەلایـەن خـزم و کەسـی مافخوراوەکـەوە لـە دادگا تۆمـار نەکرێـت، یاخـود ئـەو ماڵباتـە بچـن و سـکاڵاکەی خۆیـان بکشـێننەوە، زوڵـم و ئەشـکەنجە و سـتەمێکی زۆر

زیاتریـان لێدەکرێـت. زۆرجاریـش هەڕەشـەیان لێکـراوە کـە "ئەئەگـەر بچـن و سـکاڵا بکـەن، هەمووتـان دەکوژیـن... ". "واز لـەو ئیشـە بێنـن کـە دەسـتتان پێکـردووە، چونکـە ماڵەکانتـان دەسـووتێنین و ئێـوەش دەخەینـە نـاو تەنـدووری ئاگـر...". "ئـەوە بـاش بـاش بزانـن، تاوەکـو سـکاڵاکانتان لـە دادگا نەکشـێننەوە، هەمـوو رۆژێـك ئەشـکەنجە و دەسـتگیرکردن و لێدان بەردەوامـە...". بیـر لـە دادگای تـاوان بکەنـەوە، ئەندامێکـی هێزەکانـی ئاسایشـی دەوڵـەت بـە هـەوا و هەوەسـی خـۆی کوردێـك دەکوژێـت، یـان هـەر بـۆ خۆشـی کەسێك ئەشـکەنجە دەدەن، هیـچ کـەس لەسـەر ئـەو کارانـە دادگایـی ناکـرێ. هەرگیـز گوێنادەنـە کوردێکیـش کـە گوندەکـەی سـووتێنراوە و زوڵـم و ئەشـکەنجەی بەرامبـەر کـراوە و لـە شـوێنی خـۆی راگوێـزراوە بـۆ شـوێنێکی نامـۆ و بـە ناچـاری ماڵـی خـۆی جێهێشـتووە و هەرچـی پـارە و مـاڵ و موڵکیشـی هەبـووە، تـاڵان کـراوە. چونکـە دەڵێـن "بـە ناوهێنانـی کـورد هەسـتی نیشـتمانپەروەری ئێمـەت لاواز کـردووە...". "بـە کـوردی قسـەت کـردووە". "بەشـداری خۆپیشـاندان و کۆبوونـەوە جەماوەرییەکانـت کـردووە و سـەقامگیریی کۆمەڵگـەت شـێواندووە...". ئیـدی بـەو بیانووانـە کـورد دادگایـی دەکرێـن. لەسـەر ئـەو تۆمەتانـە سـزای زۆر گرانیـش دەسـەپێنن. لـەو پێڤاژۆیـەدا تەنیـا یـەك ئەنجامـان بـۆ دەردەکەوێـت: لـە کوردسـتان شـتێک بەنـاوی دامـەزراوەی دادوەری و دادگـە نییـە. ئـەوەش دەبـێ وەهـا لێکبدەینـەوە: هیـچ دامەزراوەیەکـی دادوەری و دەقێکـی یاسـایی نییـە سـەر و مـاڵ و مـاف و ئازادییەکانـی خەڵکـی کوردسـتان بپارێزێت،بـەڵام بەدڵنیاییـەوە دامەزراوەیەکـی دادوەری هەیـە بـۆ ئـەوەی ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی جێبەجـێ بـکات. لـە وڵاتانـی کۆڵۆنـی، دامـەزراوە دادوەرییـەکان تەنیـا کارێکیـان هەیـە، ئەویـش بریتییـە لـە بـە یاسـایی پیشـاندانی کار و کـردەوە و رەواییـدان بـە رەفتارەکانـی وڵاتـی کۆڵۆنیالیسـت. وەك لـە سـەرەوەش ئاماژەمـان بـۆ کـرد، دەشـێ ئـەو کار و کـردەوە و ئۆپەراسـیۆنانە بـۆ سـەر گـەل و

وڵاتــی داگیرکــراو بــە یاســایی کرابــن، وەلــێ بەهیــچ شــێوەیەك بەرگــی ڕەواییــان بەبــەردا ناچێــت.

لەســەر ئــەو بابەتــەی ســەرەوە، لــە ڕۆژی 8ی کانوونــی یەکەمــی 1990، لــە گوندێکــی ســەر بــە شــارۆچکەی (یایــلادەرە)ی شــاری چەولیــگ، بوویەرێــك ڕوویــدا کــە مایــەی پەنــد لێوەرگرتنــە. ئیســماعیل دانشــان، تەمــەن 55 ســاڵان و شــاگوڵ دانشــان، تەمــەن 53 ســاڵان، لەلایــەن ئــەو ســەربازانەی ئێشــکیان لــە گونــد و ناوچەکــەی ئــەوان گرتبــوو، درانــە بــەر دەســتڕێژی گولــــلە و کــوژران. ئــەو دوو فەرماندەیــەی فەرمانەکەیــان بــە ســەربازەکان دابــوو بــۆ کوشــتنی ئــەو ژن و مێــردە، هەریەکــە لــە چەتیــن باجاکســز و ئەفســەرێکی دیکــە بــوون بەنــاوی مەتیــن.

ماڵباتــی دانشــان، خاوەنــی 10 منــداڵ بــوون. ئــەو گەواهیدەرانــەی ڕووداوەکەیــان بــە چــاوی خۆیــان بینیبــوو، ئــاوا باســیان لــە بوویەرەکــە کــرد "... لــە گوندەکــە تەنیــا لــە ماڵــی موختــاردا تەلەفــۆن هەیــە. لــەو ڕۆژدا، ژن و مێردەکــە بــۆ ئــەوەی تەلەفــۆن بــۆ ڕەزا و زولفــووی منداڵیــان بکــەن کــە بــۆ کارکــردن چوونەتــە ئیســتەنبووڵ، دەچنــە ئــەو قوتابخانەیــەی وەك قەرەقۆڵــی ســەربازی بەکاردەهێنــرا؛ تاوەکــو مۆڵەتــی ئــەو پەیوەندییــە تەلەفۆنییــە وەرگــرن. لــە دەوروبــەری کاژێــر پێنجــی ئێــوارە، ئەودەمــەی تاریکــی خەریکبــوو باڵــی بەســەر ناوچەکــەدا دەکێشــا، ڕێگــەی ئــەو پەیوەندییــە تەلەفۆنیەیــان پێدەدرێت،بــەڵام دوای قســەکردن لەگــەڵ منداڵەکانیــان و لەکاتــی گەڕانەوەیانــدا، لەبــەردەم ماڵەکەیــان دەدرێنــە بــەر گولــــلە. ســەرەتا چەنــد فیشــەکێکی ڕووناککــەرەوە تەقێنــدران، کاتێــك چووینــە دەرەوە، ســەربازەکان بەســەرماندا هاواریــان کــرد: بڕۆنــە ژوورەوە ئەگەرنــا هەمووتــان دەکوژیــن. ئیســماعیل دانشــان چرایەکــی بەدەســتەوە بــوو، هــاواری دەکــرد: مــن ئیســماعیل دانشــانم، تکایــە تەقــە مەکــەن".

## مردوویەك و بریندارێك فڕێدرانە ناو چاڵێکی قوڕاو [32]

لـەو رووداوەدا، دەتوانیـن ئاسـتێکی باڵاتری داگیرکاریی تورك ببینین لەسـەر کوردسـتان. کوردێـک بـۆ ئـەوەی بتوانـێ تەلەفۆنێـك بـکات، دەبـێ سـەرەتا مۆڵـەت لـە فەرمانـدەی قەرەقۆڵـی گوندەکـەی وەرگرێـت. قوتابخانـەی سـەرەتایی گوندەکـەش وەك بـارەگای سـەربازی بەکاردەهێنرێـت. جـا لـە گوندەکـەش تەنیـا یـەک تەلەفـۆن هەیـە، ئەویـش لـە ماڵـی موختـارە و پەیوەسـتە بـە تەلەفۆنـی قەرەقۆڵەکـەوە. وەلـێ ئـەم هێڵـە لەجیاتـی ئـەوەی بـۆ ئاسـانکردنی پەیوەنـدی سـوودی لـێ وەربگیرێـت، بـۆ چاودێـری و سـیخوڕی بەکارهێنراوە.

دوای رووداوەکـە، رەزا دانشـانی کوڕیـان، ئـاوا درێـژە بـە چیرۆکەکـە دەدات: "بـێ سـڵەمینەوە، بـە دەسـترێژێک دایـك و باوکـی منیـان کوشـتن. دایکـم فیشـەکێك بـەر نێوچاوانـی دەکـەوێ و دەسـتبەجێ گیانـی دەسـپێرێت. باوکیشـم بـە سـەختی برینـدار دەبـێ. دواتـر سـەربازەکان دەیانخەنـە نـاو بەتانییـەك و فڕێیاندەدەنـە نـاو قوڕاوێـک. باوکـم هەرچەنـدە هێشـتا لـە ژیانـدا مابـوو، فەرماندەکانیـش ناسـیبوویانەوە، کەچـی نەیانگەیاندبـووە نەخۆشـخانە".

سـەرەتا موختـاری گونـد خـۆی لـە رووداوەکـە هەڵقورتاندبـوو، بـەڵام فەرمانـدەی قەرەقۆڵەکـە بـە هەڕەشـەوە پێیگوتـووە "خـۆت تێکەڵـی ئـەم کارە مەکـە، چونکـە کۆتاییەکـەی بـۆ تـۆ بـاش نابـێ". ئیـدی موختـار خـۆی لـێ کێشـاوەتەوە.

ئـەو گونـدە سـەر بـە شـارۆچکەی (یایلادەرە)یـە و لـەو شـارۆچکەیەش داواکاری گشـتی نەبـووە، بۆیـە دۆسـیەکە چـووە بەردەسـتی داواکاری

32 - بـۆ زانیاریـی زیاتـر، دەتوانـن سـەیری ژمـارە دوازدەی (یەنـی ئولکـە) بکـەن لـە 1991-12-12. هەواڵـی گونەی ئاسـلان لەژێـر ناونیشـانی (داواکاری گشـتی کۆتایـی بـە لێکۆڵینـەوەی دۆسـیەکە دەهێنێ و بەرپرسـانیش هـەر لـە شـوێنی خۆیانـن).

گشـتیی ناوچـەی (کیـغ)، بـەڵام داواکاری گشـتیی ئـەوێ راپۆرتـی پزیشـکی دادوەری ئاشـکرا نەکرد.پاشـان لەڕێـی چەنـد پەرلەمانتارێکـەوە دۆسـیەکە دەگەیێنرێتـە نێـو پەرلەمانـی تورکیـا، بـەڵام لەوێـش ناگاتـە ئەنجـام.
تاوانـی لـەم جـۆرە لـە زۆر شـوێن و ناوچـەی دیکـەی کوردسـتانیش روویانـداوە. ئـەوە تەنیـا یەکێکـە لـەو چەندیـن رووداوەی کـە پارێـزەر فایـەق جانـدان باسـیکردوون [33]. ئەمـە دەرخـەری ئـەو راسـتییەیە کـە تاکی کـورد بـە ئاشـکرا گیانـی لـە مەترسـیدایە. ئـەو نموونانـە دەرخـەری ئـەو راسـتیەن کـە دەسـەڵاتی فەرمـان بەدەسـت چەنـدە هێـز و ئـازادی و مـاف بـە دەوڵـەت و هێزەکانـی دەبەخشـێت. ئـەو جـۆرە ئازادییـە مەگـەر تەنیـا لـە وڵاتانـی کۆڵۆنیـدا هەبێـت. چونکـە لـەو وڵاتانـەی دەسـتوور سـەروەرە، ئەگـەر دەسـتوورەکە زۆر خـراپ و بێفەڕێـش بێـت، بـەڵام کوشـتن و بەدواداچوونـی تـاوان بەپێـی حـەز و ویسـت نییـە. بـۆ نموونـە لـە دەسـەڵاتدارێتی دەسـتووریدا، دادگا راسـتەوخۆ دۆسـیەی تاوانەکـە وەردەگرێـت. وەلـێ ئەوانـەی کارێکـی وا لـە وڵاتانـی داگیرکـەر دەکـەن، لـەڕووی سـەربازییەوە پلەیـان بەرزدەکرێتـەوە. هێزێـک لـە ئەنجامـی کاری وەهـا پلـەی بەرزبکرێتـەوە و خـەڵات بکـرێ، تاوانـی زیاتـر دژ بـە خەڵـك دەکات. کوردسـتان داگیرکـراوە، ئێمـە لـە هەوڵـی سـەلماندنی ئەوەدایـن کـە کوردسـتان تەنانـەت بـە کۆڵۆنییـش دانانرێـت.
تـاڵان یەکێکـە لـەو سیاسـەتانەی لـە وڵاتانـی داگیرکـراو بـێ پسـانەوە جێبەجـێ دەکرێت. کاتێـك یـەك لـە دوای یـەك ماڵـەکان دەپشـکنن، خێزانـە کـوردەکان هـەر شـتکی کەمێك بەهاداریـان هەبێت، هەمـووی دەدزرێت و تـاڵان دەکرێـت. ئـەوەش زۆربـەی کات لەلایـەن هێزەکانـی ئاسایشـی دەوڵەتـەوە دەکرێت. جـا خەڵکەکـە بـۆ ئـەوەی خۆیـان و کەسانی نزیکیـان دەسـتگیرنەکرێن، یـان ئەوانـەی دەسـتگیرکراون ئـازاد بکرێـن، خۆیـان لـەم تاوانانـە بێدەنـگ دەکـەن.

---

33 - بۆ زانیاریی زێدەتر، دەتوانن بڕواننە گۆڤاری (بەرەو 2000 ) بڕوانن، ژمارە چوار، 1990-1-21.

## تایبەتمەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی فەرمان

با مانگەکانی بەهاری ساڵی 1990 بەبیر خۆمان بهێنینەوە. سەرهەڵدانی کورد بە ئاست و ڕێژەی جیاواز لە نسێبین و جزیرێ کە دواتر بەشێکی زۆری شار و شارۆچکە کوردییەکانی گرتەوە. سەرهەڵدانەکە تاوەکو دەهات فراوانتر دەبوو. ئەمە وای لە (ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی) تورکیا کرد کۆبوونەوەیەکی بەپەلە بکەن و ئەو مژارە تاوتوێ بکەن و لە ئەنجامدا داوای جێبەجێکردنی فەرمانی ژمارە 413 و 421 بکەن. دوای ماوەیەکی کورت، هەردوو ماددەی 421 و 413 هەڵگیران و لە شوێنی ئەوان کار بە ماددەکانی 424 و 425 کرا. دواتر ماددەی 424 هەڵگیرا و ماددەی 430 لە شوێنی جێگیرکرا. ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا ڕۆڵێکی گرنگ و گەورەی هەبووە لە دەرکردن و جێبەجێکردنی فەرمانەکان. هەمان ئەنجوومەن بە پێداگرییەوە داوای جێبەجێکردنی فەرمانەکانی دەکرد. بۆیە داوایان دەکرد ئەنجوومەنی وەزیران بە زووترین کات دەنگ لەسەر فەرمانەکان بدا و بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە. پێشاژۆیەکە بە کورتی وەهابوو، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە، لە دۆخێکی وەهادا، پارتە سیاسییە تورکییەکان و حکومەت و پەرلەمانی تورکیا لە کوێی ئەو بڕیار و فەرمانانەدان؟

لە پرس و مژاری تایبەت بە کوردستاندا، پارتە سیاسییە تورکییەکان و حکومەتی تورکیا و پەرلەمانەکەی هیچ بەها و نرخێکیان نییە و هیچیان بەدەست نییە. چونکە سیاسەتی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا، لای سوپا و پۆلیس و پۆلیسی نهێنی و دەزگا هەواڵگرییەکانە. ئەمڕۆ هەریەك لە دامەزراوەکانی دەزگای هەواڵگریی تورکیا (میت) و ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، ئەو دوو ناوەندەن کە کێشەی گەلی کورد و کوردستانیان لەدەستە. ئەو دوو دەزگایە لەنێو دەستووریشدا شوێن و پێگەی تایبەت بە خۆیان هەیە. لەپاڵ ئەو دوو دەزگایەدا، چەند

ناوەنـد و ڕێکخـراو و دامـەزراوەی نایاسـاییش هـەن. بـۆ نموونـە هەریەکـە لـە (فەرمانگـەی جەنگـی تایبـەت و دژە گەریـلا). لـە مانگـی تشـرینی دووەمـی 1990دا، سـەرۆکایەتی سوپاسـالاری تورکیـا، فەرمانگـەی جەنگـی تایبەتیـان خسـتە بـەرەی جەنگـی دژە کـورد و گەریـلاوە، ئەمەشـیان بـە چەندیـن ڕێگـەی جیـاواز و لـە چەندیـن شـوێن ڕاگەیانـد. ئیـدی ئەوانـەی لـە سیاسـەتی تورکیـدا ڕۆڵ و گرنگـی و سـەنگیان هەیە، ئـەو دەزگایانـەن. هێڵـە گشـتییەکانی سیاسـەت لەلایـەن ئەوانـەوە دادەڕێژرێـن. سیاسـەتی تورکیـش تەنیـا لەنێـو ئـەو چوارچێوەیـە دەخولێتـەوە و ناتوانـن لێـی دەرچێـت. واتـە دەتوانیـن بڵێیـن ئەمـە ئـەو چوارچێوەیەیـە کـە لەلایـەن ئایدیۆلۆژیـای فەرمییـەوە دانـراوە. بۆیـە ئەمـە لـە سیاسـەتی تورکیـدا گفتوگـۆ و مشـتومڕ هەڵناگرێـت.

کەواتـە پارتـە تورکییـەکان و حکومـەت و پەرلەمانـی تورکیـا لـە پرسـی کوردسـتاندا هێنـدەی نووکـی دەرزییەکیـش بەهـا و سـەنگیان نییـە. بۆچـوون و پێشـنیازی ئـەوان لـە پرسـی کـورد و کوردسـتاندا بەهیـچ هەژمـار دەکرێـت. تەنیا دەتوانـن بۆچـوون و بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشـی نەتەوەیـی تورکیـا بـە بۆچوونـی خۆیـان بزانـن و جێبەجێـی بکـەن و هـاوکار و پاڵپشـتی بـن. لـە مـاوەی سـاڵانی ڕابـردوودا هەندێـك پارتـی سیاسـی سـەبارەت (ڕۆژهـەڵات و باشـووری ڕۆژهـەڵات) هەندێـك ڕاپۆرتیـان ئامـادە کـرد. لـەو ڕاپۆرتانـەدا ئاماژەیـان بـۆ ئـەوە کردبـوو کـە "هەمـوو کەسـێك مافـی ئـەوەی هەیـە بـە زمانـی دایکـی بدوێـت"، بـەڵام ئـەو کارەشـیان لەژێـر چاودێـری و بـە پشـتیوانی ئەنجوومەنـی ئاسایشـی نەتەوەیـی کردبوو. جـا دەزانـن بۆچـی ڕێیـان بـە کارێکـی وەهـا داوە؟ بـا مـن پێتانبڵێـم:

لـەو سـاڵانەی ڕابـردوودا بـە ئاشـکرا هەسـت بـەوە دەکـرا کـە ئیـدی ناتوانـرێ پێـش بـە گەریـلای کـورد بگیـرێ، پارتـە تورکییـەکان هەسـتیان بـەوە کردبـوو کـە لەنێـو خەڵکـی کوردسـتان دا هێـدی هێـدی دەنگدەریـان لێدەڕەونـەوە، بـۆ دووبـارە مسـۆگەرکردنەوەی دەنگـی کـورد، بـە ناچـاری هەندێـك شـتی وەهـا بچـووك و لەرزۆکیـان بـە مۆڵەتـی ئەنجوومەنـی

ئاسایشــی نەتەوەیــی هێنایــە بەربــاس. بــا تۆزێــك لەســەر ئــەو ڕاپۆرتــەی پارتــی سۆســیالدیموکراتی گــەل (SHP) بوەســتین کــە لــە نێوەڕاســتی مانگــی تەممــووزی ســاڵی 1990 ئامــادەی کردبــوو. لەکاتێکــدا هەمــان پــارت لــە 14-15/10/1989 حــەوت پەرلەمانتــاری کــوردی نــاو پارتەکــەی دەرکــرد تەنیــا لەبەرئــەوەی لــە پاریــس بەشــداریی کۆنفرانســی (کــورد و مافــی مــرۆڤ و ناســنامەی فەرهەنگی)یــان کردبــوو کــە لەلایــەن ئینســتتیوتی کــوردی لــە پاریــس و فرانــس لیبرتــێ ڕێکخرابــوو. لەکاتێکــدا ئــەو پەرلەمانتارانــە لــە کۆنفرانســەکەدا قســەکەر نەبــوون و تەنیــا گوێگــر بــوون. بــەر لــەو پەرلەمانتــارە کوردانــەش، هەمــان پــارت پەرلەمانتارێکــی دیکــەی کــوردی نێــو پارتەکــەی لەســەر ئــەوە دەرکــرد کــە بەشــداری لــە کۆبوونــەوەی (کۆمیســیۆنی هاوبەشــی ئابووریــی کۆمەڵایەتیــی تورکیــا و ئەورووپــا) کردبــوو. لــەوێ ئــەو پەرلەمانتــارە باســی مافــە دیموکراســی و نەتەوەییەکانــی گەلــی کــوردی کردبــوو. نزیکــەی هەشــت مانــگ دوای ئــەو دەرکردنانــە، ڕاپۆرتێکیــان ئامادەکــرد بــە ئامانجــی پەســەندکردنی هەبوونــی کــورد لــە تورکیــا!

باشــە هــۆکاری ئامادەکردنــی ئــەو ڕاپۆرتــە چــی بــوو؟ ئاخــر لــە ماوەیەکــی وەهــا کورتــدا چــی گــۆڕا؟

پێموایــە دەرکردنــی ئــەو پەرلەمانتــارە کــوردەی لــە کۆبوونــەوەی (کۆمیســیۆنی هاوبەشــی ئابووریــی کۆمەڵایەتیــی تورکیــا و ئەورووپــا) دا باســی مافــە دیموکراســی و نەتەوەییەکانــی کــوردی کردبــوو، بــە فەرمانــی ئەنجوومەنــی ئاسایشــی نەتەوەیــی و دەزگای هەواڵگــری بــووە. وەك چــۆن دەرکردنــی حــەوت پەرلەمانتــارە کوردەکــەی بەشــداری کۆنفرانســی (کــورد و مافــی مــرۆڤ و ناســنامەی فەرهەنگی)یــان کردبــوو لــە پاریــس، هــەر لەســەر داوای ئەنجوومەنــی ئاسایشــی نەتەوەیــی و میــت بــوو. هەڵگرتنــی پارێزبەنــدی لەســەر ئــەو پەرلەمانتارانــەش هــەر لەســەر ویســت و خواســتی ئــەو دەزگایانــە بــوو. بۆیــە دەبــێ ئــەو ڕاپۆرتــەش هەر بە خواســتی ئــەو دەزگایانــەوە ببەســتینەوە.

دیسان لە مانگەکانی بەهاری ساڵی 1990، حکومەت دەست بە جێبەجێکردنی ئەو فەرمانە پێشنیازکراوانە دەکات کە لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەییەوە بۆی هاتبوون. لەوکاتەدا، تورگوت ئۆزالی سەرۆککۆمار، هەریەکە لە ئەرداڵ ئینۆنۆ [34] سەرۆکی پارتی سۆسیالدیموکراتی گەل و سولێمان دەمیرەڵ [35] سەرۆکی گشتیی پارتی ڕێگەی ڕاست و یڵدرم ئاکبڵوت، سەرۆکوەزیرانی تورکیا و سەرۆکی پارتی نیشتیمانی (ئانا وەتەن)ی داوەتی کۆشکی چانکایا کرد. تاوەکو ئەو کاتە، سەرکردەکانی ئۆپۆزیسیۆن دانیان بە سەرۆککۆمار دانەدەنا. چونکە دەیانگوت ڕێژەی دەنگەکانی تەنیا ٪22 بووە، کەچی کاتێك قسە دێتە سەر کوردستان و مافەکانی گەلی کورد، ئەو سەرکردانەی تورگوت ئۆزالیان بە سەرۆککۆمار نەدەزانی و بڕیاریان دابوو تۆقەی لەگەڵ نەکەن، بێ سێ و دوو چوونە کۆشکی چانکایا. چونکە تورگوت ئۆزال سەبارەت بە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی سەر کوردستان زانیاری پێدەدان کە دەبێ بە زووترین کات بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، چونکە ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتیمانی فەرمانی کردووە و فەرمانگەی جەنگی تایبەتیش لەبارەی چۆنیەتی جێبەجێکردنەکەی زانیاری دەدا. سەرکردەکانی ئۆپۆزیسیۆن دوای گوێگرتن، دڵنیایی تەواویان دایە سەرۆککۆمار و حکومەت کە لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات چیتان دەوێ بیکەن و ئێمە بەهیچ شێوەیەك لێپرسینەوەتان لەگەڵ ناکەین. بەوجۆرە دەگەنە دەرکردنی بڕیاری دۆخی نائاسایی لە پارێزگاکانی کوردستان.

---

34 - ئەرداڵ ئینۆنۆ (1926 ـ 2007) سیاسەتڤانێکی بە ڕەچەڵەک کورد و کوڕی عیسمەت ئینۆنۆ، یەکەم سەرۆکوەزیرانی تورکیا بوو. ئەرداڵ بۆ ماوەی 39 ڕۆژ سەرۆکوەزیرانی تورکیا بووە بە وەکالەت، بۆ ماوەی دوو ساڵ جێگری سەرۆکوەزیران و کەمتر لە ساڵێکیش وەزیری دەرەوەی تورکیا بوو. لە نێوان ساڵانی (1986 ـ 1993) سەرۆکی گشتیی پارتی سۆشیالدیموکراتی گەل بوو (وەرگێڕ).

35 - سولێمان دەمیرەڵ (1924-2015) سیاسەتڤانی تورك، بە نۆیەمین سەرۆککۆماری تورکیا دادەنرێت. دەمیرەڵ لە نێوان ساڵانی (1993-2000) سەرۆککۆماری تورکیا بووە. بەر لەوەش پێنج جار لە پێنج خول و سەردەمی جیاوازدا سەرۆکوەزیرانی تورکیا بووە. جگە لەوەی سەرۆکایەتی هەردوو پارتی عەدالەت و ڕێگای ڕاستی کردووە (وەرگێڕ).

یەکێکــی دیکــە لــە نموونــە هــەرە دیارەکانــی ڕێککەوتنــی دەســەڵات و ئۆپۆزیسـیۆن لەسـەر کێشـەی کوردسـتان بریتییـە لـە فەرمانـی ژمـارە 285 لـە 1987-7-10. ئـەو فەرمانـە زۆر دەسـەڵاتی دژ بە دەسـتووری بە ئاشـکرا تێدابــوو، بــەڵام ســەرباری ئــەوە، لەلایــەن ئۆپۆزیســیۆنەوە پشــتگیریی لێکـرا. جـا ئۆپۆزیسـیۆنی سیاسـی تورکیـش ڕێـك وەك دەسـەڵاتەکەی زۆر بـە ئاسـایی پێشـوازی لـەو فەرمانانـە کردبـوو. چونکـە کاتێـك ئاریشـەکە دێتــە ســەر کێشــەی کوردســتان و مافــە نەتەوەییەکانــی گەلــی کــورد، مەکینــەی ئۆپۆزیســیۆن لەکاردەکەوێــت.

لــە نێوەڕاســتی مانگــی یەکــی ســاڵی 1989، لــە گونــدی جنبیــری جزیــرێ، فەرمانـدەی هێزەکانـی ئاسـایش پیسـایی دەرخـواردی گوندییـەکان دابـوو. دوای هەوڵێکــی زۆری خەڵکــی گوندەکــە، هەواڵەکــە گەیشــتبووە ڕۆژنامــەکان. ئیـدی لەبـارەی ڕووداوەکـە، سـولێمان دەمیـرەڵ دەیگـوت "ئەگــەر ئــەو هەواڵــە ڕاســت بێــت، حکومــەت بەســەر کەســانی بەرپرســیاردا دەڕووخێنیــن". ڕووداوەکــە لەلایــەن ســەرجەم داوودەزگا پەیوەندیدارەکانــەوە بەدواداچوونــی بۆکــرا و ئەنجامەکانــی لێکۆڵینــەوە ڕاســتیی ڕووداوەکەیــان دەرخســت، بــەڵام هەبــوون بەرگرییــان لــەو ڕەفتــارەی فەرماندەکــە دەکــرد و دەیانگــوت "ئــەو گوندییانــە هاوکاریــی تیرۆریسـتانیان کـردووە ". لەگەڵ ئەوەی ڕاسـتیی ڕووداوەکـەش دەرکەوت، بـەڵام سـلێمان دەمیـرەل هیچـی نەگـوت و خـۆی لـێ نەبـان کـرد. چونکـە پیسـاییەکە دەرخـواردی خەڵکـی کـورد درابـوو، بۆیـە بەدڵنیاییـەوە ئیـدی نەدەبــوو هیــچ پرســیار و بەدواداچوونێکــی زیاتــر بکرێــت.

ئێسـتا باسـی ڕووداوێکتـان بـۆ دەکـەم کـە لـە سـاڵی 1943 ڕوویـداوە. لەوکاتــدا، فەریــق مســتەفا موغلەلــی، فەرمانــدەی ســوپای ســێ، 32 کەســی گوللــەباران کــرد. قوربانیانــی کۆمەڵکوژییەکــە کــورد بــوون. بوویەرەکــە لــە ناوچەیەکــی نزیــك ســنووری ئێــران ڕوویدابــوو. تاوەکــو کۆتایــی ســاڵانی چلەکانیــش بــە نهێنــی مایــەوە. یــان دەتوانیــن بڵێیــن ئــەو ڕووداوەیــان تاوەکــو کۆتایی چلــەکان بــە نهێنی هێشــتەوە. لەگــەڵ

هاتنـی پارتـی دیموکراتـی ئۆپۆزیسـیۆن [36] لـە تورکیـا، بەدواداچـوون و لێکۆڵینـەوە لـە ڕووداوەکـە دەسـتیپێکرد. جـا بـە دڵنیاییـەوەش بەدواداچوونەکـە بـۆ بەرگـری و سـەندنەوەی مافـی خـوراوی خەڵکەکـە نەبـوو، بەڵکـو بـۆ ڕەخنەگرتـن بـوو لـە سـەردەمی تـاک حیزبـی لـە تورکیـا و هێرشـکردنە سـەر پارتـی گەلـی کۆمـاری (جەهەپـە)[37]. لـە ئەنجامـدا فەریـق مسـتەفا موغلەلـی بـە تۆمەتـی کوشـتنی 32 کـەس دادگایـی کـرا و سـزای بەسـەردا سـەپێنرا. ئەگـەر وا سـەیری ڕووداوەکـە بکەیـن، لێپرسـینەوە لـە بوویەرەکـە کـراوە و بکـەر سـزادراوە. بـە هێنانـەوە یـادی ئـەو ڕووداوە، سـەرکردەکانی ئۆپۆزیسـیۆن دەیانگـوت "ئێـوە چیتـان دەوێـت لـە ناوچەکانـی ڕۆژهـەڵات بیکـەن، ئێمـە هیـچ لێپرسـینەوەیەکتان لەگـەڵ ناکەیـن". ئـەوان بـە دڵنیاییـەوە ئـەو قسـەیەیان بـە پارێزگارەکانـی ناوچـەی بـاری نائاسـایی و حکومـەت دەگـوت. واتـە بـەو لێدوانـە، ئازادییەکـی بێسـنوور دەبەخشـنە حکومـەت و پارێزگارەکانـی باری نائاسـایی و هێزەکانی ئاسـایش؛ چاوپۆشـیش لـە هەرچـی کۆمەڵکـوژی و تاوانێـك دەکـەن کـە لەسـەر خاکـی کوردسـتان و دژ بـە کـورد بیکـەن.

کاریگـەری و ڕۆڵـی سـوپا لەسـەر سیاسـەتی تورکیـا زۆر زەقـە. سـەنگی هەرسـێ دەزگای ئەنجوومەنـی ئاسایشـی نەتەوەیـی و دەزگای هەواڵگـری و فەرمانگـەی جەنگـی تایبـەت هیـچ کاتێـک قابیلـی دانوسـتاندن نەبـووە. لەکاتێکـدا دەزگایەکـی وەك ئەنجوومەنـی ئاسایشـی نەتەوەیـی و فەرمانگـەی جەنگـی تایبـەت و دژە گەریـلا، لـە جیهانـی دیموکراسـیدا شـوێنیان نابێتـەوە، بـەڵام تورکیـا چونکـە وڵاتێکـی دیموکراسـی نییـە، ئـەو جـۆرە دەزگایانـە و هاوشـێوەکانیان بـە ئاسـانی دەتوانـن درێژە بـە مانەوەی

36 - لـە دوای پارتـی گەلـی کۆمـاری CHP، بـە دووەمیـن پارتـی سیاسـی دادەنرێـت لـە مێـژووی کۆمـاری تورکیـا. پارتـی دیموکـرات دوای ماوەیەکـی زۆر لـە سـەردەمی تـاك حیزبـی لـە تورکیـا، لـە سـاڵی 1946 دادەمەزرێـت، لـە سـاڵانی (1960-1950) دەبێتـە فەرمانـڕەوای تورکیـا. لـە 27ی ئایـاری 1960 کودەتایەکـی سـەربازی بەسـەردا دەکرێـت و دوای لەدەسـتدانی دەسـەڵات، پارتەکـەش دادەخرێـت (وەرگێـڕ).

37 - پارتـی گەلـی کۆمـاری یەکەمیـن پارتـی کۆمـاری تورکیایـە، سـاڵی 1923 لەلایـەن مسـتەفا کەمـال ئەتاتورکـەوە دامـەزراوە (وەرگێـڕ).

خۆیان بدەن. تەنانەت هەر ئەو دەزگایانە ئاراستەی سیاسەتی تورکیا دیاری دەکەن. با 12ی ئەیلوولی 1980 بەبیر خۆمان بهێنینەوە [38].

دوو حیزبی سیاسی گەورەی وەك پارتی عەدالەت و پارتی گەلی کۆماری هەبوون. لە پشت ئەو دوو پارتەوە لانیکەم هەریەکە 10 ملیۆن دەنگ هەبوو، کەچی چالاکی ئەو دوو پارتە گەورەیە بە بڕیارێکی ئەو ژەنەڕاڵە قەدەخەکرا کە کودەتای بەسەر حکومەت و دەسەڵاتدا کرد. دەرگای پەرلەمانی تورکیای داخست و کۆتایی بە کاری سیاسی هێنا. تەنانەت سەرکردە و پەرلەمانتارانی ئەو پارتانە دەستگیرکران و خرانە زیندانەوە. دواتر سەرکردەی ئەو پارتانە فەرمانەکەی ئەو ژەنەڕاڵەیان پەسەند کرد و لە کونجی زیندان، یان لە ماڵەوە لێی دانیشتن. هەندێك سەرکردەی سیاسیش درانە دادگا.

باشە هەریەك لەو پارتانە بەلای کەمەوە 10 ملیۆن دەنگیان لەپشت نەبوو! ئەو دەنگانە چییان لێهات؟ بۆچی مافی ئەو دەنگانە نەسەندراوە و بەرگری لێ نەکرا؟ بۆیە لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە:

پارتە تورکییەکان ترسنۆکن. هەڵوێستی لەرزۆك و دووڕووانە بەرامبەر بە کودەتاچی هیچ سەنگێکی نییە و نابێ. چونکە ئەوان دەتوانن بە شەقێک کار و چالاکی ئەو پارتانە راگرن. خۆ هەندێکجار پێویست بەو شەقەش ناکات، هەر تەنیا بە نووکی پۆستاڵ دەتوانن ئەو پارتە تورکیانە بخەنە ئەو شوێنەی دەیانەوێت. سەرکردەی ئەو پارتە سیاسییانەش تەنیا بە مەرایی بۆ ئەو دەزگایانە دەتوانن بگەڕێنەوە سەر کاری سیاسی.

38 - کودەتای 12ی ئەیلوول، ساڵی 1980 لەلایەن هێزە چەکدارەکانی تورکیاوە ئەنجامدرا و سوپا دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرت. کودەتاکە کاژێر سێی بەرەبەیان دوای دەستگرتن بەسەر کەناڵی TRT دەستیپێکرد. بەدوایدا حکومەتی سلێمان دەمیرەڵ لەکارخرا و پەرلەمان هەڵوەشایەوە و پارێزبەندی لەسەر پەرلەمانتاران هەڵگیرا و گەشتی دەرەوەی وڵات قەدەخەکرا و باری نائاسایی لە تەواوی تورکیا راگەیێندرا و کەنعان ئیڤرەن، سوپاسالاری تورکیا بووە سەرۆککۆمار. دوای هاتنە سەر دەسەڵاتی عەسکەر، یاساکانی بەر لە کودەتاکە هەڵوەشانەوە و دەستوورێکی تازەی سەربازی ئامادەکرا و ساڵی 1982 بە رێژەی ٪91ی دەنگی دانیشتووانی تورکیا پەسەندکرا. بەپێی ژمارە فەرمییەکان، دوای کودەتاکە 650 هەزار کەس دەستگیرکران و 230 هەزار کەس لە دادگا سەربازییەکان دادگایی کران. نزیکەی 300 کەسیش بەهۆی ئەشکەنجەوە لە زیندانەکاندا مردن و 48 کەسیش لەسێدارەدران (وەرگێڕ).

تاقـە دەسـەڵاتی سـەر کوردسـتان بـە دڵنیاییـەوە ئەنجوومەنـی ئاسایشـی نەتەوەیـی و دەزگای هەواڵگـری و فەرمانگـەی جەنگـی تایبەتـە. پارتـە تورکییـەکان و حکومـەت و پەرلەمانـی تورکیـا هێنـدەی نووکـی دەرزییـەك قـەدر و بەهـا و دەسـەڵاتیان بەسـەر بەڕێوەبردنـی کوردسـتاندا نییـە. بـۆ نموونـە فەرمانـەکان زۆر پەیوەسـتن بـە بەڕێوەبردنـی ژیانـی مرۆڤـەوە. وەك چـۆن فەرمـان و دەسـەڵاتەکانی جێبەجێکردنـی زۆر لـە نزیکـەوە پەیوەسـتن بـە ژیانـی تاکـی کـوردەوە. کەچـی رێکخسـتن و دەرکردنـی ئـەو فەرمانانـە بەهیـچ شـێوەیەك لـە پەرلەمانـی تورکیـاوە شـەنوکەو ناکرێـن. بۆیـە پەرلەمـان و حکومەتـی تورکیـا و پارتـە تورکییـەکان لەوبارەیـەوە هیـچ بۆچـوون و هەڵوێسـت و پـلان و بەرنامـە و بیرۆکەیەکیـان نییـە. پارتـە سیاسـییە تورکییـەکان بەشـێوەیەکی سـەربەخۆ و دوور لـە ئەنجوومەنـی ئاسایشـی نەتەوەیـی ناتوانـن پێشـنیاز و بۆچوونـی خۆیـان هەبـێ. پەرلەمانی تورکیـا کـە لەسـەر مژارێکـی وەهـا گرنـگ پرسـی پـێ ناکـرێ و بۆچوونـی وەرناگیرێـت، کەچـی لەسـەر بابەتـی یاسـای بـە پارێزگاکـردن یـان نەکردنـی شـرناخ هەمـوو تورکیـای لـە خـۆی گەیانـد. دەیویسـت وا پیشـانبدات کـە هێشـتا خـاوەن قـەدر و قیمـەت و پایـەی بـەرزە.

سـەرکردەکانی ئۆپۆزیسـیۆن دانیـان بـە سـەرۆکایەتیی تورگـوت ئـۆزال-دا نەدەنـا، چونکـە رێـژەی دەنگەکانـی ٪22 بـوو، دەیانگـوت نوێنەرایەتـی تەنیا ئـەو رێژەیـە دەکات. باشـە بـا بیـر لـە سـاڵی 1980 بکەینـەوە و بپرسـین رێـژەی دەنگەکانـی کەنعـان ئێڤریـن چەنـد بـووو؟ بـا مـن پێتانبڵێـم، کەنعـان ئێڤریـن هیـچ دەنگێکـی نەبـوو. بـە کودەتـا هاتبـووە سـەر دەسـەڵات. بـا سـاڵانی 1984، 1985، 1986 بەبیرخۆمـان بهێنینـەوە. لـەو کاتیشـدا سـەرکردەکانی ئۆپۆزیسـیۆن بـۆ ماوەیەکـی کـورت گوتیـان "ئێمـە ناچینـە چانکایا، چونکـە ئـەو کەسـەی لەوێیـە بـە رێگەیەکـی دیموکراسـی لەسـەر ئـەو کورسـیە دانەنیشـتووە"، وەلـێ ماوەیەکـی زۆر کـەم بەسـەر ئـەو قسـانەیاندا تێپـەڕی و تـەق تـەق لـە دەرگای کۆشـکی چانکایایـان دا. بۆیـە دەڵێـم سیاسـەتی تورکـی بـێ جەوهـەرە بەرامبـەر بـە سـوپا و ئەنجوومەنی

ئاسایشــی نەتەوەیــی و دەزگای هەواڵگــری و فەرمانگــەی جەنگــی تایبــەت. لــە دووەم رۆژی مانگــی ئابی ســاڵی 1990، کوێت لەلایەن ســوپای عێراقەوە داگیرکــرا. لــە ســەروبەندی ســەرهەڵدانی قەیرانــی کەنــداودا، بەشــێك لــە ســەرکردەکانی پارتــە تورکییــەکان بــۆ دیــداری ســەدام حوســێنی دیکتاتــۆری قەســابی کــوردان چوونــە بەغــدا. تورگــوت ئــۆزال لەوکاتــەدا رەخنــەی لــەو ســەردانەی ئــەوان گــرت و لەوبارەیــەوە گوتــی: "تۆقــە لەگــەڵ مــن ناکــەن، وەلــێ بــۆ ئــەوەی دەســت بخەنــە نێــو دەســتی ســەدام حوســێنی دیکتاتــۆر، قەتارەیــان بەســتووە. زۆری نەمابــوو دەســتی مــاچ بکــەن. نازانــم ئــەو ســەرکردە سیاســییانە چــۆن وا زوو ئەوەیــان لەبیرچــووەوە کــە هــەر ســەدام حوســێن بــوو بــە گازی ژەهــراوی هــەزاران کــوردی کۆمەڵکــوژ کــرد... " [39].

لــەم نموونانــەوە بۆمــان دەردەکــەوێ سیاســەتی تورکــی چەنــد ناقــۆڵا و نالۆژیکییــە. بــا بیــر لــە ســەرەتاکانی مانگــی ئەیلوولــی 1988 بکەینــەوە. لــە کۆتایــی مانگــی ئابــی هەمــان ســاڵدا لــە باشــووری کوردســتان، بەشــێوەیەکی چــڕ و فــراوان چەکــی کیمیایــی دژی گەلــی کــورد بەکارهێنــرا. کوردیــش بــەو حاڵــە پەرێشــان و نالەبــارەوە بــۆ رزگارکردنــی گیانــی خــۆی و منداڵەکانــی، پەنایــان هێنایــە بــەر باکــووری کوردســتان و لــە ناوچەکانــی جۆلەمێــرگ گیرســانەوە. لەوکاتــەدا بەکارهێنانــی چەکــی کیمیایــی لەلایــەن کۆمەڵگــەی دیموکراســی نێودەوڵەتییــەوە هەندێــك کاردانــەوەی لێکەوتــەوە. نەتەوەیەکگرتــووەکان دەیویســت شــاندێکی شــارەزا بنێرێتــە عێــراق. وەلــێ بەغــدا رێگــەی نــەدەدا ئــەو شــاندە بچێــت و لــە باشــووری کوردســتان لێکۆڵینــەوە بکــەن لەســەر راســتیی بەکارهێنانــی چەکــی کیمیایــی. نەتەوەیەکگرتــووەکان داوای مۆڵەتــی لــە تورکیــا کــرد بــۆ ئــەوەی لێکۆڵینــەوە لەســەر ئــەو کوردانــە بکــەن کــە لــە باشــووری کوردســتانەوە ئــاوارەی باکــووری کوردســتان بــوون، تاوەکــو بگەنــە ئــەو

39 - تەلەفزیۆنی (TRT) هەواڵەکانی کاژێر ٨ی ئێوارە، 1990-12-28.

ئەنجامـەی ئاخـۆ سـەدام حوسـێن چەکـی کیمیایـی بەکارهێنـاوە یـان نـا. وەلـێ تورکیـا هاوپەیمانێکـی سەرسـەختی عێراقـی تاوانبـار و نەژادپەرسـت و داگیرکـەر و کۆمەڵکـوژ بـوو. چونکـە بـۆ پشـتگیری لـە عێراقـی داگیرکـەر و دەربازکردنـی لـەو تاوانـەی کردبـووی، روونکردنەوەیەکیـان بڵاوکـردەوە. روونکردنەوەکـە دەڵێـت "بەپێـی ئـەو لێکۆڵینەوانـەی لەسـەر ئـەو کەسـانە کـراون کـە ئاودیـوی سـنوور بوونـە، هیـچ ئاماژەیەکـی وەهـا نەبینـراوە کـە بەکارهێنانــی چەکــی کیمیایــی لەلایــەن بەغــداوە پشتڕاســت بکاتــەوە". ئیـدی بـەو بەهانەیـە، رێگـەی نـەدا شـاندی نەتەوەیەکگرتـووەکان بێنـە نـاو خاکـی تورکیـا، لـە کاتێکـدا بەڵگـەی زۆر حاشـاهەڵنەگر هەبـوون لەسـەر بەکارهێنانــی چەکــی کیمیایــی، بــەڵام تورکیــا لەپێنــاوی هاوبەشــەکەی لـە داگیـرکاری و شـاردنەوەی تاوانەکانـی، نەیهێشـت ئـەو بەڵگانـە لەڕێـی ئەوانـەوە ئاشـکرا ببـن.

کەچـی بینیمـان دواتـر خـودی سـەرۆککۆمار دانـی بەوەدانـا کـە چەکـی کیمیایی لەلایـەن سـەدام حوسـێنەوە لـە دژی کـورد بەکارهاتـووە. ئەگـەر بێینـە سـەر بوویـەری تۆقەکـردن و دەستخسـتنە نـاو دەسـتی سـەدامیش: لــە مانگــی نــۆی ســاڵی 1988، یەکــەم کــەس کــە دەســتی ســەدام حوسـێنی گوشـی و تۆقـەی لەگـەڵ کـرد، سـەرۆکوەزیرانی تورکیـا بـوو لـە کاتێکـدا دووکەڵـی چەکـی کیمیایـی بـە ئاسـمانی کوردسـتانەوە هێشـتا نەڕەویبــووەوە !

وەك دەبینیـن هـەر کاتێـك پرسـەکە دێتـە سـەر زوڵـم لـە کورد، دەسـەڵات و ئۆپۆزسـیۆنی تورکـی هەموویـان وەکـو یـەك بیردەکەنـەوە. بۆیـە ئەگـەر بەپێـی کات و شـوێن ناوەڕۆکـی ئـەو هەڵوێسـتەیان گۆڕانیشـی بەسـەردا بێـت، کۆڵەکـە سـەرەکییەکەی وەك خـۆی دەمێنێتـەوە کـە بریتییـە لـە پێشـگیری لـە مـاف و داخوازییـە دیموکراسـییەتی گەلـی کـورد.

## دامەزراندنی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی تورکیا

ناوەڕاستی مانگی دیسەمبەری ساڵی 1990، کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی مافەکانی مرۆڤ لە پەرلەمانی تورکیا دامەزرا. بەڵام پەرلەمانتارە ئەندامەکانی ناو کۆمیسیۆنەکە ناشێ جێی باوەڕ بن. چونکە لە کوردستان هەر بۆ خۆشی خەڵك دەکوژرا. هەموو جۆرەکانی ئەشکەنجە و زوڵم و زۆرداری لەسەر کورد تاقیدەکرایەوە و گوندەکانیان بەسەردا دەڕووخێنرا و ماڵەکانیان دەسووتێنرا. جا نەك هەر خۆیان، بەڵکو وڵاخ و مەڕ و ماڵاتیشیان دەکوشتن. هەرچی خۆراك و وشکەی هەڵگیراویش هەبوو هەمووی دەستی بەسەردا دەگیرا و فڕێدەدرا. هێزەکانی ئاسایشی تورکیا بەشێکی زۆری ماڵ و موڵکی کوردیشیان بۆ خۆیان بە تاڵان دەبرد. تەنانەت دەستدرێژییان دەکردە سەر ئافرەتەکانیان. بە تایبەتی لە پشکنینەکانی ناو گوندەکان. کورد بەوجۆرە ناچاری کۆچێکی ناڕەوا دەکرا. هەموو ئەمانە تەنیا بۆ ئەوەبوو کە خۆیان بەدەستەوە بدەن. ئەوانەشی نەیاندەویست خۆیان بەدەستەوە بدەن، دەبوو رابکەن، بەبەرچاوی منداڵەوە ئەشکەنجەی دایك و باوکەکانیان دەدا. لەبەر چاوی نەوەکانیان داپیر و باپیرەکان بەر جنێوی ناشرین دەدران. کەچی سەرباری هەموو ئەمانە، پارتە تورکییەکانی ناو پەرلەمانی تورکیا بە دێڕێك باسی ئەو کارەساتانەیان نەدەکرد. هەر نەشیاندەتوانی باسی بکەن. چونکە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی چاودێر بوو لەسەر حکومەت و پارتە سیاسییەکان و ڕێگەی نەدەدا هیچ لایەنێك پرسیار لە هێزەکانی ناوچەی دۆخی نائاسایی بکات. جا ئەو جۆرە مرۆڤانەی هیچ دەسەڵاتێکیان نییە، دێن و کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ لە پەرلەمانی تورکیا دادەمەزرێنن. بۆیە ئەو کۆمیسیۆنە هیچ جێی باوەڕ نییە و ناکرێ ئەو هەوڵەمان پێ کارێکی

گرنـگ و نـویٚ بـن. چونکـه ئەوانـە ناتوانـن بـەو بابەتانـەوە مـژوول بـن کـە پەیوەنـدی بـە دەرچـوون لـە مافەکانـی مرۆڤـەوە هەیـە. بەڵکـو ئـەو جـۆرە کۆمیسـیۆنە تەنیا بـۆ خاپاندنـی وڵاتانـی جیهانـە. بـۆ ئـەو شـاندانەی وڵاتانی رۆژئاوایـە کـە دێنـە تورکیا. چونکـە دەوڵـەت هیـچ روونکردنەوەیەکـی نـەدا ئـەو پەرلەمانتارانـەی بوونـە ئەندامـی کۆمیسـیۆنەکە، هیـچ زانیارییەکیـان لەبـارەی ئەشـکەنجە و زوڵـم و زۆردارییەکانـی سـەر خەڵکـی کوردسـتان نـەدا. ئەوانیـش چـاو و گوێـی خۆیـان لـە هەمبـەر ئـەو تـاوان و کاولکارییانـە داخسـت و بـە هیـچ شـێوەیەك لەوەیـان نەپرسـی ئاخـۆ ئـەو خەڵکـە بـۆ دەکوژرێـن؟ ئـەو گوندانـە بۆچـی دەڕووخێنرێـن؟ ئـەو منداڵانـە بۆچـی وا دەترسێنرێن؟

زۆر ئاشـکرایە کـە کۆمیسـیۆنی لێکۆڵینـەوە و بەدواداچوونـی مافەکانـی مـرۆڤ تەنیـا بـۆ پێدانـی دڵنیاییەکـی درۆینەیـە بـەو شـاندانەی لـە رۆژئـاواوە دێـن و سـەردانی پەرلەمانـی تورکیـا دەکـەن. چونکـە کاتێـك پرسـەکە دێتـە سـەر کوردسـتان، نـەك ئـەو کۆمیسـیۆنە، بەڵکـو دەسـتووریش دەبێتـە شـتێك تەنیـا بـۆ نمایـش دەشـێ. بەوپێیـەی لـە کوردسـتان لـە بـری دەسـتوور کار بـە فەرمـان دەکـرێ. وەلـێ کاتێـك شـاندە بیانییـەکان دێـن، دانـە دانـە باسـی ئەوەیـان بـۆ دەکـەن کـە چـۆن دەسـتوور لـە هەمـوو شـوێنێك جێبەجـێ دەکـرێ و بـۆ هەمـوو کـەس وەك یەکـە و مافـی هەمـوو لایـەك دەپارێـزێ. جـا بـاس لـەوەش دەکـەن کـە فەرمانـەکان بـۆ ماوەیەکـی کاتـی و تێپـەڕە.

نـەك هـەر ئەوەنـدە، بەڵکـو ئـەو فەرمانانـەی حوکمـی یاسـایان هەیـە، لەلایـەن ئەنجوومەنـی وەزیرانـەوە بـۆ پەرلەمـان بەرزکرانـەوە، لێرەشـدا هەسـت بـە فێڵێکـی دەسـەڵات دەکـرێ بەرامبـەر بـە یاسـا. چونکـە ئـەو تەڵەکەبازییـەی دەسـەڵات دژی یاسـا بـە زانایـی جێبەجـێ دەکـرا. لەوەگـەڕێ کـە فەرمانەکانـی ژمـارە 413 و 424 و 430 نەنێردرانـە پەرلەمـان، بەڵکـو فەرمانـی ژمـارە 285 کـە لـە 1987-7-10 دەرچـوو هێشـتا نەخراوەتـە بـەردەم پەرلەمانـی تورکیـا بـۆ دەنگـدان لەسـەری،

چونکــە ئــەم هەنــگاوە ســیناریۆیەکی داڕێــژراوی نێــوان و حکومــەت و پەرلەمــان و دامــەزراوەی دادوەری بــوو لــە تورکیــا.

## جیاوازیی فەرمانەکانی کورد و فەرمانەکانی دیکە

بەپێـی دەسـتووری تورکیـای سـاڵی 1982، فەرمانـەکان بـە پشتبەسـتن بـە ماددەکانـی ژمـارە 121-91، دەسـەڵاتیان وەکـو دەسـەڵاتی یاسـا هەژمارکـراوە. وەلـێ دەبـێ ئـەو بڕیارانـە لەیـەك جیـا بکەینـەوە کـە بـە پشتبەسـتن بـەو دوو ماددەیـە دەرکـراون. ئـەو فەرمانانـەی بـە پشتبەسـتن بـە مـاددەی 91 دەکـراون، زیاتـر بـاس لـە پرسـە ئابوورییـەکان و دۆخـی ئابـووری دەکـەن. بـۆ نموونـە لـە فەرمانەکـەدا باسـی جۆرێـك لـە سـەندنی بـاج و خەراجـی نـوێ دەکـرێ. هەرچـی پەیوەسـتە بـەو فەرمانانـەی بـاس لـە بەڕێوەبردنـی کوردسـتانی داگیرکـراو دەکـەن، بـە پشتبەسـتن بـە مـاددەی 121ی دەسـتووری تورکیـا دەرچـووە. وەك چـۆن دواتـر، هەریـەك لـە بڕیارەکانـی ژمـارە 413 و 421 و 424 و 425 و 430 بـە پشتبەسـتن بـە مـاددەی 121ی دەسـتوور دەرکـران. فەرمانـی پارێزگارەکانـی ناوچەکانـی دۆخـی نائاسـاییش بـە پشتبەسـتن بـە مـاددەی 285 دەرچـووە. ئـەو فەرمـان و بڕیاڕانـە تەنیـا بـۆ ئەوەبـوو دەوڵەتـی تـورك بەرامبـەر بـە گەلـی کـورد ئازادییەکانـی زیاتـری هەبـێ، چونکـە هیـچ شـوێنەوارێك نییـە دەرخـەری بوونـی مافـی مـرۆڤ بێـت لـە کوردسـتان. فەرمانـەکان لـە رەگـەوە مافەکانـی مرۆڤیـان هەڵتەکانـدووە.

ئـەو فەرمانانـەی دەسـەڵاتی یاسـایان هەیـە و بەپێـی مـاددەی 121ی دەسـتووری تـورك دەرچـوون، پێیاندەڵێـن بڕیارنامـە. لەبەرئـەوەی هەمـان توانـا و دەسـەڵاتی یاسـایان هەیـە، وەلـێ لـە جێبەجێکردنـدا زۆر لـە یاسـا و دەسـتوور لەسـەرترن.

بـا مانگەکانـی سـێ و چـواری سـاڵی 1990 بەبیـر خۆمـان بهێنینـەوە. لـە کوردسـتان سـەرهەڵدانێکی خـورت دەسـتیپێکردبوو. لەگـەڵ ئـەو

سـەرهەڵدانە، لایەنگرانـی پارتـە تورکییەکانـی کوردسـتان بـە تـەواوی توانـەوە. وەلـێ ئـەوان هـەر زوو هەسـتیان بـەوە کـرد کـە وا خەریکـە دەپووکێنـەوە. چونکـە ئیـدی کـورد لەلایـەن هـزر و چالاکییەکانـی گەریلاوە ئاراسـتە دەکـران. لـەوێ سـەروبەندێدا، پارتـی سۆسـیالدیموکراتی گـەل لـە دادگای دەسـتووری سـکاڵایەکی تۆمارکـرد، لەسـەر ئـەوەی فەرمانـی ژمـارە 413 دژی دەسـتوورە و لەگەڵـی ناکۆکـە. دادگای دەسـتووری سـکاڵاکەی بـە گرنگییـەوە وەرگـرت و بڕیـاری دا لێکۆڵینەوەی وردی لەسـەر بکـرێ.

بـا بیـر لـە رۆژەکانـی ناوەڕاسـتی مانگـی دیسـەمبەری سـاڵی 1990 بکەینـەوە. دادگای دەسـتووری لـە هەشـتەمین رۆژی ئـەو مانگـەدا، بۆچوونـی خـۆی لەسـەر فەرمانەکانـی 413 و 424 بڵاوکـردەوە. بە بۆچوونی دادگای دەسـتووری، فەرمانـی ژمـارە 424 بەهـۆی ئـەوەی دژی دەسـتوورە هەڵدەوەشـێتەوە. ئیـدی هەواڵەکـە لـە دادگای دەسـتوورییەوە بـۆ نـاو حکومـەت دزەی کردبـوو. ئـەوە بـوو رۆژی پـازدەی مانگـی دیسـەمبەر فەرمانەکەیـان هەڵوەشـاندەوە و لـە شـوێنی ئـەو فەرمانـی ژمـارە 430 دەرچـوو. ئـەم فەرمانـە نوێیـە رۆژێـك دواتـر، دوای ئـەوەی لـە رۆژنامـەی فەرمـی بڵاوکرایـەوە، خرایـە بـواری جێبەجێکـردن. بەوشـێوەیەش حکومـەت بـە رێگـەی تەڵەکەبـازی، لـە دژی دەسـتوور، خـۆی لـە چاودێریـی دادگـە دەربازکـرد.

حکومەتـی تورکیـا لـە پێنجەمیـن رۆژی مانگـی هەشـتی سـاڵی 1990، بـە نووسـینی نامەیـەك بـۆ سـکرتاریەتی گشـتی کۆمیسـیۆنی ئەورووپـا، بـە شـێوەیەکی فەرمـی ئـەوەی پێڕاگەیاندبـوون کـە لـە پارێزگەکانـی سـنووری ناوچـەی دۆخـی نائاسـایی و پارێزگاکانـی دراوسـێیان، رەچاوکردنـی مافەکانـی مرۆڤیـان هەڵپەسـاردووە. ئەمـەش بـە مانـای ئـەوە دێـت: مـن لـەو ناوچانـە ئەشـکەنجەی خەڵـک دەدەم و بـە زوڵـم و زۆرداری ئـەوێ بەڕێوەدەبـەم. جـا بـا بپرسـین، ئایا تاوەکـو بـەر لـە نووسـینی ئـەو نامەیـە، لـەو ناوچانـە شـتێك هەبـووە بـە نـاوی پاراسـتنی مافەکانـی مـرۆڤ؟

وەڵامەکـە بـە دڵنیاییـەوە نەخێـرە. تورکیـا بـەر لـە پێنجـی مانگـی هەشـتی سـاڵی 1990، بەهـۆی رووبەڕووبوونـەوەی کۆمەڵێـك کێشـەی ناوخۆیـی و دەرەکـی، ناچـار بـوو ئـەوە ئاشـکرا بـکات کـە (دەسـت بـە ئەشـکەنجە دەکـەم). هاتنـە پێشـی قەیرانـی کەنداویـش لـەو سـەروبەندەدا، دەرفەتێکـی چـاك بـوو بـۆ جێبەجێکردنـی ئـەو هەنـگاوە.

**ئەنجام**

داگیـرکاری لـە هـەر چـوار لای جیهانـەوە زۆر قڕێـژ بـووە، بـەردەوام ئـازار و ناخۆشـی و نەهامەتـی لـە دوای خـۆی بەجێهێشـتووە. سیاسـەتی کۆڵۆنیالیسـتی ئینگلتـەرە لـە هیندسـتان و چەنـد وڵاتێکـی ئەفریقـا و کۆڵۆنیالیسـتی فەرەنسـا لـە جەزائیـر و چەنـد وڵاتێکـی دیکـەی ئەفریقـی و کۆڵۆنیالیسـتی هۆڵەنـدا و بەلجیـکا و ئیسـپانیا لـە باشـووری رۆژهەڵاتـی کیشـوەری ئاسـیا و ئەفریقـا و کۆڵۆنیالیسـتی پورتـوگال لـە گینیـا و مۆزەمبیـق و ئەنگـۆلا، پڕ بـووە لە ناشـرینی. ئـەو سیاسـەت و داگیرکارییانە لـە هیـچ شـوێنێك لەگـەڵ رێـز و حورمەتـی مـرۆڤ نایەنـەوە. وەك چـۆن دەبـێ هەڵسـوکەوتی حکومەتـی باشـووری ئەفریقـاش بەرامبـەر هاووڵاتییەکانـی هـەر لـەو چوارچێوەیـەدا ببینیـن. هەمـوو ئەمانـە لـە نزیکـەوە دەزانیـن. وەلـێ سیاسـەتی نەژادپەرسـتی و داگیرکاریـی دەوڵەتـی تورکیـا لەسـەر کوردسـتان، زۆر لـەو وڵاتانـە زیاتـرە کـە لـە سـەرەوە ناومان هێنـان. چونکـە ئـەو سیاسـەتە داگیرکارییـەی تـورك بەرامبـەر بـە گەلـی کـورد جێبەجێـی دەکا و لەسـەری بەردەوامـە، لـە هیـچ شـوێنێکی دنیـادا هاوشـێوەی نییـە. لـە کاتێکـدا ئێمـە دەزانیـن کـە کوردسـتان حیسـابی وڵاتێکـی کۆڵۆنیشـی بـۆ ناکـرێ.

داگیـرکاری تـورك، هەرچـی دەزگا و دامـەزراوە و ناوەنـدی زانسـتی و هونـەری و میدیایـی و ئاینـی و سـینەما و شـانۆ و تەکنەلـۆژی و دادوەری و بازرگانـی و وەرزشـی و کۆمەڵایەتـی هەیـە، هەمـووی خسـتووەتە

خزمـەت سیاسـەتە داگیرکارییـە نەژادپەرسـتانەکەی. هەمـوو ئەمانـەش زۆر بـە ئاسـانی دەکات. زانکـۆ تورکییـەکان و میدیا تورکییـەکان شـتێکیان نییە بـە نـاوی ئازادیـی کار و ئازادیـی هەڵوێسـت و بۆچـوون، چونکـە ئەمانـە دامـەزراوە نیـن و وەکـو بەشـێك لـە دەزگای هەواڵگـری کار دەکـەن. وەك چـۆن دامـەزراوەی دادوەریـش بەهەمـان شـێوەیە. لەبـەر ئـەم هۆکارانـە، هـزری تورکـی هزرێکـی نەتەوەپەرسـتانەی داگیرکاریـی ئیمپریالیسـتییە. زانکـۆ تورکییـەکان هێشـتا سـەرقاڵی سـەلماندنی ئـەوەن کـە کـورد تورکـە. جـا بـە ناونیشـانی (کـوردە تورکـەکان) لـە بەشـە جیاوازەکانـی زانکـۆدا وانـە دەخوێنـن.

بەهێزتریـن رێـکار بـۆ بەڕێوەبردنـی خاکـی داگیرکـراو بریتییـە لـە فەرمـان. کوردسـتانی داگیرکراویـش بـە هەمـان شـێوە لـە رێگـەی فەرمانـەوە بەڕێوەدەبـرێ، ئەمـە رێـک بـە مانـای ئـەوە دێـت کـە دامـەزراوەی دادوەری لـە کوردسـتان هیـچ هێـز و دەسـەڵاتێکی نییـە. بۆیـە سـزاکان لەلایـەن دادگاکانـەوە دەرناچـن، بەڵکـو راسـتەوخۆ لەلایـەن هێزەکانـی ئاسایشـی دەوڵەتـەوە دەردەچـن. جـا بـۆ نەهێشـتن و بنبڕکردنـی سـکاڵاش، تـا لـە دەسـتیان بێـت جـۆر و شـێوازی سـزاکان گرانتـر و قورسـتر دەکـەن. بۆیـە سـەپاندنی سـزا لەلایـەن ژەندرمـە و پۆلیـس و هێـزە تایبەتـەکان و گوندپارێـزەکان و کارمەندانـی کارگێـڕی وا دەکات شـتێکیش نەبێـت بەنـاوی دادگـەی پێداچوونـەوەی دۆسـیەکان.

سـزاکان بـۆ کێـن؟ بەدڵنیاییـەوە بـۆ کـوردن. بـە تایبەتـی ئەوانـەی گوندپارێز نیـن و هاوسـۆزی گەریـلان و هاوکارییـان دەکـەن. هـەر کوردێـك لەگـەڵ پەکەکـە بەشـەڕ نەهاتبـێ، ئـەوە مانـای وایـە لەگـەڵ دەوڵەتـی تورکیـا لـە شـەڕدایە. دەوڵەتـی داگیـرکاری تـورك بەهـۆی ئـەم سیاسـەتانەوە سـۆزی گەلـی کـوردی بـە تـەواوی لەدەسـتداوە. بۆیـە بـە زەبـری کۆمەڵکـوژی دەیویسـت ئـەو گەلـە لەسـەر خـاك نەهێڵـێ. نووسـینگەی دیاربەکـری رێکخـراوی مافەکانـی مـرۆڤ لـە راپۆرتـی مانگـی نـۆی سـاڵی 1990 و لەژێـر ناونیشـانی (چۆڵکردنـی دەڤـەری بۆتـان لـە مـرۆڤ) و لـە راپۆرتەکانـی

دواتریشـیدا، دۆخەکـە زۆر بـە وردی و بـە زانیارییـەوە دەخاتـە بەرچـاو. فەرمانـەکان بـە شـێوەیەکی زۆر خێـرا بڕیـاری جێبەجێکـردنیـان دەردەچێـت. هـەر کاتێـك پێویسـت بـێ، دەسـتبەجێ فەرمانێـک دادەتاشـن. وەك چـۆن دەتوانـن هەمـوو کات، بەپێـی پێویسـتی دەسـتکاریی بکـەن. فەرمانـی ژمـارە 413 بـە 424 گـۆڕدرا. فەرمانـی ژمـارە 424 بـە 430 گـۆڕدرا. ئەوانەی بڕیـار لەسـەر گـۆڕیـن و دەسـتکاریکردنی ناوەڕۆکـی فەرمانەکانیـش دەکـەن، راسـتەوخۆ کەسـانی سـەر بـە هێزەکانـی ئاسایشـن. ئەمـەش کارئاسـانییەکی زۆرە بـۆ دەسـەڵاتدارانی تورکیـا.

فەرمانـەکان بـەردەوام، مافـی ئازادیـی خەڵـك بەرتەسـک دەکەنـەوە، بـە پێچەوانـەوەش دەوڵـەت ئازادییەکـی رەهـا و بێسـنوور بـە دامەزراوەکانـی دەبەخشـێ، چونکـە لـە هەمـوو کاتێکـدا، دەسـتوور ناتوانـێ ئازادییەکـی لـەو شـێوەیە ببەخشـێتە دەوڵـەت، تەنانـەت ئەگـەر دەسـتوورەکە زۆر خراپیـش بێـت.

# مانای بەشداریی ئافرەتانی کورد لە ریزەکانی گەریلادا [40]

کۆمەڵگـەی کـوردی، کۆمەڵگەیەکـی وابەسـتەی داوونەریتـە. لەنێـو خێـزان دا بـاوك باڵادەسـتە و ماڵبـات پشـتی پێدەبەسـتێ. وەك چـۆن کۆمەڵگەیەکـە رۆڵـی کـوڕ لەناویـدا فراوانـە. سـەرۆکی خێـزان بـە زۆری ژمـارەی منـداڵ و بـە تایبەتیـش بـە ژمـارەی کوڕەکانییـەوە دەنازێـت. ئافرەتیـش لـە ریزبەنـدی دووەمـی نـاو کۆمەڵگـە و خێزاندایـە. پلەبەندیـی منداڵـی کـچ لـە دوای منداڵـە کـوڕەکان دێـت. جـا ئـەم دۆخـە تەنیـا تایبـەت نییـە بـە کۆمەڵگـەی کـوردی. چونکـە سـەرجەم ئـەو جڤاکانـەی کاری وەبەرهێنـان دەکـەن لەسـەر خـاك و داهاتـی ئابوورییـان پشـتی بـە کشـتوکاڵ بەسـتووە و خـاوەن مەڕومـاڵات و وڵاخ و جووتیـارن، لـە چوارچێـوەی خێزانـدا ئـەو جـۆرە پەیوەندیانـە بەرچـاو دەکـەون.

---

40 - یەنی ئولکە، ژمارە 2-1، 20-10-1990 ـ 27-10-1990.

## پەیوەستبوون بە خێزان و عەشیرەتەوە

لـەو جـۆرە کۆمەڵگـە نەریتیانـەدا، وەفـاداری و دڵسـۆزی بـۆ خێـزان و عەشـیرەتە. بۆیـە خێـزان و عەشـیرەت یەکەیەکـی گرنگـی کۆمەڵگـەن و پەیوەسـتبوون بـە عەشـیرەت و خێزانـەوە بـە راسـتگۆییەکی گرنـگ هەژمـار دەکرێـت. ئەمـە وادەکات هـەر هێـرش و مەترسـییەك لـە دەرەوە بـۆ سـەر عەشـیرەت و خێـزان دروسـتببێ، هەمـوو ئەندامانـی عەشـیرەتەکە بەیەکـەوە بەرپەرچـی دەدەنـەوە. گرنگتریـن بەهـای پەیوەسـتبوون بـە عەشـیرەت و خێزانیشـەوە بریتییـە لـە (ناموسـی خێـزان و ناموسـی عەشـیرەت)، بۆیـە ئـەو وتـە باوانـەی بـاس لـەوە دەکـەن کـە (کـورد زۆر بەتەنگ ناموسـەوەن) و (کـورد مـەرد و ئـازان...) لـەو پەیوەندیانـەوە سـەرچاوەیان گرتـووە. پەیوەسـتبوون بـە خێـزان و عەشـیرەت و پاراسـتنی نامـووس وەکـو نەریتێکـی کۆمەڵگـەی کـوردی زۆر گرنگـی پێدەدرێـت.

## ئافرەتە گەریلاکان

ئاشـکرایە لەنێـو پەیوەندییەکـی لـەو جـۆرەدا، گەریلا گۆڕانی لـە کۆمەڵگەدا کـردووە و نەریتـە کۆمەڵایەتییەکانـی لەبەریـەك هەڵوەشـاندووە. وەلـێ مانـای بەشـداریی ئافـرەت لـە ریزەکانی گەریلادا زۆر لـەوە زێدەتـرە. لـە بەراییـدا پێویسـتە ئـەوە روونتـر بکەینـەوە: لەنێـو بزووتنـەوەی رزگاریخوازیـی کوردسـتاندا ئافرەتـی گەریـلا زۆرن. ژمارەکـەش رۆژ لـە دوای رۆژ رووی لـە هەڵکشـانە. ئافرەتانـی زۆر بـواری جیـاواز بوونەتـە گەریـلا، خوێنـدکار و ژنـی لادێ و ئەوانـەش کـە دەسـت لـە خوێنـدن هەڵدەگـرن و دەبنـە گەریـلا، زۆرن.
وەلـێ پێویسـتە ئـەوە بڵێیـن: لـە زۆربـەی سـەرهەڵدان و شـۆڕشـەکانی کـورددا، ئافرەتـان لـە پـاڵ هاوسـەرەکانیان، یـان لـە پـاڵ براکانیـان، یـان

لـه تـەك باوكیانـەوە، بەشـداریی شۆڕشـەكانیان كـردووە. بـۆ نموونـە لـە سـەروبەندی سـەرهەڵدانی ئاگـری لـە سـەرەتای سـاڵی 1930دا، هەمـوو كـورد دەزانـن فەرزەنـدە و ژنەكـەی پێكـەوە تەڤلـی شـۆڕش بـوون و پێكـەوەش شـەهیدكران. لـە شۆڕشـی دێرسـم دا، گوڵنـاز بـەردەوام لـە پـاڵ عەلـی هاوژینـی بـووە و پێكـەوەش شـەهید بـوون. وەلـێ ئـەو جـۆرە بەشـدارییە لـە شـۆڕش و سـەرهەڵدانەكانی پێشـووتردا، زیاتـر وەك هاوكاریـی ئافرەتـان بـووە بـۆ هاوژیـن و بـرا و باوكیـان. بـۆ نموونـە رۆڵێكـی گرنگیـان گێـڕاوە لـە درووسـتكردنی خـواردن بـۆ ریزەكانـی پێشـەوەی شـەڕ و گەیاندنـی ئـاوی پێویسـتی خواردنـەوە و هێنـان و بردنـی هـەواڵ و پەیامەكانـی شـۆڕش. ئەمـەش خزمەتێكـی گەورەیـە كـە ئافرەتـان پێشكێشـی شۆڕشـەكانیان كـردووە. وەلـێ ئـەوە تەنیـا لـە سـنووری هاوكاریـدا بـووە. بەشـداری راسـتەقینەی ئافـرەت لەنێـو ریزەكانی بزووتنـەوەی رزگاریخوازیـی كوردسـتاندا لەگـەڵ پارتـی كرێكارانـی كوردسـتان دا دەسـتیپێكرد. دیـارە نامـەوێ رۆڵـی چالاكـی پارتـی دیموكراتی كوردسـتان و رێكخـراوە كوردییەكانـی دیكـە بچـووك بكەمـەوە. وەلـێ بەشـداریی ئافـرەت لـە چالاكیـی رێكخراوەیـی و كاركردنـی راسـتەوخۆ بـۆ رێكخراوەكـە وەك گەریـلا، لەگـەڵ پەكەكـە دا دەسـتیپێكرد. بەبۆچوونـی منیـش، ئەمـە گۆڕانێكـی زۆر گـەورە بـوو. پیشـاندانی گرنگیـی ئـەو هەنـگاوە، بـە نموونەیەكـی وەهـا كـە لـە خـوارەوە باسـی دەكـەم، پێموابـێ روون و ئاشـكراتر دەبـێ: لـە كۆتایـی سـاڵی 1970 و سـەرەتای سـاڵی 1971، لـە ئەنقـەرە، ئیسـتەنبووڵ، دیاربەكـر، سـیلڤان، باتمـان، دیبەكتـاش و حـەزۆ، كۆمەڵـەی شۆڕشـگێڕی كولتـووری رۆژهـەڵات DDKO دامـەزرا[41]. ژمـارەی دامەزرێنەرانـی هـەر حـەوت ناوچەكـە نزیكـەی 104

---

41 - كۆمەڵـەی شۆڕشـگێڕی كولتـووری رۆژهـەڵات، لـە سـاڵی 1969 لەنێـو خوێندكارانـی كـورد لـە ئیسـتەنبووڵ دامـەزرا، تاوەكـو ئەوسـا كـورد لەنێـو پارتـە كۆمۆنیسـتییە توركییەكانـدا كار و چالاكـی سیاسـییان دەكـرد، بـەڵام دوای دامەزراندنـی كۆمەڵەكـە، ئیـدی كـورد لەنێـو كۆمەڵەیەكـی تایبـەت بـە خـۆی سیاسـەتی دەكـرد. كۆمەڵەكـە دوای كودەتـای سـەربازیی سـاڵی 1971 چالاكییەكانـی قەدەخـە كـرا (وەرگێـڕ).

کـەس بـوون. لەنێـو ئـەو ژمارەیـەدا تەنیـا یـەك کەسـیان ئافـرەت بـوو. ئەویـش لـە دامەزرێنەرانـی لقـی ئیسـتەنبووڵی کۆمەڵەکـە بـوو. لـە سـاڵانی حەفتاکانـدا زۆر کـورد گیـراون و دادگایـی کـراون، بـەڵام لەنێـو ئەوانـەدا هیـچ ئافرەتێکـی کـورد نەبـووە.

یەکێـك لـە نموونەکانـی دیکـە ئەوەیـە بەشـێکی زۆری ژنـە گەریـلاکان بـە ئاگاداریـی ماڵباتەکانیـان و ڕەزامەندیـی خێزانەکانیـان دەبنـە گەریـلا. بـۆ نموونـە کاتێـك لەنێـو ماڵباتێـك، بـاوك یـان بـرا، بـە هـەر هۆکارێـك لەلایەن هێزەکانـی دەوڵەتـەوە شـەهید دەکرێـن، دایـك، کچەکـەی دەنێرێتـە ڕیزەکانـی گەریـلا و دەڵـێ "ئیـدی بـاوك و برایەکـت نییـە ئێمـە لـە ژەندرمـە و سـەرباز و هێـزە تایبەتـەکان بپارێزێـت، بـڕۆ نێـو ڕیزەکانـی گەریـلا و ئێمـە و خوشـك و بـرا بچووکەکانـت بپارێـزە".

ڕاسـتییەکی دیکـەش ئەوەیـە ئافرەتـان لـە ڕیزەکانـی گەریـلادا ئەرکـی چـالاك و گرنـگ لـە ئەسـتۆ دەگـرن. چـەك لـە شـان دەکـەن و بەشـداری شـەڕ دەکـەن و لەنێـو بـارەگاکان ژیـان بەسـەردەبەن. هەندێـك لـە دەسـتەکانی گەریـلاش لەلایـەن ژنـە گەریلاکانـەوە سەرپەرشـتی دەکرێـن. دوای ئـەو ڕاسـتیانەی لەسـەرەوە ئاماژەمـان بـۆ کـردن، پێویسـتە باسـی ئـەوەش بکەیـن کـە لـە کۆمەڵگەیەکـی نەریتیـی وەك جڤاکـی کوردیـدا، بـۆ پەکەکـە هەنگاوێکـی زۆر گرنـگ بـووە بڕیـاری لـە وەرگرتنـی ئافـرەت داوە. ڕەنگـە ئـەوە یەکێـك بووبـێ لـە بڕیارە هـەرە زەحمەتەکانیـش. چونکە بەشـدارکردنی ژن لـە ڕیزەکانـی گەریـلادا دەبێتـە هـۆی هەڵوەشـاندنەوەی ئـەو خاڵـە جەوهەریـەی لەنێـو کۆمەڵگـەی کوردیـدا هەیـە و شـێوازی دڵسـۆزی و پابەنـدی دەگۆڕێـت.

بـا بیرێـك لـەم خاڵـە بکەینـەوە: کاتێـك گەریلایەکـی کـوڕ دەسـتگیردەکرێت، دەزانیـن چەنـدە ڕووبـەڕووی ئەشـکەنجە و گوشـار دەبێتـەوە. لـەوێ لێـی دەپرسـن هەڤاڵانـت کێـن؟ ئـەو شـوێنەی چالاکیـی لێـوە دەکـەن کامەیـە؟ لـە کـوێ دەمێننـەوە؟ بنکـە و بارەگاکانتـان لـە چ ناوچەیەکـن؟ لـەوێ چەنـد کەسـن؟ لەگـەڵ کـێ پەیوەندیتـان هەیـە؟ چـەك و تفـاق و ئازووقـە لـە

کوێوە دابین دەکەن؟ ڕێکخراوەکە لەلایەن کێوە سەرپەرشتی دەکرێ؟ چۆن و بە چ ڕێگەیەك خولی چەکداری دەبینن؟ کێن ئەوانەی مەشق و ڕاهێنانتان پێدەکەن و تاد... ئەو گەریلایەش وەڵامی ئەو پرسیارانەیان ناداتەوە، لە نزیکەوەش ئاگاداری ئەوەین، ئەو گەریلایانەی دەگیرێن و بەرسڤی ئەو پرسانە نادەنەوە، چ ئەشکەنجەیەك دەچێژن.

## پەیوەستبوون بە نەتەوە و نیشتیمانەوە

با بیر لەوە بکەینەوە کاتێك ئافرەتێکی گەنجی گەریلا دەستگیر دەکرێت. ئەو پرسیارانەی سەرەوە لەو ئافرەتە گەریلایەش دەکرێن. بە دڵنیاییەوە، ئەو کیژە گەنجە وەڵامی پێویست و بەسوودیان ناداتەوە. بۆیە ئەویش ڕووبەڕووی هەزار و یەك ئەشکەنجە و گوشاری دەروونی و فیزیکی دەکەنەوە. جلی لەبەر دادەکەنن و ڕووتی دەکەنەوە. بە دەستدرێژی هەڕەشەی لێدەکەن. یان دەستدرێژیشی دەکەنە سەر. بۆیە لەو ڕوانگەیەوە ئاشکرایە کە ئافرەتێکی گەریلای دەستگیرکراو، لە گەریلایەکی کوڕ زیاتر ڕووبەڕووی ئەشکەنجە و زوڵم و جنێو دەبێتەوە. جا لە نزیکەوەش ئاگاداری چیرۆکی ئەو ئەشکەنجانەین کە بەسەر هەندێك لە گەریلا ئافرەتە دەستگیرکراوەکاندا هاتوون. وەلێ ماڵباتەکان، سەرباری ئەمانە، کچەکانیان دەنێرنە شاخ بۆ چوونە نێو ڕیزەکانی گەریلا و ئەو کچانەی دەچنە چیا، بە جوانی سەیریان دەکرێت. واتە کاتێك ئەو ئافرەتانە دەچنە ڕیزەکانی گەریلا، لە دەفتەری خێزانەکاندا ڕەش ناکرێنەوە و دایك و باوکەکان خۆیانی لێ بێبەری ناکەن. لەکاتێکدا دایک، باوک، برا گەورە و مام و خاڵ، ئەوە دەزانن کە ڕەنگە ئەم کچە ڕووبەڕووی هەزار و یەك ئەشکەنجە ببێتەوە و قسەی ناشیرینی بەرامبەر بکرێ و بە دەستدرێژی هەڕەشەی لێبکرێت. کەچی سەرباری هەموو ئەمانەی باسکران، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی گەریلا و گەریلا ئافرەتەکان لە ڕیزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستاندا بەرەو

زیادبوونـە. بۆیـە لێـرەوە دەبـێ دەرکەوتنـی ئـەو بەهایـە ببینیـن کـە زۆر زیاتـر لـە بەهاکانـی وەك (پەیوەسـتبوون بـە خێزانـەوە) و (پارێـزگاری لـە نامووسـی خێـزان) و (ناموسـی عەشـیرەت) جێـی گرتـووە. چونکـە ئیـدی ئـەوە دەرخـەری پەیوەسـتبوونە بـە نەتـەوەی کـورد و پەیوەسـتبوونە بـە نیشـتیمان و وڵاتـی کـورد و پەیوەسـتبوونە بـە کوردسـتانەوە. جـا بـە دڵنیاییـەوەش پەیوەسـتبوون بـە گـەل و نیشـتیمان، بەهایەکـی زۆر پێشـکەوتنخوازتر و جیهانیتـرە. لەپێنـاو ئـەو بەهایـە، هـەزاران گەنـج رۆح و گیانـی خۆیـان کـردە قوربانـی، چونکـە مـردن لـە پێنـاوی نەتـەوەی کـورد و نیشـتیمان بەهایەکـی باڵاتـرە. ئەمـەش زۆر بـە فراوانـی بووەتـە هـۆی درووسـتبوونی هۆشـیاری بـۆ ئـەو هەنـگاوە. ئەمـە لەنێـو کۆمەڵگـەی کوردیـدا دەبێتـە رێخۆشـکەر بـۆ زیاتـر باڵاکردنـی ئـەو هۆشـیارییە. بۆیـە لـە پرۆسـەیەکی بەوشـێوەیەدا، کـورد دەبێتـە خاوەنـی کەسـایەتیی ئەوتـۆ تاوەکـو هەوڵـی کنـە و پشـکنین بـۆ دیرۆکـی خـۆی بـدات.

لـە پاڵ هەمـوو ئەمانـە، دەبـێ ئـەوە بـاش بزانیـن کـە تاوەکـو ئـەو دەمـەی کوردسـتان لەژێـر هەژمـوون و دەسـەڵاتی داگیرکەرانـدا بێـت، خێزانـەکان ناتوانـن پارێـزگاری لـە نامووسـی ئافرەتەکانیـان بکـەن. لـە سـەرەوە گوتمـان لەنێـو کـورددا، کولتـووری کوڕسـالاری زۆر باڵادەسـتە، لەکاتێکـدا بـەردەوام و بـێ پسـانەوە زوڵـم و ئەشـکەنجەدان هەیـە، لەوبارەیـەوە دەمـەوێ ئـەو چیرۆکەتـان بـۆ بگێڕمـەوە:

هێزەکانـی ئاسایشـی دەوڵـەت دەچوونـە نێـو گوندەکان و هەرچـی ژن و پیـاو و پیـر و گەنـج و منـداڵ هەیـە، لـە ناوەڕاسـتی گونـد کۆیاندەکردنـەوە. دوایـی ئافـرەت و منداڵـەکان لەگـەڵ پیـاوەکان لێـك جـودا دەکرانـەوە، دواتـر پیاوەکانیـان بەبەرچـاوی ژن و منداڵەکانـەوە رووتدەکـردەوە، تەنانـەت رێگەیـان بـە داپۆشـینی عەورەتیشـیان نـەدەدا. جـا دەسـتیان بـە ئەشـکەنجەدانیان دەکـرد. ردێنـی درێـژی پیرەکانیـان دەگـرت و بـە زەویانـدا دەدان و بـە هـەردوو قاچیـان لەسـەر جەسـتەیان هەڵدەپەڕیـن. لەولاتریـش قـژی ئافرەتەکانیـان دەگـرت و بـەدوای خۆیانـدا رایاندەکێشـان.

لـە منداڵەکانیـان دەدا، تاوەکـو بێدەنـگ بـن و بـە بینینـی ئـەو دیمەنانـە نەگریـن. ئینجـا بـە دەسـتدرێژیکردنە سـەر ناමووسـیان لەبـەردەم پیاوانـی گونـد، هەڕەشـەیان لـە ئافرەتـەکان دەکـرد و بـە پێکەنینـەوە دەیانگـوت "ژنـە جوانەکانمـان جیاکردووەتـەوە و لەگـەڵ ئـەوان ئیشـێکی تایبەتمـان هەیـە". بەرامبـەر وەحشـیگەرییەکی لەوجـۆرە، کـوردی مـەرد و بـە غـروور و پارێـزەری نامــووس، تەنیـا وەك بینـەر دەمایـەوە و هیچــی لەدەســت نەدەهـات. بۆیـە نامووسـی خێـزان لـە وڵاتانـی داگیرکـراودا پارێـزراو نییـە. لەکاتێکـدا بـاش دەزانیـن بەشـێك لـەو کوردانـەی لادێ کـە ئـاوا بەرامبـەر بـە دەوڵـەت ترسـنۆکن، لـە کێشـە کۆمەڵایەتییەکانـی نێـوان خۆیانـدا زۆر چاونەتـرس و مـەرد و ئـازا دەردەکـەون. ئەگـەر شـەڕەکە لەنێـوان خۆیانـدا بـێ، دەڵێـن (ناමووسـمان دەپارێزیـن)، ئیـدی بـە گوتنـەوەی ئـەو قسـانە بەرچاویـان تاریـك دەبـێ و خوێنـی تێدەزێـت. لەپێنـاو سـەگێك، مریشـکێك، یـان لەپێنـاو هیـچ دەتوانـن سـێ چـوار کـەس بکـوژن. جـا داگیرکەریـش رێـك ئـەوەی لـە کـورد دەوێـت. ترسـان و تۆقیـن لـە دەوڵـەت و پێداگیـری لەسـەر نەریتەکانـی خۆیـان.

لـە سـەرەتای سـاڵانی حەفتاکانـی سـەدەی رابـردوو، هێزەکانـی کۆمانـدۆی تورکـی بـە چـڕی و بـێ پسـانەوە ئـەو زوڵـم و ئەشـکەنجە و سـووکایەتیەیان بەرامبـەر گوندنشـینانی کـورد دووبـارە دەکـردەوە. پیـاو، منـداڵ و ئـەو پیرە پیاوانـەی خـاوەن چەندیـن نـەوە بـوون، لەگـەڵ ئـەو ئافرەتانـەی خـاوەن منـداڵ بـوون، بـە بەرچـاوی زارۆکەکانیانـەوە رووت دەکرانـەوە. پەتیـان لـە ئەندامـی نێرینـەی پیـاوەکان دەبەسـت و سـەری پەتەکەیـان دەدا دەسـت ئافرەتـەکان و هەڕەشــەیان لــە ژنــەکان دەکــرد کــە دەبــێ پیــاوەکان بەنێـو گونـددا و بـەدوای خۆیانـدا راکێشـن. ئـەوە جۆرێـك لـە ئەشـکەنجەی هەڕەمەکـی نییـە، بەڵکـو جۆرێکـە لـە سـووکایەتی کـە بەتایبـەت بـۆ کـورد هەڵدەبژێـردرا. بـۆ چۆنیەتـی ئەنجامدانـی ئـەو ئەشـکەنجانە، فەرمانـدەکان زۆریـان بیرکردبـووەوە و حیسـابی هەمـوو شـتێکیان کردبـوو. چونکـە لـە کۆمەڵگەیەکـدا کـە فەرهەنگـی پیاوسـالاری بەسـەریدا باڵادەسـتە، تەنیـا

بەوجـۆرە سـووکایەتییە دەیانتوانـی شـەرەفی تاکەکانـی بشـکێنن. چونکـە ئەشـکەنجەی قـورس و کارەبا لێدان و شـەق و پێلەقـە هیـچ ئەنجامێکـی نەبـوو. ئیـدی بەوشـێوەیە دەروونیـان تێکدەشـکێنرا و دەبوونـە تاکێکـی دەسـتەمۆ. واتـە لـە ناخـەوە برینداریـان دەکـردن، چونکـە برینـی سـەر جەسـتە کاتـی بـوو. بۆیـە دەبینـی کۆمەڵگـە داگیرکـراوەکان جڤاکـی بریندار و پڕناسـۆرن. گەلـی کوردیـش کۆمەڵگەکـەی زۆر برینـدارە. ئـەو جـۆرە مرۆڤانـە ئیـدی نـە داوای مافـە نەتەوەیـی و دیموکراسـییەکانیان دەکـەن، نـە داوای رێگەوبـان و ئـاو بـۆ گوندەکەیـان. بەڵکـو تەنیـا شـوکور دەبـن بـەوەی کـە دەوڵەتـی داگیرکـەر پێیـان دەبەخشـێت.

هیـچ کۆمەڵگەیـەك، لەهیـچ شـوێنێکی جیهانـدا نابـێ رووبـەڕووی سـووکایەتیی لەوجـۆرە ببێتـەوە. نـە لـە کوردسـتان و نـە لـە تورکسـتان و نـە لـە عەرەبسـتان و نـە لـە ئوسـترالیا و نـە لـە باشـووری ئەفریقـا و نـە لـە ئەمەریـکا و رووسـیا. چونکـە کۆمەڵگـەکان نابـێ بـەو شـێوەیە بژیـن و ئـاوا ناحەقییـان بەرامبـەر بکـرێ. جڤاتێـك سـەرباری هەمـوو ئەمانـە، ئەگـەر دژی ئـەو ئەشـکەنجە و تـاوان و سـووکایەتییە بوەسـتێتەوە، دەبێ پێـش هـەر شـتێک رووبـەڕووی رژێمـی داگیرکـەری وڵاتەکـەی ببێتـەوە و بەرگـری بـکات. دەبـێ دەستەوەسـتان نەبـێ و دژی ئـەو زوڵـم و زۆرداری و ئەشـکەنجە و سـووکایەتییە شـۆڕش بـکات و لـە بەرخـودان بـەردەوام بێـت. لەبەرئـەوەی مرۆڤایەتـی پێویسـتی بەوەیـە. چونکـە ژیانـی ملکەچـی ژیانێکـی مرۆڤانـە نییـە.

## ئەرکی گەریلا لە گۆڕینی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیدا

کاتێـك مـرۆڤ تووشـی نەخۆشـییەك دەبێ، دەچێتە لای پزیشـک و پشـکنین دەکات و چارەسـەر وەردەگرێـت، جـا ئـەوە بـۆ زۆربـەی نەخۆشـییەکانی مـرۆڤ راسـتە و هـەر ئـاوا دەکرێـت. ئەگـەر کۆمەڵگەیـەك لـە هـەر شـوێنێکی ئـەو جیهانـە، ئـەو ئەشـکەنجە و جنێـو و سـووکایەتیانەی

بەسەربێت کە لە سەرەوە باسمانکردن و لە دژی ئەو زوڵمە رانەبێت، دیارە ئەو کۆمەڵگەیە نەخۆشە. ئەو جڤاکە دەشێ ئیفلیج بووبێ بۆیە بەرامبەر بەو هەمــوو نادادییە بێ هەست و خوست و جوڵە دەبێت. بۆیە پێویستە ئەو نەخۆشییە چارەسەر بکرێت. بۆ ئەمەش تەنیا یەك رێگە هەیە، ئەویش شۆڕش و سەرهەڵدانە لە دژی ئەوانەی ئەوەی بەرامبەر دەکەن.

کوردستان ئیدی کوردستانی کۆن نییە، وەك چۆن کوردیش کوردی جاران نییە. ئەمانە زۆر ئاشکرا و دیارن. کۆمەڵگەی کوردی لە گۆڕاندایە، دوای دروستبوونی گەریلاش ئەو گۆڕانە خێراتر بووە. هەستی ئازادی و یەکسانی، لە پاڵ هەستی نەتەوەیی لای کورد رووی لە گەشەسەندنە. بۆیە ئەو هەنگاوە لە چین و توێژە جیاوازەکانی نێو جڤاکی کوردی و لەسەر ئاستی گشتیش بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت.

بەشداریی ئافرەتیش لە ریزەکانی گەریلادا، بەها کۆمەڵایەتییەکانی نێو جڤاکی کوردیی گۆڕیوە. بۆیە زۆر گرنگە راڤەی ئەمە بکەین. ئاخۆ بەشداریی ژن لە ریزەکانی گەریلادا، لای خێزان و کۆمەڵگەی کوردی چ جۆرێك لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنا؟ دەشێ ئەمە بە پشتبەستن بە داتاکانی نێو توێژینەوە و راپرسییەکان بکەین. دەبێ لەوە ورد ببینەوە، ئاخۆ بەشداریی ئافرەت لە ریزەکانی گەریلادا، لەنێو خێزانی کوردیدا چ گۆڕانێکی بەسەر پەیوەندیی نێوان باوك و کوڕ، دایك و کوڕ، باوك و کچ، دایك و کچ، خوشك و برا و خوشك و خوشك و برا و برادا هێناوە؟ چ جیاوازییەکیان لەنێوان خێزانی گوندی و خێزانی شارە گەورەکاندا دروستکردووە؟ ئایا ئەو ئافرەتە کوردەی دەچێتە ریزەکانی گەریلا، هەر بەڕاستی ئازاد دەبێت؟ ئایا یەکینەی گەریلای ئازاد دروست دەبێت؟ ئەو ئافرەتانەی لە بەرەکاندا وەك گەریلا خاوەن بڕیارن، لە پەیوەندییەکانی نێو خێزانیشدا بە هەمان شێوە خاوەن بڕیارن؟ لە بەشەکانی سەرەوە باسمان لەوەکرد کە هەندێك لە دەستە و یەکینەکانی گەریلا لەلایەن ئافرەتانەوە سەرپەرشتی دەکرێن. جا بە

پشتبەسـتن بـەوە و روانیـن لـە نەریتەکانـی کۆمەڵگـەی کـوردی، دەبینیـن ئـەو جـۆرە هەنـگاوە گۆڕانێکـی گـەورە بـووە لـە جڤاکـی کوردیـدا.

ئاخـۆ  پێگەیاندنـی گەنجـی کـورد لەلایـەن ئافرەتانـەوە، کارێکـی ئەوتـۆی کـردووە ئـەو یەکسـانییە لـە پەیوەندییەکانـی نێـو خێزانیشـدا رەنـگ بداتـەوە، یاخـود ئەمانـە تەنیـا دەرخـەری دۆخێکـی کاتـی و راگـوزەرن؟ ئایا گەریلا توانای کاڵکردنەوەی کولتووری پیاوسالاری و باڵادەستیی پیاوی لەنێـو خێزانـدا هەیـە؟ ئایـا گەریلا رۆڵـی چـی دەبێـت لـە دیموکراتیزەکـردن و مۆدێرنیـزەی کۆمەڵگـەدا؟ دەبـێ زۆر بـە وردی بـە دوای وەڵامـی هەمـوو ئـەو پرسـیارانەدا بگەڕێیـن و بنکۆڵیـان بکەیـن و بگەینـە ئەنجامێکـی زانسـتی. دەبـێ پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانیـش لـەو چوارچێوەیـەدا سـەیر بکەیـن و بەدواداچوونیـان بـۆ بکەیـن.

بەشـداریی ژنانـی کـورد لـە ریزەکانـی گەریـلا و ریزەکانـی پێشـەوەی چالاکـی و خۆپیشـاندانە سیاسـییەکان، بەهایەکـی وەهاشـمان بـۆ دەردەخات:

کاتێـك لـە زینـدان بـووم، لەگـەڵ زۆر فرۆشـیاری مـاددە هۆشـبەرەکان و زۆر کـوردی تاوانبـار بـە تاوانـی کۆمەڵایەتـی یەکدیمـان ناسـی. لـە مانگـی ئاداری سـاڵی 1990 کاتێـك رووداوەکانـی نسـێبین و جزیـرێ گەشـەیان کـرد و فـراوان بـوون، بینیـم ئـەو کوردانـە خۆبەخـۆ و لەگـەڵ دەروونـی خۆیـان، زۆر سەرزەنشـتی خۆیـان دەکـرد و زۆر خەفـەت و قەهریـان دەخـوارد لـەوەی کـە ئافرەتەکانـی ئـەوان لـە شـەڕدان و بەشـداریی خۆپیشـاندان دەکـەن و بـۆ پاراسـتنی شـەرەف و نامووسـی کـورد پـڕ بـە گەروویـان هاوار دەکـەن و تەنانـەت منداڵەکانیشـیان لەنێـو خۆپیشـاندانن، کەچـی ئـەوان لـە ئیسـتەنبووڵ تێکەڵـی کاری پیـس و تاوانـکاری بوونـە. ئـەوان دەیانگـوت "ئـەم رووداوانـە فێریانکردیـن کـە ئێمـە مرۆڤیـن و کوردیـن".

ئەو گیراوانە بەو قسانە پەسنی پەکەکەیان دەدا و ستایشیان دەکرد.

وەکـو رۆژی روونـاك ئاشـکرایە، ئافرەتانـی شۆڕشـگێڕی کـورد بـۆ بزاڤـی دیموکراسـی پایەیەکـی زۆر گرنـگ و بەهێـزن. ئـەو پایەیـە بـۆ بزووتنـەوە شۆڕشـگێڕییەکان و بزاڤـە دیموکراسـییەکان تەنیـا بـە رێگـەی رێکخسـتن

و کاری ڕێکخراوەیـی بەهێـز دەبێـت. وەك چــۆن گَردبوونـەوەی مرۆڤیـش لـە دەوری ئـەو بزاڤـە تەنیـا بـە کاری ڕێکخراوەیـی و ڕێکخسـتن دەتوانـێ بکەوێتـە سـەر ڕێگَـەی ڕاسـتی خـۆی و ببێتـە هێزێکـی بەسـوود.

## بەشی پێنجەم

# نەشوناماکردنی یادەوەریی کۆمەڵگەی کوردی

تاوەکـو سـاڵی 1980، کۆمەڵگـەی کـوردی بەبـێ بیـرەوەری بـوو. هەسـتی بـە رووداوە مێژوویـی و کۆمەڵایەتییەکانـی دەوروبـەری خـۆی نەدەکـرد. کـورد تاوەکـو ئـەوکات، بەشـێوەیەکی دروسـت نەیدەزانـی لـەو رووداوانـە بڕوانـێ کـە بەسـەر کۆمەڵگـەی کـوردی و کوردسـتاندا دەهاتـن. هـەر هەستیشـیان بـە پێویسـتی زانینێکـی وەهـا نەدەکـرد.

### کۆمەڵگەی بێ یادەوەری

کاتێـك ئەمـڕۆ لەگـەڵ سـەردەمەکانی رابـردوو بـەراورد دەکەیـن، دەتوانیـن تێبینـی ئەمانـە بکەیـن: تورکیـا لـە سـاڵانی شەسـتی سـەتەی رابـردوودا، بەتایبەتیـش لەنێـوان سـاڵانی 1965-1969، بەشـێوەیەکی رێژەیـی، بـە سـەردەمێکی دیموکراسـیدا گـوزەری کردبـوو. دەتوانیـن بڵێیـن ئـەوە دیموکراسـیترین رۆژگاری تورکیـا بـووە. بـەڵام سـەرباری ئەمـەش، لەوکاتـدا بەشـێوەیەکی ئاسـایی بـاس لـە کێشـەی کـورد نەدەکـرا.

لــە ســاڵانی حەفتاکانیــش، بەتایبەتــی دوای ســەردەمی 12ی ئــادار و نێوەڕاســتی ٢اى ئەیلــوول، بــەراورد بــە ئەمــڕۆ، زۆر دیموکراســیتر بــوو. وەلــێ لەوکاتیشــدا بــاس لــە کێشــەی کــورد نەدەکــرا و لەوبارەیــەوە شــتێکی ئەوتــۆ لەئــارادا نەبــوو.
لـە دوای رژێمـی ٢اى ئەیلـوول لـە سـاڵانی هەشـتاکانی سـەتەی رابـردوودا، بـە ئاشـکرا هەسـت بـە تەوژمێکـی دژە دیموکراسـی لـە تورکیـا دەکـرا. لـە دوای سـاڵی 1983، سـەردەمی عەسـکەرتاری بـۆ رۆژگاری سـیڤیل گـوزەر دەکات، بــەڵام ئەمــە تەنیــا بریتیبــوو لــە لەبەرکردنــی جلــی مەدەنــی لەلایــەن دەســەڵاتدارانی ســەربازییەوە لەژێــر هەژموونــی فاشــیزمی دەســەڵاتدارانی ٢اى ئەیلــوول. بــەڵام ســەرباری ئەمــەش، بــەروارد بــە ســەردەمەکانی پێشــتر، زیاتـر بـاس لـە کێشـەی کـورد دەکـرا جا ئەگـەر کەم و رێژەییـش بووبێـت. لەوکاتـدا هەوڵێـك هەبـوو بـۆ راڤەکردنـی کێشـەی کــورد بەشــێوەیەکی فراوانتــر و زێدەتــر. پێویســتیی ئــەو راڤەکردنــە رۆژ لـە دوای رۆژ زیاتـر خـۆی بەرجەسـتە دەکـرد. لـە سـەردەمانی رابـردوودا تەنیـا دەتوانـرا بگوتـرێ "لـە تورکیـا کێشـەی کـورد هەیـە"، بـەڵام ئیـدی باس لـە نێوەڕۆکـی ئـەو کێشـەیەش دەکـرا. چونکـە ئاریشـەکە ئیـدی زۆر زیاتـر خـۆی دەرخسـتبوو. جـا لـە بارودۆخێکـی بەوشـێوەیەدا، ژمـارەی ئەوانـەش رووی لـە زیادبـوون کردبـوو کـە لەسـەر ئـەو پرسـە دەوەسـتان و بیریـان لـە چارەسـەری کێشـەکە دەکـردەوە. ئیـدی دەتبینـی لـەوە دەکۆڵدرایـەوە کــە ئاخــۆ کێشــەی کــورد بۆچــی ئــاوا بووەتــە پرســگرێك و لــە کەیــەوە ئــەو کێشــەیە هەیــە و بۆچــی تاوەکــو ئەمــڕۆ چارەســەرنەکراوە و چــۆن چارەســەر دەکرێــت؟
بـە دڵنیاییـەوە ئـەو سـەردەمە سـەرەڕای بوونـی حکومـەت و دەوڵـەت و دامــەزراوەی دادوەری و میدیــای تورکــی و پارتــە سیاســییە تورکییــەکان و زانکـۆ و رووناکبیـرە تورکـەکان دەسـتیپێکردبوو. ئیـدی وردە وردەش رووی لـە فراوانبـوون بـوو. زۆر هـۆکار هەبـوون کـە خزمەتـی زیاتـر فراوانبوونـی ئــەم گەنگەشــەیەیان دەکــرد. لەوانــە چالاکییــە هەمەجۆرەکانــی نێــو

کۆمەڵگـە و هەروەهـا هەنـدێ هـۆکاری دەرەکـی. تاوەکـو سـەرەتای سـاڵانی نـەوەت، کۆمەڵگـەی کـوردی یادەوەرییەکـی ئەوتـۆی نەبـوو. کـورد سـەرباری ئـەوەی زیاتـر لـە 30 ملیـۆن کەسـن و خاوەنـی خاکێکـی پـان و بەریـنـن، کەچـی لەوەیـان نەدەپێچایـەوە بۆچـی خـاوەن سـتاتوویەکی سیاسـی نیـن. بـۆ نموونـە کۆمەڵگـەی کـوردی خـۆی لەگـەڵ کۆمەڵگـەی تورکـی و عەرەبـی و فارسـی بـەراورد نەدەکـرد. لـە جیهانـدا هەندێـك وڵات هـەن ژمـارەی دانیشـتووانیان 50 هـەزار کەسـە، یـان 300 هـەزار کەسـن. تەنانـەت وڵاتێکـی وەك ڤانواتـۆ لەنێـو زەریـای هێمـن ژمارەیـان کەمتـر لـە 10 هـەزار کەسـە. لەبـارەی ئـەم نەبوونـی یادەوەرییـە لـە کۆمەڵگـەی کوردیـدا دەتوانیـن چەنـد نموونەیـەك بهێنینـەوە:

لـە سـاڵانی شەسـت و حەفتاکانـدا، کاتێـك رووناکبیرانـی کـورد باسـی مافەکانـی کوردیـان دەکـرد، چەپـە تورکـەکان کوردیـان بـە داردەسـتی ئیمپریالیـزم تاوانبـار دەکـرد، بەتایبەتـی کاتێـك دەگـوتـرا "بـا ئاخافتـن بـە زمانـی کـوردی ئـازاد بکرێـت"، یـان "ئاسـتەنگەکانی سـەر زمـان و کولتـووری کـوردی هەڵبگیرێـن"، یاخـود "دەبـێ فەرهەنگـی کـوردی بەزیندوویـی بهێڵدرێتـەوە". ئـەو شۆڕشـگێڕانەی ئەوەشـیان نەدەویسـت رووبـەڕووی ئـەو جـۆرە تۆمەتانـە ببنـەوە، زۆر لەسـەر پرسـی زمـان و فەرهەنـگ نەدەوەسـتان و زیاتـر باسـیان لـە مـژارە جیهانییەکانـی وەك خەباتـی چینـی کرێـکاران دەکـرد و بـە دەرخسـتنی زانیاریەکانیـان لەسـەر مارکسـیزم و لینینـزم و سۆسـیالیزم، هەوڵـی پیشـاندانی ئەوەیـان دەدا کـە ئـەوان لـەو بـوارەدا بـە هیـچ کلۆجێـك لـە دوای چەپـە تورکەکانـەوە نیـن، بەڵکـو لـە زۆر مژاریشـدا لـە پێشـەوەی ئەوانـن.

بۆیـە ئەگـەر لـەم رووەوە لایەنێـک تۆمەتباربێـت، بـە دڵنیاییـەوە ئـەو لایەنـە رووناکبیرانـی کـورد و چەپەکانـی کـوردن. ئـەم کەموکورتییـە پەیوەنـدی بـە نەبوونـی ژێرخانێکـی پتـەوی مەعریفـی و مێژوویـی و یادەوەریـی کۆمەڵگـەی کوردییـەوە هەیـە. بێگومـان یەکێـك لـەو لایەنانـەی نەتـەوەی کـورد و کوردسـتانیان پارچـە پارچـە کـردووە کەمالیسـتەکانن. ئـەوان

لەگـەڵ ئیمپریالیزمـی ئینگلیـزی و فەڕەنسـی، شانبەشـانی عـەرەب و فارس کوردسـتانیان پارچـە پارچـە و لەتلـەت کـرد. چەپـی تورکیـش ئاشـکرایە کـە ماوەیەکـی زۆرە لـە ژێـر کاریگەریـی کەمالیزمـدان. ئـەو باندۆرە تائێسـتاش لەسـەریان بەردەوامـە. ئـەم مـژارە دەبـێ لێکۆڵینـەوەی لەبـارەوە بکـرێ و بچنـە قووڵایـی پرسـەکە و بـە باشـی راڤـەی بکـەن. بەتایبەتـی زۆر گرنگـە شـەنوکەوی ئـەوە بکـەن و توێژینـەوە لەسـەر رۆڵ و کاریگەریـی کەمالیـزم بکـەن لـەم پرۆسـەیەدا.

لـە چارەگــی یەکەمــی ســەدەی بیســتەمدا کوردســتان دابەشــی ســەر چـوار پارچـە کـرا. هەر لە سـەرەتای سـاڵانی 1919 و 1920ــەوە مشـتومڕی نێــوان ئیمپریالیزمــی ئینگلیــزی و کەمالیســتەکان لەســەر دابەشــکردنی کوردســتان دەســتیپێکرد. مشــتومڕەکە لەســەر ئەوەبــوو کام وڵات پارچەیەکـی گەورەتـری کوردسـتانی بەردەکەوێـت. ئـەم مشـتومڕە هیـچ خەسـڵەتێکی دژە ئیمپریالیسـتیی تێـدا بـەدی ناکـرێ و بەهیـچ کلۆجێـک مشــتومڕێک نەبــوو لــە دژی سیاســەتی داگیــرکاری. ئــەو بوویەرانــەی کاریگەرییـان لەسـەر رووداوەکانـی سـاڵی 1920 هەبـوو، بـۆ نموونـە بـە سـەرنجدان لـە کاریگەریـی رۆم و ئەرمـەن و بۆلشـەڤیکەکان و عـەرەب، دەتوانیـن بڵێیـن شـەڕی نێـوان کەمالیسـت و ئینگلیـزەکان هـەر لەسـەر کوردسـتان بـوو. ئـەو ناکۆکییـە لـە سـاڵی 1922 بـەرەو رێککەوتـن و لێکتێگەیشـتن چـوو لەسـەر دابەشـکردن و پارچـە پارچەکردنـی کوردسـتان. هەرچـی پەیوەسـتە بـە سـەرەتای رێککەوتنـی نێـوان کەمالیسـتەکان و ئیمپریالیزمـی ئینگلیـزی، ئـەوە بـۆ سـەرەتای سـاڵی 1921 دەگەڕێتـەوە لـە پـاش رێککەوتنـی نێـوان تورکیـا و یەکێتـی سـۆڤیەتی پێشـوو، هەروەهـا واژۆکردنـی رێککەوتنـی بازرگانـی لەنێـوان ئینگلتـەرا و یەکێتـی سـۆڤیەت لـە مانگـی ئـاداری سـاڵی 1921دا.

لێـرەدا دەتوانیـن نموونەیـەك بهێنینـەوە لەسـەر یادەوەریـی لاواز و کەمیـی مەعریفـەی دیرۆکـی لای کـورد و دابـڕان لـەو بەشـە گرنگـەی مێـژووی خۆیـان:

لــە ســەرەتای ســاڵانی ســییەکانی ســەتەی بیســتەم کۆمەڵکوژییەکــی گــەورە لــە گەلــی زیــلان روویــدا [42]. لەنێــوان ســاڵانی 1938-1937 لــە گەلــی قوتــووی دێرســم کۆمەڵکوژییەکــی دیکــە روویــدا. لــە ســاڵی 1943 لــە نزیــك ســنووری ئێــران لــە ناوچــەی تلەبــەر، لــە خەرەنــدی ســەفۆش کۆمەڵکوژییەکــی گــەورە کــرا. ئــەو کۆمەڵکوژیانــە هیچیــان لــە چوارچێــوەی شــەڕ لەگــەڵ شۆڕشــگێڕانی کــورد نەبــوون و وەک ئەنجامــی سرووشــتیی جەنــگ لێکنادرێنــەوە. بەڵکــو هەمــووی بــە حیســابێکی ورد و بــە بەرنامــە کــراون بــۆ ســڕینەوەی کــورد، بــەڵام کــورد تاوەکــو چەنــد ســاڵی رابــردووش تەنیــا باســی کۆمەڵکوژییەکانــی (تــەل زەعتــەر و ســەبرا و شــاتێلا)ی لوبنانیــان دەکــرد. ئــاگاداری ئــەوە نەبــوون کــە لــە مێــژووی هاوچەرخــی خۆیانــدا گەلەکەیــان چــی بەســەرهاتووە و کــێ و چــۆن کۆمەڵکــوژی کــردوون. هــەر ئەوەشــیان بــە پێویســت نەدەزانــی لێکۆڵینــەوە لــەو بوویەرانــە بکــەن. ئەمــە تەنیا بــە نەبوونــی پاشــخانی مێژوویــی و مەعریفــی لای کــورد دەتوانیــن لێکیبدەینــەوە. ئــەو کۆمەڵگەیانــەی لەبــارەی پاشــخانە مێژوویــی و فەرهەنگییەکانــی خۆیانــەوە بێئــاگان و هەســتی نیشــتمانییان لاوازە، بــە کۆمەڵگــەی بەلەنــگاز و هــەژار دادەنرێــن. ئەمانــە بەدڵنیاییــەوە زۆر هــۆکاری مــاددی و مەعنەویشــیان لــە پشــتەوەیە.

مێــژوو تەنیــا بریتــی نییــە لــە دەقــە نووســراوەکان. چونکــە زۆر رووداوی زۆر گرنگــی نەنووســراویش هــەن لــە دیرۆکــی مرۆڤایەتیــدا. جــا پەیــڕەوی لــە سیاســەتی ســەربازی و دژایەتیــی کــورد لــە ســەرووی ئــەو رووداوانــەن کــە لــە مێــژوودا نەنووســراونەتەوە. جــووەکان و ئەرمەنــەکان بەهــۆی هێــزی کاریگــەری دانانیــان لەســەر کۆمەڵگــەی جیهانــی، توانیویانــە ئــەو کۆمەڵکوژیانــەی دژ بــە گەلەکەیــان کــراون، بــە هەمــوو دنیــا بناســێنن. ئەمــەش بــە رێکخســتنی چەندیــن میکانیزمــی پێویســت کــردووە و

42 - کۆمەڵکوژیی زیلان لە تەممووزی 1930 لەلایەن فەیلەقی 9ی سوپاوە کرا. کۆمەڵکوژییەکە لە ناوچەی زیلانی سەر بە قەزای ئەرجیشی شاری وان روویدا و نزیکەی 15 هەزار کورد کۆمەڵکوژ کران (وەرگێڕ).

پرسـەکەیان گەیاندووەتـە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی. نازییـەکان لەبـەر ئـەو کۆمەڵکوژیانـە درانـە دادگا، بـەم هۆیەشـەوە کۆمەڵگـەی جیهانـی زانیاریـی وردی لەبـارەی کۆمەڵکوژیـی جـووەکان هەیـە. جـا ئەمـەش بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە کۆمەڵگـەی ئەرمەنـی و جـوو، خـاوەن زانیـن و مەعریفـەن لـە بـارەی مێـژووی خۆیـان. ئەوەیـان لەبیـر نەکـردووە کـە ئـەو کارەسـاتانەی بەسـەر گەلەکەیـان هاتـوون، لەلایـەن کێـوە بـووە. بـەردەوام تـەواوی وردەکاریـی ئـەو بوویەرانەیـان لـە یادەوەریـی خۆیانـدا بـە زیندوویـی ڕاگرتـووە. لەکاتێکـدا لەنێـو کـورددا کەموکورتـی لە هەسـتی نەتەوەییـدا هەیـە. کۆمەڵگەیەکـن یادەوەرییـان وەك نەبـوو وایـە، چونکـە زۆر بـە ئاسـانی ئـەو ڕووداوانـە لەبیـر دەکـەن کـە بەسـەریان هاتـوون. هــەر بۆیــەش ئــەو تاوانانــە ناگەیێننــە گوێــی کۆمەڵگــەی نێودەوڵەتــی. نـەك هـەر تەنیا کاریـان بـۆ دامەزرانـدن و ڕێکخسـتنی میکانیزمێکـی وەهـا نەکـردووە کـە ئـەم چیرۆکانـە بگەیێننـە گوێـی هەمـوو جیهـان، بەڵکـو نەگەیشـتوونەتە ئـەو ئاسـتەی هەسـت بـە گرنگیـی ئـەو کارەش بکـەن. بـە دڵنیاییـەوە ئەمـە زۆر هـۆکاری لـە پشـتەوەیە کـە سـەرچاوەکانیان دەرەکیـن.

ئـەو دەوڵەتانـەی کوردسـتانیان دابەشـکرد، لەپـاڵ ئـەو وڵاتانـەی کوردسـتانیان داگیـر کـردووە، زۆر سـوودیان لـە کەموکورتییەکانـی کـورد بینیـوە و هـەر لەبەرئـەوەش کوردیـان زۆر بـێ زانسـت و زانیـاری هێشـتووەتەوە.

پێموابـێ هـەر لەسـەر هەمـان مـژاری کەمیـی یـادەوەری و مەعریفـەی مێژوویـی لای گەلـی کـورد، وەبیرهێنانـەوەی ڕووداوێکـی دیکەش سـوودی هەبێـت:

وەك دەزانرێـت، دەوڵەتـی عوسـمانی لـە سـاڵی 1914 وەک هاوپەیمانـی ئەڵمانیـای ئیمپریالیسـت چـووە نێـو جەنگـی یەکەمـی جیهانییـەوە. بەهـۆی ئـەوەی لایەنـی بەرامبـەر لـەو جەنگـەدا ئینگلیـز، فەڕەنسـا و ڕووسـیای قەیسـەری بـوون، جەنگەکـە بـە جەنگێکـی دژە ئیمپریالیسـتی هەژمـار

ناکرێت. لە سەروبەندی جەنگەکەدا، دەوڵەتی عوسمانی هاوکاریی لە ئەڵمانیای ئیمپریالیست خواست و هەر بەو هاوکارییە نزیکەی ملیۆن و نیوێک ئەرمەنی کۆمەڵکوژ کرد.

کۆتایی جەنگەکە واکەوتەوە کە ئەڵمانیای ئیمپریالیست و دەوڵەتی عوسمانی کەوتنە بەرەی دۆڕاوانی جەنگ. بۆیە ئەو رۆم و ئەرمەنانەی لە سەرەتای جەنگەکەدا راگوێزرابوون، دەستیان بە گەڕانەوە کرد بۆ سەر خاك و زێدی خۆیان، بەڵام بۆ رێگری لە تەوژمی ئەو گەڕانەوەیە، ئەشرافی عوسمانیی موسڵمان و تورك، هێزێکیان بەناوی قوەی میللییە دامەزراند [43]. ئەوەبوو هەرچی ماڵ و موڵکی رۆم و ئەرمەنە راگوێزراوەکان هەبوو دەستیان بەسەردا گیرا. ئەم هێزە بە هاوکاری و پاڵپشتیی دەوڵەت، موڵکی ئەرمەن و رۆمەکانیان تاڵان کرد. لە ناوچەکانی رۆژهەڵات و باشووریش، موسڵمانە کوردەکان هەوڵی دووبارەکردنەوەی هەمان کاریان دا. دیارە دەوڵەتیش دژی رۆم و ئەرمەنەکان هاوکاری دەکردن و دنەی دەدان. ساڵی 1918 و پاش ئاگربەستی مۆندۆرۆس [44]، ئەو رۆم و ئەرمەنانەی دەگەڕانەوە داوای ماڵ و موڵکی خۆیان دەکردەوە. قوەی میللییەش لە هەوڵی پێکهێنانی شتێکدا بوو بۆ رێگری لە گەڕانەوە و داواکارییەکانیان. ئەوەبوو لە رۆژی 13ی ئەیلوولی 1922 دا ئاگرێك لە بەڕێوەبەرایەتی تاپۆی ئیزمیر کەوتەوە و هەموو تۆمارە فەرمییەکانی تاپۆی ئەرمەنی و رۆمەکان سووتان، ئەوەش بۆ هەموو لایەك ئاشکرایە کە دەوڵەت لەپشتەوەی ئەو کارە بوو.

لە نێوان ساڵانی 1919-1922، لە رۆژئاوای تورکیا جەنگ لە دژی رۆمەکان و لە رۆژهەڵات و باشووریش دژی ئەرمەنەکان هەڵگیرسا.

43 - قوەی میللییە، دوای دۆڕانی ئیمپراتۆریی عوسمانی لە یەکەمین جەنگی جیهانی دامەزرا.

44 - ئەو رێککەوتننامەیە لە دوای یەکەمین جەنگی جیهانی لە نێوان وڵاتانی هاوپەیمان و ئیمپراتۆریی عوسمانی لە 30-10-1918 واژۆ کرا. دوای ئەوە ئیدی بە کردارەکی شتێك نەما بەناوی ئیمپراتۆریی عوسمانی. دواتریش بۆ دروستکردنی کۆمار، سوود لەو رێککەوتنە وەرگیرا، چونکە بە یەکەمین بەڵگەنامەی فەرمیی نێودەوڵەتی دادەنرێت بۆ دیاریکردنی سنووری تورکیا (وەرگێڕ).

کەمالیستەکان بەو جەنگە دەڵێن (جەنگی دەربازبوونی نیشتیمانی[45]- Milli kurtuluş savaşı) . دەربازبوون لە کێ؟ ئەی هەر عوسمانییەکان دەستیان بەسەر ماڵ و موڵکی ئەرمەن و رۆمدا نەدەگرت و رایاندەگواستن و ئیمپریالیزمیان بەخێودەکرد؟ ئەی هەر کەمالیستەکان نەبوون هاوشانی ئینگلیز و فەرەنسا بە هاوبەشی کوردستانیان پارچە پارچە کرد؟ کەوایە، ئەو جەنگە بۆچی جەنگی دەربازبوون و رزگارییە؟ دەربازبوونە لە جەنگی چ لایەنێك؟ چونکە ئەمە بە مانای ئەوە نایێت، بۆڵشەڤیکەکان و کەمالیستەکان بە پشتگرتنی یەکدی، وابزانرێت ئەوان لەسەر حەق بوونە، نەخێر بەڵکو ئەمە بە واتای ئەوە دێت بۆلشەڤیکەکان ملکەچی دەسەڵاتی نەژادپەرستی و داگیرکاری و خواستی ئەو حوکمڕانییە بوونە.

وەلێ جەنگی دەربازبوون، واتە هەلومەرج هەبوو بۆ جەنگی رزگاری و دەربازبوونی نەتەوەیی: چونکە کەمالیستەکان هەموو ساڵێک لە رۆژی 19ی ئایار، 23ی نیسان، 30ی ئاب، 29ی تشرینی یەکەم و 24ی تەمموز جەژن بۆ سەرجەم ئەو کارانەیان دەگێڕن کە لە کوردستانی پارچەپارچەکراو و دابەشکراو کردوویانە. جا دەیانەوێت ئەو جەژنانە بە کوردیش بفرۆشنەوە. چونکە دەیانەوێت بە قەدەخەکردنی جەژنی نەورۆزی رەسەنی کورد، جەژنەکانی خۆیان بەسەر کورددا بسەپێنن. لەکاتێکدا هەموو هەنگاوەکانی داگیرکاریی خۆیان لە کوردستان، لە ژێر ناوی (پیرۆزبایی رزگارکردنی فڵانە شار لە دووژمن) دەردەبڕن. لێرەدا بە ئاشکرا هەست بە شاردنەوەی هەوڵەکانی نەژادپەرستی و داگیرکاری بەرامبەر گەلی کورد دەکرێت. داواکارییە سیاسییەکانی گەلی کورد بەردەوام لەژێر رێکخستنی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی

45 - جەنگی دەربازکردنی تورك، یان جەنگی ئازادی. جەنگێک بوو لە باشووری رۆژئاوای تورکیاوە لە دژی یۆنان و لە رۆژهەڵاتەوە لە دژی فەرەنسا و ئەرمەنەکان لەپێناوی پاراستی تەختی پادشایی. لە چەندین بەرەوە تورك، کورد، عەرەب، لاز و چەرکەز لەنێوان ساڵانی (1919 ـ 1922) لە دژی ئەو وڵاتانە بۆ پاراستنی عوسمانییەکان جەنگان (وەرگێڕ).

ژێرپێ نراوە. جا نەپرسینەوە لە ناواخنی ئەو جۆرە پەیوەندیانە و پشتگوێخستنیان، بۆ لاوازیی یادەوەریی کورد دەگەڕێتەوە کە دەرخەری لاوازیی هەستی نەتەوەییە لای کورد.
دەتوانین لەوبارەیەوە، سەبارەت بە گۆڕینی ناوی گوندەکان نموونەیەك بخەینە بەرچاو: لەنێو هەندێك لەو گۆڤارانەی کورد خۆیان دەریان دەکەن، بەردەوام ناوی گوندەکان بە ناوە تورکییەکانیانەوە دەهێنرێت. لەکاتێکدا هیچ هۆکارێکی رەوا بۆ گۆڕینی ناوی گوندەکان نەبووە. رەنگە یاسایی بووبێ، بەڵام لەسەر هەق نەبووە (46) بۆیە کەوایە بۆچی ملکەچی دەنوێنن و سیاسەتەکانی ئەوان پتەوتر و بەهێزتر دەکەن؟

## کورد پێویستییەکی زۆریان بە زانستە

کورد پێویستییەکی زۆریان بە زانستە. چونکە ئەوانەی بە هاوبەشی دەستیان بەسەر کوردستاندا گرتووە و ئەو وڵاتانەی کوردستانیان کردووەتە کۆڵۆنیی نێودەوڵەتی، هەموو رێیەك دەگرنەبەر بۆئەوەی کورد بێ زانست و زانیاری بن و نەتوانن خودی خۆیان بدۆزنەوە. لەلایەك نکۆڵی لە بوونی نەتەوەی کورد دەکەن، لەلایەکی دیکەوەش بێ دوودڵی، هەر بەڵگە و هێمایەکی تایبەت بە کورد و شوێنەوارەکانی لەنێودەبەن. بۆ ئەوەی ئەو رووداوانەی تایبەتن بە کورد، لەنێو پەڕاوەکانی مێژوودا بە تاریکی و سەرداخراوی بمێننەوە، بێوچان هەوڵیانداوە. جا دیرۆکی خۆشیان وا نووسیوەتەوە کە لەهیچ شوێنێکیدا هەست بە بوونی کورد و زمانەکەی نەکرێت. بۆیە کورد سەرتۆپی ئەو گەلانەیە کە پێویستییەکی لە رادەبەدەری بە زانست و زانین هەیە. بەدڵنیاییەوە دەبێ سەرلەنوێ مێژووی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بنووسرێتەوە. دەبێ سەرلەنوێ دیرۆکی عێراق، تورکیا،

46 - ناوی هەموو گوند و ناحیە و قەزا و شارە کوردییەکان، لە دەقە تورکییەکەدا تورکی بووە و لەکاتی وەرگێڕاندا من هەموویم کردوونەتە کوردی و بە ناوە رەسەنەکانی خۆیان نووسیومن (وەرگێڕ).

ئێـران، سـووریا و فەلەسـتین بنووسـرێنەوە. جـا ئـەوە پێویسـتییەکی زۆر گرنگـە بـۆ کـورد.

## بێئاگایی رووناکبیرانی کورد

رۆشـنبیرانی کـورد تاوەکـو ئەمـڕۆش، ئـەو خاکـە بـە پیتـەی خۆیـان، ئـاوا بـە بەیـاری هێشـتووەتەوە و گوڵسـتانی خۆیـان وشـککردووە و باخـی خەڵکـی دیکەیـان سـەوز کـردووە. زۆر کـورد هـەن باخچـەی زمانـی تورکـی، ئەدەبیاتـی تورکـی، فۆلکلـۆری تورکـی، میوزیکـی تورکـی، شـیعری تورکـی، شـانۆی تورکـی، وەرزشـی تورکـی و نیگارکێشـی تورکییـان ئـاوداوە.
ئـەو دۆخـەی سـەرەوە، لـەم ساڵانەی دواییـدا بـە خێرایـی گـۆڕانـی بەسـەردا هاتـووە؛ کـورد چوونەتـە نێـو پێڤـاژۆی دەستخسـتنەوە و کەڵەکەکردنـی یادەوەرییەکانـی خۆیـان. ئیـدی هەسـت بـەوە دەکـەن ئـەو بـاخ و خاکـەی بـە وشـکی جێیانهێشـتبوون، کاتـی ئەوەیـە ئـاوی بـۆ بکێشـنەوە و سـەوزی بکەنـەوە. پێڤاژۆیەکـە تاوەکـو دێ خێراتـر و فراوانتـر دەبـێ. جـا بـە دڵنیاییـەوە زۆر بانـدۆری دەرەکـی و ناوخۆیـی رۆڵیـان لـەو دۆخـەدا هەبووە.

## هێزی گۆڕانکاریی گەریلا

سیاسـەت و ئایدیۆلۆژیـا و کارە زانسـتییەکان و بەردەوامبوونیـان تاوەکـو هاتنـی سـەردەمی 12ی ئەیلـوول، بەبـێ هیـچ گومانێـك زۆر گرنگـە. وەك چـۆن لەگـەڵ رژێمـی 12ی ئەیلـوول، هـەزاران رووناکبیـری کـورد و شۆڕشـگێڕ و توخمـە دیموکراسـییەکان چوونـە دەرەوەی تورکیـا و ئـەم کۆچەشـیان بـۆ ئەوروپا گرنگیـی خـۆی هەبـوو. ئـەو مرۆڤانـە، لـە ئەوروپا و لـە وڵاتانـی جیهـان، پرسـی کوردیـان گەیانـدە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی، بـۆ ئـەوە بـە دوای زۆر رێگـەدا گـەڕان و دواجـار دۆزییانـەوە. ئیـدی لـەو رۆژەوە، جیهـان زانیارییـان لەسـەر کێشـەی کـورد و ئـەو زوڵـم و ناحەقیانـە

پەیداکـرد کـە بەسـەر کـورد هاتبـوون. هێرشـە ئاسـمانی و زەوینییەکانـی سـوپای تـورك بـۆ سـەر باشـووری کوردسـتان لـە سـاڵانی 1983-1984-1985 و 1987، زۆر زەق و ئاشـکراتر کێشـەی کوردیـان گەیانـدە ناوەنـدە جیهانییـەکان.
دەسـتپێکی بەرخۆدانـی گەریلایـی لـە 15ی ئابـی سـاڵی 1984 خاڵێکـی گرنگـی وەرچەرخانـە لـە مێـژووی کوردسـتاندا. لـە مـاوەی پێڤـاژۆی بەرخۆدانـی گەریـلادا، یـەك یـەك زنجیـری کۆیلایەتیـی کۆمەڵگـەی کـوردی پسـێنران، ئیـدی خەڵـك دەسـتیان بـە رووخاندنـی ئـەو دیـوارە ئەسـتوورەی تـرس و تۆقیـن کـرد کـە سیاسـەتی داگیـرکاری سـاڵەهای سـاڵ بنیـادی نابـوو. ئیـدی هەسـتی خۆناسـین فراوانتـر بـوو، کـورد لـە کات و شـوێنی جیـاوازدا، دەسـتیان بـە گـەڕان کـرد بـە دوای خۆیانـدا. جوڵانـەوەی گەریـلا کۆمەڵگەی کـوردی خسـتبووە نێـو هەژانێکـی قـووڵ و فراوانـەوە. دڵگەرمـی و ورەبەرزییەکـی زۆر و فـرە لەنێـو توێـژی گەنـج و خوێنگەرمـی کۆمەڵگـەی کوردیـدا بڵاوبـووەوە. بـە شـێوەیەك کاریگەری خسـتە سـەر پیـر و ئافرەت و منداڵانـی کۆمەڵگـەی کـوردی. ئافرەتانیـش بوونـە بەشـێک لـە بەرخۆدانـی گەریـلا و رۆڵێکـی چالاکیـان تێدا گێـڕا.

## ئافرەتانی کورد

بەشـداریی ئافرەتـی کـورد لـە بزووتنـەوەی رزگاریخوازیـی نەتەوەیـی دەرخـەری دوو مانـای جیـاوازە:
یەکەمیـان بـە مانـای ئەوەیـە کـە بزووتنـەوەی رزگاریخـوازیـی نەتەوەیـی تـەواو فـراوان بـووە و لـەڕووی چەندایەتـی و چۆنایەتییـەوە پێشـکەوتووە. دووەمیـان بـە مانـای ئەوەیـە کـە ژێرخانـی داوونەریتـی کۆمەڵگـەی کـوردی بـە خێرایـی بـەرەو گـۆڕان دەچێت.
دەبـێ بـەر لـە هـەر شـتێك ئـەوە بزانین کـە جڤاکـی کـوردی کۆمەڵگەیەکی سـوننەتییە. ئـەو کۆمەڵگەیـە پەیوەسـتە بـەو نەریتانـەی بـەردەوام

ئافرەتەکانیـان دەخەنـە ریـزی دووەمــەوە. لەوجـۆرە کۆمەڵگەیانـەدا، بـەردەوام کێشـەی کۆمەڵایەتـی وەهـا هەیـە: بـۆ نموونـە، لەسـەر کانـی، ئەگـەر کوڕێـك دەسـتی بـەر تاڵێـك قـژی کچێکـی گەنـج بکەوێـت، ڕەنگـە ببێتـە هۆکارێـك بـۆ دروسـتبوونی کێشـەیەکی گـەورەی خوێنـاوی. هەرچـی پەیوەسـتە بـە بەرخۆدانـی گەریلایـی، ئـەو جـۆرە پەیوەندییـە کۆمەڵایەتیانـەی بەشـێوەیەک گـۆڕی کـە ئافـرەت چـەك لەشـان بـکات و بچنـە شـاخ و لەنێـو بزووتنەوەکـەدا ڕۆڵێکـی بەرچـاو وەربگـرن و هەمووشـمان ئـەو نموونانەمـان زۆر بینیـوە. ئـەو ئافرەتانـە، لـە چیـا و ئەشـکەوتەکان، لەگـەڵ کـوڕە گەریـلا هەڤاڵەکانیـان، لەگـەڵ براکانـی خۆیـان، پێکـەوە دەژیـان و وەك بـرا گـەورەی خۆیـان ئەوانیـان دەبینـی. لێـرەدا ئـەوە گرنگـە ئامـاژەی بـۆ بکـرێ کـە ئـەو ژیانـەی لـە شـاخ هەیـە، شـتێك نییـە خێـزان و ماڵباتـەکان لێـی بێئـاگا بـن و لـە دەرەوەی دەسـەڵاتی ئـەوان بێـت. لـە هەندێـك شـوێندا، فەرمانـدەی یەکینـە و دەسـتەکانی گەریلاکانیـش ئافرەتانـن. ئەمــەش دەرخــەری ئەوەیـە کـە کۆمەڵگـەی کـوردی چەنـد بـە دروسـتی و خێرایـی لـە گۆڕانێکـی کۆمەڵایەتیدایـە. بزووتنـەوەی گەریلایـی لـە کۆمەڵگەیەکـدا کـە ئافـرەت بـەردەوام لـە ریـزی دووەمـدا بـووە، کارێکـی ئەوتـۆی کـرد کـە ئافرەتـان بتوانـن ئیـدارەی پیـاوان بـدەن و بیانجووڵێنـن. ئیـدی ئـەو جـۆرە پێڤاژۆیـە کۆمەڵایەتییـە لـە کوردسـتان رووی لـە فراوانبـوون کـرد.

## تیرۆری دەوڵەت لە کوردستان

ژن و پیـاوی پیـری تەمـەن 70 و 80 سـاڵانیان بـە تۆمەتـی "هاوکاریـی پەکەکـە"، بـۆ چەندیـن مانـگ لـە قەرەقـۆڵ و زیندانـەکان دەئاخنیـن. هەمـوو کوردێـک لـە نزیکـەوە گرتووخانـەی ژەندرمـە و قەرەقۆڵەکانیـان تاقیکردووەتـەوە. بەشـێکی زۆریـان دادگا و بەندیخانـە و زیندانـی تاکەکەسـیان بینیـوە. هـەر چەنـد مانگێـک دوای ئازادبوونیشـیان،

دووبـارە بەهەمـان تۆمـەت دەیانگرتنـەوە و دەیانخسـتنەوە کونجـی زینـدان و دووبـارە بـە لێکۆڵینەوەیەکـی توونـد و ئەشـکەنجەیەکی زۆردا تێدەپەڕینـەوە. زۆربـەی کات لەبەرچـاوی منـداڵ و نەوەکانیـان، ئەشـکەنجەی پیرەمێـرد و پیرەژنەکانیـان دەدا. ردێنـی سـپیی پیرەکانیـان دەگـرت و بـە زەوییانـدا دەدان و بـە پێلەقـە دەکەوتنـە سـەرو گوێلاکیـان. قـژی ئافرەتەکانیـان دەگـرت و بـە دوای خۆیانـدا رایاندەکێشـان. ئـەو منـداڵ و زارۆکـە سـاوایانەی بـە بینینـی ئـەو دیمەنانـەش لـە پرمـەی گریـان و فیغانیـان دەدا، بـە قۆنداخـی چـەك و دارەکانـی دەسـتیان و زنجیرەکانـی بـەر پشـتیان بێدەنگیـان دەکـران.

بـە بیانـووی ئـەوەی کـە بـەدوای "چەتـە" دا دەگەڕێـن، نێـو ماڵـی خەڵکیـان دەپشـکنی و زێـڕ و پـارە و کەلوپەلـە بەهادارەکانـی خەڵکیـان دەدزی. کووپـەی دۆشـاویان دەشـکاندن و خـۆڵ و خاشـاکیان بەسـەردا دەکـرد. دۆشـەك و بالیـف و لێفەکانیـان لـە زەوی دەخشـاندن و داوی دووراوی بالینگانیـان دەپچڕانـد و نوێنەکانیـان لەبـەر یـەك هەڵدەوەشـاندن. هەمـوو شـتێکیان تێکـەڵ و پێکـەڵ و سـەرەوژێر دەکـرد. سـابوون و بەرهەمەکانـی پاککردنەوەیـان تێکـەڵ بـە رۆن و شـەکر و خـوێ و ئـارد و خۆراکـە هەڵگیـراوەکان دەکـرد... دەبـە و جلیکانـی ئـاو و سـرکەکانیان بـەر نێـزە دەدا و دەیانتەقانـدن. بـە کورتـی بـۆ ئـەوەی ماڵبـات و منداڵەکانیـان برسـی و بێدەرامـەت بـن، هەرچیـان پێکرابـا لێـی نەدەسـڵەمینەوە. مریشـك، هێلکـە، مـەڕ و مـاڵات و وڵاخەکانیشـیان دەدزیـن و تاڵانیـان دەکـردن. هێزەکانـی ئاسـایش وەك رەوە کولـلە بە باخی میوە و شـینایی و رەزی ترێـدا وەردەبـوون. سـەرباز و پۆلیـس و هێـزە تایبەتـەکان، ئەوانەیان وەك ئـەوەی ماڵـی خۆیـان بـن، بـێ ئـەوەی ئیسـتێ بکـەن، دەیانبـردن و تاڵانیـان دەکـردن. ئـەو خەڵکـەی برسـی و بێدەرامەتیـش کرابـوون، ناچـاری کۆچێکـی زۆرەملـێ دەکـران.

سـەرباری هەمـوو ئەمانـە، دەوڵەتێکـی وەك دەوڵەتـی تـورك کـە بـۆ منداڵـی کـورد ترسـێنەر بـوو، کەچـی هەمـوو سـاڵێك بـۆ زارۆکـی

تــورك جەژنــی منداڵانــی هەبــوو. هەمــوو ســاڵێك لــە ڕۆژی 23ی مانگــی نیســاندا بــە داوەتکردنــی منداڵانــی جیهــان بــۆ تورکیا و بە گوتنــەوەی "ئێمە منداڵمــان خۆشــدەوێ و دەوڵەتــی تــورك یەکــەم وڵاتــە لــە جیهانــدا کــە جەژنێکــی بــۆ زارۆکان تەرخــان کــردووە"، خۆیــان هەڵدەکێشــا و پەســنی خۆیــان دەدا. وەلــێ پێشــکەوتنی کارلێکــە ناوخۆییەکانــی کوردســتان ئامادەیــی تــەواوی تێدا چێبــووە بــۆ ئاشــکراکردنی هەمــوو ئــەو دووڕوویــی و نمایشــانەی ئــەوان. ئیــدی دەتوانــن رووە چەپەڵەکــەی دەوڵەتــی تــورك پێشــانی هەمــوو جیهــان بــدەن. ئــەو گۆڕانکارییــە تەنیا بــە ئاشــکراکردنی ئــەو دووڕووییــەوە ناوەســتێ، بەڵکــو ماســك لــەڕووی ئــەو کەســانەش هەڵدەماڵــێ کــە خۆیــان پــێ چــەپ و دیموکــرات و سۆسیالیســتە و کەچــی نەژادپەرســت و داگیرکەرێکــی بێوێنــەن.

## نەریتی نەژادپەرستیی تورك

دەبــێ بــەردەوام ئەوەمــان لەبیربــێ کــە نابــێ رەگەزپەرســتی و نەژادپەرســتی لــە گەڕەکەکانــی نیشــتەجێبوون و خوێندنگــەکان و خواردنگــەکان جیابکەینــەوە. چونکــە نەریتــی نەژادپەرســتیی تورکــی بەوشــێوەیەیە: نکۆڵیکــردن لــە بوونــی کــورد و ســەپاندنی زمــان و فەرهەنگــی تورکــی بەســەریاندا. ئینجــا بینینــی هەمــوو شــتێکی کــورد وەک شــتی بێبەهــا و ئاســتنزم و کــەم.

## کورد بە دوای خۆیدا دەگەڕێت

لەنێــوان ســاڵانی 1960 و 1970، شۆڕشــگێڕانی کــورد دەچوونــە گونــدە کوردییــەکان و باســی ئەوەیــان بــۆ دەکــردن کــە لــە کاردانــەوەی ئــەو زوڵــم و ســتەمەی لێیــان دەکرێــت، پێویســتە هەڵوێســتێکیان هەبێــت، بــەڵام گوندییــەکان سڵیان لــە کاری بەوشــیوەیە دەکــردەوە و دەترســان.

لـە راسـتیدا گوندنشـینەکان لـە هەمبـەر ئـەو زوڵمـەی تـورك، ملـی خۆیـان شـۆڕ کردبـوو، ئـاوا وەڵامیـان دەدایـەوە کـە دەوڵـەت وەکـو باوکـە، بۆیـە نابـێ ڕووبـەڕووی ببنـەوە. شۆڕشـگێڕەکان کاتێـك گوێیـان لـەو وەڵامانـە دەبـوو، دڵتەنـگ و هیوابـڕاو دەبـوون.

ئەمـڕۆش لـە زۆر گونـدی کوردسـتاندا قسـەی لەوجـۆرە بـۆ گوندییـەکان دەکرێـت. لـە چایخانـە و گونـدەکان و نـاو بـازاڕ و سـەر ڕێگـە و شـار و شـارۆچکەکاندا بـاس لـەو زوڵـم و سـتەم و ناحەقیـە بـۆ گوندییـەکان دەکـرێ و پێیاندەڵێـن "داگیرکـەر زمـان و فەرهەنگتـان بـە کـەم دەبینـێ و... تـاد". ئەوانیـش لـە وەڵامـدا دەڵێـن "ئێمـە بـاش ئـاگاداری ئەوەیـن. دەشـزانین چـۆن بەرامبەریـان بجوڵێینـەوە. وەلـێ ئێـوە لـە کوێـن؟ ئێـوە بۆچـی لـە پـاڵ ئێمـە نیـن؟ بۆچـی خۆتـان لـەو بەرخۆدانـە دوور دەگـرن؟".

ئەوانـەی لەنێـوان سـاڵانی 1960 و 1970 هـزری شۆڕشـگێڕی و خەباتیـان دەبـردە گونـدەکان، دواتـر خۆیـان لـە پـاڵ ئـەو گوندییانـە نەوەسـتان و گوندییـەکان لـەو بەرخۆدانـەدا دژی دەوڵـەت ئـەو کەسـانەیان لـە تـەك خۆیـان نەبینـی.

جوڵانـەوەی گەریلا هەژانێکـی گـەورەی خسـتە نێـو سیسـتەمی ئاغایەتـی. پەیوەنـدی نێـوان ئاغـاکان و گوندییـە بێزەوییـەکان و پەیوەندیـی نێـوان جووتیـار و ئاغـای لەبەریـەك هەڵوەشـاندەوە؛ وایکـرد ئیـدی هەمـوو ئـەو پەیوەنـدی و ڕێکخسـتنانە وەك پێشـوو نەمێنـن، ئیـدی ئـەو گوندییانـەی خـاوەن زەوی نەبـوون، گوێیـان بـە ئاغـاکان نـەدەدا و ئاغـاکان نەیاندەتوانـی قسـەی خۆیـان بەسـەر ئەوانـدا بسـەپێنن. جوڵانـەوەی گەریـلا و پەکەکـە بـۆ گوندییـەکان پاڵپشـتییەکی گرنـگ بوو.

پەکەکـە ڕێسـای سـەرکردایەتی جوڵانـەوەی کوردیشـی لـە ڕەگوڕیشـەوە گـۆڕی. چونکـە ئـەم پارتە نوێیـە بزووتنـەوەی گوندییە نەدار و کرێـکارەکان و ئـەو بـوورژوازە بچووکانـە بـوو کـە هەڵگری هزری شۆڕشـگێڕی بـوون. هەر بەهـۆی ئـەو خەسڵەتانەشـەوە بەنێـو کۆمەڵگـەی کوردیـدا شـۆڕبووەوە و ڕەگــی داکوتـا. لـە زۆر شـوێندا، ئاغـاکان، بەتایبەتـی ئەوانـەی خـاوەن

زەویوزارێکـی زۆر بـوون، تەنیا بـە هـەوڵ و پاڵپشـتی و هاوکاریـی دەوڵـەت لەسـەر پێـی خۆیـان مابوونـەوە. شـێخ و سـەرۆک عەشـیرەتەکانیش بـە هـاوکاری و پاڵپشـتیی دەوڵـەت لەسـەر قاچـی خۆیـان وەسـتابوون. دەوڵەتـی تـورك بـۆ پێشـگرتن لـە فراوانبوونـی جووڵانـەوەی گەریـلا، دەیویسـت سـوود لـە دامـەزراوە دەربەگییـەکان وەرگرێـت.

جووڵانـەوە و بەرخۆدانـی گەریـلا بەشـێکی زۆری چیـن و توێژەکانـی کۆمەڵگـەی کـوردی بـە خۆیـەوە گرێـدا، زۆر پەیوەندیشـی ئـاوەژوو کـرد. زۆر شـێخ و سـەرۆک عەشـیرەت و خـاوەن موڵکیـش هەبـوون کـە خۆیـان دایـە پـاڵ گەریلا، بۆیـە دەوڵـەت بـۆ پێشـگیری لـەوە، بەشـێک لـە گوندنشـینەکانی لەژێـر نـاوی (گوندپارێـز)دا رێکخسـتن. گوندپارێـزەکان ئـەو شـوێنانەیان دەکـردە ئامانـج کـە گەریلایـان پەنـا دەدا. ئامانجـی سـەرەکیش کۆچپێکردنـی ناچـاری و راگواسـتن و چۆڵکردنـی گونـدەکان بـوو. ئـەوان دەیانویسـت پەیوەندیـی نێـوان گەریـلا و گونـدەکان ببـڕن. ئیـدی ئـەو سیاسـەتەش دەرخـەری ئەوەیـە کـە جووڵانـەوەی گەریلا چـۆن کۆمەڵگـەی کـوردی هەژانـدووە و بەشـێك لـە هـزرە قاڵبگرتووەکانـی سـەرەوژێر کـردووە. نموونـەی ئـەوەی ئاغـا بچێتـە پـاڵ گەریـلا و جووتیـار لـە ریـزی دەوڵەتـدا بێـت، لـەوە زیاتـر چـی؟ جـا ئـەو جـۆرە پەیوەندییـە بـەراوەژووە تەنیـا لـە سیسـتەمی کۆڵۆنیالیـدا بەرچـاو دەکەوێـت. چونکـە لـە سیسـتەمەکانی دیکـەدا، رێگـەی رووبەڕووبوونـەوەی زوڵـم و سـتەم و ناحەقـی تەنیـا بەرخۆدانـە و بـەس. روونکردنـەوەی ئـەو پێڤاژۆیـە لـە چوارچێـوەی خەباتـی چینایەتـی، بـە واتـای ئـەوە دێـت بەشـێوەیەکی ئاسـان رووبـەڕووی کێشـەکە ببینـەوە. جووتیارێـک یـان گوندییەکـی بـێ زەوی، کاتێـك رووبـەڕووی ئاغـا دەبێتـەوە، ئاغـا لەوبـارەدا دەبـێ چ ئامانجێکـی هەبـێ؟ یـان دەبـێ ئامانجـی ئـەو جووتیـارە چـی بـێ؟ ئـەی لـەو نێـوەدا ئامانجـی دەوڵـەت چییـە، لەکاتێکـدا ئـەوەی ژێرخانـی سیسـتەمی ئاغایەتی و شـێخایەتی و عەشـیرەتئەگەرایی بەپێـوە راگرتـووە هـەر هێـزی دەوڵەتـە؟ دەتوانیـن ئەمـڕۆ لـە کوردسـتان دوو تێگەیشـتن لەسـەر جووڵانـەوەی

گەریـلا دەستنیشـان بکەیـن. یەکێـك لەوانـە پەیوەنـدی بـە جیاوازیـی تەمەنـەوە هەیـە: بـۆ نموونـە، ئـەو کـوردە شۆڕشـگێڕانەی تەمەنیـان لەنێـوان 45-50 سـاڵە، بـە شـێوەیەکی ئەرێنـی لـە جووڵانـەوەی گەریـلا دەڕوانـن. وەلـێ ئەوانـەی تەمەنیـان لەنێـوان 15-20 سـاڵانە، بـە دڵگەرمـی و حەزێکـی زۆرەوە لەنێـو ریزەکانـی گەریـلادان، بـەڵام ئەوانـەی لـە رۆژئـاوای تورکیـا نیشـتەجێن، مەبەسـتمان ئـەو کوردانەیـە کـە لـە دەرەوەی کوردسـتان دەژیـن، زۆر بـە گەرمـی پێشـوازی لـە خەباتـی گەریلا ناکـەن و زۆر بـە ئەرێنـی لێـی ناڕوانـن. ئەمـە بەشـێوەیەکی گشـتی وایـە. زۆر نموونـەش هـەن بـۆ پشتڕاسـتکردنەوەی ئـەو بۆچوونە،بـەڵام ئـەو کوردانـەی لـە کوردسـتان دەژیـن، بـە حـەز و دڵگەرمییەکی زۆرەوە سـەیری بەرخۆدانـی گەریلایـی دەکـەن.

## جەختکردنەوە لە ناسنامەی کوردی

خاڵـی پێکەوەبەسـتنی تـەواوی ئـەو پەیوەندییانـە بریتییـە لـە گەڕانـەوە بـۆ ناسـنامەی کـوردی و کوردسـتانی. ئـەو ئـازار و مەینەتییـەی کـورد کێشـاویەتی و ئـەو زوڵـم و ناحەقـی و زۆرداریـەی بەرامبـەری کـراوە، لـە نیـگار، میوزیـك، شـیعر، رۆمـان و چیرۆکـدا هەوڵـی بەرجەسـتەکردنی دەدرێـت. چەندیـن هونەرمەنـدی کـورد هاتوونەتـە مەیدانەکـە. کـورد بـە دوای ناسـنامەی خۆیـدا دەگەڕێـت و غیرەتیـان داوەتـە بـەر تاوەکـو داوای مافـی خۆیـان بکـەن.

بـۆ چاودێریـی ئـەو گۆڕانکاریانـەی نێـو کۆمەڵگـەی کـوردی، بەراوردکـردن و لێکۆڵینـەوە لـە نووسـینەکانی نێـو گرتووخانـەی سـەربازیی دیاربەکـر لەساڵی 1981-1984 لەگـەڵ نووسـراوەکانی کۆتایـی ساڵانی هەشـتاکان لـە زیندانـی تایبەتـی جەیهـان بەسـن. ئـەو گۆڕانـە گەورەیـەش لەکاتێکـی ئەوتـۆ کەمـدا بـەو چۆنایەتییـە، تەنیـا دەگەڕێتـەوە بـۆ هێـزی خەباتـی گەریلا. خەباتـی گەریلایـی لـە یـەك کاتـدا گۆڕانـکاری لـە جڤاکـی کوردیـدا

کـرد و هەروەهـاش بانـدۆری لەسـەر خـودی گەریـلا هەبـوو.

## پەرتکە - زاڵ بە - لەناوی ببە

ناسـنامەی کـوردی یەکێکـە لـەو تایبەتمەندیانـەی کـورد لـە نەتەوەکانـی دیکـەی وەك تـورك، عـەرەب و فـارس جیادەکاتـەوە. نابـێ پێکچوونـی ناسـنامەی کـوردی بـە تایبەتمەندییەکانـی نەتەوەکانـی دراوسـێ بخەینـەڕوو، بەڵکـو تەنیـا بـە جەختکردنـەوە لـەو تایبەتمەندیانـەی کـە تایبەتـن بـە کـورد و هەوڵـی لەنێوبردنیـان دراوە، دەشـێ زیاتـر ناسـنامەکە ببەینـە پێشـەوە. بـۆ نموونـە زمانـی کـوردی، وێـژەی کـوردی، فۆلکلـۆری کـوردی و مێـژووی کـورد و تـاد...
کوردسـتان وەك کۆڵۆنییەکیـش هەژمـار نەکـراوە، بـۆ نموونـە دەڵێـن: "جەزائیـر کۆڵۆنییەکـی فەڕەنسـایە"، "هیندسـتان کۆڵۆنییەکـی بەریتانییـە"، "مۆزەمبیـق کۆڵۆنییەکـی پوورتوگالـە". لێـرەدا کەسـایەتی جەزائیـری و هینـدی و مۆزەمبیقـی هەیـە. لـەوێ گەلانێـك هەبـوون و ژیـاون. ئـەوان (هینـدی و عـەرەب و ئەفریقیایـی) بـوون. ئەمـە لای وڵاتانـی ئیمپریالیسـت و داگیرکـەر ئاشـکرابوو، وەك چـۆن خەڵکـی ئـەو شـوێنانەش ئـەو راسـتییە دەزانـن، بـەڵام کـورد وەکـو نەتەوەیەکـی جیـاواز ناناسـرێت. بـۆ نموونـە تاوەکـو ئێسـتا لـە تورکیـا نکۆڵـی لـە بوونـی نەتـەوەی کـورد دەکرێـت. گوتنـی نـاوی کوردسـتان قەدەخەیـە. هەمـوو داگیرکراوێـك سـتاتوویەکی سیاسـی هەیـە، ئەگـەر ئـەو سـتاتووە زۆر کـەم و بچووکیـش بێت،بـەڵام دۆخەکـە بـۆ کـورد بەوجـۆرە نییـە. بـۆ ئـەوەی نـاوی کـورد و کوردسـتان لەسـەر زاران و لەنێـو لاپـەڕەی مێـژوو بسـڕدرێتەوە، وەک نەتـەوە پارچـە پارچەیـان کـردوون.
بـۆ نموونـە ئینگلتـەرە، فەڕەنسـا، بەلجیـکا و پوورتـوگال پارێزگاریـان لـەو وڵاتـە دادەمەزرانـد کـە داگیریـان کردبـوون. هەڵبژاردنـی کەسـەکەش بـەو پێـوەرە بـووە کـە ئاخـۆ تاوەکـو چەنـدە زمـان و فەرهەنگـی ئـەو

شـوێنە دەزانێـت، واتـە کەسـی هەڵبژێـردراو خـاوەن ئاسـتێکی بـاش بـوو لـەو بـوارەدا. هیـچ بیسـتووتانە لـە تورکیـا، کاتێـك لـە جۆلەمێـرگ، وان، ئامـەد و چەولیـگ، پارێزگارێـك یـان قایمقـام و بەڕێوەبـەری فەرمانگەیـەك دادەمەزرێـت، پرسـیاری ئـەوەی لێبکـرێ ئاخـۆ کـوردی دەزانێـت یـان نـا؟

ئیمپریالیسـت سیاسـەتی (پەرتکـە - زاڵ بـە)ی پەیـڕەو دەکـرد. لـە کۆتایی جەنگـی یەکەمـی جیهانـدا عەرەبەکانیـان دابەشـکرد، بـەڵام عـەرەب دابەشـی سـەر چەنـد دەوڵەتێکـی جیـا کـران. بۆیـە ناتوانیـن روونکردنـەوە بـۆ چەمکـی (پەرتکـە - زاڵ بـە) بهێنینـەوە، بەڵکـو لـە شـوێنی ئـەودا تەنیـا دەتوانیـن روونکردنـەوە بـۆ سیاسـەتی (پەرتکـە - زاڵ بـە - لەنـاوی ببـە) بکەیـن.

داگیرکردنـی کوردسـتان بـە هاوبەشـیی چەنـد وڵاتێـك و بەڕێوەبردنـی، کێشـەیەکە پەیوەنـدی بـە دەوڵەمەندیـی خاکـی کوردسـتان و سـەرچاوەکانی ئـاوەوە هەیـە، بـەڵام دامەزراندنـی دەوڵەتێـك بـۆ کـورد، دەبێتـە رێگـر لەبـەردەم تاڵانکردنـی سـەرچاوە سرووشـتییەکانی.

پرسـینەوەی کـورد لـە ناسـنامەی خـۆی هەنگاوێکـی گرنگـە بـەرەو پێشـکەوتن و بەهێزبوونـی هەسـتی نەتەوەیـی. بـۆ نموونـە ئەگـەر کوردێکـی لـە کوردێتـی خـراو (ئاسـیمیلەکراو)، دەسـتی بـە لێکۆڵینـەوە و گـەڕان کـرد لـە دوای ئـەوەی بۆچـی زمانـی کـوردی نازانـێ و بۆچـی ئـاوا ئاسـیمیلەکراوە، دەبـێ ئـەوە وەك دەسـتپێکی پەیدابوونـی هەسـتی نەتەوەیـی لێکبدەینـەوە.

بۆچـی لـە ئێـران کوردسـتان هەیـە؟ بۆچـی لـە تورکیـا کوردسـتان هەیـە؟ بۆچـی لـە عێـراق و لـە سـووریا کوردسـتان هەیـە؟ بۆچـی بەشـێك لـە کوردسـتان کەوتووەتـە نێـو یەکێتـی سـۆڤیەت؟ ئـەی بۆچـی کـورد خـۆی کوردسـتانێکی نییـە؟ بۆچـی سیاسـەتی دابەشـکردن بەرامبـەر بـە کـورد جێبەجێکـراوە؟ ئایـا ئامانجـی سـەرەکی چییـە لـەوەی سیاسـەتێکی بەوجۆرەیـان بەرامبـەر جێبەجێبکرێـت؟ جـا هـەر کوردێـك بیـری لـە دەسـتکەوتنی وەڵامـی ئـەو پرسـیارانە کـردەوە، ئـەوا هەسـتی نەتەوەیـی

لـەودا چەکـەرەی کـردووە و خەریکـی پشـکوتنە. دەوڵەتـی تـورك و پارتـە سیاسـییەکانی تورکیا و میدیـای تـورك و زانکـۆ تورکییەکان، لەگـەڵ ئەوەی دژی ئـەوەن تورکەکانـی بوولگاریـا و ڕۆژئـاوای تراکیـا ئاسـیمیلە بکرێـن، لەهەمـان کاتـدا مژوولـی پەیڕەوکردنـی سیاسـەتی بـە تورککردنـی کـوردن بـە چەندیـن ڕێگـە و سیاسـەتی جیـاواز، بـەڵام لـە دۆخێکـی بەوشـێوەیەدا لەگــەڵ ئـەو سیاســەتانەی لــە هەمبەریـان پەیـڕەو دەکرێـن، ئەگــەر کوردێـك بیـر لـەوە بکاتـەوە کـە بەسـەری هاتـووە، ئـەوە مانـای ئەوەیـە هەسـتی نەتەوەیـی لـەودا چەکـەرەی کـردووە.

کاتێـك سـەرنج لـە هەواڵـی ڕادیـۆ، تەلەڤزیـۆن، ڕۆژنامـە و گۆڤارەکانـی مانگـی نیسـانی سـاڵی 1991 دەدەیـن، دەبینیـن دکتـۆر سـادق ئەحمـەد و ئیبراهیـم شـەریف زۆر پێداگیـری لەسـەر تورکەکانـی تراکیـای ڕۆژئـاوا دەکـەن، ئـەو کەسـایەتیانە لـە پڕوپاگەنـدەی هەڵبژاردنەکانـدا وشـەی تورکـی و نـاوی تورکییـان بەکارهێنـاوە، بەوهۆیـەوەش سـزادراون، بـەڵام ئەمـە پێداگرییەکـی گرنگـە لەسـەر ئـەو پرسـە. دکتـۆر سـادق ئەحمـەد و ئیبراهیـم شـەریف بـێ پسـانەوە باسـیان لـە ناسـنامە دەکـرد. هـەر لەوکاتـەدا هەمـان کەناڵـی (TRT) و دەزگا میدیاییـەکان کـە قسـە و لێدوانـی ئەوانیـان دەگواسـتەوە، بـۆ ئـەو کوردانـەی لـە ئەنجامـی بەکارهێنانـی چەکـی کیمیایـی لەلایـەن سـەدام حوسـێنەوە لـە باشـووری کوردسـتانەوە پەنابـەر ببـوون لـە تورکیـا، دەیانگـوت "ئاوارەکانـی باکـووری عێـراق" "گەنجەکانـی عێـراق" "هەڵاتـووەکان لـە عێـراق". واتـە هەوڵـی شـاردنەوەی ئـەوەی کـە ئـەو مرۆڤانـە کـوردن و خـاوەن ناسـنامەی کوردیـن. چونکـە ئـەوان نایانەوێـت ئامـاژە بـە ناسـنامەی ئـەوان بکـەن بـۆ بینەرەکانیـان. بـۆ ئەمـەش هـەوڵ و تەقەلایەکـی بێوچـان و کەدێکـی زۆریـان دا.

دەسـتە و کۆمەڵـی بـێ ناسـنامە هـەر شـتێکی ئاسـایین و بـەس. هیـچ ویسـت و داوایەکـی سیاسـی و ئیرادەیەکیـان نییـە و بـە فەرمـان و ڕێنمایـی بەڕێوەدەبردرێـن. ئـەوان تەنیـا ئەوەیـان لەسـەرە ملکەچـی دەسـەڵاتی

فەرمانڕەوا بن و بەس. هەرچی ئەوانەن کە خاوەنی ناسنامەی خۆیانن، تایبەتمەندیی سیاسیان هەیە و ئاواش هەژمار دەکرێن. بۆیە وەستان و پێداگیری لەسەر ناسنامە زۆر گرنگ و پڕ بایەخە.

## ڕووناکبیرانی تورک

لە نزیکەوە ئاگادارین حکومەتی تورک و میدیای تورکی و پارتە سیاسییە تورکییەکان و زانکۆکانیان چ هەڵوێستێکیان بەرامبەر تورکەکانی بوولگاریا و تراکیای ڕۆژئاوا لە یۆنان و ڕووداوەکانی ئازەربایجان هەیە. بە کورتی ئەوانە وەك "هاونەتەوە" دەبینن. جا لە نزیکەوەش ئاگادارین چۆن مامەڵە لەگەڵ کۆچی ناچاریی کوردی باشووری کوردستان بۆ تورکیا دەکەن. تەنانەت باسیان لەوە دەکرد کە ئەو کۆمەڵکوژییەی سەدام حوسێن کردوویەتی لە بەرژەوەندیی تورکیایە. ئەوان بەوشێوەیە لە پرسەکەیان دەڕوانی "چ کوردێکت کوشت، چ سەگێك". بۆ نموونە لە کامپی خۆسەر و دیاربەکر، دوو جار ئەو پەناخوازانە ژەهراوی بوون. چونکە سیخوڕە عێراقییەکان بە هاوکاریی هێزەکانی ئاسایشی تورك، ژەهریان لەنێو ئەو خواردنانە کردبوو کە بۆ ئاوارە کوردەکان ئامادە دەکرا. ئامانجی سەرەکی بریتیبوو لەوەی ئەو کوردانە تووشی ترس و دڵەڕاوکێی زێدەتر بکەن. ئەوانیان وا لێکردبوو ترسیان لە خواردنی پارووە نانێك هەبێت. لە هەمان کاتدا، پێداگیرییان لەسەر ئەوە دەکرد خەسڵەتی پەنابەری سیاسییان پێنەدرێت. وەك چۆن حکومەت کەمترین هاوکاریشی دەکردن. تەنانەت ڕێگربوو لەوەی کوردی باکوور و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەهانایانەوە بچن. جا لە هەمووی سەیرتر، ئەوەیان نەدەبڕاندەوە کە "ئەو ئاوارانەی لە عێراقەوە هاتوون، لەسەر تورکیا لەڕووی داراییەوە زۆر کەوتوون". ئاخۆ تورکەکان بۆ هاونەتەوەکانی خۆیان ئاوا دەجووڵانەوە؟

ڕۆشنبیرانی تورك بەهەموو هێزی خۆیان بەرگرییان لە تورکەکانی

تراکیا و بوولگاریا دەکرد، وەلێ چەپڵەیان بۆ سیاسەتی ئاسیمیلەکردن و بە تورککردنی کورد لێدەدا. ئەوە بەدڵنیاییەوە لە دووڕوویی زیاتر هیچی دیکە نییە. رووناکبیرانی تورك دژی ئەوەبوون سوپا دژی ئازەربایجان بجووڵێنرێت، لەکاتێکدا دەبوونە هاوکار و دنەدەری تیرۆری دەوڵەت لە جێبەجێکردنی سیاسەتی دەوڵەتی تورك لە ناوچەکانی رۆژهەڵات.

بەشێوەیەکی گشتی، هەڵوێستی رووناکبیرانی تورك بەرامبەر کێشەی کورد، هەڵوێستێکی نەرێنی بووە. تەنیا یەك رێگەش هەیە بۆ ئەوەی رووناکبیرانی تورك بەشێوەیەکی دیموکراسیانە لە پرس و کێشەی کورد بڕوانن؛ ئەویش بریتییە لە بەهەند وەرگرتنی هەوڵەکانی کورد بۆ گەڕان لە دوای ناسنامەی خۆیان.

ئاساییە تورك بێ هەڵوێستن بەرامبەر ئەو ستەم و گوشارەی دەخرێتە سەر کۆمەڵگەی کوردی، وەلێ بێدەنگی و بێهەڵوێستیی کورد خۆی بەرامبەر بەو تیرۆرەی دەوڵەت بەهیچ جۆرێک مایەی تێگەیشتن نییە. تاوەکو کورد هەڵوێست و کاردانەوەی بەرامبەر بەو رووداوانە نەبێ، هەوڵی پیشاندانی هەڵوێستی تورك بۆ بوویەرەکان شتێکی چاوەڕواننەکراوە. بۆ نموونە لێکۆڵینەوە لە هەڵوێستەکان بەرامبەر دوو رووداو، رەنگە ببێتە خاڵێکی گرنگ بۆ تێگەیشتن.

پرۆفیسۆر د.موعەمەر ئاکسۆی سەرۆکی دامەزراوەی یاسایی تورك، لە کۆتایی مانگی یەکی ساڵی 1990 لە بۆسەیەکدا کوژرا. دوای رووداوەکە، بۆ ماوەی چەندین هەفتە، لە رۆژنامەکاندا پرسە و سەرەخۆشی بڵاودەکرایەوە. تاوانەکە پرۆتێستۆ کرا، وەلێ لەوان رۆژاندا، کوردەکانی کامپی دیاربەکر لە ئەنجامی کاری هاوبەشی رێکخراوە نهێنییەکانی تورکیا و عێراق ژەهراوی کران. هەزاران منداڵ و گەنج و پیری کورد ژەهراوی بوون. چونکە ژەهر لەو خواردنانە کرابوو کە بۆ ئاوارە کوردەکان ئامادە دەکرا. کەچی ئەو رووداوە لە رۆژنامەکاندا بە یەک رستەش وەك هەواڵ باس نەکرا.

ئـەو رووناکبیـرە تـورك و چەپانـەی بـۆ مـاوەی چەندیـن هەفتـە و چەندیـن مانـگ بـۆ پرسـەی پرۆفیسـۆر د.موعەمـەر ئاکسـۆی بەیاننامەیـان بڵاودەکـردەوە، لەسـەر ژەهراویبوونـی ئـاوارە کـوردەکان بێدەنـگ و بێهەڵوێسـت بـوون، بـەڵام ئەمـە مایـەی تێگەیشـتنە. دەتوانیـن لـەوە بگەیـن بۆچـی رووناکبیرانـی تـورك و چەپەکانیـان بەرامبـەر بـەو کارەی رێکخـراوە نهێنییەکانی تـورك و عێـراق هەڵویسـتیان نەبـوو. ئـەوەی مایەی تێگەیشـتن نەبـوو، ئەوەبـوو کـە کوردیـش بەهەمـان شـێوە بێدەنـگ و بێهەڵوێسـت بـوون بەرامبـەر رووداوەکـە.

تاقـە رێگـە بـۆ تێگەیشـتن لـە پرسـی کـورد بەشـێوەیەکی دیموکراسـیانە لەلایـەن تورکـەوە، ئەوەیـە کـە کـورد خۆیـان لـە خۆیـان بکەنـە خـاوەن. بڵاوکردنـەوەی پرسـەنامە بـۆ پرۆفیسـۆر د.موعەمـەر ئاکسـۆی لەلایـەن کـوردەوە و خۆکەرکـردن و خۆکوێرکـردن لـەو رووداوەی بەسـەر کـوردە ئاوارەکانـی نـاو کامپەکانـدا هـات، مایـەی رێـز و حورمـەت نییـە، جـا ئـەو کـوردە هەرچەنـدی شۆڕشـگێڕ و دیموکراتیـش بێـت. پێموانییـە بەوجـۆرە هەوڵانـە رێـزی رووناکبیرانـی تـورك و تورکـە چەپـەکان بەدەسـتبێنن.

کـورد هەیـە نکۆڵـی لـە کوردبوونـی خـۆی دەکات و خـۆی پـێ تورکـە، ئەوانە لای بەرپرسـی ئـەو دەزگا هەواڵگرییـە نهێنیانـەی کاریـان بـۆ دەکـردن، جێـی بەزەیـی بوون.

شۆڕشـگێڕانی تـورك لـە کۆتایـی شەسـتەکانی سـەتەی رابـردوودا، هـەوڵ و تەقەلایەکـی زۆریـان دا بـۆ ئـەوەی خەڵـك بچنـە فەڵەسـتین و لەپاڵ فەلەسـتینییەکاندا شـەڕبکەن، کەچـی ئەمـڕۆ شۆڕشـگێڕانی تـورك چ بەرنامـە و نیازێکیـان نییـە بەشـداری شـەڕی رزگارکردنـی کـورد بکـەن لـە چنگـی دەوڵـەت، بـەڵام زۆر پێشـنیازیان هەیـە بـۆ ئـەوەی کـورد چـۆن بیربکاتـەوە و هەڵوێسـتی چـۆن بێ، پێویسـتە چـۆن کاری رێکخراوەیی بکرێ؟ چـۆن دەتوانـرێ پاڵپشـتی خەڵـك دەسـتەبەر بکـرێ؟ ئیـدی بەوشـێوەیە بەرنامـە و کاری جیـاواز دەدەنـە کـورد.

## تێگەیشتن لە ڕەوابوون و یاساییبوون

ئەوانـەی هــزر و بیرکردنەوەیـان قەدەخـە کـردووە و ئـەو دەســتوور و یاســایانەی دەڵێـن "تاکـە راســتی ئەوەیـە"، لــە خەســڵەتی ڕەوابــوون خاڵیــن. دەشــێ یاســایی بــن، وەلــێ ڕەوا نیــن. یاســاییبوون و ڕەوابــوون دوو کاتیگــۆری زۆر جیــاوازن. ئـەو کارانــەی ڕەوایەتییـان پێدەدرێــت، لەلایـەن ویژدانـی کۆمەڵگـەوە پەسـەندکراون. بۆیـە ئـەو یاسـایەی هـزر و بیرکردنـەوە قەدەخـە دەکات، خەسـڵەتی ڕەوابوونـی نییـە جـا بـا لەلایـەن پێنــج ژەنەراڵــەوە، یــان لەلایــەن 450 پەرلەمانتــارەوە پەســەند کرابێــت. لـەو مژارانـەدا، دەبـێ هەڵوێسـت و کاردانـەوەکان زۆر ئاشـکرا و بـێ پێـچ و پەنـا بـن. بـۆ نموونـە دروسـتکردنی کۆدەنگـی بـۆ هەڵگرتنـی فڵانـە یاسـا زۆر هەڵەیـە. مرۆڤـەکان ئەگـەر شـتێکیان هەبـێ بـۆ گوتـن، دەبـێ ئـەو هـزر و بیرەیـان بـە ئاشـکرا بەیـان بکـەن. وەك ئـەوەی ئـەو مـاددە یاسـایی و بەرتەســککردنانەوە نەبــن؛ دەبــێ ئــاوا بیــر لــە بابەتــەکان بکەنــەوە. جــا ئەگــەر لەســەر دەربڕینــی هــزر و بۆچوونەکانیــان ڕووبــەڕووی ســزا و گوشـاریش ببنـەوە، هـەر دەبـێ بەرگـری لـە بۆچوونەکانیـان بکـەن. چونکـە ئـەو یاسـایانەی هـزر و بیـر قەدەخـە دەکـەن، تەنیـا لـە دۆخـی فراوانبوونـی ئــەو جــۆرە هەڵوێســتانەدا دەتوانــن چــۆك دابــدەن. هــەر ئەمــەش ڕێگــە راســت و دروســتەکەیە.

لـە تورکیـا، زانسـت تەنیـا بـە ڕەخنەگرتـن لـە ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی دەتوانـێ پێشــبکەوێت. واتــە زانســت لــە شــوێنێك دەپشــکوێت کــە ئایدیۆلۆژیــای فەرمــی لــێ نەبــێ، هــەر بەوشــێوەیەش هێــزی خــۆی بەدەســتدەخات. بـە پێچەوانـەوەش، کڕنووشـبردن بـۆ فەرمانەکانـی ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی، هـزر کۆڵـەوار دەکات و پێشـکەوتنی زانسـتییش دەخنکێنێـت.

## نابووتیی زانستی تورکی

تاوەکو ئێستا، رووناکبیرانی تورك و پڕۆفیسۆرەکانی و میدیای تورکی، چیرۆکەکانی ساڵانی بیستی سەتەی رابردوو وەکو چیرۆکی بەرخۆدان لە دژی ئیمپریالیزم دەگێڕنەوە "بۆ یەکەم جار لە جیهاندا ئێمە دەستمان بە جەنگ و بەرخۆدان کرد لە دژی داگیرکاری و ئیمپریالیزم... ئێمە بووینە پێشەوای سەرجەم نەتەوە زوڵملێکراوەکان... ئێمە سرووشی رزگاربوونمان بە گەلان بەخشی... ئێمە رێگەی دەربازبوونی نەتەوەییمان پیشاندان...". ئەوان ئەمانەیان تەنیا لەبەر ئەوە دەگوت، چونکە لەسەر کێشەی کورد قەدەخەکاری و سزا لەگۆڕێبوو. بەوپێیەی بیرکردنەوە لە مژاری کورد بە هەموو شێوەیەك قەدەخە بوو، سزای قورس بەسەر ئەوانەدا دەسەپێنرا کە باسی کورد و کوردستانیان دەکرد. بۆیە خۆیان لە پرسی کورد و کوردستان کەڕولاڵ و کوێر دەکرد. بەوشێوەیەش بە ئاسانی دەیانتوانی پەسنی کەمالیزم بکەن، وەلێ ئیدی کورد دیواری ترس و تۆقینیان رووخاندووە و لەنێو پێڤاژۆیەکی تازەدان. ئەمە سەرەڕای بەردەوامبوونی تیرۆری دەوڵەت. ئەو هەوڵەی کورد، سەرباری هاوکاریی زانکۆ تورکییەکان و میدیای تورکی و پارتە سیاسییە تورکییەکانە بۆ تیرۆری دەوڵەت. ئیدی کورد گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی بۆ وەبەرهێنان لە هێزی کورد و کوردستاندا، پێویستی بەوە نییە مۆڵەت لە دەسەڵاتی دەوڵەت وەربگرێت. بۆیە ئیدی رووناکبیرانی تورك و زانکۆ تورکییەکان و میدیای تورکی و پڕۆفیسۆرە تورکەکان بۆ شاردنەوەی دابەشکردنی کورد بە هاوبەشیی لەگەڵ ئیمپریالیزم، باس لە خەباتی خۆیان دەکەن لە دژی داگیرکاری و ئیمپریالیزم و چیرۆکی ئەوە دەگێڕنەوە کە چۆن بوونەتە رێبەری خەڵك و گەلانی زوڵملێکراو، بەڵام کورد سەرباری هەموو ئەو شتانە، ئیدی پشتی بەخۆی بەستووە.

## هۆڤێتی مایەی شانازی نییە

مستەفا کەمال لە پەرتووکی (نوتوک)دا کاتێك باس لە دیاریکردنی سنووری تورکیا دەکات، بەراوردی نێوان رێککەوتننامەی سیڤەر [47] لە ساڵی 1920 و رێککەوتنی لۆزان [48] لە ساڵی 1923 دەکات. لەوێ چەند دەربڕینێك دەخوێنینەوە لە نموونەی "کاتێك باسی کوردستان کرا، ئێمە نەمانهێشت ئەو مژارە بهێننە بەرباس". ئەمە لەلایەن پڕۆفیسۆرە تورکەکان و ئەو دەستە و تاقمانەی لەسەرەوە باسمانکردن، بە پەسندان بەبیر دەهێنرێتەوە. ئەو پڕۆفیسۆرانە بەردەوام ئەوە دووبارە دەکەنەوە: "نەمانهێشت باسی ئەو مژارە بکەن". لە کاتێکدا ئەو قسەیە دەرخەری ئەوەیە کە ئەوان بۆ لەنێوبردنی کورد، چەند لێبڕاوانە و دەست لەنێو دەست لەگەڵ وڵاتانی ئیمپریالیست کاریان کردووە. ئەوە ڕووداوێکە مایەی شەرم و شوورەییە. چونکە ئامانجەکەی نەهێشتن و قڕکردنی گەلێک بووە. هیچ نەتەوەیەك شایانی ئەو هۆڤێتییە نییە. بەدڵنیاییەوەش، لەنێوبردنی کورد و سڕینەوەیان لە مێژوودا، شتێك نییە مایەی ستایش و پێداهەڵدان و غرووری نەتەوەی تورك بێت.

بە باوەڕی من، تاقە پێوەری هەڵسەنگاندنی دیموکراسی لە تورکیا، بریتییە لە چۆنیەتی بیرکردنەوە لە کێشەی کورد. دۆزی کورد وەکو پێوەرێکە، پێشتر هەندێ کەس کە وەک مرۆڤی سۆسیالیست

---

47 - رێککەوتننامەی سیڤەر(Sèvres) پەیمانێکی ئاشتی بوو دەوڵەتانی میحوەر پاش دۆڕانیان لە جەنگی یەکەمی جیهانی، لە 10ی ئابی ساڵی 1920 واژۆیان کرد. دەوڵەتی عوسمانی کە یەکێکبوو لە لایەنە دۆڕاوەکان، بە پەسەندکردنی پەیماننامەکە دوایین بزماری لە تابووتی ئەو ئیمپراتۆرییە دا. بەگوێرەی نێوەڕۆکی پەیماننامەکە، دەبوو دەستبەرداری هەموو ئەو خاکانە ببێ کە تورکزمان نین (وەرگێڕ).

48 - دوای هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریی عوسمانی کە رق و تووڕەیی لەنێو تورکە نەتەوەییەکاندا تەقاندەوە و (جەنگی سەربەخۆیی تورکیا)ی بەدواداهات، وڵاتانی براوەی جەنگ لە 24ی تەمموزی 1923 جارێکی دیکە کۆبوونەوە و رێککەوتننامەی لۆزانیان واژۆکرد، بەوەش دەستبەرداری پەیماننامەی سیڤەر بوون کە بڕیاربوو بەگوێرەی ئەو پەیماننامەیە دەوڵەتێک بۆ کورد دابمەزرێت (وەرگێڕ).

ناسـرابوون، بـەڵام ئـەم پێـوەرە ئاشـکرای کـرد کـە نەژادپەرسـت و داگیرکـەرن و ئەوانـەی خۆیـان بـە دیموکـرات دەزانـی، نێوەڕۆکیـان ئاشـکرا بـوو. فراوانبوونـی بزووتنـەوەی کوردایەتـی و گەڕانـەوەی کـورد بـۆ ناسـنامەی خۆیـان و فراوانبوونـی پرۆسـەی گـەڕان بـەدوای خـودی خۆیـان، ئـەو پێڤاژۆیـە خێراتـر و فراوانتـر دەکات. بەشـێوەیەك ئیـدی رووناکبیرانـی تـورك و دیموکراتـە تورکـەکان توانـای هەڵگرتنـی لـەوە زیاتـری داگیرکارییان نییـە. ئیـدی دەکەونـە ژێـر قورسـایی نیشـتیمانێکی داگیرکـراو و لەژێریـدا دەفلیقێنـەوە. بەمـەش هێـدی هێـدی بـەدوای رێگەکانـی دەربازبـوون لـە خاکـی داگیرکـراودا دەگەڕێـن. ئـەو پرسـە ئێسـتا تەنیـا لەلایـەن کـورد خۆیـەوە گەنگەشـە دەکرێـت، بـەڵام رۆژێـك دێـت ئەوانیـش لەبارەیـەوە دەبـێ قسـەیان هەبێـت.

رۆژێـک دێـت شـەرم لـەوە دەکەنـەوە کـە گوتبوویـان "نەمانهێشـت باسـی ئـەو مـژارە بکـەن ".

بەشی شەشەم

# دەوڵەتی کەمالیست و کێشەی کورد

کەمالیـزم ئـەو بزاڤەیـە کـە لەنێـو هەنـاوی ئیمپراتۆریـی عوسـمانییەوە دەوڵەتێکـی نەتەوەیـی بنیاتنـا. دەشـێ بـۆ ئـەوێ دەمـێ پێڤاژۆیەکـە بـە دوو تیۆریـی جیـاواز لێکبدەینـەوە. یەکێکیـان پۆلێنبەنـدی و ئەویدیکـەش پرسـێکی ئێتنیکـی. کەمالیـزم بە پشتبەسـتن بە یەك رەگەز بـۆ پۆلێنبەندی و ئێتنیـك، بـەدوای رێگەیەکـدا بـۆ دابەشـنەبوون و یەکپارچەیـی دەگـەڕا. ئـەو چارەسـەرەش بەدڵنیاییـەوە چارەسـەرێکی ئایدیۆلـۆژی بـوو. چونکـە کاتێـك بە کـرداری کێشـە سیاسـی و کۆمەڵایەتییـەکان چارەسـەر نەبـوون، چارەسـەرە ئایدیۆلۆژییـەکان سـەر قوتدەکەنـەوە.

کەمالیـزم وەك ئایدیۆلۆژیایـەك، بـۆ چارەسـەری پۆلێنبەنـدی، خـۆی بەرامبـەر بـە تێگەیشـتنی "خەڵکگەرایـی" بینیبـووەوە. بۆیـە دەیانگـوت "بلۆکێکـی تێکەڵـی بـێ پلەبەنـدی و خاڵـی لـە تایبەتمەندیـن". نکۆڵییـان لـە پۆلێنـە گرنگەکانـی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی وەك دەربـەگ و بـوورژوا و کرێـکاران دەکـرد لەنێـو کۆمەڵگـەدا. هەمـوو ئـەو چیـن و توێژانەیـان لـە قاڵبـی چەمکـی (خەڵـك)دا دەتوانـدەوە. ئیـدی (خەڵـك) نـاوی سـەرجەم

ئەو کاتیگـۆرە کۆمەڵایەتییە بەیەکـەوە لکاوانـە بـوو کـە تـازە لەژێـر ئـەو نـاوەدا دەردەکەوتـن.
هەرچـی تایبەتـە بـە چارەسـەری کێشـەی ئیتنیـک، کەمالیـزم لـە ژێـر نـاوی (Milliyetçilik ـ نەتەوەپەرسـتی) هەوڵــی دۆزینــەوەی چارەســەری دەدا. بەوشـێوەیە هەرچـی لەنێـو سـنووری کۆمـاری تورکیـادا خـۆی بـە تـورك هەژمـار کـرد، لەنێـو هەمـان زمـان و فەرهەنگـدا توانـەوە و دەسـتە و بلۆکێکـی تـازە و یەکپارچەیـان پێکهێنـا. هەرچـی تایبەتـە بـە پرسـی (Milliyetçilik) بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی نەتەوەیـی، بـە دڵنیاییـەوە دەبـووە (نەتەوەپەرسـتی تورکـی - Türk Milliyetçiliği) ، ئامانجیـش بریتیبـوو لـە پێکەوەلکاندنـی ئەوانیدیکـە لەپێنـاوی نەتـەوەی تـورك دا. ئاخـۆ جێبەجێکردنـی ئـەو بیـر و تیۆرانـە لـە مەیدانـی واقیعـدا بـێ کێشـە و ژان بـووە؟ ئاخـۆ چارەسـەرە ئایدیۆلۆژییـەکان، توانـای ئەوەیـان هەبـوو کێشـە راسـتەقینەکانی نێـو کۆمەڵگـە چارەسـەر بکـەن؟
لـەم لێکۆڵینـەوە کورتـەدا هەوڵدەدەیـن، بیرکردنـەوەی دەوڵەتـی کەمالیـزم و چۆنیەتـی جێبەجێکردنـی بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی ئیتنیکـی شـەنوکەو بکەیـن. بـۆ ئەمـەش پێویسـتە لەسـەر چەمکەکانـی وەك (میسـاقی میللـی) [49](کۆمـاری تورکیـا) (هـەر کەسـێك خـۆی پـێ تـورك بـێ) (لێکگرێـدان) (نەتەوەپەرسـتیی تورکـی) بوەسـتین.

## میساقی میللی و پارچەپارچەکردن و دابەشکردنی کوردستان

لـە سـەروبەندی یەکەمیـن جەنگـی جیهانیـدا و تاوەکـو یەکلابوونـەوەی جەنگەکـە، یـان بـا بڵێیـن لەنێـوان سـاڵانی 1925-1915، یەکێـك لـە رووداوە هـەرە گرنگەکانـی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت بریتیبـوو لـە دابەشـکردنی کوردسـتان. سیاسـەتی پەرتکـە و زاڵ بـە، سیاسـەتی ئیمپریالیـزم خـۆی

49 - میساقی میللی، بەیاننامەیەك بوو لە شەش ماددە پێکهاتبوو. لە دوای جەنگی رزگاریی تورك نووسرایەوە. بەیاننامەکە لە 28/1/1920 بە زۆرینەی دەنگی مەجلیسی مەبعووسان لە ئیستەنبووڵ پەسەندکرا (وەرگێڕ).

بـوو، بـەڵام ئیمپریالیـزم بـۆ جێبەجێکردنـی ئـەو سیاسـەتەی پێویسـتی بـە هاوپەیمـان بـوو لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت دا. کەمالیسـتەکان بـۆ ئـەو مەبەسـتە باشـترین هاوبەشـی ئیمپریالیزمـی ئینگلیـز و فەڕەنسـییەکان بـوون. ئـەوان پێکـەوە چووبوونـە نێـو کارێکـی گـەورەی هاوبـەش و بـە هێـزی هاوبەشـیش درێژەیـان بـەو هاوپەیمانییـە دا. هـەر بۆیـە ئامانجـی سـەرەکیی جەنگـی کەمالیسـتەکان لەگـەڵ ئینگلیـز و فەڕەنسـییەکان تەنیا پرسـی کوردسـتان بـوو. هـەر لایـەک دەیویسـت کوردسـتان بە تەنیا بخاتـە ژێـر رکێفـی خۆیـەوە، چونکـە دەیانزانـی کوردسـتان نەوتێکـی ئێجـگار زۆری هەیـە و دەوڵەمەنـدە بـە کانـگای گـەورەی خۆزایـی.
ئیمپریالیـزم لـە سـەتەی 19ەوە نیـازی ئـەوەی هەبـووە کوردسـتان دابـەش بـکات. لـە سـەرەتای سـەتەی بیسـتەم و لـە نێـوان سـاڵانی 1915 1925- دابەشـکارییەکە روودەدات و تائێسـتاش هـەر بەردەوامـە. واتـە بەشـێوەیەکی دیکـە، دەتوانیـن بـۆ گـەڕان بـەدوای رەگوڕیشـەی بیرۆکـەی دابەشـکردنی کوردسـتاندا، ئـەو 10 سـاڵەی نێـوان سـاڵانی 1925-1915 بـۆ سـێ سـەردەمی جیـاواز دابـەش بکەیـن:

**یەکەم:**

سـەردەمی یەکـەم پەیوەنـدی بـە کارلێـك و رووداوەکانـی سـەرەتای سـەرهەڵدانی جەنگـی یەکەمـی جیهانییـەوە هەیـە. لەوکاتـدا، سـەرلەنوێ پرسـی دابەشـکردنی کوردسـتان دەخرێتـەوە سـەر مێـزی گفتوگـۆ و لەسـەر دابەشـکردن و چۆنیەتـی جێبەجێکردنـی بیرۆکەکـە مشـتومڕ دەکـرێ و بیرۆکـە دەخرێتـەڕوو.

**دووەم:**

دەتوانیـن سـەردەمی دووەم بـە سـەردەمی پێکـدادان نـاوزەد بکەیـن. لەوکاتـدا، لایەنـەکان لەڕێـی کەناڵـە دیپلۆماتییەکانـی خۆیانـەوە هەوڵـی بەدەسـتهێنانی مـاف و دەسـتکەوتەکانی خۆیـان دەدا لە کوردسـتان. وەك

چـۆن لـە زۆر کۆبوونـەوە و کۆڕبەنـدی جیهانیـدا هـزر و بۆچوونـی خۆیـان لەوبارەیـەوە راگەیاندبـوو. میسـاقی میللـی لـە مانگـی ئابـی سـاڵی 1919، لەلایـەن مسـتەفا کەمالـەوە گفتوگـۆی لەسـەر دەکرێـت. لـە مانگـی یەکـی سـاڵی 1920، (مەجلیسـی مەبعووسـان) [50] لـە کۆبوونەوەیەکـی نهێنیـدا دانـی بـە (میسـاقی میللـی) دانابـوو. لـەوێ هێشـتا هیـچ شـتێك لەبـارەی سـنوورەوە نەخرابـووە بەربـاس. چونکـە هـەر شـوێنێك لەڕێـی هێـزی سـوپاوە پارێـزگاری لێکرابووایـە و دەسـەڵاتی بەسـەردا شـکابا، دەچـووە نێـو چوارچێـوەی سـنوورەکانی میسـاقی میللییـەوە. کاتێـك بـە وردی سـەرنج لـە وتەکانـی مسـتەفا کەمـال دەدەیـن لەنێـوان سـاڵانی 1919-1920، هەسـت بـەوە دەکەیـن هەمـوو ئـەو خاکـەی کوردسـتان کە لەنێـو سـنووری ئیمپراتۆریـی عوسـمانیدا بـووە، دەکەونـە نـاو چوارچێـوەی سـنووری میسـاقی میللـی. لەوکاتـەدا مسـتەفا کەمـال بـۆ ئـەوەی زاڵتـر و سـەرکەوتووتربێ بەسـەر ئیمپریالیزمـی ئینگلیـزی و فەڕەنسـیدا، خـۆی لـە کـورد نزیـك کـردەوە و دەسـتی بـە دانوسـتاندن کـرد لەگەڵیـان و پێیگوتـن "دوای سـەرکەوتن کوردیـش دەگاتـە مافـە نەتەوەییەکانـی". ئـەو بەڵێنەشـی زۆرجـار و لـە چەندیـن شـوێن دووبـارە کـردەوە. جـا ئـەو بەڵێنەشـی لـە سیاسـەتی ناوخـۆ و هەروەهـاش لـە سیاسـەتی دەرەوەدا وەك بەڵگەیەکـی گرنـگ بەکاردەهێنـا. بـۆ نموونـە لەوکاتـدا، لـە وەڵامـی پرسـیاری رۆژنامەڤانـە رۆژئاواییەکانـدا سـەبارەت بـە سـنووری میسـاقی میللـی، بەوشـێوەیە وەڵامـی دەدانـەوە "سـنووری میسـاقی میللـی ئـەو شـوێنانە دەگرێتـەوە کـە کـورد و تورکیـان تێـدا نیشـتەجێن".

**سێیەم:**

دەتوانیـن ئـەم سـەردەمە بـە سـەردەمی لێکتێگەیشـتن و رێککەوتـن ناوبنێیـن. ئـەو سـەردەمە لـە کۆتایـی سـاڵی 1922، واتـە لەگـەڵ

50 - مەجلیسـی مەبعووسـان سـاڵی 1876 بـە پشتبەسـتن بـە دەسـتوور (قانوونـی ئەساسـی) دامـەزراوە و لـە سـەردەمی مەشـروتەی یەکـەم و دووەمـدا لەسـەر ئـەرك بـووە (وەرگێـڕ).

سازکردنی کۆڕبەندی لۆزان دەست پێدەکات. لەو سەردەمەدا، ئیدی ناکۆکییەکان لەسەر کوردستان، بۆ ڕێککەوتن و لێکتێگەیشتن دەگۆڕێ و بە دابەشکردنی کوردستان کۆتایی دێت. لەکاتێکدا دەتوانین سەرەداوەکانی قۆناخی سێیەم، لە قۆناخی دووەمیشدا هەست پێبکەین. بۆ نموونە لەنێوان سالانی 1922-1919، لە دژی خەباتی کورد بەسەرکردایەتی شێخ مەحموود بەرزنجی [51] لە باشووری کوردستان بۆ سەربەخۆیی و ئازادی، وڵاتانی ئیمپریالیزم و داگیرکەر پێکەوە هەڵوێستیان دژی شێخ مەحموود دەردەبڕی. بۆیە لێرەوە دەتوانین بە کورتی ئەوە بێژین: بەشێکی گرنگی خاکی کۆماری تورکیا کە لە ساڵی 1923 دامەزرا، لەڕاستیدا خاکی کوردستانە. ئەو خاکە لە ئیمپراتۆریی عوسمانییەوە وەك میرات بۆ کۆماری نوێی تورکیا مایەوە.

## هەر کەسێك خۆی بە تورك بزانێ تورکە

بۆ دەرخستنی خەسڵەتە بنچینەییەکانی دەوڵەتی کەمالیست، پێویستمان بەوەیە ڕاڤەی ئەو درووشمە بکەین کە دەڵێ "ئەوەی خۆی بە تورك بزانێت تورکە". بە تێگەیشتنی کەمالیستەکان، هەموو ئەو کەسانەی لەنێو چوارچێوەی سنووری کۆماری تورکیادا دەژین و سەرجەم ئەوانەی خۆیان بە تورك دەزانن، تورکن. لەڕاستیدا ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە وادەردەکەوێ کە هاتنە پێشەوەیەك بێ لە دیموکراسی. چونکە وای دەردەخات کە ئەو خەڵکەی خۆیان بە تورك هەژمار دەکەن، لەڕاستیدا سەر بە دەستە و نەتەوەی دیکەن و وا هەژمار دەکرێن. فۆرمی درووشم و دەستەواژەی "هەر کەسێك خۆی پێ

---

51 - شێخ مەحموود شێخ سەعیدی حەفید (1956-1878) شۆڕشگێڕێکی کوردە، سەرکردایەتی چەندین جووڵانەوەی کردووە لە دژی هێزەکانی بەریتانیا لە کوردستان. ئەو شێخی ڕێبازی قادری بوو لە ماڵباتی بەرزنجییەکانی سلێمانی. ساڵی 1922 دوای راگەیاندنی مەملەکەتی جنوبی کوردستان، خۆی بووە مەلیکی ئەو دەوڵەتە کوردییە (وەرگێڕ).

تـورك بێـت تورکـە"، وەك ئەوەیـە، دان بـە بوونـی نەتـەوەی کەسـانی دیکـە دابنێـت، بـەڵام نـا بـە هیـچ شـێوەیەک بەوجۆرە نییـە. دەکـرێ دان بـە بوونی تۆلێرانـس و لێبووردەییەکـدا بنرێـت بـۆ ئەرمـەن و ڕۆمـە کریسـتیانەکان و کەمینـەی جـوو. وەك چـۆن دەتوانیـن بڵێیـن ئـەو لێبووردەییـە بـۆ چەرکەسـەکانیش [52] مایـەی قەبووڵکردنـە، وەلـێ ئەمـە بـە دڵنیاییـەوە بـۆ کـورد بـەو شـێوەیە نییـە. لـە سـەرەوە گوتـم، بەشـێکی گرنگـی خاکـی کوردسـتان لەنێـو کۆمـاری تورکیـادا هێڵدراوەتـەوە. بەوجـۆرەش بەشـێکی زۆری گەلـی کـورد لەنێـو سـنووری کۆمـاری تورکیـادا دەژیـن. بەپێـی بیرکردنـەوەی کەمالیسـتی هەمـوو کەسـێك ناچـارە تـورك بێـت. جـا ئـەو ناچارییـە بەتایبـەت بـۆ کـورد داتاشـراوە. "هـەر کەسـێك لەنێـو چوارچێـوەی سـنووری تورکیـادا بـژی و خـۆی بـە تـورك بزانـێ، تورکـە". ئیـدی لێـرەوە دەرگا بەسـەر سیاسـەتی ئاسـیمیلەکردن و بـە تورككردنـدا دەکرێتـەوە. دەتوانیـن بـە کورتـی بـاس لـەوەش بکەین کە ئاسـیمیلەکردن بریتییـە لـەوەی ئەوانـەی تـورك نیـن، بەتایبەتیـش کـورد، بتورکێنرێـن و ڕەچەڵـەک و ناسـنامەی خۆیـان لەبیرببردرێتـەوە. زۆر ڕێگـەی جیـاواز هەبـوون بـۆ جێبەجێکردنـی سیاسـەتی ئاسـیمیلەکردنی گەلـی کـورد و نەتەوەکانـی دیکـە لـە تورکیـا. بـۆ ئـەوەی پێداگیـری لەسـەر ئـەوە بکـەن کـە کـورد تورکـن و لـە مێـژوودا نەتەوەیـەك نییـە بـە نـاوی کـورد، لەگـەڵ دامەزراندنـی کۆمـاری تورکیـادا دەسـت بـە جێبەجێکردنـی ئـەو سیاسـەتە کـرا. بەتایبەتیـش لـە سـاڵی 1930 بـەدواوە زۆر بـە چـڕی و فراوانـی کاری بـۆ کـرا. ئـەو جـۆرە سیاسـەتە لـە سـەردەمی ئیتیحـاد و تەرەقیـش [53] دەبینـرا. وەلـێ بـە وردی و بـە حیسـاب و کیتـاب و پـلان و بەرنامـە، ئاسـیمیلەکردنی

52 - چەرکـەس گەلێکـە بنەچەیـان دەگەڕێتـەوە بـۆ باکـووری قەفقاسـیا. ئـەوان بەشـی هەرەزۆریـان لـە تورکیـان و هەندێکیشـیان لـە ئیسـرائیل ، سـووریا و ئـوردن دەژیـن. چەرکەسـەکانی تورکیـا، وەک نەتـەوەی لاز و عەرەبـی ئـەو وڵاتـە بـە تورککـراون و ئێسـتا ژمارەیـان ئەوەنـدە کـەم بووەتـەوە، خەریکـە بەرەو لەنێوچوونێکـی تـەواو دەچـن. چەرکـەس بەشـێکی زۆریـان موسـڵمانن و هەندێکیشـیان کریسـتیانن (وەرگێـڕ).

53 - کۆمەڵـەی ئیتیحـاد و تەرەقـی، بزووتنـەوە و پارتێکـی سیاسـی بـوو، سـاڵی 1889 دامـەزرا. لـە دوای ڕاگەیاندنـی مەشـروتیەتی دووەم، لەنێـوان سـاڵانی (1918-1908) لـە تورکیـا دەسـەڵاتیان گرتەدەسـت (وەرگێـڕ).

کــورد لــە ســەردەمی مســتەفا کەمــال ئەتاتورکــدا دەســتیپێکرد. ئــەو دامــەزراوە و رێکخــراو و ناوەندانــەی لێکۆڵینەوەیــان لەســەر تورکۆلــۆژی و فۆلکلــۆری تورکــی و زمــان و مێــژوو و ئەدەبیاتــی تورکــی دەکــرد، لــە هەوڵ و تەقەلایەکــی زۆردا بــوون بۆئــەوەی کــورد بــە تــورك دابنێــن و زمانــی کــوردی وەك شــێوەزارێکی زمانــی تورکــی بناســێنن.
دەوڵەتــی تــورك بــۆ سەرخســتنی سیاســەتی بەتورککــردن، هەمــوو توانا و هێــزی خــۆی خســتەگەڕ. هــەر لــە ئامرازەکانــی گوشــاری ئایدیۆلۆژیــای دەوڵەتــەوە تاوەکــو هێــزی داپڵۆســینی دەوڵــەت بــە شــێوەیەکی کارا. لەنێــوان ئامرازەکانــی گوشــاری ئایدیۆلۆژیــای دەوڵــەت دا، دەســەڵاتدارانی تــورك ســەرجەم دامەزراوەکانــی پەروەردەیــان لــە خوێندنگــەی ســەرەتاییەوە تاوەکــو زانکــۆ، دامــەزراوەی خێــزان، پارتــە سیاســییەکان، رۆژنامــە، رادیــۆ، تەلەفزیــۆن، پەرتــووك ، گۆڤــار، ســینەما و شــانۆ و هەمــوو ئامرازەکانــی پەیوەنــدی و گەیاندنیــان بــە چەندیــن جــۆر رێکخــراو و ســەندیکا و دامــەزراوە ئایینیــەکان و ناوەنــدە یاساییەکان و زۆری دیکــە، خســتووەتە خزمــەت ئامانجــی بەتورککــردن. بــۆ نموونــە وەزارەتــی ئەوقــاف و کاروبــاری ئایینــی یەکێکــە لــە ئامــرازە گرنگەکانــی ســەپاندنی ئایدیۆلۆژیــای دەوڵــەت. ئەمانــە و چەندینــی دیکــە، هەموویــان لــە چوارچێــوەی ئایدیۆلۆژیــای فەرمــی و ئامانجەکانــی، لەخەباتــدان. هەرچــی تایبەتــە بــە ئامرازەکانــی داپڵۆســینی دەوڵــەت، وەك قەرەقــۆل، پۆلیــس، ژەندرمــە، ســوپا ، دادگا و گرتووخانــەکان، ئەوانیــش بــە هەمــان شــێوە لــە خزمــەت جێبەجێکردنــی هەمــان ئامانجــی ســەرەوەدان. دەوڵەتــی تــورك ســەرەتا کاری لەســەر ئامرازەکانــی گوشــاری دەوڵــەت دەکــرد بــۆ جێبەجێکــردن پــلان و گەیشــتن بــە ئامانجەکــەی. بــە بەکارهێنانــی ئەوانــە دەیویســت رووناکــی بخاتــە ســەر ئــەوەی کــە دەڵــێ کــورد تورکــە. لــە رێگــەی پــەروەردە و رێبــازی رازیکردنــەوە کاری لەســەر ئــەو پرســە دەکــرد. کاتێــك زانــی لایەنــی بەرامبــەر ســەرباری هــەوڵ و تەقەلاکانــی، بــاوەڕ ناکــەن و نایێنــە رایــێ و هێشــتا بــاس لــە پاراســتنی مافــە نەتەوەیــی و دیموکراتیەکانیــان دەکــەن

و بـۆ ئەمـەش بەرسـڤی دەوڵـەت دەدەنـەوە، ئیـدی لەوکاتـەوە، هێـزی داپڵۆسـێنەری دەوڵـەت دێنـە مەیـدان و دەسـتبەکار دەبـن. سـەرەتا وەك هەنـگاوی یەکـەم، هەوڵـی وشـککردن و لەنێوبردنـی ئایدیۆلۆژیـای کـوردی و تورکـە دیموکراتـەکان دەدات، ئەگـەر دەوڵـەت لـەوەدا سـەرکەوتوو نەبـوو، ئیـدی بـە ئامرازەکانـی داپڵۆسـینی هێـزی دەوڵـەت دێنـە پێشـەوە. ئەگــەر قەرەقـۆل، پۆلیـس، ژەندرمــە، سـوپا، دادگا و گرتووخانەیـش بـە تووندوتیـژی نەیتوانـی بـاوەڕ بـە لایەنـی بەرامبـەر بهێنـێ و پلانـی دەوڵـەت بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجەکـەی جێبەجـێ بـکات، ئەوسـا رێگـەی لەنێوبردنـی فیزیکــی دەگیرێتەبــەر. ئەمــڕۆ کۆڵۆنیالیســتی تــورك لــە باکــووری کوردسـتان، دژی گەریـلای کـورد و ئـەو دەسـتە و کۆمەڵانـەی پشـتگیری لـە گەریـلا دەکـەن، رێـکاری لەنێوبردنـی فیزیکـی بەکاردەهێنێـت.

ئەگــەر دۆخەکــە وەك ئــەوەی ســەرەوەبێ، کەواتــە زۆر گرنــگ و بەســوود دەبـێ سـەرنجێک لـە میدیـای تورکـی بدەیـن. لـە وڵاتـە دیموکراسـییەکاندا، میدیـا بـە هێـز و دەسـەڵاتی چـوارەم هەژمـار دەکرێـت، بـەڵام وەك ئـەوەی بیـری لـێ دەکرێتـەوە، میدیـای تورکـی دەسـەڵاتی چـوارەم و شـتی وەهـا نییـە. راگەیاندنــی تورکــی لــە کێشــەی کوردســتاندا وەك بەشــێك، یــان لقێکـی دەزگای هەواڵگریـی تورکـی (میـت) کار دەکات. بۆیـە میدیای تورکی لەوبارەیــەوە وەك هاوکارێکــی پۆلیســی تــورك حیســاب دەکرێــت. رێـك وەك داری دەسـتی پۆلیـس و ژەندرمەیـە و زیاتـر نـا. بـە کورتـی راگەیاندنـی تورکـی لـە کێشـەی کـورددا تەنیـا دەتوانـێ بـە ویسـت و خواسـتی دەوڵـەت و حکومەتـی تـورك بنووسـێت و زار بکاتـەوە. بۆیـە هیـچ شـتێك لەوانـە نانووسـێ کـە کۆمەڵگـە پێویسـتە بیزانـێ، ناتوانـێ شـتێك بێنێتـە بـەر بـاس کـە دەوڵـەت و حکومـەت نایانەوێـت. ئەگـەر دەوڵـەت و حکومەتـی تـورك نەیویسـت شـتێك بخاتـە بـەر گوێـی خەڵـك، ئـەوە بەدڵنیاییـەوە راگەیاندنـی تورکـی لـە فەرمانـی سـەرووی خـۆی لانـادات. جـا دەشـێ کار و چالاکـی زانکـۆ تورکییـەکان و پارتـە سیاسـییە تورکـەکان و رێکخـراو و سـەندیکا تورکییـەکان و دامـەزراوە یاساییەکانیش لـە هەمـان چوارچێـوەدا ببینیـن.

بـۆ نموونـە دامـەزراوەی دادوەری و دادگاکان ئـەو شـوێنانەن کـە زۆر بـە وردی پلانەکانـی ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی جێبەجـێ دەکـەن. خـۆ دەشـزانین زانکـۆ تورکییـەکان هیـچ لێکۆڵینەوەیەکـی زانسـتییان نییـە لەسـەر کێشـەی کوردسـتان. پارتـە سیاسـییە تورکییەکانیـش سـەرباری ئـەوەی بـە ملیۆنـان دەنگیـان لـە هەڵبژاردنەکانـدا بەدەسـتهێناوە، بـەڵام نەیانتوانیـوە ببنـە هۆکارێـك بـۆ پێشخسـتنی دیموکراسـی لـە تورکیـا. چونکـە ناتوانـن بەشـێوەیەکی ئازادانـە ببنـە بەرهەمهێنـەری بەرنامـە و پرۆگرامـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی و کولتـووری لـە تورکیـا.

## ئایدیۆلۆژیای فەرمی

"کـورد تورکـن و زمانێکـی سـەربەخۆ نییـە بەنـاوی زمانـی کـوردی"، ئـەو بیرکردنەوەیـە بـە ژێرخانـی ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی دادەنرێـت. بەشـێوەیەکی سرووشـتی ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی لـە هەوڵـی ئـەوەدا بـووە بیرکردنـەوەی پێچەوانـەی ئەمـە وەک تـاوان سـەیر بکرێـت. واتـە ئەوانـەی بـاوەڕ بـە ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی ناهێنـن و پێچەوانـەی ئـەوە رەفتـار دەکـەن، بـەردەوام و بـێ پسـانەوە لەژێـر هەڕەشـەی سـزادان. بۆیـە دەتوانیـن بڵێیـن ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی بـە زەبـری هەڕەشـەی سـزا دەپارێـزرێ و درێـژە بـە تەمەنـی دەدرێـت.

## یەکگرتن

دەوڵەتـی کەمالیسـت سـەبارەت بـە کێشـەی کـورد زوو زوو دەڵـێ "... لەگـەڵ دامەزراندنـی کۆمـار، لـە ناوچەکانـی ئەنادۆڵـوو دەوڵەتێکـی نەتەوەییمـان دامەزرانـد. دوای رووخانـی ئیمپراتۆریـی عوسـمانی، گەلانـی ژێـر دەسـەڵاتی ئیمپراتۆرییەکـە دەوڵەتێکـی نوێیـان دامەزرانـد...". هـەر کاتێـك پێچەوانـەی ئەو چیرۆکە پرسـی کـوردت هێنایە بەرباس، دەسـتبەجێ

دەڵێن "ئێمە ئەوەمان قبووڵ کردووە کە هەر دەستە و لایەنێکی نێو میساقی میللی تورکن، رەنگە هەندێك کۆمەڵەی بچووك هەبن لەنێو سنووری جوگرافیی کۆماری تورکیا، وەلێ ئەوانیش بە تێگەیشتنێکی تازەی نەتەوەیی هاتوونەتە نێو چوارچێوەی نەتەوەی تورك و بووینەتە قەوارەیەکی یەکگرتوو". لێرەدا پێویستە بە وردی لەسەر چەمکی یەکگرتن و یەکگرتوویی بوەستین.

پارتە سیاسییە تورکەکان و میدیای تورك و زانکۆ تورکییەکان و تاد... تێگەیشتنێکی وەهایان هەیە: تورك، عەرەب، کورد، چەرکەس و لاز [54] و پۆماکەکان [55]، دوای دامەزراندنی کۆمار، لە چوارچێوەی ئەو تیۆرە نەتەوەیی و میللییەی ئەتاتورکدا یەکیانگرتووە. لە ئەنجامی ئەو یەکگرتنهەدا گەلێکی نوێ دروستبووە بەناوی (نەتەوەی تورك)!

لۆژیکی یەکگرتن ئەوەیە کە لە ئەنجامدا شتێکی نوێ بە ناوێکی نوێ دروستببێت. بۆ نموونە لە سەتەی ١٩ادا چەندین نەتەوەی جیاواز، لە زۆر شوێنی جیاوازی ئەوروپاوە بەرەو ئەمریکا کۆچیان کرد.. ئینگلیز، ئێرلەندی، ئیتاڵی، سکەندەناڤی، ئەڵمان، یۆنانی، هەنگاری و ئیسپانی و... تاد). ئەمانە لەوێ یەکیانگرت و تێکەڵ بوون و چوونە نێو چوارچێوەیەکی نوێ. شتێکی تازە دروستبوو کە پێیدەڵێن گەلی ئەمریکا. کەچی لە تورکیا، تورك، عەرەب، چەرکەس، لاز و پۆماك یەکدەگرن و شتێك دروست دەبێت کە هەر پێیدەڵێن تورك!

ئەمە بەدڵنیاییەوە تێکەڵبوون و یەکگرتن نییە، بەڵکو تەنیا بریتییە لە خۆسەپاندنی نەتەوەی تورکی دەسەڵاتدار بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا لەڕێی سەپاندنی ناو، مێژوو، زمان و فەرهەنگی خۆی.

54 - لاز نەتەوەیەکن لە تورکیا، بە درێژایی کەنارە ئاوییەکانی دەریای رەش لە باکووری ئەو وڵاتە دەژین، زمانێکی تایبەت بەخۆیان هەیە. ئەو نەتەوەیە بەهۆی نزیکیی نەریتیان لە کوردەوە پێیاندەڵێن (کوردی دەریا دیتوو). (وەرگێڕ).

55 - بەو خەڵکەی ناوچەی باڵکان دەگوترێ کە دوای داگیرکردنی خاکەکەیان لەلایەن عوسمانییەکانەوە، بوونە موسوڵمان. ئەو ناوە بۆ موسوڵمانەکانی بولگاریاش بەکاردەهێنرێ (وەرگێڕ).

## نەژادپەرستیی تورك ـ نەژادپەرستیی ئەتاتورك

کاتێـك لێکۆڵینـەوە لـە ناواخنـی دەوڵەتـی کەمالیسـت دەکەیـن، دەبـێ هەڵوەسـتە لەسـەر ئەنگێـزەی نەژادپەرسـتیی تورکیـش بکەیـن: یەکێـك لـە کۆڵەکـە هـەرە سـەرەکییەکانی ژێرخانـی نەژادپەرسـتیی تـورك لـەو رسـتەیەدا کـورت بووەتـەوە کـە دەڵـێ "هـەر کەسـێك خـۆی بـە تـورك بزانـێ تورکـە". دەسـتەواژەی وەك نەژادپەرسـتیی تورکـی و نەژادپەرسـتیی ئەتاتـورك، لەڕاسـتیدا هـەر هەمـان شـتن. دەسـتەواژەی نەژادپەرسـتیی تورکـی لـە سـاڵی 1923 و لـە سـەردەمی دامەزراندنـی کۆمـاردا رۆڵێکـی گرنگـی بینـی. وەك دەزانرێ، ئیمپراتۆریی عوسـمانی ئیمپراتۆرییەکی جیهانی بـوو. لەپـاڵ تـورك، کـورد، عـەرەب، چەرکـەس و لازی موسـڵمان، رۆم و بوولـگار و ئەرمـەن و سـرِبی و چەندیـن نەتـەوەی دیکـە لەسـایەی ئـەم ئیمپراتۆرییـەدا دەژیـان. نەتـەوە موسـڵمانەکان بەهـۆی هـۆکاری ئاییـن و ئوممـەت لەپاڵ یـەك کۆدەبوونـەوە. هەسـتی عوسـمانیبوونیش خەڵکـی موسـڵمان و کریسـتیانی نێـو ئیمپراتۆرییەکـەی لەپاڵ یـەك کۆدەکـردەوە. لەگـەڵ دامەزراندنـی کۆمـار، دەوڵەتـی تـورك دەسـتی بـە جێبەجێکردنـی سیسـتەمی سـێکۆلاری کـرد. سـەرەتا لـە هەوڵـی ئەوەدابـوو لـە ژیانـی سیاسـی و دەوڵەتداریـدا کاریگەرییەکانـی ئاییـن بەسـەر دامەزراوەکانـەوە نەهێڵـێ. بەوهۆیـەوە ئـەو گەلانـەی لەژێـر چەتـری ئوممەتـی ئیسـلامدا یەکگرتـوو بـوون، ئیـدی توانـای پێکەوەمانەوەیـان نەمـا. بۆیـە ئیـدی هەسـتی نەتەوەپەرسـتیی تـورك لـە دوای ئـەوە، رۆڵـی چیمەنتـۆی دەبینـی لـە درێـژەدان بـەو یەکانگیرییـە. ئیـدی تێگەیشـتنی سـەرەکی لـە مانـای نەژادپەرسـتیی تورکـی ئەوەبـوو. بـە دڵنیاییـەوە وەك لـە بەشـەکانی پێشـوودا باسـمانکرد، ئـەوە تەنیـا چارەسـەرێکی ئایدیۆلـۆژی بـوو. لـە راسـتیدا کێشـەکان هیچیـان چارەسـەر نەکرابـوون و بـە هەڵواسـراوی مابوونـەوە.

لەڕاسـتیدا یەکسـانیی نێـوان گـەلان لـەو کۆمـارە تازەیـەدا جێـی

باوەڕ نەبوو. بۆیە بۆ لەنێوبردنی پەیوەنداریی نەتەوەکانی دیکە بە ئینتیمای خۆیانەوە، هەموو رێکارێك بۆ سەپاندنی ئینتیمای تورکبوون گیرایەبەر. لەو رووەوە دەستەواژەی نەژادپەرستیی تورکی و نەژادپەرستیی ئەتاتورکی بەهیچ شێوەیەك هەڵگری مانا و دەلالەتەکانی دیموکراسی نین، بەڵکو بە هەموو مانایەك هەڵگری مانای نەژادپەرستی و داگیرکارین.

لەڕاستیدا نابێ ئەم نەژادپەرستییە وەك ئەوەی باشووری ئەفریقیا ببینین کە شوێنی نیشتەجێبوون و قوتابخانە و چێشتخانە و میوانخانەی سپیپێست و رەشپێست لەیەکتر جیابوون. بەڵکو نەژادپەرستیی تورکی بەوجۆرەیە کە بۆتان باس دەکەم: سەپاندنی زمان و فەرهەنگ و ناسنامەی نەتەوەی سەردەست. نکۆڵیکردن لە بوونی نەتەوەی کورد. ئەوانەی ناشیانەوێ تورك بن، لەڕووی فیزیکییەوە دەیانسڕنەوە. هەموو ئەمانەش لەلایەن دەوڵەتی تورکەوە جێبەجێ دەکرێن و دامەزراوەی دادوەری و میدیای تورك و پارتە سیاسییە تورکییەکان و زانکۆکانیان پەسەندی دەکەن. کەچی هەر ئەمانە هەوڵی نکۆڵیکردن لە ناسنامەی تورکەکانی بوولگاریا بە نەژادپەرستی و کاری نامرۆڤانە دەزانن. بۆیە درووشمی "ئەوەی خۆی بە تورك هەژمار بکات تورکە"، جگە لە بیرکردنەوەیەکی نەژادپەرستانە هیچی دیکە نییە. لەم تێگەیشتنەدا لێبووردەیی و شتی لەوشێوەیە هەبوونێکیان نییە. جاوەڕوانییان لە هەمووان ئەوەیە تورك بن و بەس، هەموو کەسێکیش ناچار دەکەن تورك بن.

## گۆڕان لە گوتاری ئایدیۆلۆژیای فەرمی دا

ئامانجی سەرەکیی ئایدیۆلۆژیای فەرمیی تورك لە هەمبەر کێشەی کوردستان، نکۆڵیکردنە لە مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی

گەلـی کـورد. بـۆ درێژەپێـدان و گەیشـتنە ئـەو ئامانجـەش، باشـترین بەرنامـە و کورتتریـن رێگـە نکۆڵیکردنـە لـە زمانەکـەی.
جێـی سـەرنجە لەنێـوان سـاڵانی 1920-1919 نکۆڵـی لـە کـورد نەدەکـرا. بـە پێچەوانـەوە بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی ئەرمـەن و یۆنانییـەکان بـە دوای رێککەوتنـەوە بـوون لەگـەڵ کـورد. بـۆ ئەمـەش بـەردەوام دەیانگـوت "دوای ئـەوەی سـەرکەوتین کوردیـش دەگاتـە مافەکانـی خـۆی". شـتی وەهایـان دەگـوت کـە کـورد دڵـی پێخۆشـبوو، بـۆ راگرتنـی دڵـی ئـەوان قسـەی تـەڕ و شـیرینیان دەکـرد. ئەو گوتـارە تاوەکـو کۆتایـی سـاڵی 1922 بـەردەوام بـوو. بـەڵام لەگـەڵ دامەزراندنـی کۆمـار، سـەردەمێکی نـوێ دێـت کـە یەکێـك لـە خەسـڵەتە سـەرەکییەکانی بریتییـە لـە نکۆڵیکـردن لـە بوونـی کـورد و لـە زمـان و فەرهەنگـی کـوردی. ئیـدی لێـرە بـەدواوە دەیانگـوت "شـتێك نییـە بەنـاوی دووانـەی کورد-تـورك، بەڵکـو هەموومـان تورکیـن". لـە سـەرەتای سـاڵانی سـییەکانی سـەتەی رابـردوودا چەنـد تێزێکـی لێکۆڵینـەوەی وەك (تێـزی مێـژووی تـورك و تیـۆری رۆژ و زمـان) بـە سـەرنجدان لـە کێشـەی کـورد بڵاوبوونـەوە. لەوێـدا بانگەشـەی ئەوەیـان دەکـرد کـە هەمـوو شارسـتانییەکانی جیهـان لەلایـەن تورکـەوە دامـەزراون. گوایـە ئـەو شارسـتانیانە لەلایـەن ئـەو تورکانـەوە دامەزرێنـراون کـە لـە نێوەڕاسـتی ئاسـیاوە بـەرەو هـەر چـوارلای جیهـان کۆچیـان کـردووە. ئـەوان لەوکاتـدا بانگەشـەی ئەوەیـان دەکـرد کـە شارسـتانییەکانی کەناراوەکانـی (هینـد و میزۆپۆتامیـا و نیـل و ئیجـە و رۆمـا و.. تـاد) لەلایـەن تورکـەوە بنیاتنـراون. بانگەشـەی ئەوەیـان دەکـرد کـە هەمـوو زمانەکانـی جیهـان لـە زمانـی تورکییـەوە داکەوتـوون و زمانـی تورکـی دایکـی تـەواوی زمانەکانـی دنیایـە. بەوشـێوەیە نکۆڵییـان لـە زمانـی کـوردی و بوونـی نەتەوەیـەک بەنـاوی کـورد دەکـرد. ئـەوەی جێـی سـەرنجە، ئـەو تیـۆر و تێـزە تەنیا بـۆ کـورد بەرهەمهێنرابـوو. چونکـە خـۆ بـاس لـەوە نەدەکـرا عـەرەب و عەجـەم و یۆنانـی و ئەرمەنـەکان تورکـن. بـە تێپەڕینـی کات هەندێـك دەسـتکاری تیۆرییەکـە کـرا، وەلـێ هەرگیـز لـە نکۆڵیکـردن

لــە بوونــی کــورد و زمانــی کــوردی پاشــنەکەوتن، بەپێچەوانــەوە توێژینــەوە و تێــزی زۆرتــر لەســەر ئــەو مــژارە بڵاوکرانــەوە.

جــا ئەگــەر ئەمــە ســەردەمی دووەم بووبــێ، ئــەوا ســەردەمی ســێیەم لــە دوای 27ی ئایــاری ســاڵی 1960 لەگــەڵ کودەتــای ســەربازی دەســت پێــدەکات. ئــەوان لەوکاتــدا باســیان لــەوە دەکــرد کــە وشــەی کــورد، لــە دەنگــی (کــرت ـ کارت ـ کورت)ــەوە هاتــووە، کاتێــك مــرۆڤ بەنێــو بەفردا دەچێــت، لەژێــر پێیەکانیــدا ئــەو دەنگــە دەردەچێــت. ئــەو لێکۆڵینەوانــە ســەرەتا لەلایــەن ســەربازەکانەوە بــاس دەکــران، دواتــر پرۆفیســۆری زانکۆکانیــش کاریــان لەســەر کــرد و هەوڵــی چەســپاندنیان دا. ئەوانیــش دەیانگــوت وشــەی کــورد لــە دەنگــی (کــرت ـ کارت ـ کــورت)وە هاتــووە. وەك چــۆن کارێکــی زۆریــان کــرد بــۆ چەســپاندنی ئــەوەی کــە زمانــی کــوردی بــە تــەواوی بــە زمانــی تورکــی دەچێــت. ئــەم وتەیــە لەوکاتــدا زۆر گرنــگ و بڵاوبــوو، بــە جۆرێــك تــەواوی ســەردەمەکەی ئاراســتە کردبــوو "تــف بکەنــە دەموچــاوی ئــەو کەســەی پێیگوتــن ئێــوە کــوردن". ئەمــە وتــەی لیــوا جەمــال گورســەل [56]ی ســەرۆکی حکومــەت و دەوڵەتــە. ئــەم لێدوانــە زۆر بــە ئاشــکرایی دیــارە کــە تژییــە لــە ســووکایەتی بــە کــورد و زمانەکــەی.

لــە نێوەڕاســتی ســاڵانی شەســتی ســەتەی رابــردوودا، هێــدی هێــدی و بــێ هــەدادان، جووڵانــەوەی نەتەوەیــی فــراوان دەبــوو. دەســتەبژێری کــورد دەســتیان بــە خۆناســاندن کــرد و پێداگیرییــان لەســەر کوردبوونــی خۆیــان دەکــرد. ئیــدی ئــەو وشــەیەی وەك شــەرمێك نەدەبــوو بگوتــرێ (کــوردم)، ســەرباری هەمــوو شــتێك دەگوتــرا. نکۆڵیکــردن لــە نەتــەوەی کــورد و زمانــی کــوردی لەلایــەن کــوردە چــەپ و رووناکبیرەکانــەوە

56 - جەمــال گورســەل (1966-1895) پلــەداری ســەربازی و سیاســەتڤانێکی تــورك بــوو. لــە دوای کودەتــای ســەربازیی ســاڵی 1960، بــووە ســەرۆکی کۆمیتــەی یەکگرتــووی میللــی و چــوارەم ســەرۆککۆماری تورکیــا بــوو لــە نێــوان ســاڵانی (1966-1961). هــەر خــۆی ســەرۆکوەزیران و ســەرۆکی تورکیــاش بــوو. لــە هەمــان مــاوەدا فەرمانــدەی گشــتیی هێــزە چەکدارەکانیــش بــوو (وەرگێــڕ).

زۆر بــە تـوونـدی بەرپــەرچ دەدرایــەوە. پارتــی کرێکارانــی تورکیــا [57]، لــە کێشـەی کـورد نزیکبـووەوە، هەرچەنـدە لەوکاتدا پرسـەکە وەك (کێشـەی ڕۆژهـەڵات) دەهێنرایـە بەربـاس. دواتر پارتی دیموکراتی کوردسـتانی تورکیا دامــەزرا. لــە مانگەکانــی پاییــزی ســاڵی 1967 (میتینگەکانــی ڕۆژهــەڵات) ســازکران. دواتــر کۆمەڵــەی شۆڕشــگێڕی کولتــووری ڕۆژهــەڵات DDKO دامــەزرا. لــە کۆتایــی ئــەو ســەردەم دا، لــە ســاڵی 1971 دانیشــتنەکانی دادگای ڕۆژهــەڵات لــە دیاربەکــر هەبــوون. دەوڵــەت هەوڵیــدەدا کــورد بـە تـورك هەژمـار بکرێـت، یـان راسـتتر دەیویسـت ئـەوە بچەسـپێنێت کـە کــورد تورکــن. لەســەر ئــەو مــژارەش، پەرتــووك چــاپ دەکــران و کۆڕبەنــد و جڤینــی درێــژ دەبەســتران. پەرتووکــی (تورکایەتیــی کــورد لــە هەمــوو ڕوویەکــەوە) بــە یەکێــك لــە کتێبــە هــەرە دیارەکانــی ئــەو دەمــە دادەنرێ کــە لەلایــەن فەخرەدیــن کرزیئۆغلــوو نووســراوە.

دانیشـتنەکانی دادگای ڕۆژهـەڵات لـە دیرۆکـی کـوردی باکووری کوردسـتان دا زۆر پــڕ بایــەخ و گرنگــن. گیراوەکانــی کــورد لــە دانیشــتنەکانی دادگادا سیاسـییانە بەرگرییـان کـرد. بـە تێڕامانـی مـن، ئـەوە خاڵێکـی وەرچەرخانـی پڕبایـەخ بـوو کـە کەسـمان ناتوانیـن خۆمانی لـێ نەبان بکەیـن. ئـەو ڕووداوە لۆژیــك و تێگەیشــتنی دەســەڵاتی دۆخــی نائاســایی و دادگا و حکومەتــی ســەراوژێر کــرد. بۆیــە پێموایــە دەبــێ جارێکــی دیکــە بــە هەڵوێســت و وتەکانــی ئــەو ســەردەم دا بچینــەوە. پەیمانــگای توێژینــەوەی حکومەتــی تــورك لــەو چوارچێوەیــەدا چەمــك و دەســتەواژەی (کــوردە تورکــەکان)ی فڕێـدا نێـو کۆمەڵـگە. وەک دەبینیـن لێـرەدا بوونـی کـورد دانـی پێدادەنرێت، وەلــێ وەك بەشــێك لــە نەتــەوەی تــورك. وەك تورکــە قرگــزەکان و تورکــە مەســقەتەکان و ئــازەرەکان و.. تــاد. ئیــدی لەوکاتــەوە دەســتەواژەی کــوردە تورکەکانیــش کەوتــە بەرگوێیــان. ئــەو دەســتەواژەیە تاوەکــو 11ی

---

57 - پارتـی کرێکارانـی تورکیـا لـە سـاڵی 1961 دامـەزرا. بـە یەکـەم پارتـی سۆسیالیسـت دادەنرێ لـە تورکیا کـە توانیویەتــی پەرلەمانتــار بنێرێتــە پەرلەمــان. پارتەکــە دوای کودەتــای دوازدەی ئەیلوولــی ســاڵی 1980 داخــرا. مووسـا عەنتـەر یەکێـك بـووە لـە ئەندامانـی ئـەو پارتـە (وەرگێـڕ).

تەباخی ساڵی 1984 کە پارتی کرێکارانی کوردستان دەستی بە چالاکی چەکداری کرد، لەلای دەوڵەتەوە هەر درێژەی پێدرا.
لەگەڵ گرتنەدەستی چەك لەلایەن پەکەکەوە، ئیدی دەوڵەت ناچاربوو بە چەمك و دەستەواژەکانی خۆیدا بچێتەوە سەبارەت بە کورد. چونکە بەرخۆدانی گەریلا دەوڵەتی تورکی زارەترەك کردبوو. بەڵێ لەو سەردەمەدا نکۆڵی لە بوونی کورد نەدەکرا، بەڵام دەیانگوت کورد لقێکە لە زمان و نەتەوەی تورك. یان دەیانگوت لە ئەنجامی یەکگرتنی تورك و کورد و عەرەب و چەرکەس و لاز نەتەوەیەکی نوێ هاتووەتە بوون بە ناوی (تورك). دەیانگوت "تورك ناوی دەستەیەك نییە، بەڵکو ناوی ئەو یەکگرتنە نوێیەیە کە لە ئەنجامی یەکگرتنی چەند نەتەوەیەك هاتووەتە بوون". هەر لەو سەردەمەدا ئیدی باس لەوە دەکرا کە زمانی کوردی زمانی دایکە. بۆ نموونە داوای ئەوە دەکرا کە قەدەخەی سەر زمانی کوردی و سەر زمانی دایك هەڵبگیرێت. لەوبارەیەوە بولەنت ئەجەوید، ئەرداڵ ئینۆنۆ، پرۆفیسۆر د.مومتاز سۆسیال و ئۆغور مومجو [58]، ئیسماعیل جەم، محەممەد عەلی بیراند، پرۆفیسۆر د. تۆکتامش ئاتەش، جۆشکون کرجا، ئۆکتای ئەکشی، پرۆفیسۆر حفزی ڤەلدەت و چەندینی دیکە، لە نەژادپەرستە تورکە ئەسڵ و داگیرکەرە خەستەکان بوون، ئیدی دەوڵەت ئایدیۆلۆژیای فەرمیی خۆی لەڕێی ئەو ناوانەوە رادەگەیاند.

---

58 - ئۆغور مومجو (1942-1993) رۆژنامەڤان و نووسەری بە بنەچە رۆمی، بە دانانی بۆمب لەنێو ئۆتۆمبێلەکەی، لەبەر دەرگای ماڵەکەی لە ئەنقەرە تیرۆرکرا و کردەوەکەش لەلایەن بەرەی بزاڤی ئیسلامی لە ئەستۆ گیرا. دۆسیەی ئۆغور مومجو لەنێو دۆسیەی تاوانی بکەرنادیارەکانی تورکیایە و تائێستا بکەرانی دەستگیر نەکراون. بەپێی زانیارییە نافەرمییەکان، مومجو بەهۆی نووسینی چەند پەرتووکێك لەسەر چەند مژارێکی هەستیار بەلای دەوڵەتەوە، بووە قوربانی. بەر لە کوشتنی، سەرقاڵی توێژینەوەیەك بووە لەسەر پرسی کورد و پەیوەندی پارتە کوردییەکان لەگەڵ دەزگای نهێنیی چەند وڵاتێك (وەرگێڕ).

## سیاسەتی دەوڵەت

لە تورکیا، سیاسەت بەردەوام و بەگشتی، لەبارەی دۆزی کوردەوە، لە سیاسەتی دەوڵەتەوە رێچکەی بەستووە. حکومەتە جیاوازەکانی تورکیا، ناتوانن سەبارەت بە کێشەی کوردستان سیاسەت بکەن و شتێکی تازە دابهێنن. چونکە سیاسەتی دەوڵەت هەموو کابینەکانی حکومەت لە چوارچێوە دەدات. کاتێك مژارەکە دێتە سەر کێشەی کورد و کوردستان، دەبێت دەوڵەت و حکومەت لێك جیابکەینەوە. حکومەتەکان بۆ ماوەی چوار ساڵ، لە ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانەوە دێنە سەر تەختی شانۆ. لە ئەنجامی دەنگدانی خەڵک پەرلەمانێك هەڵدەبژێردرێت. ئەو پەرلەمانە کابینەیەکی نوێی حکومەت دادەمەزرێنێت. لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا، هەر شتێك کە لە وڵات روودەدات، دەبێ حکومەت لێی بەرپرس بێت. وەلێ لە تورکیا، کێشەی کوردستان ئاریشەیەك نییە لەلایەن حکومەتەوە تاوتوێ بکرێت. کاتێك مژارەکە دێتە سەر کورد، پارتە سیاسییە تورکییەکان و حکومەت و پەرلەمانی تورکیاش هیچ بەها و نرخێکیان نامێنێت. چونکە کێشەی کوردستان لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەییەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. لەو ئەنجوومەنەدا ژەنەراڵەکان باڵادەستن و خاوەن دەنگی بەهێزن. ئەنجوومەنی ئاسایش بە سەرۆکایەتیی سەرۆککۆمار کۆدەبنەوە. ئەنجوومەنەکە هەریەکە لە سەرۆکوەزیران، سوپاسالاری تورکیا، فەرماندەی هێزی دەریایی، ئاسمانی، زەوینی، فەرماندەی گشتیی ژەندرمە، سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی تورکیا (میت)، وەزیری بەرگری، ناوخۆ، وەزیری دەرەوە و بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیس لەخۆدەگرێت. سکرتێری گشتیی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لەلایەن جێگری سوپاسالاری تورکیاوە بەڕێوەدەبردرێت. ئەنجوومەنی ئاسایش پێشنیازەکانی خۆی دەداتە حکومەت. حکومەتیش لەسەری پێویستە خاڵ بە خاڵی پێشنیازەکان

جێبەجـێ بـکات. حکومـەت و پارتـە سیاسـییەکان و پەرلەمانـی تورکیـا بەهیـچ شـێوەیەك بۆیـان نییـە شـەنوکەوی ئـەو پێشـنیازانە بکـەن. تەنیـا ئـەوە نەبـێ لـە هەندێـك کۆبوونـەوەی نهێنیـدا، بەشـێك لـە پێشـنیاز و تێبینییـەکان بـە سـەرکردەکانی ئۆپۆزیسـیۆن دەگوترێـن، ئەوانیـش دوای وەرگرتنـی فەرمـان و پێشـنیازەکان، وەك خـۆی جێبەجێـی دەکـەن. بـۆ نموونـە سـەرکردەکانی ئۆپۆزیسـیۆن بەهیـچ شـێوەیەك ناتوانـن رەخنـە لـە سیاسـەتی تیـرۆری دەوڵـەت بگـرن لـە کوردسـتان. بۆیـە خۆیـان لـەو بابەتانـە کـەڕ دەکـەن و قیـژە و ناڵـەی ئـەو ئافـرەت و منداڵانـەی بەهـۆی ئـەو تیـرۆرەوە بـۆ ئاسـمان بـەرز دەبێتـەوە، ئـەوان نایبیسـتن.

ئەنجوومەنـی ئاسایشـی نەتەوەیـی کاریگەرییەکـی زۆر و گرانـی هەیـە لەسـەر سیاسـەتی تورکیـا. بـۆ نموونـە فەرمانەکانـی ژمـارە 413 ـ 424 ـ 425 لەلایـەن ئەنجوومەنـی ئاسایشـەوە دارێـژراون و خراونەتـە بـواری جێبەجێکردنـەوە. ئـەو بڕیارانـە بـە جارێـك مافەکانی مرۆڤـی لە کوردسـتان لەگـەڵ خـۆی راپێـچ کـرد و شـوێنەواری لـێ بەجێنەهێشـت؛ خـۆ ئـەو مافانە لەڕاستیشـدا بەهیـچ جۆرێـك لـە کوردسـتان نەبـووە و کەسـیش هەسـتی بـەوە نەکـردووە، بـەڵام لەڕێـی ئـەو بڕیارانـەوە، ئیـدی بەشـێوەیەکی فەرمـی نەیانهێشـتن. بۆیـە دەتوانیـن بڵێیـن ئـەو بڕیـار و فەرمانانـە زۆر زۆر لـە سـەرووی دەسـتوورەوەن. بـۆ زانیاریـی زیاتـر لەوبارەیـەوە، دەتوانـن بگەڕێنـەوە بـۆ ژمـارە 103ی گۆڤـاری (سـەرخوەبوون) کـە لـە مانگـی تەممـووزی سـاڵی 1990 دەرچـووە.

## نێوەڕۆکی سیاسەتی دەوڵەت لە بەرامبەر کێشەی کورد

کوردسـتان بـە فەرمـان و قەدەخـەکاری بەڕێوەدەچێـت. رێکارەکانـی بەڕێوەبردنـی کوردسـتان بریتیـن لـە (فەرمـان، رێگـری، سانسـۆر، راگواسـتن، ئەشـکەنجە، بەرتیـل و... تـاد). ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی هـۆکاری سـەرەکی بـوو لـە پەیدابوونـی دامەزراوەیەکـی نایاسـایی لـە کوردسـتان

کـە کار و پیشـەیان ئەوەبـووە پیسـایی دەرخـواردی کـورد بـدەن. هێـزە یاسـاییەکانی ئاسایشـی دەوڵـەت، زۆر بەوجـۆرە ئەشـکەنجانە ئاشـنا نین،بـەڵام چەنـد دامـەزراوە و ناوەندێـك لـە دەرەوەی دەسـەڵات و کۆنترۆڵـی حکومـەت هـەن، لەوانـە (هێـزە تایبەتـەکان) کـە لەنێـو ئـەو چوارچێوەیـەدا هەژمـار دەکرێـن. ئـەم هێـزە لـە دژی کـورد، هەمـوو جـۆرە ئەشـکەنجە و داپڵۆسـینێك تاقیدەکەنـەوە و بەرپرسـیارێتی هیـچ کارێکیش ناگرنـە ئەسـتۆ. بەشـێوەیەك ئەگـەر کەسـێکی بێتاوانـی کوردیـش بکـوژن، هیـچ دۆسـیەیەکی دادگایـی لەدژیـان ناکرێتـەوە. حکومەتیـش ناچـارە زوڵـم و کارە نامرۆڤانەکانیـان پەردەپـۆش بـکات و نکۆڵـی لـە تاوانەکانیـان بـکات و خـۆی لێیـان نەکاتـە خـاوەن. بـۆ نموونـە ئـاوا بەرگرییـان لێدەکـەن "دوای لێکۆڵینـەوە و بەدواداچـوون، بۆمـان دەرکـەوت رووداوی بـەزۆر دەرخـواردانـی گۆشـتی بـەراز دوورە لـە راسـتییەوە. بۆیـە گەیشـتینە ئـەو بـاوەڕەی ئـەم چیرۆکـە تەنیـا بـۆ تاوانبارکردنـی هێزەکانـی ئاسـایش هەڵبەسـتراوە... ".

ئەمـڕۆ لـە کوردسـتاندا زوڵمـی هێجگار گـەورە دەکرێـت. گوندەکان خاپوور دەکرێـن و دەسـووتێنرێن. خانـووەکان بـە کەلوپەلەکانـی ناویانـەوە وێـران دەکرێـن. چەندیـن بەرهەمـی خۆراکـی وەك پەنیـر و زەیتـی زەیتـوون، ئـارد، شـەکر و خـوێ بـە تیکەڵکردنـی ماددەکانـی خاوێنکردنـەوەی وەك سـابوون لەنێـو دەبرێـن. دەیانەوێـت بـە ناحەقـی لـە خەڵکـی کـورد، گوندەکانیـان پـێ چـۆڵ بکـەن و ناچـاری کۆچێکـی زۆرەملێیـان بکەن.

ئەو جۆرە سیاسەتە دوو ئامانجی هەیە:

یەکـەم، سـزای ئـەو کوردانـە بـدەن کـە نایانـەوێ ببنـە گوندپارێـز و بەپێچەوانـەوە هاوکاریـی گەریـلا دەکـەن.

دووەم، ناوچەکـە لـە مـرۆڤ خاڵـی بکـەن و ئەوانـەی هاوکاریـی گەریـلا دەکـەن، نابـووت و بێدەرامـەت بکرێـن. وەك ماوتسـی تۆنـگ دەڵـێ "خەڵـك دەریایـە و گەریلاش ماسـی". دەیانـەوێ بـە لەنێوبردنـی گوندنشـینی کـورد گەریـلا بـێ پشـتوپەنا بکـەن. جـا مەحاڵـە ئـەو تیـرۆرەی دەوڵـەت بگاتـە

ئامانــج و خواســتی خــۆی. بەوپێیــەی لــە کوردســتاندا تیــرۆری دەوڵــەت لــە ســەرەتای دامەزراندنــی کۆمــارەوە، هەمــوو کاتێــك هــەر هەبــووە. لادێیــەکان بــە زۆر هــۆکاری جیــاواز، بــە چۆڵکــردن دراون؛ دانیشــتووانیان راگوێــزراون، وەلــێ هیــچ کات گوندەکان دوای رووخاندن و سووتاندنیشــیان، بــێ مــرۆڤ نەمانــەوە. لەبەرئــەوەی سرووشــت بــەردەوام هاوســەنگیی تایبــەت بەخــۆی هەبــووە. چونکــە ئــەو خاکــەی خــاوەن ســەرچاوەی ئــاو و زەویــی بەپیتــی کشــتوکاڵییە، نیشــتیمانی خەڵکەکــەی خۆیەتــی. گەلــی کــورد هەمیشــە دوای ســووتاندن و خاپوورکردنــی لادێیەکانیــان، هــەر گەڕاونەتــەوە ســەر زەویــوزاری خۆیــان و بارگــە و بنەوانــی خۆیــان دووبــارە دامەزراندووەتــەوە. دەشــێ بەهــۆی تیــرۆری دەوڵەتــەوە کــورد لــە دەڤەرەکــە راپێــچ بکرێــت، وەلــێ ئەوانــەی جارێکــی دیکــە ئــەو دەڤەرانــە دەکەنــەوە نیشــتیمانی خۆیــان، بێگومــان هــەر کــوردن. جــا گۆڕینــی هاوســەنگیی سرووشــت و ســەراوژێرکردنی ناســنامە بەهێــزی تیــرۆری دەوڵــەت، وەك ئــەوەی بــۆی دەچــن، ئــاوا ئاســان نییــە.

داگیــرکاری لــە هەمــوو جیهانــدا زۆر گەمــار و بێــزەوەر بــووە. هەرچــی تایبەتــە بــە نەژادپەرســتیی تــورك و داگیرکارییەکانــی لــە کوردســتان، تاوەکــو بڵێــی ناشــرینە. چونکــە ئەمــە لەلایــەن وڵاتێکــەوە جێبەجــێ دەکــرێ کــە بانگەشــەی "دەوڵەتێکــی دیموکراســی" بــۆ خــۆی دەکات. لــە کاتێکــدا تورکیــا دەوڵەتــی دیموکراســی و شــتی وا نییــە. مەترســیدارترین دۆخیــش ئەوەیــە دەوڵەتێــك کــە هیــچ دیموکراســی نەبــێ، کەچــی لاف و گەزافــی "دەوڵەتــی دیموکراســی" لێبــدات. دەســەڵاتی کۆڵۆنیالیســتی تــورك، لەکاتێکــدا ئــەو وەحشــیگەرییە وەك سیاســەتی دەوڵــەت لــە کوردســتان جێبەجــێ دەکات، بەردەوامیــش لەلایەکــی دیکــەوە خەریکــی ئەوەیــە لــە چــاوی جیهانــی بشــارێتەوە.

یەکێــك لــە سیاســەتەکانی دەوڵــەت لــە کوردســتان بریتییــە لــە کارکــردن لەگــەڵ موفتەخــۆر و بوودەڵــە و کۆنەپەرســتی کــورد، کاری هاوبــەش لەگــەڵ ئاغــا و شــێخ و ســەرۆکی عەشــیرەتەکان. دەوڵــەت بــەردەوام ئــەو

بەشـە دارزیـوەی کۆمەڵگـەی کـوردی لەسـەرپێ دەهێڵێتـەوە و بـۆ زۆر مـەرام سـوودیان لێدەبینێت. یەکێکـی دیکـە لـە رێگـەکان هەرەشـەکردنە، وەك چـۆن بەرتیلدانیـش یەکێکـی دیکەیـە لـە رێگـەکان. چونکـە ئـەو چیـن و توێژانـەی جڤاکـی کـوردی بـە پارەوپـوول زۆر باشـتر دژی بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد دەوەسـتنەوە و خۆیـان لەگـەڵ سیاسـەتی دەوڵـەت و حکومـەت دەگونجێنـن.

## ئەنجام

### نابووتیی تێگەیشتنی نەژادپەرستیی ئەتاتورکی و ئایدیۆلۆژیای فەرمی

تێگەیشـتنی نەژادپەرسـتیی تورکـی و ئـەو بۆچوونـەی دەڵـێ، لـە ئەنجامـی یەکگرتنـی تـورك و عـەرەب و کـورد و چەرکـەس نەتەوەیـەك و گەلێکـی تـازە هاتووەتـە بـوون کە ناوی تورکـە؛ بیرکردنەوەیەکی نابووتە و ئیفلاسـی کـردووە. ئەمـە بـە مانـای هەرەسـهێنان و نابووتبوونـی تێگەیشـتنی ئەتاتورکیشـە. فراوانبـوون و قوڵبوونـەوەی رۆژ لـە دوای رۆژی خەباتـی رزگاریخوازیـی کـورد لـە کوردسـتان، خاڵێکـی بـۆ ئیفـلاس و هەرەسـهێنانی ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی و تێگەیشـتنی نەتەوەپەرسـتانەی ئەتاتـورك دانـا. ئیـدی ئـەو جـۆرە تێگەیشـتن و راڤەکردنـە نەتەوەپەرسـتانەیە ئاشـکرا بـووە کـە لـە فاشـیزم بـەولاوە هیچـی دیکـە نییـە. خـۆ هـەر لـە ساڵانی حەفتـای سـەدەی رابـردووەوەش ئـەوە دەزانـرێ کـە نەتەوەپەرسـتیی تـورك و رێبـازی ئەتاتورکـی تژیـن لـە فاشـیزم و نەژادپەرسـتی.
گۆڕانـی گوتـاری ئایدیۆلۆژیـای فەرمیـش، بـێ پسـانەوە، یەکێکـی دیکەیـە لـە هێمـا ئاشـکراکانی ئەو ئیفلاسـە. مـادام باسـی گۆڕانکاریمان لـە گوتاری ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی کـرد، زۆر گرنگـە سـەرنج لـە خاڵێـك بدەیـن. کاتێـك ئـەو گۆڕانکاریانـە کـران، بەهیـچ شـێوەیەک هیـچ رەخنەیەکـی لـێ نەگیـرا. بـۆ نموونـە پارتـی سۆسـیالدیموکراتی گـەل، لـە مانگـی تەممـووزی ساڵی

1990 راپۆرتێکـی لەژێـر ناوی (پێشـنیازەکانی پارتی سۆسـیالدیموکراتی گەل سـەبارەت بـە کێشـەی رۆژهـەڵات و باشـووری رۆژهـەڵات) بڵاوکـردەوە. ئـەو راپۆرتـە لەنێـو خەڵـك بـە نـاوی "راپۆرتـی کـورد" دەناسـرێت. راپۆرتەکـە دان بـەوە دادەنـێ کـە کـورد و زمانـی کـوردی هـەن. وەك چـۆن باسـی لـەوە کـردووە کـە ئەمـە زمانـی دایکـە. لـە کاتێکـدا ئێمـە بـاش دەزانیـن، پارتـی گەلـی کۆمـاری CHP یەکێکـە لـە پارتـە گرنگەکانـی دەوڵـەت کـە نکۆڵـی لـە بوونـی نەتـەوەی کـورد دەکـرد؛ پارتـی سۆسـیالدیموکراتی گەلیـش تەواوکـەر و درێژکـراوەی جەهەپەیـە. بـەڵام دوای 70 سـاڵ لـە جێبەجێکردنـی سیاسـەتی نکۆڵیکـردن لـە بوونـی نەتـەوەی کـورد، هاتـن و گوتیـان نەتەوەیـەک بەنـاوی کـورد هەیـە. بەبێ ئـەوەی تۆزقاڵێـك رەخنـە لـە خۆیـان بگـرن، دێـن و دەیانـەوێ ئـەوە بکـەن. لـە بارێکـی وەهـادا دەبێ بپرسـین: بۆچـی تاوەکـو ئەمـڕۆ نکۆڵیتـان لـە بوونـی کـورد دەکـرد؟ ئێسـتا چۆنـە ناچـاری ئـەوەن دانـی پێدابنێـن؟ وەلـێ ئـەو پرسـیارانە بـێ وەڵام دەمێننـەوە. بۆیـە بـە پشتبەسـتن بـەوەی ئـەو گۆڕانـی گوتـارە هیـچ رەخنەیەکـی لـە خـۆی نەگرتـووە، ناشـێ زۆر بـە گرنگییـەوە وەریگریـن و ئەمـەش هـەر بـە سیاسـەتێکی تـازەی ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی هەژمـار دەکرێـت.

## بەشی حەوتەم

# هاوپەیمانی سیاسیی دژ بە کورد [59]

ئاوارەبوونی کوردی باشووری کوردستان پەنابردنی ناچارییان بۆ تورکیا لە مانگی ئەیلوولی ساڵی 1988، یەکێکە لە رووداوە هەرە تراژیدییەکانی مێژوو. چونکە کورد پەنایان نەبردبووە بەر دەوڵەتێکی دۆست. ئەوان ناچار بوون ئاوارەی دەوڵەتێك بن کە هێندەی سەدام حوسێن و بگرە زۆر زیاتریش، زوڵم و زۆرداری کردبووە بەرنامەی خۆی.

دەوڵەتی تورك وەکو (هاونەتەوە) لە تورکەکانی بوولگاریا و تراکیای رۆژئاوا و ئازەرەکان دەڕوانێت، بەڵام کوردە پەناهەندەکانی باشووری کوردستانی وەک دووژمن دەبینی. کورد تەنیا دووژمنی دۆستەکانی نەبوو، لەهەمان کاتدا دووژمنی خودی خۆیشی بوو. دەوڵەتی تورك بۆ ئەوەی پێناسەی پەنابەری سیاسی بەو ئاوارانەی باشووری کوردستان نەدرێت کە بە ناچاری روویان لەوێ کردبوو، هەموو هەوڵ و کۆششێکی خستەگەڕ. ئەوانی لەنێو تەلبەندی دڕکاوی گیرۆدە کردبوو. جگە لەو

---

59 - نووسینێکە لەلاپەڕە 39-36ی پەرتووکی (کامپی کوردەکان لە هەڵەبجە) کە لەلایەن لقی ئیستەنبووڵی رێکخراوی مافی مرۆڤ بڵاوکراوەتەوە. پەرتووکەکە ساڵی 1990 لە ئیستەنبووڵ بڵاوکراوەتەوە.

ریـزە تەلبەنـدەش، لـە چـواردەوری کەمپـەکان چەندیـن قولـەی چاودێـری و پۆلیـس و ژەندرمـەی لـە ئامادەییـدا دانابـوو. ئـاوارەکان وەکـو دیـل مامەڵەیـان لەگـەڵ دەکـرا. دەوڵەتـی تـورك هەمـوو هـەوڵ و کارێکـی دەکـرد بـۆ ئـەوەی ئـەو کوردانـە پەیوەنـدی لەگـەل خـزم و ناسـیاوەکانی خۆیـان لەنێـو کـوردی باکـوور دروسـت نەکـەن. تەنانەت هەمـوو هەوڵێکی دەدا بۆئـەوەی دەسـتیان بـە پێویسـتییە سـەرەتاییەکانیان نـەگات. هەمـوو جـۆرە هاوکارییەکـی کـوردی باکـووری بـۆ ئـەو ئاوارانـە قەدەخـە کردبـوو. لەبەرئـەوەی سـتاتووی پەنابـەری سیاسـی پـێ نەبەخشـیبوون، رێگـری دەکـرد لـەوەی رێکخـراوە نێودەوڵەتییـەکان دەسـتی هـاوکاری بـۆ ئـەو ئاوارانـە درێـژ بکـەن. واتـە بـە کورتـی هەمـوو شـتێکی دەکـرد بـۆ ئـەوەی ئـەو کوردانـە لـە دۆخێکـی ناهەمـواردا بمێننـەوە. سـیخوڕە عێراقییـەکان بەنـاو ئاوارەکانـدا دەهاتـن و دەچـوون و چاویـان لـێ سـوور دەکردنـەوە؛ حکومەتیـش هەمـوو ئاسـانکارییەکی بـۆ ئـەو سـیخوڕانە دەکـرد. دروسـتکردنی هاوپەیمانێتـی لەنێـوان هێزەکانـی ئاسایشـی تـورك و سـیخوڕە عێراقییـەکان تاوەکـو ئاسـتی ژەهرخواردکردنـی ئـەو ئاوارانە چوو. سـاڵی 1989 لـە کامپەکانـی خۆسـەر و مـووش، سـەرەتای مانگـی شـوباتی سـاڵی 1990 یـش لـە کامپـی دیاربەکـر، سـیخوڕە عێراقییـەکان بـە هاوبەشـی لەگـەڵ هێزەکانـی ئاسایشـی دەوڵـەت ژەهریـان کردبـووە نـاو ئـەو خواردنـەی بـۆ ئـاوارە کـوردەکان ئامـادە دەکـرا، بەمـەش هـەزاران کـورد لـە منداڵ و پیـر و ژن و پیـاو ژەهراوی بـوون. ئامانج لـەم کارە چاندنی تـرس بـوو لـە دڵـی ئاوارەکانـدا بۆئـەوەی تورکیـا بەجێبهێڵـن و ناچاریـان بکـەن بگەڕێنـەوە عێـراق.

ئاخـۆ لـە جیهانـدا هیـچ حکومـەت و دەوڵەتێـك هەیـە لـە حکومـەت و دەوڵەتـی تـورك دووفاقتـر و دووڕووتـر؟ ئاخـۆ لـە دنیـادا هیـچ میدیایـەك هەیـە وەك میدیـای تورکـی لـەڕووی هەڵوێسـت و هەڵسـوکەوتەوە دووڕوو؟ ئاخـۆ دەبـێ لـە جیهانـدا هیـچ دامەزراوەیەکـی زانسـتی هەبـێ وەك زانکـۆی تـورك دووڕوو؟ دەبـێ لـە جیهانـدا هیـچ پارتێکـی سیاسـی

هەبێ هێندەی پارتە سیاسییە تورکییەکان بێهەڵوێست؟ ئەگەر هەبێ، ئاخۆ مامۆستای ئەمانە کێن؟ دەوڵەتی تورك و میدیا و زانکۆی تورکی و پارتە سیاسییەکانی تورك لە هەمبەر ئەمانەدا تەنیا یەك وەڵامیان هەیە، ئەویش تۆمەتبارکردنی لایەنی دیکەیە بە دووڕوویی.

میدیای تورکی کاتێك سەرکۆنەی کۆمەڵگەی ئەوروپییان دەکرد لەهەمبەر ئەوەی کاردانەوەی پێویستیان نەبووە لەهەمبەر گوشاری سەر تورکەکانی بوولگاریا، چاوپۆشییان دەکرد لەوەی ژەهر کراوەتە نێو خواردنی ئەو کوردانەی لە کامپەکاندا ئاوارە بوون. میدیای تورکی هیچ شوێنێکی بەو بوویەرە نەدابوو، تەنیا ئەو روونکردنەوە و بەیانانە نەبێ کە تێیاندا حکومەت نکۆڵی لە رووداوی لەوجۆرە دەکرد. حکومەتی تورکیا کاتێك وڵاتەکەی لەوسەرەوە بۆ ئەوسەر بە میتینگەکانی ئازەربایجانەوە مژوول بوو، چاوی لەوە دەنووقاند کە سیخوڕە عێراقییەکان بە هاوبەشی لەگەڵ ئاسایشی وڵاتەکەی ژەهریان لەنێو خواردنی ئاوارەکان دەکرد. ئەو رووداوە وای لە ئاوارەکان کردبوو ترسیان لە خواردنی پارچە نانێك هەبوو، بەردەوام لەنێو ترس و دڵەڕاوکێ و دووڵیدا دەژیان.

کاتێك د.سادق ئەحمەد و ئیبراهیم شەریف لەبەرئەوەی باسیان لە کەمینە تورکەکانی تراکیای رۆژئاوا کردبوو، میدیای تورکی کەوتنە بانگەشەیەکی فراوان و دروستکردنی گوشار بۆ ئەوەی دادگایی بکرێن و سزا بدرێن. میدیای تورك باسیان لەوە دەکرد کە بەرگری لە ناسنامەی نەتەوەیی سرووشتیترین مافی مرۆڤە. جا کەوتنە پەلاماردانی کۆمەڵگەی ئەوروپی هەر لەبەرئەوەی ئیدانەی حکومەتی یۆنانیان نەکردبوو، وەلێ هەمان میدیای تورکی، ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو، خۆیان لەوە نەبان و بێدەنگ کرد کە زیاتر لە 40 گەنج، تەنیا لەبەرئەوەی نەیانگوتبوو تورکین و بەرگرییان لە ناسنامەی کوردیی خۆیان کردبوو، لە گرتووخانە و لە ژێر ئەشکەنجەدا کوژرابوون. تەنانەت بەرگرییان لە تاوانەکەش دەکرد.

میدیای تورکی و زانکۆ تورکییەکان و پارتە سیاسییەکانیان و دامەزراوەی دادوەری، لە مژارەکانی تایبەت بە کێشەی کورد، وەك لقێکی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بیریان دەکردەوە.
پێویستە بەهیچ شێوەیەك ئەوە لە بیرنەکەین، بۆچی کورد لە باشووری کوردستانەوە ناچاری ئەوەبوون پەنا بۆ تورکیا بهێنن. هۆیەکەی ئەوەبوو کە بەشێوەیەکی فراوان و چڕ، چەکی کیمیایی لە دژی ئەوان بەکارهاتبوو. ئەمڕۆ ئەو چەکە لە جەنگی نێوان هیچ دوو وڵاتێکدا بەکارناهێنرێت. بۆ نموونە ئیسرائیل ناتوانێ دژی فەلەستینییەکان ئەو چەکە بەکاربهێنێت. چونکە سڵ لە کاردانەوەی کۆمەڵگەی جیهانی و کۆمەڵگەی نێوخۆی وڵاتەکەی خۆی دەکاتەوە. ئەو جۆرە چەکە لە شوێنی دیکەی جیهانیشدا بەکارنەهێنراوە و ناشتوانرێ بەکاربهێنرێت. ئاخۆ ئەگەر ئەو چەکە لە ڤێتنام، باشووری ئەفریقیا، ئەفغانستان و ئازەربایجان بەکاربهێنرێ چی ڕوودەدات؟ با بیر لەوە بکەینەوە، ئەگەر ئەو چەکە لەلایەن ئیسرائیلەوە دژی فەلەستینییەکان بەکاربهێنرێ؛ ئاخۆ دنیا کاول ناکرێ؟ بە دڵنیاییەوە لە هەرچوارلای جیهانەوە، لە دنیای عەرەبی و وڵاتانی موسڵمان و تورکیا و ئەوروپا و ئەمریکا و لەلایەن دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانەوە، تەنانەت لەنێو ئیسرائیلیش، لە هەموو شوێنێك میتینگ و پانێل و کۆڕبەند و خۆپیشاندان سازدەکرێن. بە هەفتە و مانگ باس لە کێشەکە دەکرێ و شەنوکەوی دەکەن. لە هەموو لایەکەوە ئیسرائیل سەرکۆنە دەکەن و بایکۆتی دەکەن، بەڵام ئەو چەکە بەشێوەیەکی چڕ و فراوان لە باشووری کوردستان لە دژی کورد بەکارهێنرا و لەو کۆمەڵکوژییەدا هەزاران کەس کوژران. گوندەکانیان وێرانکردن و ماڵەکانیان سووتاندن. دارستان و ڕەز و باخیان ئاگرتێبەردان و پردەکانیان بە بۆمب تەقاندنەوە. مێگەل و ڕانی مەڕ و ئاژەڵەکانیان مردارکردن. بە سەتان هەزار کورد ناچاربوون ماڵوحاڵی خۆیان بەجێبهێڵن و بوونە پەناهەندەی ئەو وڵاتانەی دۆستیان نەبوون، وەلێ لەسەر ئەو ڕووداوە مێش میوانی کەس نەبوو.

سـەددام حوسـێن، ئـەو چەكـەی لـە ڕۆژی 16ی ئـاداری سـاڵی 1988 لـە هەڵەبجـە بەكارهێنـا. كۆڕبەنـدی لووتكـەی ئیسـلامیش لـە ڕۆژی 20ی هەمـان مانـگ، واتـە چـوار ڕۆژ دوای تاوانەكـە لـە كوێـت بەڕێوەچـوو. ئـەو بڕیارانـەی لـە لووتكـەی كۆڕبەنـدی ئیسـلامیدا دەرچـوون سەرنجڕاكێشـن. لەبەرئـەوەی گوشـاری سیاسـی خرابـووە سـەر فەلەسـتین، سـەركۆنەی ئیسـرائیلیان كـرد. باسـی مافـی بەرگـری بـۆ توركەكانـی قوبـرس كـرا، سـەركۆنەی بوولگاریـا كـرا لەبەرئـەوەی نـاوی توركەكانـی بوولگاریـای دەگـۆڕی، هەروەهـا داگیركاریـی ئەفغانسـتان لەلایـەن یەكێتـی سـۆڤیەت سـەركۆنە كـرا، وەلـێ وشـەیەكیش لـە دژی سـەدام حوسـێن نەگوتـرا، بەپێچەوانـەوە چەپڵەڕێزانیـش كـرا. بەكورتـی هەمـوو لایـەك خۆیـان لـەو كۆمەڵكوژییـە نەبـان كـرد.

هەمـوو ئەمانـە، نزیكـەی 10 ـ 15 ڕۆژێـك دوای سـاڵیادی كۆمەڵكـوژی و بۆردوومانـی هیرۆشـیما و ناگازاكـی هاتـن. بۆردوومانـی كـورد بـە چەكـی كیمیایـی لـە كاتێكـدا بـوو كـە سـەربازانی نەتەوەیەكگرتـووەكان لەسـەر سـنووری نێـوان ئێـران و عێـراق بـوون. ئاخـۆ دەكـرێ هیـچ هەڕەشـەیەك لـەوە گەورەتـر هەبـێ دژی ئاشـتی و مرۆڤایەتـی و دامـەزراوە نێودەوڵەتییـەكان؟ ئاخـۆ دەبـێ هیـچ بێڕێزییەكـی لـەوە گەورەتـر هەبـێ دژی ئاشـتی و مرۆڤایەتـی؟

یەكێـك لـە هـۆكارە هـەرە سـەرەكییەكانی ئـەو خۆگێلكردنـە لـە تاوانەكـە، بـۆ سیاسـەتی (پەرتكـە و زاڵ بـە) دەگەڕێتـەوە كـە بەدڵنیاییەوە سیاسـەتی ئیمپریالیزمـە؛ وەلـێ سـەرئەنجام نەتـەوەی كـورد و كوردسـتانە كـە پارچـە پارچـە دەكرێـت. هاوپەیمانەكانـی ئینگلیـز و فەڕەنسـای ئیمپریالیسـتیش لە ناوچەكـە، كەمالیسـتەكان و میـر و شـا عەرەبـەكان و ئێـران بـوون. ئامانجی ئـەو سیاسـەتە بریتیبـوو لـە پارچـە پارچەكردنـی پەیكـەری كۆمەڵگەیـەك و پەرشـوبڵاوكردنی مێشـك و هۆشـی. جڤاكێكیـش كـە ئـەوەی بەسـەر هاتبـێ، وا بـە ئاسـانی توانـای خۆكۆكردنـەوە و پێكەوەلكاندنـەوەی بەشـەكانی خـۆی نییـە و زەحمەتـە بتوانـێ ناوەندێكـی بەهێـز بۆخـۆی

پێکەوەبنێـت. سیاسـەتی دابەشـی بکـە و بەڕێـوەی ببـە زۆر کارئاسـانی بـۆ ئەوانـە کـرد کـە کـورد بەڕێوەدەبـەن. بـۆ نموونـە سـەدام حوسـێن، سـەرباری ئـەوەی لـە سـاڵی 1988 کـوردی رووبـەڕووی کۆمەڵکـوژی کـردەوە، هیـچ سـەرکۆنە و ئیدانەکردنێکـی لەلایـەن وڵاتانـی دراوسـێ و وڵاتانـی جیهـان و دامـەزراوە نێودەوڵەتییەکانـەوە پێنەگەیشـتەوە. سیاسـەتی دابەشـی بکـە و بەڕێـوەی ببـە بـووە هـۆکاری ئـەوەی کـورد دووژمنـی زیـاد ببـێ و دۆستەکانیشـی کـەم ببنـەوە. وەك چـۆن هەمـان سیاسـەت، کـوردی لـە دەوڵەتـی خـۆی بێبـەش کـرد. لەکاتێکـدا بـۆ نموونە، لـە ڕووداوی تورکەکانـی بوولگاریـا و ئازەرییـەکان و تورکەکانـی تراکیـای ڕۆژئـاوادا ئاخـۆ هـەر ئـاوا بـوون؟ بوولگاریـا و یۆنـان، دەتوانـن بـە ئاسـانی هـەر سیاسـەتێکی کـە بیـری لێدەکەنـەوە، لـە دژی تورکـەکان بـە ڕاحەتـی جێبەجێـی بکـەن؟ بـە دڵنیاییـەوە نەخێـر. بۆچـی؟ چونکـە تورکیـا لەڕێـی کەناڵـە دیپلۆماسـییەکانییەوە دەچێتـە نێـو کێشـەکە و مافـی تورکـەکان دەپارێزێـت. باڵیـۆز و دیپلۆماتـکارەکان خۆیـان لـە کێشـەکە هەڵدەقورتێنـن و نامـە و نامـەکاری دەسـت پێـدەکات و دامـەزراوە و ناوەندە جیهانییەکانی بـۆ دەخەنـە کار. میدیـای تورکیـش هەمـوو ڕۆژێـك لەسـەر ئـەو مـژارە هـەواڵ و ڕاپـۆرت بڵاودەکاتـەوە و بەرنامـە سـاز دەکات و هەمـوو دنیـا لـە دژی ئـەو دەوڵەتانـە دەخاتـە جووڵـە. پرۆفیسـۆرەکانی زانکـۆ، یـەك لـە دوای یـەك نارەزایـی دەردەبـڕن و بەیاننامـە بڵاودەکەنـەوە. ناوەنـدە ئایینییـەکان و سـەندیکا و ڕێکخـراوەکان هەڵوێسـتیان دەبـێ. حکومەتـی تـورك لەگـەڵ ئـەو وڵاتانـەی پەیوەنـدی گەرمـە، ئـەو کێشـەیە دەورووژێنـێ و لـە ئەنجامـدا بەیاننامـەی هاوبـەش بڵاودەکرێنـەوە. هەمـوو ئەمانـە وادەکـەن، ئـەو وڵاتانـە لـە هەمبـەر کۆمەڵگـە تورکییەکانی نێـو وڵاتەکانی خۆیـان، لـە دەرکردنـی هـەر بڕیـار و فەرمانێکـدا وردتـر و زانایانەتـر بجووڵێنـەوە.

بێبەشـکردنی کـورد لـە دەوڵـەت، لـە بـاری جێبەجێکردنـی سیاسـەتی هاوبەشـی دابەشـی بکـە و بەڕێـوەی ببـە، ڕێـك بـە پێچەوانـەی ئـەو

پەیوەنـدی و هەڵوێسـت و کردارانـەی لەسـەرەوە باسـمکرد، جێبەجـێ دەکرێـت. چونکـە بـە هاوبەشـی و هاوپەیمانـی لـە دژی کـورد زوڵـم و سـتەم و سیاسـەتی لەنێوبـردن جێبەجـێ دەکـرێ و ناهێڵـن کـورد هەسـت و نەسـتی خـۆی رابگەیێنـێ و بڵاوبکاتـەوە. بـۆ نموونـە، لـە تورکیـا هەمـوو ئامادەکارییەك کـرا بـۆ رێگـری لـە هـەر ئیدانـە و خۆپیشـاندان و دەربڕینێکی نارەزایـی لـە دژی کۆمەڵکوژکردنـی گەلـی کـورد. تەنانـەت ئەوانـەی بەیاننامەشـیان دژی سـەدام حوسـێن بڵاوکـردەوە دەسـتگیرکران.

## ئیسماعیل بێشکچی کێیە؟

ئیسـماعیل بێشـکچی، لـە 7/1/1939 لـە ناوچـەی ئیسـکلیپی سـەر بـە شـاری چـۆرووم لـە خێزانێکـی تـورك لەدایکبـووە. بچووکتریـن منداڵـی دایـك و باوکـی بـووە. حوسـنووی باوکـی (1899-1978) لـە سـەردەمی عوسـمانییەکاندا مامۆسـتا بـووە، دواتـر لـە سـاڵانی سـییەکانی سـەتەی رابـردوودا دەسـتی دابـووە کاری بەقاڵـی. دایکـی نـاوی زاهیـدە بـووە و دوو بـرای لـە خـۆی گەورەتـری هەبـووە بـە ناوەکانـی وەسـفی و محێدیـن و خوشـکێکیش بـە نـاوی سـاتی.
ئیسـماعیل بێشـکچی قوتابخانـەی سـەرەتایی لـە (عەزمـی میللـی و میسـاقی میللـی) تـەواو کـردووە. دواتـر بـۆ خوێندنـی ناوەنـدی دەچێتـە قوتابخانـەی ئیسـکلیپ. پاشـتریش ئامادەیـی لـە قوتابخانـەی چـۆرووم تـەواو دەکات. سـاڵی 1958 بـە نمرەیەکـی بـەرز لـە بەشـی کارگێڕیـی کۆلێـژی زانسـتە سیاسـییەکانی زانکـۆی ئەنقـەرە وەردەگیرێـت و سـاڵی 1962 تـەواوی دەکات.
یەکـەم بەریەککەوتنـی ئیسـماعیل بێشـکچی لەگـەڵ کـورد دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی 1961؛ ئەوکاتـەی بـۆ پراکتیـک دەچێتـە شـاری ئەلعەزیـز و

لەگــەڵ پارێــزگار و قایمقــام کار دەکات. دواتریــش بــۆ بەجێگەیاندنــی مــاوەی ســەربازیی ناچــاری، لەنێــوان ســاڵانی 1964-1962 دەچێتــە بتلیــس و شــەمزینان لــە باکــووری کوردســتان. بێشــکچی لــەوێ دەرفەتــی ئــەوەی دەبــێ کــورد لە نزیکەوە بناسـێت. سـاڵی 1964 وەکو مامۆسـتای یاریدەدەر لــە بەشــی کۆمەڵناســیی زانکــۆی ئەتاتــورك لــە ئــەرزڕووم دادەمەزرێــت. ســاڵێك دواتــر دەســت بــە نووســینی نامــەی دکتۆراکــەی دەکات لەژێــر ناوی (ژێرخانــە کۆمەڵایەتییەکانــی عەشــیرەتی ئالیکانــی کۆچــەر) تێزەکــەی قبــووڵ دەکــرێ و ناونیشــانی دکتــۆر وەردەگرێــت.

ئیســـماعیل بێشــکچی بــە ڕەخنەگرتــن لــە دەوروبــەرە ئەکادیمییەکــەی، لەســەر ئــەوەی جەســارەت ناکــەن لێکۆڵینــەوە لەســەر کۆمەڵگــەی کــوردی بکــەن، خــۆی دەســتدەداتە کارەکــە و چەندیــن توێژینــەوە دەنووسـێت. بەگوێـرەی ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی، نەتەوەیـەک نییـە بـە نـاوی کـورد و زمانێـك نییـە بـە نـاوی زمانـی کـوردی، بـەڵام بێشـکچی کەسـێکە لـە چوارچێـوە و سـنوورەکانی ئـەو ئایدیۆلۆژیایـە دەردەچێـت، هـەر بەهـۆی ئـەوەش لەلایـەن زانکۆکەیـەوە دەخرێتـە بـەر لێپێچینـەوەی کارگێـڕی. لـە 20/7/1970 بـە تۆمەتـی نووسـینی کتێـب و وتـار لـە دژی دەسـتوور و یاسـا لـە زانکـۆ دەریدەکـەن و کۆتایـی بـە ژیانـی ئەکادیمـی دەهێنـن. بێشـکچی دوای ئـەو بڕیـارە سـەر لـە دادگای بـاڵای کارگێـڕی دەدات. دوای تانـەدان لـە بڕیارەکـە، دادگا بڕیـاری ڕاگرتنـی دۆسـیەکەی دەدات، وەلـێ زانکۆکـەی ئـەو بڕیـارە جێبەجـێ نـاکات. بۆیـە لـە سـەرەتای سـاڵی 1971 لـە زانکـۆی ئەتاتـورك نامێنـێ و دواتـر لەڕێـی تاقیکردنەوەیەکـەوە دەچێتـە زانکـۆی ئەنقـەرە و لـە کۆلێـژی زانسـتە سیاسـییەکان دەبێتـە مامۆسـتا.

لــە ســەردەمی ١٢ی ئــاداردا، بــە ســەرنجدان لــە هەمــان دۆســیەی لێکۆڵینـەوەی کارگێـڕی، ئـەم جـارە لەلایەن فەرمانـدەی دۆخی نائاسـاییەوە زمـان لـە ئیسـماعیل بێشـکچی دەدرێـت. لەسـەر ئـەو بنەمایـە، لەلایـەن فەرمانـدەی دۆخـی نائاسـایی لـە ئامـەد، دۆسـیەی لێکۆڵینـەوە دەکرێتـەوە و بڕیـاری دەسـتگیرکردنی بۆ دەردەکرێت. بێشـکچی لـە 19/6/1971 زیندانی

دەکرێـت، ئەوکاتـەی لـە کۆلێـژی زانسـتە سیاسـییەکان بـوو. لەوێـوە ڕەوانـەی ئامـەد دەکـرێ و لەگـەڵ سـەدان دەسـتگیرکراوی کـورد دەچێتـە بـەردەم دادوەر.

بێشکچی لەوکاتەوە تائێستا نزیکەی 37 پەرتووکی بڵاوکردووەتەوە. لـە جـاری یەکەمەوە کـە دەسـتگیردەکرێ و دەخرێتە زینـدان تاوەکو دوایین بەندکردنـی، زیاتـر لـە 17 سـاڵی ژیانـی لـە گرتووخانەکانـدا بەسـەربردووە و سـەدان دۆسـیەی دادگایـی لـە دژی کراونەتـەوە، هەمـوو ئەمانـە بێشـکچی دەکەنـە نموونەیەکـی بـاڵا بـۆ کەسـایەتیی مرۆڤـی ئەکادیمـی و سـەربەخۆ. ئیسـماعیل بێشـکچی سـەرباری هەمـوو ئـەو گوشـارانەی لەسـەری بوونـە، سـەری بـۆ هیـچ لایەنێـك نـەوی نەکـرد و لـە ڕێگـەی زانسـت لاینـەدا و نەبـووە بەشـێک لـەو مێگەلـەی کـە سیاسـەت و میدیـا و زەبروزەنـگ لـە تورکیـا بەرهەمیهێناون.

"ئەمڕۆ ئەو دەوڵەتانەی هەڕەشە و زوڵم لە کورد دەکەن و مافە
نەتەوەییەکانی ناسەلمێنن و بەردەوامن لە کۆمەڵکوژکردنی،
سەرجەمیان وڵاتانی ئیسلامین"

ئیسماعیل بێشکچی

**کتێبەکانی دیکەی محەممەد عیزەدین**

1 - بیرەوەرییەکانی مووسا عەنتەر، لە تورکییەوە: محەممەد عیزەدین، دەزگای فام، 2021. چاپی یەکەم+چاپی دووەم.

2 - یادەوەرییەکان، ئیسماعیل بێشکچی، لە تورکییەوە: محەممەد عیزەدین، 2022.

3 - تیرۆری دەوڵەت لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئیسماعیل بێشکچی، لە تورکییەوە: محەممەد عیزەدین، 2022، تۆڕی میدیایی رووداو.

بـە دڵنیاییـەوە ئـەوە راسـت نییـە کـە کـورد و تـورك هیـچ جیاوازییەکیـان نییـە و خـاوەن هەمـان ئـەرك و مافـن لـە تورکیـادا. ئەمـە تەنیـا لـە بارێکـدا راسـتە، ئەویـش ئەوەیـە کاتێـك کـورد نکۆڵـی لـە ناسـنامەی خـۆی بـکات، لەگـەڵ تورکێـك یەکسـان دەبـێ. یەکێـك نکۆڵـی لـە ناسـنامەی نەتەوەیـی خـۆی بـکات و ببێتـە تـورك و کوردبوونـی خـۆی رەتبکاتـەوە و ئـەو کارانـە پەسـەند بـکات کـە تاکێکـی کـورد بەهـۆی کوردبوونییـەوە بەسـەری دێـت، بـە دڵنیاییـەوە دەتوانـێ ببێتـە هەمـوو شـتێك. دەتوانـێ ببێتـە دادوەر، پارێـزگار، ژەنـەراڵ و سـەرۆکوەزیرانیش... بـە کورتـی دەتوانـێ بگاتـە هەمـوو پۆسـتێك. بـەڵام مانـەوەی وەك کوردێـك، نایگەیەنێتـە هیـچ شـوێنێك. چونکـە ئەگـەر خوێندکارێـك بڵـێ (کـوردم) لـە قوتابخانـە دەردەکرێـت؛ ئەگـەر مامۆسـتاش بـێ لـە پیشـەکەی دووردەخرێتـەوە؛ بـازرگان بێـت هەمـوو بانکەکانـی بـەڕوودا دادەخـەن؛ ئەگـەر جووتیـار بـێ، تـۆوی چاندنـی پێنـادەن؛ سـەرباز بـێ لـە سـوپا دەردەکـرێ؛ خـاوەن پلـە بـێ هەمـووی لـێ وەردەگیرێتـەوە. ئەوانـەی لـە تورکیـا دەڵێـن (کـوردم) تەنیـا دەبنـە یـەك شـت، ئەویـش سـزادراو و تۆمەتبـارە.

# تیرۆری دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

ئیسماعیل بێشکچی

هێزەکانی ئاسایشی دەوڵەت دەچوونە نێو گوندەکان و هەرچی ژن و پیاو و پیر و گەنج و منداڵ هەیە، لە نێوەڕاستی گوند کۆیان دەکردنەوە. دوایی ئافرەت و منداڵەکان لەگەڵ پیاوەکان لێك جودا دەکرانەوە، دواتر پیاوەکانیان بە بەرچاوی ژن و منداڵەکانەوە رووت دەکردنەوە، تەنانەت ڕێگەیان بەداپۆشینی عەورەتیشیان نەدەدا. جا دەستیان بە ئەشکەنجەدانیان دەکرد. ردێنی درێژی پیرەکانیان دەگرت و بە زەویاندا دەدان و بە هەردوو قاچیان لەسەر جەستەیان هەڵدەپەڕین. لەولاتریش قژی ئافرەتەکانیان دەگرت و بەدوای خۆیاندا رایان دەکێشان. لە منداڵەکانیان دەدا، تاوەکو بێدەنگ بن و بە بینینی ئەو دیمەنانە نەگرین. ئینجا بە دەستدرێژیکردنە سەر ناموسیان لەبەردەم پیاوانی گوند، هەڕەشەیان لە ئافرەتەکان دەکرد و بە پێکەنینەوە دەیانگوت "ژنە جوانەکانمان جیاکردوونەتەوە و لەگەڵ ئەوان ئیشێکی تایبەتمان هەیە". بەرامبەر وەحشیگەرییەکی لەوجۆرە، کوردی مەرد و بە غروور و پارێزەری ناموس، تەنیا وەك بینەر دەمایەوە و هیچی لەدەست نەدەهات. بۆیە ناموسی خێزان لە وڵاتانی داگیرکراودا پارێزراو نییە. لەکاتێکدا باش دەزانین بەشێك لەو کوردانەی لادێ کە ئاوا بەرامبەر بە دەوڵەت ترسنۆکن، لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان خۆیاندا زۆر چاونەترس و مەرد و ئازا دەردەکەون. ئەگەر شەڕەکە لەنێوان خۆیاندا بێ، دەڵێن (ناموسمان دەپارێزین)، ئیدی بە گوتنەوەی ئەو قسانە بەرچاویان تاریك دەبێ و خوێنی تێدەزێت. لەپێناو سەگێك، مریشکێك، یان لەپێناو هیچ دەتوانن سێ چوار کەس بکوژن. جا داگیرکەریش رێك ئەوەی لە کورد دەوێت. ترسان و تۆقین لە دەوڵەت و پێداگیری لەسەر نەریتەکانی خۆیان.

İSMAİL BEŞİKCİ VAKFI